# گزینگ

٢١

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە

پاییزی ١٩٩٨(١٣٧٧)

- بەرەو ڕێبازێکی نوێ
- مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران
- ژنی کورد و ئیسلامیزم
- ئیپەڕاندنی سنوورەکانی ناسیۆنالیزم...
- پۆست مودێرنیتێ، چرکەی ئاوابوونی داستانە مەزنەکان



## مامۆستا گۆران:

له باوەشتا پشووی عومرم ئەدی تاوێ بە سەربەستی،
هەتا مردن زڕەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما،
ژیانم عار و زیللەت بوو لە ژێر پێڵاوی دوشمنما،
بە خوێن بێ و، گڵ هەڵی لووشێ، کەوابێ، هەیکەلی هەستی!...

خواکەی بولبولی باغی سەرا! .. هەرچەندە پاییزە،
بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە!
لە گەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنە شێواوین، بە دایکمان بناسێنە!...

بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
ئەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا ئەژیا..
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!...
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ: ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە!...

هەڵەبجە. ئەیلوولی ١٩٣٢

• چەند برگەیەک لە پارچە شێعری: (شەهید)، ،بە یادی شەشی ئەیلوول،
شەڕی بەردەرکی سەراوە،

# گزینگ ـ ژمارە ٢١

**پاییزی ١٩٩٨(١٣٧٧)**

## نێوەرۆک

| | |
|---|---|
| بەرەو ڕێبازێکی نوێ: وتووێژ لەگەڵ حوسێنی کوردنەژاد | ٤ |
| مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران: عەبباسی وەلی | ٧ |
| ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە: سەلاحوددینی موهتەدی | ١١ |
| سپاس و پێزانین | ١٢ |
| دەمەتەقێیەکی دۆستانە...(بەشی ئاخر): محەمەدی مەلا کەریم | ١٣ |
| لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی: | ١٩ |
| ژنی کورد و ئیسلامیزم: نەزەند بەگیخانی | |
| تێپەڕاندنی سنوورەکانی ناسیۆنالیزم...: شەهرزاد موجاب | ٢٤ |
| مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(بەشی١٣): «ژیلا.ف» و «تەیفور» | ٢٩ |
| ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا (بەشی ئاخر): مەهاباد قەرەداغی | ٣٢ |
| پۆست مودێرنیتێ، چرکەی ئاوابوونی داستانە مەزنەکان: ئازاد حەمە | ٣٥ |
| بزووتنەوە و قوتابخانەکانی تیۆریی ئەدەبی: جاناتان کولێر | ٤٠ |
| سوهرەبەردی و فەلسەفەی تیشکدانەوە: د. خەلیقی | ٤٤ |
| ئاگاداری: عەلی کەریمی | ٤٧ |
| ساخکردنەوەی مێژووی ڕووداوێک...: حەسەنی قازی | ٤٨ |
| ڕۆژژمێری تەورێز: بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا | ٥٠ |
| هەڵوێستی بزافی کوردان لە بەرامبەر بزافی کرێکارانی تورک: بێشکچی | ٥٤ |
| وتووێژ لەگەڵ: مامۆستا قادر دیلان | ٥٦ |
| سێ پارچە شێعر: شەهلا، ئازادی: ئاکۆ ئەلیاسی | ٥٨ |
| دووپارچە شێعر: ئاشتی، پردی سوور: شەریف | ٥٩ |
| چاوپێکەوتنێک لەگەڵ: هونەرمەند قادر ئەلیاسی | ٦٠ |
| چەند سرنجێک لە سەر «چێشتی مجێور»: مەلا ڕەسووڵی پێشنماز | ٦٢ |
| ڕانانی کتێب: بڵیند و نەوی: جەعفەری شێخەلیسلامی | ٦٩ |
| پێناسەیەکی کورت لەمەڕ کەشکۆڵێکی کۆنی کوردی: س. گ ماکوان | ٧١ |
| کورتە چیرۆک: | |
| سێیەکانم: ڕەسووڵ محەمەدی | ٧٣ |
| کۆمێدیی بێزاری: جیم توانا | ٧٤ |
| نوشتە: ئەحمەد حوسێنی | ٧٥ |
| کاتژمێر چەندە؟: ع. ڕاد | ٧٧ |
| ڕاپۆرتی سەفەرێک لە سوێدەوە بۆ کوردستان: ئاشنا جاف | ٧٨ |

وێنەی ڕووبەرگ: کاری هونەرمەند **خوسرەو زەبیحی**

چاپ: کتێبی هەرزان، سوێد: ئۆکتۆبری ١٩٩٨

ISSN 1104 - 3473

**سەرنووسەر:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**دەستەی نووسەران:**

هاشمی ئەحمەدزادە

نەزەند بەگیخانی

حەسەنی قازی

عەبباسی وەلی

**ڕاوێژکار:**

عەلی کەریمی

**ناوونیشان:**

GZING
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس:**

Fax: +46 - 018 - 404522
Mobil: +46-070-6223663

**ئی ـ مەیل:**

E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com

**وێب ئادرێس:**

http://w1.650.telia.com/~u65002195

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

# بەرەو ڕێبازێکی نوێ

**وتووێژ لەگەڵ: حوسێنی کورد نەژاد**

ئامادەکردنی: هێرش

**ۆ کاک حوسێن، وێڕای سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە، پێمخۆشە لە ئێوە، وەک ڕۆشنبیرێکی کورد کە ماوەیەکە لە دەرەوەی ولات دەژین و تێکەڵاوی کێشە و مەسەلەی سیاسیی کوردین، چەند پرسیارێکتان ئاراستە بکەم، بەر لە هەمووشت ئایا سەبارەت بەو مەسەلەیە نەزەرت لەمەڕ کوردەکانی دەرەوەی ولات چۆنە؟**

ــ منیش سپاست دەکەم. دیارە کۆمەڵی کوردی لە دەرەوەی وڵاتدا کۆمەڵێکی یەکدەست نییە، ئەنواعی کەس، بە ئەنواعی تەمەن و ئەنواعی ڕابردووەوە دەبیندرێ. گرینگ ئەوەیە ئێمە سەبارەت بەو مەسەلەیە تێگەیشتنی پێشکەوتووانەمان هەبێ. بەو مانایە کە ئێمە دەبێ ئەساسی ئیندیوید و تاکەکەس وەک ئەساسی بۆچوون لەبەرچاو بگرین. ئەوددم هەر ئیندیودێک دیارە بۆخۆی تاریخ و ڕابردوو و پلانی داهاتووی خۆی دیاری دەکا. کە دەگاتە سەر پێوەندی ئەو تاکەکەسانە، دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێین ئەوە سیاسەتی کوردی و بزووتنەوەی کوردی یە کە دەبێ بە کۆنکرێتی خۆی دەگەڵ دنیای ئەو تاکەکەسانە ڕێک بخات.

بزووتنەوەی سیاسی دەریخستووە کە بە دارشتنی پرۆگرامی کاری خۆی، دەگەڵ ئەو خەڵکە سەرکەوتوو نەبووە. ئەوە کەماسییەکە کە دەبێ بزووتنەوەی سیاسی بە شێوەیەکی شێلگیر لە فیکری دابێ و چارەسەری بکات.

بە خۆشییەوە، زۆر تێندێنسی نوێ و بەرەوپێش لە ناو کۆمەڵی کوردیی دەرەوەی وڵات دێنە بەرچاو کە هیوادەر و ئۆمێدبەخشن. تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین دەورێکی بەنرخ و بەرچاو و ڕەنگە چارەنووساز بگێڕن لە پێشکەوتنی ڕادەی زانیاری و فەرهەنگ و ئابوور و سیاسەت و لە دواییشدا و زۆر گرینگتر، لە ساغکردنەوە و چەسپاندنی هوویەتی یەکگرتووی کوردیدا.

**ۆ هەروەک دەزانن «کۆنگرەی نەتەوەیی» ماوەیەکە فیکر و چالاکیی زۆر کەسی بە خۆیەوە خەریک کردووە، بۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

ــ کۆنگرەی نەتەوەیی بە باوەڕی من پێویستییەکی بێ ئەملا و ئەولایە بۆ کورد. گرینگ ئەوەیە کە ئەو پێداویستییە بە گەرمی و ساردی سیاسەتی کوردییەوە نەبەسترێتەوە. کۆنگەرەیەکی ئاوها، دەبێتە تەنیا هیوا و دامەزراوەی میللی کورد. ئەو کۆنگرەیە دەبێتە یەک لە دامەزراوە کوردییەکان کە خۆی بەشێک لە هوویەتی میللی پێکدێنێ. یانی کورد دەتوانێ خۆی بەو کۆنگرەیە تاریف بکا و بناسێنێ. کۆنگرەیەکی وا، دەبێ هەوڵ بدرێ ببێتە پێشکەوتووترین و دێمۆکراتیک ترین دامەزراوەی کوردی. پێشنیاری من بۆ سەرکەوتووتر بوونی ئەم کۆنگرەیە ئەوەیە کە لە پێڕەو و پرۆگرامیدا، سەربەستیی پێکهێنانی فراکسیۆنی فیکری، بۆنموونە فراکسیۆنی سۆسیال دێمۆکرات، لیبراڵ و پارێزگارخوازی (موحافەزەکاری) بگونجێنێ. ئەم فێنۆمێنە، بە باوەڕی من گیان دەداتە کۆنگرە، بەم هۆیەوە کاناڵ ساز دەبێ بۆ ئینترناسیۆنالیزەبوونی کۆنگرە خۆی و کێشەی کورد بە گشتی.

ئەو سەربەستییە فراکسیۆنە کوردییە، دەتوانێ تاڕادەیەکی زۆر پێش ئەوە بگرێ کە گشت بڕیارەکانی کۆنگرە لە کاریدۆری دەرەوەی کۆنگرە لە نێوان هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ترادیسیۆنێل کە بەرهەمەکەی لە کارخستنی هێز و وزەی کۆنگرەیە، بدرێت.

**ۆ یەکێک لەو چەمکانەی کە زۆر باسی لێوە دەکرێ، «کۆمەڵگای مەدەنی»یە، بە بۆچوونی جەنابتان، پێداویستی و بنەماکانی دەبێ چی بن؟**

ــ نەبوونی دامەزراوەیەکی سەرانسەری کوردی لە دەروەی وڵاتدا ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو دامو دەزگا کوردییانەی کە تائێستا هەبوون، لە دەستپێکی ساڵانی ۲۰۰۰دا، نیازی خەڵکی ئێمە بە جێناگەیێنن.

ئەسڵێکی گرینگ کە دەبێ لە نێو میللەتی دیکتاتۆرزەدەی وەک ئێمەدا جێی خۆی بگرێ، مەسەلەی هەڵبژاردنە. ئەو مەسەلەیە ئەگەر بێتوو لە ئوڕووپا و ئەمریکا و دەرەوەی وڵاتدا کە بەگشتی ئیمکانی ژیانی دێمۆکراتیکی تێدایە جێ بەجێ نەکرێ، قەت لە کۆمەڵگە کوردییەکانی وڵاتدا دەبێ بڵێین جێ بەجێ نابن. جا بۆیە، هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتانی جیاواز و باژێری جۆراوجۆردا ئەسڵێکی بنەڕەتی یە بۆ دەستپێکردنی ژیانی دێمۆکراتیک لە نێو کوردەکاندا. بۆ ئەوە کە ئەم ئەسڵە جێی خۆی بگرێ، بزووتنەوەی سیاسی دەبێ یارمەتیدەر بێت نەک وەکوو ڕابردوو. بە باوەڕی من، دنیایەکی ئۆرگانیزەکراوی ئەوها بۆ کورد لە دەرەوەدا دەتوانێ یارمەتی بکا بۆ پێکهاتنی هەستە و فەرهەنگ و بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی لە نێو کوردی دەرەوەی وڵاتدا و عەینی شتیش بۆ نێو وڵات یانی لەوێشدا هەردەبێ قەبوڵی هەڵبژاردن و بەرەو پلۆرالیزم ڕۆیشتنی سیستمی سیاسی ببێتە بەردەبازی سازبوونی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی. بە واتایەکی تر دەبێ ژیانی ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو بونیادنانی دامەزراوە و دەزگای دێمۆکراتیکی جیا لە قودرەت لە نێو کۆمەڵدا نزیک ببێتەوە.

بەڵام وادیارە ناڕوونی هەیە لە سەر سازبوونی

دەزگا و دامەزراوەی گروپ و خەڵکی سیویلی جیاواز، وەک بەشێک لە ستروکتوری ژیان و کۆمەڵگای مەدەنی، دەگەڵ سازبوونی دامەزراوەی جۆراوجۆری سینفیی جیاوازی سەر بە ڕێکخراوێکی تایبەتی سیاسی. ئەو دووانە بێشک لە یەکتر جیاوازن.

**ۆ بە پێی تەجرەبەی خۆتان، دەکرێ هێندێک باسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان بکەن؟**

ــ تەجرەبە و تاقیکردنەوەی بیست، بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو ئەوە دەردەخا کە بزووتنەوەی سیاسی ترادیسیۆنێلی کورد کە زۆر حەز دەکا، هەرچی بکرێ و بگوترێ لە ژێر دەستی واندا بێت، ئەوەش بە بێ ئەوە کە پرۆگرامێکی تەواویان بۆ ئەو کارە هەبێ تەجرەبەی پێشوو ناسەرکەوتوو بوونە. وەک عەرزم کردن لە دەرەوەی وڵاتدا هەر دامەزراوەیەک پێکبێ، دەبێ لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی گشتی بێ. ئیمکانی ئەو کارە لە وڵات و باژێری جۆراوجۆردا کە ئێمەمانان تێیدا دەژین هەیە.

**ۆ وەک کەسێکی خاوەن تەجرەبە لە بواری کاری سیاسی و حیزبایەتی، وەزعی کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت هاوکاری داهاتووی دێمۆکرات و کۆمەڵە چۆن دەبینی؟**

ــ با لە پێشدا کەمێک بیروبۆچوونی خۆم بخەمەڕوو، تاکوو پاشتر ڕێکوپێکتر بتوانم لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسان بکەین. ڕەخنەیەکی مێژوویی لە سەر ئەو ڕێبازە کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە لە سیاسەتی کوردیدا باوە، هەیە. ئەو ڕەخنەیە ئێستاش هەر لە جێی خۆیەتی. ئەوەش بریتی یە لەوە کە ئەو هەوڵ و تێکۆشانە کە داگیرکەرانی کوردستان داویانە بۆ ئەوە کە کورد پارچەپارچە و بێ ئاگا بێ لە یەکتری و لە ئەتیجەدا هووییەتێکی یەکگرتووی بۆ پێک نەیێت و تووشی سیاسەت و هووییەتی پارچەپارچە بێ؛ ڕێبازی باو ئەو دابەشبوون و بێ ئاگاییەی لە یەکتری سمینتە کردووە. ئەو ڕەخنەیە ڕەخنەی ئەساسی یە لە سیاسەتی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش.

لەم دواییانەدا، بەڕێز مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتە، لە کۆبوونەوەیەکدا لە ستۆکهۆڵم، گوتی: دیارە کە



ئێمە خۆمان بە بەشێک لە میللەتی کورد دەزانین و کوردستانی ئێرانیش بە بەشێک لە خاکی کوردستان دەزانین... بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو زانینانە، لە کوێی سیاسەت، کردەوە، ئیدەئۆلۆژی، هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهاتنی هووییەتی هاوبەش، خۆیان دەردەخەن؟! ئارەزووی من ئەوەیە کە بتوانن لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنن، بەڵام ئۆمێدم کەمە.

بۆیەشە کە بە باوەڕی من، سازبوونی ئالترناتیڤێکی سێهەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لایەنی ناسیۆنالیستی و ڕیفۆرمیستی هەبێ، زۆر پێویستە. دیارە ئەو ئالترناتیڤە دەبێ ئەساسی کاری خۆی لە سەر بناغەی سازبوون و بەهێزکردنی بناماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها پتەوکردنی بناغەی فەرهەنگی سیاسیی کوردی دامەزرێنێ.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دەبێ عەرزتان بکەم کە منیش وەک هەموو کوردێک، کە دوو هێزی کوردی لەعنەت لە شەڕ و یەکترکوژی بکەن و بکەونە سەر ڕێبازی شارستانییەتی و دیالۆگ و قسەکردن، زۆر خۆشحاڵم و پیرۆزباییان لێدەکەم. بەتایبەتی کە من بە ساڵان دژی شەڕی ئەو دوو لایەنە بوومە. هیوام ئەوەیە کە لەم ڕێیەدا سەرکەوتوو بن.

من پێمخۆشە، سرنجی خوێنەرەوە بەڕێزەکانیش بۆ لایەنی ئیحتیمالی ئەو ڕێککەوتنە ڕاکێشم کە ئاگادار بن ئەوەش دۆستایەتی ئەم دوو لایەنەیە بۆ بەربەرەکانی یان ڕێگاگرتن لە سازبوونی ئالترناتیڤی ناسیۆنالیستی و ڕیفۆرمیستی لە کوردستاندا.

دوو خاڵی گرینگ کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خەڵکی کوردەوە هەیە، لێرەدا دەبێ بخرێنەڕوو:

١- دانی پەیمان و بەرعۆدەبوون لە پێناو ژیانێکی هێمنانەی سیاسی، بێ دەستبردن بۆ چەک لەگەڵ یەکتری، کە لەو پێوەندییەدا بەرعۆدەبوون بۆ قەبوڵی پارلمانتاریسم وەک شێوەی ئیدارەی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە بەرنامە و تەبلیغیاندا گرینگە.

٢- لە سەر مەسەلەی شەڕی نێوخۆیی هەڵوێستێکی مێژوویی بگرن و بەرخوردێکی جیددی لەگەڵ ڕابردوو بکەن. هەروەها سەرکردەی هەردوولا وەڵامدەر بن لە سەر ئەم دیاردەیە. باسی شەڕی نێوخۆیی، کولانەوەی برینی کۆن نییە. ئەگەر ئەو مەنتیقە ڕاست بایە نەدەبوو «ماندێلا» لە ئافریقای خواروودا کومیسیۆنی لێبووردنی میللی پێک بێنێ، بە مەبەستی تەسویە حیساب دەگەڵ ڕابردووی وڵاتی خۆیان لە دەروەی ئاپارتایدا. ئێمەش دەبێ دەگەڵ ڕابردووی خۆمان سەبارەت بە شەڕی نێوخۆیی تەسویە حیسابی ئەساسی بکەین. سەرکردایەتی دوێنێ و ئەوڕۆی حیزبەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەبێ ئەو داوایە بە جیددی وەربگرن. هەمووی ئەو کارانە دەکرێ ئەگەر بێتوو دەرگای دیالۆگ لە نێو ئێمەدا دانەخرێ. ئەوەی ئەمن دەمهەوێ دیالۆگە.

**ۆ کاک حوسێن، ڕەنگە خراپ نەبێ ئەگەر هێندێک لە سەر «حیزبی سەربەخۆیی کوردستان» کە خۆتان ماوەیەک تێدا ئەندام بوون، بدوێن؟**

ــ پێش ئەوەی ئەم حیزبە سازبێ کە ئێستا پێم خۆش نییە ناوی زۆر دووپات بکەمەوە، موناقەشەیەکی زۆر پان و بەرین هەبوو لەمەڕ سازبوونی ئالترناتیڤێکی سێهەم لە نێوان کۆمەڵە و دێمۆکراتدا. ئەو موناقەشەیە لە بازنەیەکی زۆر بەربڵاودا بەردەوام بوو، زۆر شەخسییەت و کەسانی جۆربەجۆر لەو موناقەشەیەدا بەشداربوون. ئەوە ئەوکاتە بوو کە کۆمەڵە ببوو بە حیزبی کارگەری و دێمۆکرات خەریکی (کورتەباس) و پرۆسەی سۆسیال دێمۆکراتیزاسیۆن و تەسفییەی حیزب بوو لە کوردستاندا و ناوچەی ڕزگارکراو بەرەبەرە

دەکەوتەوە دەستی حکومەتی ناوەندی و زۆر کەس لە کۆمەڵە و دێمۆکرات وازیان دێنا. لە کاتی دامەزراندنی حیزبدا بە داخەوە زۆر کەس و شەخسیەت و ئینسانی باش و بەکەڵکی بەشدار لەو موناقیشەیەدا دورکەوتبوونەوە. ئێمە حیزبەکەمان بۆ مەبەستی پروپاگەندای ئامانج و ڕێبازێکی کوردستانی پێکهێنا. کارێکی زۆرمان نەکردبوو کە بۆمن دەرکەوت ئەو کەسانەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دیاریکرابوون، نەیاندەتوانی وەڵامدەرەوە بن. بۆیە ئەمن یەک لەوانە بووم کە پێشنیاری ئینحیلالی حیزبمان بردە نێو کۆنگرە تاکوو درەنگ نەبووە و ئەو شتە دژی ئامانجەکانی خۆی هەڵنەگەڕاوەتەوە ئینحیلالی پێبکەین و خلاس بین. وا بوو کە نیوەی جەماعەت هاتینە دەرێ و بە جێمانهێشت. دیارە ئەو تەجرەبەیە دەریخست کە بە هەڵەی بۆی چووبووین.

**ۆ وەزعی ئێستای ئێران چۆن دەبینن؟**

ـ ئێران وڵاتێکی پڕ لە کریس و بوحڕانە. حکومەتی ئێستا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو جگە لە دیکتاتۆریەت و زوڵم تەنانەت نەیتوانیوە وڵاتیش بە شێوەیەکی موتەعارف ئیدارەبکا. نەسلی ٢٥ ساڵ لەمەوپێش، یان لە دەرەوەی وڵاتن یان ئەگەر لە ناوەوەی وڵاتن هێزێکی گرینگی کۆمەڵایەتی نین. ئێران پێوسیتی بە ڕێفۆرم و ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتی مەزهەبی و وەلانانی حوکمی روحانی هەیە، ئێران ئالترناتیڤی زۆری لە پێش ڕوودا نییە، یان بەردەوامی حکوومەتی دیکتاتۆری و پاشانیش تێکچوونی وەک سۆڤیەت، یان ڕووهێنانی بەرەو میتۆد و ژیانی دێمۆکراتیک.

ئێستا ئەو شانس و دەرفەتە هەیە کە دەنگی هێزی دێمۆکرات وردەوردە لە دنیای سیاسەتی ئێراندا، ببێتە دەنگێکی بە هێز. بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی ئینسانی و لە پێشگرتنی ڕێگای دێمۆکراتیک هەم حکومەت دەبێ بە ڕەسمی ددان بە ناسینی ئەحزاب و ئازادی بیروڕا دەربڕین بێنێ و هەم ئۆپوزیسیۆنیش بە لابردنی شوعاری ڕووخانی حکومەت، ئەو هەلە بۆ خەڵک بڕەخسێنن. بۆ دەستپێکردنی ژیانی دێمۆکراتیک، ئەمن بە نیسبەت سەرکەوتنی سیاسەتی ڕێفۆرم و بەنیسبەت کوردان کە سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی و ڕێفۆرمیستی بگرنە بەرچاو، هەم خۆشبینم و هەم بە قازانجی دەزانم. ئاوا زەرەرمان زۆر کەمتر دەبێ.

**ۆ نەزەرت لە سەر هەلومەرجی سیاسی باشووری کوردستان چییە؟**

ـ زۆر سەنەدو بەڵگە هەیە، ئەوە دەردەخات کە زۆر ناوەندی نێونەتەوەیی تا پێش شەڕی بەردەوامی یەکێتی و پارتی وەک شوێنێک دەستنیشان دەکرا کە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوێوە دەست پێبکا. بەڵام بە داخەوە ئەو شەڕە چارەسەری کێشەی کوردی زۆر وەدوا خست. کوردستانی باشوور بە باوەڕی من هەر ڕۆژێک کە بتوانێ بەرەو هەڵبژاردنی گشتی بڕوا ئەوەندەی درەنگ کردووە.

ئەم کارە یەک لە گرینگ ترین فاکتۆری کاریگەرە لە سەر باشووری کوردستان. دیارە شتی سرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو سەرکەوتنە هەر لە دەستی خودی کوردیش دایە. باشووری کوردستان بە بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوەییدا دەتوانێ خۆی زیاتر بۆ دوارۆژ ئامادە بکا.

ئەوە دەبێ بگوترێ کە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا مرۆڤ قەت ناتوانێ ئەرخەیان بێ کە ئەم وەزعی دوفاکتۆیە لە ڕاستیدا تا کەنگێ بەردەوام دەبێ و ئەوەش هەمووومان لە سەری ساغ نەبووینەوە کە چەندە بە قازانجمانە یان بە زەرەر. چونکە لە ڕاستیدا لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە.

**ۆ بۆ باکووری کوردستان چ نەزەرێکتان هەیە؟**

ـ یەک شتی بەرچاو لە باکووری کوردستان، موبیلیزاسیۆنی گشتی و خەڵکی یە کە ئومێد دەدا بە مرۆڤ. خاڵی دووهەم، بە شێوەیەکی نیسبی تێندێنس و ڕێبازی کوردستانی و خاوەنی ئیرادەی خۆبوون بە سەر بزووتنەوەی سیاسی باکووردا سوارە کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە خەباتی کوردیدا بەرچاوە. بە باوەڕی من، خاڵێکی لاواز ئەوەیە کە ئەو دەنگ و پەیامانەی کە لە باکوور ڕا دێن لە بەشەکانی تری کوردستاندا کەمتر هاودەنگییان دەگەڵ دەکرێ. من پێموایە بزووتنەوەی سیاسی باکوور بە سەرۆکایەتی PKK بە دێمۆکراتیزاسیۆنی خۆیەوە، ئەو شانسەی هەیە کە حکومەتی تورکیا تەسلیم بکا بۆ قەبوڵی چارەسەرێکی ئاشتییانە، لە سەر ئەساسی قبوڵی هوویەت و بوونی کورد لەوێدا بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە باکووردا بتوانێ پرۆسەیەکی ژیانی دێمۆکراتیک و ڕێفۆرمیستی دەست پێبکا. یانی پێکهێنانی ڕێفۆرم لە نێو خۆیدا، لە ڕێکخستنیدا، لە شێوەی خەباتیدا، لە یەکێتی و هاوکاریی لە ڕادەبەدەری بزووتنەوەی کوردیدا، بە کورتی دێمۆکراتیزاسیۆنێکی بەردەوام و تەسلیم نەبوون بۆ شەرت و مەرجێک کە بەرهەمی شەڕی داسەپێنراون.

پێمخۆشە ئاوا کۆتایی بە قسەکانم بێنم، کە بزووتنەوەی ئێمە دەبێ بتوانێ هیوا بداتە خەڵک، سناریۆی جۆراوجۆری دێمۆکراسی و ئازادی تەرسیم بکا. بۆ نموونە قەتاری ئاشتی بە مەبەستی بەرینترکردنی پشتیوانی خەڵکی بۆ بزوتنەوەی کوردی لە باکووردا بە سەرۆکایەتی ئینسانی وەک ئاکیم بیردال، کە لە ئانکارا و ئەستەمبووڵ ڕا وەڕێکەوێ و لە دیاربەکردا دەگەڵ (هادەپ) و (پ ک ک) یەکبگرنەوە. لە باشووردا دەبێ هەڵبژاردنی گشتی ببێتە ئومێد و هیوای خەڵک، لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێ ٣٠٠-٤٠٠ کورد خۆساز بکەن بۆ دابەزین لە فڕۆکەخانەی تاران و داوای حەقی خەباتی سیاسی و بە ڕەسمی ناسینی مەوجودیەت و هوویەتی خۆیان بکەن. ئەوانە هەموو نموونەی ئەو کارانەن کە ئێمە دەبێ مومکین بوونیان بۆ خەڵک جەخت بکەینەوە. لە سایەی خەباتێکی وا دایە کە هیچ ئۆرگان یان وڵاتێکی نێونەتەوەیی ناتوانێ دەنگی کورد بە غەیری دەنگی دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەقەڵەم بدا. بە هیوای سەرکەوتن و سپاستان دەکەم بۆ ئەو هەلەی بۆتان ڕەخساندم. ■

عەبباسی وەلی:

# مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە:

حەسەنی قازی

**❑ دەقی ئەم وتارە: «مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران»، لە لایەن کاک «عەبباس وەلی» وەک بەشدارێکی سەربەخۆ لە کۆنفرانسێکدا کە لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی مانگی ژوویيەی ١٩٩٨ لە (واشینگتن دی سی) بە ناوی "سەبارەت بە قەیران و جێبەجێ کردنی کێشە لە کوردستان پێکهاتبوو، پێشکێش کراوە. ئەو کۆنفرانسە لەلایەن ئەنیستیتووی کورد لە واشینگتن ڕێک خرابوو.**

مەسەلەی کورد لە ئێران بەرهەمی مۆدێرنیتی(نوێباوی)یە، کە مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە، ئەگەرچی لەوانەیە ناسیۆنالیستەکوردەکان پێیان خۆش بێ ئەو بۆچوونە پەسند نەکەن و بڵێن ئەو بابەتە مێژوویەکی زۆر دوورودرێژتری هەیە کە دەگاتەوە چەندین سەدە لەمەوبەر. بە بۆچوونی من، مەسەلەی کورد لە ئێران، وەکوو پرسێکی هوویيەت، ماف و ئازادییەکانی مەدەنی و دێمۆکراتیک زۆر مۆدێرنە. بە زەحمەت خۆ لە سەدەیەک دەدات.

مێژووی ئەو مەسەلەیە، بە سازبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران، واتە بە وەگەرکەوتنی سیاسەتی سانترالیزمی سیاسی و ئیداری و سازکردنی هوویيەتێکی تاقانەی نەتەوەیی ئێرانی بە دەستی یەکەم دەوڵەتی پەهلەوی کە لە ساڵی ١٩٢٦ تا ١٩٤١وە بە زەبری چەک پێڕەوی دەکرا، دەست پێدەکا. ئەم سیاسەتە دوای دامرکانەوەیەکی کاتی لەلایەن دەوڵەتی دووەمی پەهلەوییەوە تا ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو و تەنیا بە شۆڕشی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی کۆتایی پێهات. کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای جیاوازیی زۆری ئیدێئۆلۆژی و سیاسی لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو، سیاسەتەکانی وی لە کوردستاندا درێژە پێدا و بە مانایەک ئەو سیستمەی کە لە کوردستان لە ئارادابوو بە سەریدا داسەپێندراوە، هەڵبەت بە بەکارهێنانی هێزی عەسکەری و زۆروزەبرێکی زیادتر.

بەڵام بۆچی ئەمن لە سەر مۆدێرن بوونی کێشەی کورد لە ئێراندا پێدادەگرم و بۆچی ئەو مۆدێرن بوونە گرینگە؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەوە پرۆسەی سازبوونی دەوڵەت ــ نەتەوەی مۆدێرن لە ئێراندا بوو کە لە ڕاستیدا خەسڵەتی سیاسەتی کوردی لە سەربزێوی عەشیرەتی ڕا گۆڕی بەرەو خەبات لە پێناو سیاسەتی ماف و هوویيەت.

لەوانەیە ئێوە ئێستا بڵێن کە ئەمن ئەورۆ ڕەخنەم لە بەشدارانی پانێلی بەیانی دەگرت کە بۆچی هەر بە دەوری باسەکەدا دەسووڕێنەوە و ڕاست و ڕەوان ناڵێن شتەکە چییە و خەسڵەتی واقیعی قەیرانی ئێستای (مەسەلەی کورد) لە تورکیا چییە؟ جا بۆیە ئەمن بۆخۆم ناتوانم هەمان شت بکەم. ئەمن دەبێ بە ڕاشکاوی قسەکانم وەڕووبخەم. ئەمن دەڵێم کە مەسەلەی کورد لە ئێران بریتی یە لە مەسەلەی حاشاکردن لە هوویيەتی کورد لەلایەن دەسەڵاتی حاکم (sovereign) و بەرەنگاری کوردەکان لە ئاست ئەو حاشالێکردنە؛ ئەو پێوەندییەی حاشالێکردن و بەرەنگارییە لە وەتا دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران لە ئارادابووە و تائێستاش هەر بەردەوامە.

هوویيەت هەر ئەوە نییە کە کەسێک یان کۆمەڵێکی گەورەتر دەناسێنێ، بەڵکوو ئەوەشە کە ماف، ئازادی و بەرعۆدەییەکانی کەسێک یان کۆمەڵێک لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا دیاری دەکا. بەم پێودانە تەبیعەتی مەسەلەی کورد، ئەگەر وەکوو پرسی هوویيەت و ماف لەبەر چاوبگیرێ، تاڕادەیەکی زۆر بەوە بەستراوەتەوە کە کێ ئەو ماف و هوویيەتانە دیاری دەکا. بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە ناسیۆنالیزمی کوردیی ترینتۆریال لە ئێراندا هەیە، ئەوە مەسەلەی مافی نەتەوایەتی و هوویيەتی نەتەوایەتی دەگرێتەوە. بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە خودموختاریی کورد و ماف لە چوارچێوەی حاکمییەتی حقووقی و سیاسی ئێراندا هەیە، ئەوە مەسەلەی ماف و هوویيەتی ئێتنیکی یە. پێوەندیی نێوان حاشالێکردن و بەرەنگاری، بە هەر شێوەیەک سەیری کەن، کاکڵی ئەو مەسەلەیە پێکدەهێنێ و تا ئەوکاتەی ئەو پێوەندییە دیالیکتیکییە بمێنێتەوە و ئەو ناکۆکییە چارەسەر نەکرێ، مەسەلەی کورد لە ئێران بەردەوام دەبێ.

مەسەلەی کورد لە ئێران تاڕادەیەک مەسەلەیەکی سەیرە، بەو مانایە کە کوردەکان لە ئێران تەنیا بەشێکی کەم لە دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، بە بەراوردکردن لە گەڵ عێراق و تورکیا ـ ژمارەیەک نزیکەی ١٢ تا ١٥ لەسەد لە نێو خەڵکێکی ٦٠- ٦٥ میلیۆن کەسیدا؛ بەڵام وەک دیاردەکەوێ قورسایی بە ژمارەی حەشیمەتی کورد لە ئێران گرینگییەکی ئەوتۆی نییە و ئەوە ناتوانێ گرینگی ڕاستەقینەی سیاسی و فەرهەنگی مەسەلەی کورد لە ئێران کە یەکجار زۆرە دیاری بکا. ئەوە بەشێکی لەبەر ئەو ستاتووسە(پلە وپایە)یە کە کوردەکان لە ڕوانگەی مێژووییەوە لەو دەربڕین و دیسکۆرسانەدا کە بۆ سازدانی هوویيەتی نەتەوەیی تاقانەی کورد هاتوونەتەگۆڕێ بوویانە و بەشێکیشی لەبەر ئەوەی کە بەردەوامبوونی حاشاکردن لە هوویيەتی کورد وەبیرخەرەوەیەکی هەمیشەیین سەبارەت بە کەمایەسییەکانی هاووڵاتیێتی، دێمۆکراسی و پرۆسەی دێمۆکراتیکردنی سیاسی لە ئێراندا.

بۆ لەبەر چاوگرتنی مەسەلەی کورد وەکوو مەسەلەی ماف و ئازادییەکان، شتێک کە ئاوات و ویستی کوردەکانە لە ئێران، ئێمە دەبێ بڕوانینە ئەو چوارچێوە حقووقی ـ سیاسییەی کە بۆ ئەوان لە قانوونە بنچینەییەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩٧٩ڕەچاوکراوە.

لە قانوونی بنچینەیی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥دا، ئێمە ناتەبایی و نەگونجانێکی بەرچاو دەبینین. لەم قانوونەدا حاکمییەت لە ئیرادەی گشتی نەتەوەی ئێرانەوە وەرگیراوە، لە کاتێکدا هاووڵاتیێتی بە شێوەیەکی کاربڕ بە ئەو تۆوانەی کە ئێتنیسیتی فارس پێکدەهێنن پێناسە دەکرێ. جیاوازی ئاشکرا لە نێوان هەلومەرجی حاکمییەت و هەلومەرجی هاووڵاتیێتی لە ئێران لە ڕوانگەی تیۆرییەوە مانای ئەوە بوو کە کوردەکان تەنیا کاتێک دەیانتوانی وەک هاووڵاتیی دەوڵەت بچنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە کە ئامادەبوویان حاشا لە هێندێک لایەن یان تۆوەکانی دیاریکەری هوویيەتی خۆیان بکەن و ئەو حاشالێکردنە بەو مانایە دەبوو کە پرۆسەی سیاسی قەت نەیدەتوانی دێمۆکراتی بێ، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنی گشتی دەورەییش بەڕێوەچووبا.

نەگونجانی نێوان شەرت و مەرجی حاکمییەت و هاووڵاتیێتی، بەر لە شۆڕشی ئێران لە ئارادابوو و وەک نیشانەی دیاریکەری قانوونی بنچینەیی

له ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی سەڵتەنەتیدا بوو. ئەمە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەتا بڵێی گرینگ بوو. هەر بۆیەیە هەر کاتێک هەرجۆرە حەولێک درابا بۆ دەربڕینی هووییەتی کوردی، یان داوای بە ڕەسمییەت ناسینی هووییەتی کورد کرابا، یان بە ڕەسمی ناسین و ڕێزدانان بۆ ماف وئازادییەکانی کوردی لە ئێران هاتباگۆڕێ، حکوومەت دەیتوانی دەستبەجێ ئەمە بە مەسەلەی حاکمییەتی سیاسییەوە گرێبدا و وەکوو هەڕەشە و مەترسییەکی ئاشکرا بۆ سەر حاکمییەتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی ئێرانی بناسێنێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکا. چونکوو وەختێک بابەتێک بە مەسەلەی حاکمییەتەوە گرێ درا دەکرێ بە هاسانی لە چوارچێوەی سیاسەتی «نێوخۆیی» ڕۆژانە وەلابندرێ، بگوێزرێتەوە دەرەوەی شانۆی کاروباری سیاسی ڕۆژ و ببێ بە بابەتێک لە دەرەوەی ئاکاری ئاسایی ڕۆژانەی حکوومەت.

لکاندنی هووییەتی کوردی بە مەسەلەکانی حاکمییەت و یەکپارچەیی دەوڵەتەوە، شتێک کە زۆر بەرچاو بوو، بێ کەڵک بوونی خۆی لە بواری چارەسەرکردنی دێمۆکراتیانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا سەلماند. چونکوو ئەمە هەمیشە ئەو توانایی و دەستەڵاتەی دەدا بە حکوومەتی ئێران کە لەگەڵ ئەو پرسە وەکوو مەسەلەی ئەمنییەتی نەتەوەیی و حاکمییەت هەڵسوکەوت بکا، بە شێوەیەکی کاربڕ و دەستبەجێ لە پرۆسەی سیاسییەوە بیخاتە نێو پرۆسەی عەسکەری، وەکوو بابەتێکی عەسکەری نیشانی بدا کە ڕاستەوخۆ بە مانەوەی نەتەوەی ئێران و دەوڵەتی ئێران گرێدراوە. ئەوە کاکڵی بابەتەکەیە و، بناخەی بۆچوونی ڕەسمی و نیشاندانی ڕەسمی مەسەلەی کورد وەکوو مەسەلەیەکی حاکمییەتی ئێران دادەڕێژێ و بەم پێیە دەبێتە پشتیوان و پاڵپشتی «چارەسەریی عەسکەری» لەلایەن دەوڵەتەوە.

جا بۆیە ئەوە سەیر نەبوو ببیندرێ کوردەکان ئاوا لە دڵەوە لەو پرۆسە دێمۆکراتییەدا بەشداری بکەن کە بوو بە هۆی ڕووخانی حکوومەتی سەڵتەنەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران. کوردەکان زۆر هیوای بەرزیان لە دڵدا هەبوو، بەڵام ئەو هیوایانە وەدی نەهاتن.

پێوەندی مرێنەری نێوان مەسەلەی کورد وحاکمییەتی نەتەوەیی ئێران و مانەوەی دەوڵەت، درێژەی کێشا و هەتا پێکهاتنی دیسکۆرس و کردەوەی ڕێژیمی ئیسلامی بەردەوام بوو.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئێمە هەلومەرجێکی تاڕادەیەک سەیر وسەمەرە بەدی دەکەین: چوارچێوەیەکی حقووقی ـ سیاسی بۆ جموجۆڵی سیاسی کە لە دنیای هاوچەرخدا تاقانەیە. واتە، لە قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئێمە لە ڕاستیدا دوو کۆنسێپتی جیاواز، دژ بەیەک و ڕقەبەر لەمەڕ حاکمییەت دەبینین. یەکیان کۆنسێپتی حاکمییەتی دێمۆکراتیی جەماوەری یە کە لە ئیرادەی لەدابەشنەهاتووی نەتەوەی ئێرانەوە وەرگیراوە و ئەوە لە مادەی ١ی قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامیدا نووسراوە. ئەوی دیکەشیان کۆنسێپتی ئیلاهی حاکمییەتە، کە لە ئیرادەی خوداوەندەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرێگەی دەزگای ئیمامەت لە ئایینی شیعەدا دەدرێ بە «فەقیە»ی سەردەم وەک جێگر و نوێنەری ئیمامی غایبی شیعە، فەرمانڕەوای حەقداری ئوومەت، واتە جڤاتی ئیسلامی. ئەوە ئەم ڕوانگەیەیە کە بناخەی باوەڕی «ویلایەتی فەقیە»ی خومەینی پێکدێنێ و لە قانوونی بنچینەیی ١٩٧٩ی ئێراندا گونجاوە.

کۆنسێپتی ئیلاهی حاکمییەت، کە لە مادەی ٥ی قانوونی بنچینەییدا هاتووە، بە گوێرەی هووییەتکردنی شتێکە کە بۆ دابەشکردن، کێشەلەسەرکردن و، بردنە ژێرپرسیار نابێ و شتێکی موتڵەقە. ئەو مادەیە سوڵتەی «فەقیهی» زیندووی سەردەم وەکوو سەرچاوەی هەرە بەرزی دەستەڵات و مەشروعیەت دیاری دەکا و ئیرادەی موتڵەقی وی سنووری نێوانی دەستەڵاتی سیاسی و چوارچێوەی حقووقی ـ سیاسیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەخاتەڕوو.

بوونی ئەو دوو کۆنسێپتە نەگونجاو و دژبەیەکانەی حاکمییەت، دەستەڵات و مەشروعییەت لە زەمانی گەڵاڵەکران و پەسندکرانی قانوونی بنچینەیی ڕا ئێسکێک بووە لە گەرووی سیاسەتی ئێران گیراوە و زۆر جار شەڕی نێوان هێزە ڕەقیبەکان لە سەر دەستەڵاتی سیاسی بە هۆی ئەم دیاردەیە تاریف کراوە. هێزە دێمۆکراتییەکان و لایەنگرانی ئازادییە مەدەنی و دێمۆکراتییەکان لە ئێران تێکۆشاون کۆنسێپتی حاکمییەتی ئیلاهی وەلابنێن و کۆنسێپتی جەماوەریی ـ دێمۆکراتی بخەنە جێگەی شیاوی خۆی لە قانوونی بنچینەییدا. بە پێچەوانە، هێزەکانی کۆنەپارێزی ڕادیکاڵ بە هەموو شێوەیەکی مومکین حەولیان داوە کۆنسێپتی ئیلاهی حاکمییەت کە لە باوەڕی ویلایەتی فەقیهدا خۆی دەردەخا، لە سەر حیسابی کۆنسێپتی جەماوەریی ـ دێمۆکراتی سەقامگرتووکەن.

بەڵام مەسەلەی کورد شوێنێکی زۆر سەیری لە خەباتی بەردەوامی نێوان هێزە دژبەیەکەکانی نێو کۆماری ئیسلامیدا هەیە. چونکوو ئەوە تەنیا بابەتێکە لە سیاسەتی ئێراندا کە ئەو دوو کۆنسێپتانەی دژبەیەکی حاکمییەت بە هاسانی دەگەنەوەیەک و لە پرۆسەی سیاسیدا شوێنی یەکتری پڕ دەکەنەوە. ئەو خاڵە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی کورتە.

ڕێگە بدەن سیاسەتی تایبەت بە دەوڵەت لە کوردستان، "سیاست ویژه دولت در کردستان"، لەبەرچاو بگرین کە لە بناخەوە بە مانای سەرکوتکردنی هەموو جۆرە دەربڕینی هووییەتی کوردی بوو و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی فەقیهی سەردەم، ئایەتوڵلاخومەینی، بەڕێوەدەچوو کە هەم داهێنەر و هەم دەستپێشخەری ئەو سیاسەتە بوو. ئەو سیاسەتە لە ژێر نێوی پیرۆزبوونی هووییەتیەکی ئیسلامیی گشتگر، تەواو و دابەشنەکراو گەڵاڵە کرا، بە کردەوە بەڕێوەچوو و بەئاشکرا پاساو درا؛ ئەو سیاسەتە هەموو هووییەتە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، هەموو دابەشبوون و دیسکۆرسەکانی پێشێل کرد. بەڵام جێی سرنجە ئاماژەی پێ بکرێ کە کاتێک ئەو سیاسەتە تایبەتییەی حکوومەت لە کوردستان بەڕێوەچوو ئاکامی تەواو جیاواز بوو: سیاسەتی تایبەتی هەر بە سانایی بۆ داسەپاندنەوەی هووییەتی نەتەوەیی ئێران کە لە سەر بنەمای ئێتنیسیتە، زمان و فەرهەنگی فارسی هووییەت دەکرا، دەکار کرا و بە سەر کوردستاندا سەپێندرا.

ئەم شیکردنەوە کورتە بەسە بۆ جەختکردنەوەی ئەو شوێنە تایبەتییەی کە مەسەلەی کورد لە پرۆسەی دێمۆکراتی لە ئێراندا هەیەتی. لە ڕاستیدا، ئەمە یەک لەو بوارە هەرە گرینگانەیە کە تێیدا ئازادییە دێمۆکراتی و مەدەنییەکان و خەبات بۆ ریفۆرمی دەوڵەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی کاربڕ یەکتری دەگرنەوە.

بەهێنانەگۆڕی ئەو خاڵە گشتییانە لەمەڕ تەبیعەت و خەسڵەتی مەسەلەی کورد لە ئێران، ئەمن پێم خۆشە باسی بارودۆخی ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا بکەم. گومانی تێدا نییە ئەو بارودۆخە سیاسییەی بە دوای دوایین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەمانگی ژووەنی ١٩٩٧ لە ئێراندا هاتووەتە گۆڕێ، هەتا بڵێی گرینگ و بگرە چارەنووس سازە. ئەوە سەرهەڵدانێک نیشان دەدا کە ڕەنگە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە کاتی دامەزرانی لە ساڵی ١٩٧٩وە بێوێنە بێ. ئەو سەرهەڵدانە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ نموونەکانی پێشووی دەستەبەندیی سیاسی، بەربەرەکانی لە سەر دەستەڵات و شەڕی یەکترکردن لە کۆماری ئیسلامیدا جیاوازە.

ڕیشەی قەیرانی ئێستا لە ئێران لە ویستی جەماوەریی بۆ دێموکراتیکردنی دەوڵەت وکۆمەڵگە و دژایەتی و بەرتەکی کۆنەپارێز (کۆنسێرڤاتیڤ) لە بەرانبەر ئەو ویستە جەماوەرییە دایە. پانتایی قیرانەکە بێ وێنەیە و هەموو وڵاتی داگرتووە. بەرهەڵستکاری کۆنسێرڤاتیڤ لە بەرانبەر ریفۆرم کردندا لە ئاست ئەو گۆڕانە دێموکراتییانەی کە لە خوارەوە دەستی پێکردووە، شێوەی بەرەنگاریی نادیمۆکراتییانەی بە خۆیەوە گرتووە ـ گرینگتر لە هەموو شتێک هەڵبژاردنی خاتەمی بووکە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان بە سەر ئەوانی تردا سەرکەوت. ئەو جوولانەوەیەی کە لەو دەمییەوە لە پشت سەرۆککۆمار ڕاوەستاوە و پشتیوانی لە بانگەوازی وی بۆ دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکا، جوولانەوەیەکی جەماوەریی دێموکراتی یە.

ئێستا داخوازییەکی ڕەسەن بۆ دێموکراتیکردنی پرۆسەی سیاسی لە ئێران لە گۆڕێدایە و بەڵگەی ئاماری لەم بوارەدا یەکجار زۆرە. لە دوایین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دا ٨٠٪ حەشیمەتی شیاوی دەنگدانی ئێران، نزیکەی ٢٢ میلیۆن لە ٢٨ میلیۆن کەس، دەنگیان بۆ خاتەمی دا؛ واتە، بە قازانجی دیمۆکراسی و ماف و ئازادییە مەدەنییەکان. ئەوە بە زەحمەت دەکرێ دەنگدانێکی تاکتیکی بێ و ئەمن دەبێ لێی زیادبکەم کە لەو هەڵبژاردنەدا پشتیوانی جەماوەریی لە خاتەمی لە کوردستانیشدا یەکجار زۆر بوو. هەر وەک بە ئاشکرا لە شیکردنەوەی ئاماریی نموونەکانی دەنگدان لە سەرانسەری وڵات دەردەکەوێ، ئاستی بەشداری جەماوەریی لە هەڵبژاردندا لە کوردستان خۆی لە خۆیدا زۆر گرینگە. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە کوردەکان لەو ریفراندۆمەدا کە بۆ پەسندکردنی هوویەتی ئیسلامی دەوڵەتی دوای شۆڕش بەڕێوەچوو بەشدارییان نەکرد. هەروەها ئەوان دەنگیان بۆ قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامیش نەدا. ئەوە لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی پێشووی سەرۆک کۆماریشدا وابوو. کوردەکان دوورەپەرێز بوون.

لەوەش زیاتر، فاکتۆرێکی دیکەش هەیە کە قەیرانی ئێستا لە نموونەکانی پێشووی دەستەبەندیی سیاسی و بەرەبەرەکانی نێوخۆیی لە سەر دەسەڵاتی سیاسی جوێ دەکاتەوە. ئەویش ئەوەیە، لە حاڵی حازردا دەستەی فەرمانڕەوا یان دەسەڵاتدار لە ئێران، پیاوانی ئایینیی شیعە و پشتیوانی ئاروحانییان دەنێو دەوڵەت و تاڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەدا، هەتا بڵێی لەیەک دابڕاون. ئەو دابڕانە بە هیچ جۆر هەر لە داوودەزگای دەوڵەتدا قەتیس نەبووە، بەڵکوو گەیوەتە قووڵایی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسەت بەگشتی و هەموو ئەو بوارانەی داگرتووە.

بەڵام ئەوانە تەنیا ئەو هۆکارانە نین کە قەیرانی ئێستا لەوانی پێشوو جوێدەکەنەوە. هۆکارێکی دیکەش کە هەر ئەوەندە گرینگە لە ئارادایە و دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، ئەویش بەیان یان دەربڕینی خەبات لە سەر دەسەڵاتی سیاسییە لە چوارچێوەی ڕێژیمدا بە وتار و نووسراوە. ئامرازی دەربڕینی ئەم کێشەیە بە نووسین و بە وتار جیاوازییەکان، لەیەکدابڕانەکان و کێشەکانی نێوان هێزە ڕەقیبەکان لە بواری سیاسی و ئیدیئۆلۆژیدا نیشان دەدەن. ئەو بەربەرەکانییەی کە ئێستا لە سەر دەسەڵات دەکرێ هێندە زۆریش وەکوو لێکدانەوەی ڕقەبەر لەمەڕ ئیسلام نیشان نادرێ بەوجۆرەی کە لە ساڵی ١٩٨١ لە کێشەی نێوان بەنیسەدر و سەرۆکایەتی حیزبی جەمهووریی ئیسلامی دا دەرکەوت، بەڵکوو لە داخوازی بۆ دێموکراتیکردنی دەوڵەت، پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سازکردنی نەزم و نیزامێکی قانوونی لە لایەکەوە و بەرهەڵستکاری نادیمۆکراتییانە لە ئاقار ئەو داخوازانە لەلایەکی دیکەوە خۆی دەنوێنێ. ویستی جەماوەریی بۆ دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لەلایەن باڵی ریفۆرمیستی نێوخۆی ڕێژیمەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، بە جیددی بەربەرەکانی پلە وپایەی باوەڕی ویلایەتی فەقیه دەکا و مەشروعییەتی وی دەباتە ژێر پرسیارەوە.

بەبیروڕای من، ئەمە پێشوەچوونێکی نوێ یە لە سیاسەتی ئێراندا و لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ڕا بێوێنەیە. ئەمە گرینگییەکی بنەڕەتی هەیە و هێزەکانی بەرهەڵستکار نابێ لە کیسی بدەن. چونکوو هەتا ئەو کاتەی باوەڕی ویلایەتی فەقیه شێوە و خەسڵەتی دەسەڵاتی سیاسی دیاری بکا و هەلومەرجی مەشروعییەتی سیاسی و سنوورەکانی حقووقی ـ سیاسی بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەت لە قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامیدا ئاوابێ، بە سانایی چ هیوایەک بۆ ریفۆرم و گۆڕانێکی بەرچاو لەگۆڕێدانابێ. گرینگیی ئەو خاڵە کاتێک جوان دەردەکەوێ ئەگەر ئێمە بێتەوەبیرمان کە لاوازیی تەشەنەکردووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەیی و ڕووناکبیری بەرهەڵستکاری لائیک (عیلمانی) لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هۆی سەرەکی مانەوە و بەردەوامی ئەو کۆمارە بووە. ئەوە ئەم لاوازییە تەشەنەکردووە بەرهەڵستکارییە عیلمانییەی سەرەتای قەومانی شۆڕشە کە بە دەرەجەی یەکەم بووەتە هۆی ناوخۆیی کردنی بەربەرەکانی لە سەر دەسەڵاتی سیاسی دەنێو چوارچێوەی دەستەی فەرمانڕەوای ئایینیدا. ئەوە ڕاستیی سیاسی قەیرانی سیاسی ئێرانە: بەرهەڵستکاری عیلمانی لە مەیدانی سیاسی و ئیدیئۆلۆژیدا بە تەواوی بزرە.

کەوابوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعییەتە، ئەرکی هەرە گرینگی هێزە سیاسییەکانی کوردی لە ئێران چییە؟ ئەمن لە باسی وردە ڕیشە دەگەڕێم و بە کورتی لەوە دەدوێم، بەڵام لە پێشدا دەبێ ئاماژە بە خاڵێک بکەم لەمەڕ هەلومەرجی سیاسی هێزە کوردییەکان. بە بیر و بڕوای من لە حاڵی حازردا هێزە کوردییەکان لە ئێران لە باری سیاسییەوە بێ تەئسیرن. ئەوان تاڕادەیەکی زۆر پێگەیان لە دەرەوەی ئێرانە و لەڕاستیدا هێز و توانایی ئەوەیان نییە لە سەر ڕەوتی ڕوداوەکان لە نێوخۆی وڵاتدا شوێن دابنێن و چ دەستیان ناڕوا بۆ بڕیاردان لەسەر ڕۆژەوی سیاسی لە کوردستان. بەکورتی ئەوان چ حزوورێکی چالاکی سیاسییان لە کوردستاندا نییە و عەمەلیاتی عەسکەریشیان کە زۆر بەرتەسکە، دژکردەوەیە لە جیات ئەوەی دەستپێشخەر بێ.

لەگەڵ گوتنی ئەوە، ئەمن دەبێ ئەمەش بڵێم کە هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ئێراندا تەقریبەن مەشروعییەتێکی زاتییان هەیە. ئەوان دەتوانن یەکشەوە ببووژێنەوە، هەر وەک زۆرجار لەوەتا ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ نیشان دراوە. کەوابوو، سەرەڕای لاوازییان ناکرێ بە هێندنەگیرێن. ئەوان دەبێ لە پێشوەچوونی بارودۆخی سیاسی لە ئێراندا حیسابیان بۆ بکرێ.

مەشروعییەت و جەماوەری بوونی هێزە سیاسییە کوردییەکان بەو مانایەیە کە ئەوان هێشتاش گرینگن و دەتوانن شوێن لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان دابنێن، بەڵام تەنیابەو شەرتەی کە ئەوان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستادا هەنگاو هەڵێننەوە، نەک بە دژی ئەوان. ئەو سیاسەتانەی کە ئەوان تائێستا بوویانە بە قیمەتی زۆر تەواو بوون، بێ ئەسەربوون و تەنانەت بە دژی خۆشیان هەڵگەڕاونەوە. لە ڕاستیدا ئێستا کاتێکی لەبارە کە واز لەم گۆشەگیری و لە تاریکایی دانیشتندا بێنن و هەڵوێستێکی نوێ بگرن و ڕێبازی نیگاتیڤی سیاسەتەکانی کوردی بگۆڕن. ئەوەش بەومانایەیە کە ئەوان دەبێ بێنە

نێو پرۆسەی خەبات بۆ دەستەڵاتی سیاسی لە ئێران؛ بەڵام بە لایەنگری لە هێزەکانی دیمۆکراسی و ریفۆرم و لەدژی دوژمنەکانی دیمۆکراسی و ماف و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان.

بە ئاشکرایی، لە زەمینەی بیرکردنەوەی نەریتی سیاسی و ستراتیژی کوردستاندا، گوتنی ئەوە هاسانترە لە کردنی. ئەمن دەزانم کە هەڵهێنانەوەی هەنگاوێکی ئەوتۆ پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی هەیە لە سیاسەت و کردەوەدا کە دەبێتە هۆی ئاکامی رادیکاڵ لە بەرنامەی سیاسی و ئامانجەستراتێژییەکانی ئەواندا. ئەمن پێم وایە ئەو گۆڕانی ڕێبازە لە سیاسەتی کوردی لە حاڵی حازردا تەنیا دەتوانێ ئەوکاتە وەدیبێ کە ستراتێژی خەباتی چەکداری وەلابندرێ. ئەم ستراتێژییە چ لە باری ئینسانی و چ لەلایەنی مادییەوە، سەلماندوویە کە هەم بێکەڵکە وهەم بە قیمەتێکی گران تەواو بووە؛ ئەو ستراتێژییە نیگاتیڤ و غەیری ئەخلاقی یە و بووەتە هۆی وابەستەیی بە یەکێک لە خراپترین و جینایەتکارترین دیکتاتۆرییەکانی جیهانی هاوچەرخ. خەباتی چەکداری تاڕادەیەکی بەرچاو پێگەی سیاسی و ڕێکخراوەیی هێزە سیاسییە کوردییەکانی بنکۆڵ کردووە، ئەوانی لە خەڵک و ژیان شاری نامۆکردووە و وزەی ڕووناکبیرانەی ئەوانی داچۆڕاندووە، زۆرجاران بووتەهۆی وەلانانی ئینسانە چاک و بەتواناکان و زاڵبوونی ئەزۆر و نە کەمەکان لە ڕێکخراوی حیزبیدا. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، خەباتی چەکداری لەمپەرێکی سەرەکی بووە لە سەر ڕێی پێشوەچوونی سیاسەتی داهێنەرانە لە کوردستاندا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاو بەو ستراتێژییەدا بخشێندرێتەوە و ڕێبازی سیاسەتی کوردی بگۆڕدرێ.

خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران شکستی خواردووە. ئەوە فاکتێکی سیاسییە و هێزە سیاسییە کوردییەکان دەبێ بە ئاشکرایی و بەبێ دڵەڕاوکێ پێی لێبنێن. لە هەمان کاتدا ئەوان دەبێ دەست لە بانگەوازی دروشمی ڕووخاندنی چەکدارانەی ڕێژیم لە ئێران هەڵبگرن. داواکردن لە خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن بە بێ ستراتێژییەکی کاریگەری سیاسی و هەبوونی سەرچاوەی سیاسی، ئابووری، ڕێکخراوەیی و ڕووناکبیریی پێویست بۆ پشتیوانی لەو، نەک هەر سیاسەتێکی خراپ، بەڵکوو تاوانکارانەشە. ئێمە باش دەزانین ئەوان نە ستراتێژییەکی ئەوتۆی سیاسییان هەیە و نە سەرچاوە بۆپشتیوانی لە ستراتێژییەکی وەها. بۆیە دەبێ واقیعبین بین؛ ئێمە لە دنیایەکی واقعیدا دەژین. ئەگەر هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ئێران پێیان خۆشە ڕەوت و ڕێبازی سیاسەتەکانیان بگۆڕن، لە گۆشەگیری و بێناوی سیاسی ڕزگاریان بێ و لەگەڵ جوولانەوەی پەرەگری جەماوەریی لە پێناو دێموکراسی بکەون، دەبێ دەست لەو داخوازییە غەیری واقیعییە هەڵگرن و ئەو دروشمە لە دیسکۆرسی سیاسی و ئیدێئۆلۆژی خۆیان دەربهاوێژن. لە بارودۆخی ئێستادا ئەمە نەک هەر پێویستییەکی سیاسییە، بەڵکوو جەبرێکی مەنتیقییشە. چونکوو ئەتۆ ناتوانی چاوەڕوان بی لە پرۆسەیەکی جەماوەریی سیاسیدا بەشداری بکەی کە لە حاڵی حازردا لەلایەن باڵێکی ریفۆرمیستی نێوخۆی ڕێژیمدا پێشەنگی دەکرێ، لە هەمان کاتیشدا داوای ڕووخاندنی ڕێژیم بکەی. ئەوە نەک هەر سیاسەتێکی خراپە بەڵکوو خۆی لە خۆیدا ناکۆکە.

بەڵام لەگەڵ گوتنی ئەوەش ئەمن دەبێ خاڵێکی گرینگیش ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی قسەکانم بە خراپ وەرنەگیرێ. ئەوە بابەتێکی ناسکە، بە هاسانی دەکرێ بە هەڵە وەرگیرێ و ئەمن پێم خۆش نییە خەڵک خراپ لە قسەکانم تێبگەن. ئەمن پێم خۆشە بە ڕاشکاوی بڵێم کە هێنانەگۆڕی باسی کۆتایی پێهێنان بە ستراتێژی خەباتی چەکداری لە لایەن منەوە بە مانای چەکدانان و خۆ تەسلیم کردنەوە بە ڕێژیم نییە. بەپێچەوانە، ئەوە باسێکە لە پێناو سیاسەتێکی داهێنەرانە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ پرۆسەیەکی سیاسیی جەماوەری بۆ داواکردنی ئامانجە سیاسییەکانی تایبەتی؛ ئەو ئامانجانەی کە ڕەگ و ڕیشەیان لە ماف و ئازادییەکانی مەدەنی و دێموکراتیدایە و بە ددانپێداهێنانی ڕەسمی هوویەتی کوردی لە ئێراندا دەردەکەون. ئەوانە بە درێژایی سالان ئامانجی هێزە سیاسییەکان بوون و مێژووی خوێناوی خەباتیان نیشان دەدا. ئەو ئامانجانە تەنیا دەتوانن لە پرۆسەیەکی سیاسیی دێموکراتیدا وەدیبێن. ئەوە ڕاستە کە ئاکامی گۆڕانی پێشنیارکراو لە ڕەوت و ڕێبازی سیاسەتی کوردیدا دەستەبەر ناکرێ؛ لەوانەیە وەدیهاتنی ئامانجە سیاسییەکانی کوردی، بە تەواوی یان بەشێکیان، دەستەبەرنەکا. لە بارودۆخی ئێستای سیاسی لە ئێراندا ئەو ئاکامە بە دەرەجەی یەکەم بە ئاکامی بەربەرەکانی لە سەر دەستەڵاتی سیاسی دەنێو هێزە سیاسییە ڕەقیبەکانی نێوخۆی ڕێژیمدا بەستراوەتەوە. بەڵام ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بە هیچ جۆر هەر لە نێو بازنەی نێو خۆی ڕێژیم یان دەنێو داودەزگای دەوڵەتدا نییە و بەگشتی لە پرۆسەی سیاسیی جەماوەری ئێراندا بەقووڵی ڕەگوڕیشەی داکوتاوە. تاقمی دەستەڵاتدارای فەرمانڕەوای لە یەکتری دابڕیوە، بەڵام نەیتوانیوە خەڵک جەمسەربەندی (پۆلاریزە) بکا، زۆربەی خەڵک لە پشت بانگەواز بۆ ریفۆرم، دیمۆکراسی، قانوونی بوون و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕاوەستاون. ئەوە کاکڵی مەسەلەکەیە. چونکوو ئەوە بەو مانایەیە کە سەرکەوتنێکی موحتەمەلی هێزە توندڕەوە کۆنسێرڤاتیڤەکان لە نێوخۆی ڕێژیم بە ڕێگەی سیاسی ـ عەسکەریدا، لەوانە کودەتایەک بە دژی هێزە ریفۆرمیستەکان، تەنیا ماوەیەکی کورت خۆی ڕادەگرێ. ئەوە تەنیا شوێن دەخاتە سەر ڕێکخراوی هێزە سیاسییەکان لە نێو خۆی بلۆکی دەستەڵاتداردا، بەبێ ئەوەی کە تەئسیربکاتە سەر ستروکتوری کۆمەڵایەتی هێزە سیاسییە دێموکراتەکان کە جوولانەوەکە دەخولقێنن و دەیپارێزن.

سەرکەوتنی موحتەمەلی هێزە ریفۆرمیستەکانیش لە نێوخۆی ڕێژیمدا دەستبەجێ و لەخۆوە وەدیهاتنی ئامانجە کوردییەکان دەستەبەر ناکا، ئەگەرچی لەو بارەیەوە هەلومەرجەکان بە تەواوی بە دژی کوردان نین و وەدیهاتنی بڕێک لە ئامانجەکانیان، تەنانەت بە بێ بەرنامەیەکی وردەڕیشە و هەموولایەنە بۆ خودموختاریی ئیداریش، دەکرێ وەک سەرکەوتنێک بۆ دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان ببیندرێ. زۆر دوور نییە بێتوو خاتەمی و هاوکارەکانی سەربکەون تەنیا ڕێگە بدەن بە دانپێداهێنان بە بەشێک بە داخوازەییەکانی کورد. لەڕاستیدا بە لە بەرچاوگرتنی خەسڵەتی نەوپەڕنەتەوەیی هوویەت و سیاسەت و فەرهەنگی کوردی، زۆرلەوانەیە شتێکی وا ڕووبدا. بەڵام تەنانەت لە سیاسەتی دەستەڵاتیشدا بۆ لادان و پاشگەزبوونەوە سنوورێک هەیە. خاتەمی و هاوکاران و پشتیوانەکانی دەبێ بزانن کە کۆنسێپتی وان لەمەڕ کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا ئەودەمەی دەکرێ مانادار بێ کە ئەو کۆمەڵگەیە ئامادە بێ بۆ جیاوازیی نەتەوەیی، ئێتنیکی و فەرهەنگی ڕێزدابنێ و حورمەتی مافی سیاسی و مەدەنیی «ئەویدیکە» لەبەرچاوبگرێ. کوردەکان هەمیشە دەتوانن دەست بدەنەوە چەکەکانیان و بگەڕێنەوە چیا تەنیاکانیان. سپاستان دەکەم. ■

# ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە

سەلاحوددینی موهتەدی

بەشداران و گوێگرانی بەڕێز، خانمان و ئاغایانی خۆشەویست!

ئەگەر ئەو کۆنفرانسە دوو ساڵ یا تەنانەت ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا بەسترابایە من نەمدەتوانی ئەو بەرنامە و پێشنیارانە پێشکەش بکەم.

هیچ سیاسەتمەدارێک ـ ئەگەر ریالیست بێ ـ بۆی نییە خێراتر لە مێژوو بڕواتە پێش و ئێمە تەنیا دەتوانین لە چوارچێوەی مومکیناتدا پلان و پرۆژەکانمان دارێژین و پاشان پیادەیان بکەین.

لەلایەکی دیکەشەوە هیچ شەخس یا گرووپی سیاسی ناتوانێ ناوەڕۆک و مانای ڕووداو و گۆڕانکارییە گرینگ و مێژووسازەکانی کۆمەڵگا دەرک نەکا، خۆیان لێ ببوێرێ و بە هەندیان نەگرێ دەنا لە مێژوو وەدوا دەکەوێ و سەرەنجام دەفەوتێ.

بەر لەوەی لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧دا میلیۆنەها ئێرانی بە بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنی سەرەککۆماردا ئیرادەی خۆیان بۆ دیمۆکراسی و ریفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرببڕن، بەر لەوەی کە سەرەک کۆماری هەڵبژاردە فەلسەفەی سیاسی خۆی لە سەر بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیالۆگ و هاوژینیی هێمنانەی بیروڕای جیاواز و تەبایی کۆمەڵایەتی دەرببڕێ، زۆر دژوار بوو بۆ کورد لە کوردستانی ئێران کە هیوایەکی جیددیان هەبێ بە چارەسەری ئارام و دێمۆکراتیکی کێشە میللییەکان لە ناو چاوارچێوەی ئێران و لە ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە تاراندا.

کورد چەندین جار لە کوردستاندا بە ڕەسمی لەگەڵ دەوڵەتی جومهووری ئیسلامی کەوتوونەتە وتووێژ کە پایەبەرزترین کاربەدەستان و ڕێبەرانی ڕژێمی تازە تێیدا بەشدار بوون و وەفدی کوردستانیش چۆتە لای سەرۆکی شۆڕش و دامەزرێنەری جومهووری ئیسلامی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی. بەڵام لە ڕاستیدا فەزای سیاسی ئەو سەردەمە ـ لە

> ❑ ئەم نووسراوەیەی کاک «سەلاحوددینی موهەتەدی» لە کۆنفرانسێکدا کە لەلایەن ئەنیستیتووی کورد لە واشینگتن ڕێک خرابوو، لە ڕۆژی ٢٨ مانگی ژوویەی ١٩٩٨ لە (واشینگتن دی سی)، بە حوزوری خۆی پێشکێش کراوە، ئەوا لێرەدا وێڕای سپاس لە مامۆستا سەلاح، دەقی وتارەکە پێشکێشی خوێنەرەوانی «گزینگ» دەکرێ.
>
> هێرش

سەتحی کوردستان وئێراندا ـ و تەبوتاب و توندوتیژیی سەرەتای شۆڕش ـ لە هەر تک لاوە ـ ڕێگای نەدا کە لە بەینی پێداگرتنی کوردان لە سەر فۆرمولی «خودموختاری» کە گوایە تەنیا شێوە و شکڵی وەدیهاتنی مافە میللییەکانی گەلی کوردە و پێچەقاندنی کاربەدەستانی تازەی دەوڵەت کە گوایە «خودموختاری» دژی ئیسلامە یا یەکیەتی خاکی ئێران تێکدەدا؛ چارەسەرێکی مامناوەندی لە سەر بناغەی کۆمپرومیس و مەسڵەحەتی موشتەرەک بدۆزرێتەوە.

من لە بەشی هەرە زۆر و گرینگی ئەو کۆبوونەوە ڕەسمییانەدا و لە نووسین و فۆرمولەکردنی مەتنی پێشنیار و داخوازییەکانی گەلی کورددا بەشدار بووم، بۆیە ئەو مافە بە خۆم دەدەم کە دوای نزیکەی بیست ساڵ، بە وردی و ڕوونی و ڕاستگۆیانە هەڵیانسەنگێنم.

جا بەو پێیە ئەگەر بمانەوێ دەرسەکانی ڕابوردوو بکەین بە چرای ڕێنوێن بۆ هەنگاوەکانی داهاتوومان و هەڵەی «زێدەخوازیی ئیدیالیستی» و «تێکەڵکردنی ئامانجە دوور ونزیکەکان» دووپات نەکەینەوە، دەبێ چەند سەرەتایەک وەک باوەڕی موشتەرەک بسەلمێنین:

١- کێشەی کورد کێشەیەکە لە سەتحی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و جگە لە کورد سێ نەتەوە گەورەکەی ڕۆژهەڵات: ئێران و عەرەب وتورکیش دەگرێتەوە. هەوڵدان بۆ قەتیسکردنی ئەم کێشەیە، هەریەک بە جیا و لە کونجی سنوورێکدا و لە بەرچاونەگرتنی خاڵە هاوبەشەکان، ڕێگرە لە دیتن و تێگەیشتنی هەمەلایەنەی کێشەکە و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕاستەقینە.

٢- حاشا کردن لە جوگرافیای سیاسی ئەوڕۆی ناوچەکە و سنوورە نێودەوڵەتییەکان و نەدیتنی ئەو پێوەندە مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەش کە بە درێژایی چەندین سەدە پێکهاتووە لە نێوان کورد و ئەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی هەر کیشوەرێکدا پێکەوە دەژین، ڕێشێوێنە لە واقیعبینی و ئەگەری هەر چارەسەرێک دووردەخاتەوە.

٣- لە ژێر تیشکی ئەم دوو ڕاستییەی سەرەوە و بە تێهەڵکێشکردنیان لەگەڵ یەکتر لە بابەت ئێرانەوە، دەگەینە سەر ئەم ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە تیرەیە، بە درێژایی مێژوو فارس و کورد و ئازەری و بەلووچ و تورکمەن و سەردەمێک ئەفغانی و تاجیک و هیدیش پێکەوە ژیاون یا پێکەوە پێوەندیدار بوون.

هەر جارەش بە گوێرەی هەڵکەوت پادشا یا بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە تیرە و تایەفەیەک بووە کە دەسەڵاتی لە پایتەختێ بەدەستەوە گرتووە، بەڵام هەر لەوکاتەدا هەر مەڵبەند و هەر نەتەوەیەکیش پادشا و فەرمانڕەوای خۆی هەبووە و سەربەخۆیی ناوچەیی خۆی پاراستووە. هەربۆیەش پادشای مەرکەز پێی گوتراوە: «شاهەنشاه» یانی شای شایەکان و لە چەند سەت ساڵی دواییشدا لە باتی وشەی «مەملەکەت» بۆ ئێران وشەی «مەمالیکی ئێران» لە نامە و فەرمانی پادشاکاندا بە کاربراوە.

٤- کاتێک لە شۆڕشی مەشرووتەی ١٩٠٦دا یەکەم جار ئێران بوو بە خاوەنی «قانوونی ئەساسی» سیستمێکی نزیک بە فیدراڵی بۆ وڵات دیاری کرا لە سەر بناغەی دەسەڵاتی فراوانی «ئەیالات و ولایات». بەڵام ئەو

قانوونه هەرگیز لەلایەن پادشا موستەبید و قودرەتپەرستەکانەوە. ئیجرا نەکرا.

٥- کاتێکیش شۆڕشی ئیسلامی بەرپابوو، لە قانوونی ئەساسی جومهووری ئیسلامی ئێراندا ددانی پێداهێندراوە کە لە ئێراندا نەک هەر زمانی مەحەللی بەڵکوو تەنانەت «زمانی قەومی» هەیە کە بۆیان هەیە لە مێدیای گشتی و لە خوێندنگاکاندا بەکاربهێندرێن.

ددانان بە زمانی قەومی، ددانان بە خودی قەومەو خۆ ئەگەر قەوم هەبێ، دەبێ «مافی قەومی»یش هەبێ.

٦- جگە لە قانوونی ئەساسی کە ئیشارەی گشتی تێدایە، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری شۆڕش و دامەزرێنەری جومهووری ئیسلامیی ئێران، پەیامێکی تایبەتی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی مافی نەتەوەی گورد بڵاوکردۆتەوە.

چونکە ئەو پەیامە گرینگیی تایبەتی هەیە و لەلایەن کوردەکانیشەوە کاتی خۆی «لەبیەیک»ی پێگوتراوە، جێی خۆیەتی جارێکی دیکە چ لەلایەن گەلی کورد و چ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزییەوە، بخرێتەوە بەر تێڕوانین و لێکۆڵینەوە.

٧- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و دیتنی ئەم واقیعییەتە کە ئێران وڵاتی تەنیا یەک نەتەوە نییە و لە ناو گشت ئەو نەتەوانەدا کورد بە ڕەسەنترین ڕەگەزی ئێرانی و ئاریایی داندراوە و سیاسەتی تواندنەوە و کوژاندنەوەی ناوی کورد و کوردستان ـ بەپێچەوانەی وڵاتانی تورک و عەرەب ـ لە ئێراندا نەبۆتە ئیدیۆلۆژیی حیزب و دەسەڵاتی حاکم ـ ئەگەر دەورەی پادشایەتی ڕەزاشای لێدەرچێ ـ؛ هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعییەتەش کە ئەوڕۆ ئیسلام بووەتە ئیلهامدەر و سەرچاوەی سیاسەت و ئیدیۆلۆژیی دەوڵەتی جومهووری ئیسلامیی ئێران و لە قورئانیشدا مافی یەکسانی هەموو نەتەوەکان بە ئاشکرایی سەلمێندراوە.

لە بەر هەموو ئەو شتانە پێموایە ئەو قەناعەتە، بێ پایە و ساویلکانە نییە کە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا لە هەموو پارچەکانی تر زۆرتر لە مەنتیقی سیاسی و واقیعبینی نزیکە.

٨- بەڵام هەموو ئەو واقیعییەتانە نەیاندەتوانی بە تەنێ کاریگەر و چارەساز بن ئەگەر دیمەنی دوارۆژی گۆڕانکاری و گەشەکردنی کۆمەڵگای ئێران ـ وەک ئێستا ـ ڕوون وهیوابەخش نەبوایە.

ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردنە دەریخست کە خەڵکی ئێران بە گشتی وگەلی کورد بەتایبەتی، لە ناو خاکی نیشتمانەکەیدا، ڕێگای چارەسەری هێمنانە و دێموکراتیک و موتەمەددینانەی لە جیاتی ڕێگای خشوونەت و دوژمنایەتی و خوێنڕێژی هەڵبژاردووە و چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیش بەندە بە چارەسەر و دابین بوونی دێموکراسی، دێموکرسیش ـ مێژوو دەریخستووە ـ سەرناگرێ بە بێ چارەسەرێکی عادیلانە بۆ کێشەی میللی.

ئەو حەرەکەتە جەماوەرییەی بەهاری ١٩٩٧ پەیامێک و سیگناڵێک بوو هەم بۆ بەشێک لە کاربەدەستانی توندڕۆی پاوانخوازی دەسەڵاتدار لە تاران و هەم بۆ ئۆپوزیسیۆنی چەکدار و بێ چەک لە دەرەوەی وڵات!

هەر لایەنێک ئەو پەیامە بە باشی وەرنەگرێ یا خۆی لێ گێل بکا یان بەپێچەوانەی ببزوێتەوە، لە فەرمان و ئیرادەی میللەت لایداوە و لە مێژووی سەردەم دواکەوتووە ـ جا چ لە ناو دەوڵەت و چ لە ناو ئۆپوزیسیۆندا ـ .

بەشداران و گوێگرانی بەڕێز!

ئێستە دوای ئەم ڕیزە تێبینی و تێگەیشتنە هاوبەشە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:

هەنگاوی عەمەلی چییە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە یا لانیکەم بۆ ڕێگا خۆشکردن لە بەردەم وەدیهاتنی؟

وەڵامەکە خۆی بە پرسیارێک دەست پێدەکا: بۆچی کورد نابێ جارێک جڵەوی دەستپێشکەری بە دەستەوە بگرێ و دەستەوەستان هەردەبێ چاوەڕوان بێ کە ئاخۆ دەسەڵاتی مەرکەزی کەی دەجووڵێت یا دەستێک درێژ دەکات؟

من پێشنیار دەکەم ئەنستیتووی کوردی لە واشینگتۆن، وەک ئەو کۆنفرانسەی بە نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێکهێناوە، با یارمەتیدەر بێ بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەشی کوردی ـ ئێرانی لە ژێر دروشمی: «ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە»!

ناوەندێک کە خۆی تەرخان بکا بۆ پرسی سوڵح و ئاشتبوونەوەی میللی و بەرپاکردنی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ و بیروباوەڕ لە ناو کوردەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و کاربەدەستانی سیاسی و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئێرانی و کوردی بە نیازی ئەوەی لە داهاتوودا زەمینە خۆش بکا بۆ گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی وەفدی کوردستان ـ کە جگە لە کەسانی سەربەخۆ، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیشی تێدا بەشدار بن ـ لەگەڵ کاربەدەستانی ڕەسمی جومهووری ئیسلامیی ئێران. لەو ناوەندەدا جگە لە ئێرانیانی کورد و غەیرە کورد، کوردی پارچەکانی دیکەش کە باوەڕیان بەو ڕێبازە ببێ و ئامادەی یارمەتیدان بن بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی دەتوانن بەشدار بن.

لە کۆتاییدا: ئیدە و پێشنیارەکانی سەرەک کۆمار خاتەمی بۆ دیالۆگ و هاوکاری تەمەددون و فەهەنگەکان لە سەتحی جیهانیدا، ئیدە و پێشنیارێکی پیرۆزە و پێویستە هەموو لایەک پشتیوانی لێ بکەین. بەڵام لە دەرەجەی یەکەمدا، پێویستە ئەو دیالۆگ و هاوکارییە لە نێوان ڕۆڵەکانی کە لە چوارچێوەی یەک کیشوەری کۆنەساڵ و خاوەن شارستانییەت و فەرهەنگی لەمێژینە و دەوڵەمەند و هەمە ڕەنگدا دەژین، سەربگرێ.

سوڵح و هێورکردنەوە لە پێشدا لە ناو ماڵ و ئەمجار لەگەڵ دەرەوە!

با ئەمە ناوەرۆک، ئامانج و پەیامی «سەنتەری ئاشتی و فەرهەنگ» بێت. ■

## سپاس و پێزانین

**بەر لەوەی بابەتەکانی ژمارە ٢١ی «گزینگ» ئامادە بکرێن، کاک ئەمیری حەسەنپوور ڕایگەیاند، کە نایەوێ چیدی وەک ئەندامی دەستەی نووسەران بمێنێتەوە، بەڵام هاوکاریی خۆی هەر وەک پێشوو درێژە پێدەدا.**

**شتێکی ئاشکرایە کە کاک ئەمیر، ئەگەر لە ڕیزی دەستە نووسەرانیشدا نەمێنێتەوە، شوێنیان هەر دیارە و هەر دیاریش دەبێ. بۆیەشە، تەواوی کار و ئەرکەکانی وی، چ وەک هاوکارێکی چالاک لە سەرەتای دامەزرانی گۆڤارەکەوە و چ وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لەو ماوەیەدا، جێی سپاس و پێزانینە. سەرکەوتنی ئاواتی هەموومانە.**

**دەستەی نووسەران**

# دەمەتەقێیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین ڤان براونێسن

## لە بارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی و دەوری مەم و زینەوە لە وشیاری نەتەوەیی کورددا

### بەشی سێهەم و کۆتایی

محەمەدی مەلا کەریم

لێرەدا پێم بێجێ نییە قسەیێ لەوەیش بکەین کە لەوانەیە براونێسن مەسەلەیەکی تری لێتێکچووبێ و بەم جۆرە هێنابێتەوە کە بە جووتیار و وەستا و پیشەوەران نەوتراوە (کورد). لە کوردستانی باشووردا و بەوردی لە ناو عەشرەتی جافدا[25] جۆرە دابەشکردنێکی دانیشتووان هەبووە خەڵکیان دابەشکردووە بە دووبەش (کورد) و (گۆران). کورد ئەوانە بوون کە شوانکارە وڕەوەند بوون، گەرمیان وکوێستانیان کردووە و ئاژەڵیان بەخێوکردووە. گۆرانیش ئەوانەبوون کە گوندنشین بوون و کشتوکاڵیان کردووە و چەرچییەتیان کردووە و بە پیشە دەستییەکانەوە خەریک بوون. کوردەکان (مەبەستم لە کوردەکانی ئەم دابەشکردنەیە) بە چاوی سووک ڕوانیویانەتە گۆرانەکان و کشتوکاڵ کردن و دووکانداری و پیشەگەرییان بە لاوە کارێکی بێوەج بووە. ئەمە تەنها لە ناو ئەو خێڵە کوردەدا نەبووە. عەرەبە دەشتییەکانیش هەڵوێستیان بەرانبەر عەرەبە لادێنشین و زەرعاتکەر و خاوەن پیشەکان هەروا بووە. من خۆم ئاگادار نیم، لەوانەیە لە کوردستانی باکووریش کە براونێسن توێژینەوە زانستییەکانی خۆیی دەربارەی کورد تێدا کردووە هەروا بووبێ و خەڵکی بەپێی خێڵەکایەتی و لادێنشینی دوو ناوی وەک (کورد) و (کرمانج) یا دوو ناوی تریان بووبێ، بەتایبەتی کە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، وەک پێشانیش وتم، بە جووتیاریان وتووە (کرمانج) و لەمەوە بۆ ئەوە چووبێ کە مەبەستی خانی لە وشەی (کورد) یا (کرمانج) ئەو کۆمەڵە خەڵکە نەبووە کە ئێمە ئێستا پێی ئەڵێین میللەتی کورد و، تەنها خێڵەکییەکانی مەبەست بووە. بەڵام تەنانەت ئەگەر وایش بێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و نابێ بە بەڵگە بۆ ئەوە کە خانی مەبەستی لە گەلێک نییە و، قسە تەنها لە گرووپێکی ئێتنیکیی بێسەروبەر ئەکا، وەک پێشتر بە درێژی لێی دواین.

یەکەمی دوو گیروگرفتەکەی براونێسن وتی لە خوێندنەوەی ئەو چەند بەیتەی خانی یەوە دێنەڕێی مرۆڤ ئەوەبوو لەو چەند بڕگەیەی پێشووەدا گێڕامانەوە و لەسەری دواین. گیروگرفتی دووەمیشی ئەوەیە کە ئەڵێ: «دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان، ئەودەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لە ئاسیا و نە ئوڕووپا، چ دەوڵەتی تورکی، عەرەبی یان فارسی لە گۆڕێدانەبوو و، چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی کە هەبوون لە سەر بنچینەی هەوێتی ئایینی یان پێناوداری و وەفاداری سەبارەت بە بنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون وەک سیلسیلەی عوسمانی و سەفەوی کە هەردووکیان تورک زمان بوون، بەڵام هیچ کامیان هەوڵی نەدەدا بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندیی ئێتنیکی تورکی. ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون و، ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە ئەو پادشایەکی کوردی بە ئاوات خواستووە و دەوڵەتەکەی ئەو بە هیچ کلوجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکوو دەوڵەتێکی فرە ئێتنیکی دیکەی لەبەر چاو بووە کە تێیدا (ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی/ جەمیان ژ مەڕا دکر غولامی)».

ڕاستەکەی، من هەرچەند ئازار و ژانی کاک براونێسن بە دەست ئەم چەند بەیتەی خانی یەوە تەماشا ئەکەم، وام بەدڵدا دێ ئەم پیاوە بەدەست دۆگماتیزمێکی زۆرقووڵ ـ ڕۆچووەوە گرفتارە. ئەم برادەرە لە کتێبەکانی ئوڕووپادا هەلومەرجێکی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بیر لە دەوڵەتی نەتەوەییکردنەوە خوێندووەتەوە ئەوانەی دایانناون چاویان دوورتر لە ئوڕووپای پاش سەدەکانی ناوەڕاستی نەدیوە و وایان زانیوە لەودیوی ئەو وڵاتانەوە نە وڵاتگەلێکی تر هەن و نە میللەتگەلێک و نە مێژوویەکی کۆنی مرۆڤایەتی کە بۆ هەزاران ساڵ ئەگەڕێتەوە. مرۆ لە قسەکانی براونێسنەوە وا هەست ئەکا پێویست بوو خانی باسی کورد و تورک و عەجەم و عەرەب نەکا وەک میللەتانێکی لێکجوێ چونکە گوایە خەڵکی سەردەمانی پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ئوڕووپا باسی گەلانی خۆیانیان نەکردووە. ئیتر چۆن ئەبێ ڕۆژهەڵاتیەکی پاشکەوتوو باسی گەلەکەی خۆی و گەلانی دراوسێ بکا؟ کە ئەیشبینێ خانی ئەم (پێویستی)یەی پشتگوێ خستووە و باسی ئەو گەلانەی کردووە، چەندین ڕەخنەی ئیعتیرازی لێ ڕاست ئەکاتەوە بۆ ئەوەی باسکردنەکەی واتای ڕاستەقینەی خۆی نەبەخشێ. ئەمە هەمووی بۆ ئەوەی ئەو بنەما کورتبینانەی ئەو کتێبە ئوڕووپاییانە داینناون لەکەدار نەبن، بێ گوێدانە ئەوە کە ئاخۆ لەگەڵ ڕووداو و بوودا ئەگونجێن یا خێر.

کە پاش کەمتر لە دووسەد ساڵ لە فەرمانڕەوایی عەرەب بە ناوی ئیسلامەوە بە سەر وڵاتانی نێوان دەریای ئەتلانتیک و هیندستان و ئاسیای ناوەڕاستدا کە گەلانی لەملاولەولای ئەم پانتاییە بەربڵاوەوە ڕائەپەڕن و لە نوێنەرانی خەلافەتی شام و بەغدا یاخی ئەبن و هەندێکیان پاش چەشتنی ئازار و جەزرەبەیەکی زۆر ئەتوانن دەوڵەتێ لە خۆیان بۆ خۆیان پێکەوە بنێن، ئەوانیش، وەک فەرمانڕەوا پێشووەکانیان، هەر موسوڵمان بوون و لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمانخوێندووەتەوە یەکێکیان گەڕابێتەوە سەر ئایینە پێشووەکەی خۆی یا پادشایەکی لە نەوەی پادشا کۆنە لەسەر کارلابراوەکەی یا لە بنەماڵەی ئەو بۆ خۆی دەستنیشان کردبێ. مەسەلەی دەوڵەتانی ئەو

سەردەمەی کاک براونێسن لێی ئەدوێ، لە ئایین و لە وەفاداری بۆ شازادەیەکی هیچ بەدەستەوەنەماو گەلێ بەربلاوتر بووە و مەسەلەکە تێکەڵ بووە لە گەلێ کارای جیاجیا. لەلایەکەوە دیویانە بە چەسپانی فەرمانڕەوایی نوێ هیچ بارێکی سەرشانی ئەوان سووک نەبوو. لەلایەکی تریشەوە بیریان کردووەتەوە و لە دڵی خۆیاندا وتوویانە ئێمە میللەتێکین سەدان ساڵ پادشای لە خۆمانمان بووە و هی وایشمان هەیە نەک هەر فەرمانڕەوایی خۆی بەڵکوو فەرمانڕەوایی گەلانی تریشی کردووە. کەواتە ئێستا چۆن ڕەوای هەقە و لە پای چی پادشایەکی لە خۆمان بێگانە لە دووریی سەدان ڕۆژ ڕێوە فرمانڕەواییمان بکا و خەرج و باجی بە ڕەنجی شان وئارەقەی ناوچاوان کۆکراوەی ئێمە بڕواتە بەر دەستی ئەو و بۆخۆی پێی ڕابوێرێ؟ ناسیۆنالیزم پەیدا بووبێ و نەبووبێ، ئەمە هەر هیچ نەبێ جۆرێکی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی یە با لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە تازەیەی ئەم گەلەدا چەند وردە یا گەورە گرووپی ئێتنیکییش بووبێ. تەنانەت لە جیهانی ئەمڕۆیشدا دەوڵەتی نەتەوەیی وا بە دەگمەن دەسگیر ئەبێ دانیشتووانی لە تاقە کۆمەڵێکی ئێتنیکی پێکهاتبێ و گەلێ وردە گرووپی ئێتنیکیی تریان لە نێواندا نەبێ. کە ئەحمەدی خانییش بیری لە دەوڵەتێک بۆ کۆمەڵە ئێتنیکییەکەی خۆی کردووەتەوە، بە دوو چاوی سەر دیویە چۆن لە بەرئەوەی کە دەوڵەتی تایبەتیی خۆی نەبووە، بە دەست دوو دەوڵەتی سەر بە دوو کۆمەڵی ئێتنیکی تری ڕۆم و عەجەمەوە لە زەلالەتدا بووە و چەرمەسەرێ دراوە و لە بن پێی ئەواندا پێشێل بووە و لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە. ئەو ئەیزانی بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو دەوڵەتەی بۆ (مە=ئێمە)ی کوردی ئەویست، کوردن و، کەعبەیش کەچ نەئەبوو ئەگەر لەو کوردستانەی ئەو دەوڵەتەدا وردە گرووپی ئێتنیکیی فارس و تورک و ئەرمەن و ئاسووری و عەرەب و هی دیکەش هەبوونایە وەک لە هەموو لایەکی تر هەبوون و هەن. کە خانییش وتوویە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ دەوڵەتێکی لە خۆمانمان هەبووایە خەڵکی دیکە خولامییان بۆ نەکردین، هەرچەند ئەوە لەگەڵ بیروبۆچوونی دیمۆکراتیکی ئەمڕۆی ئێمە ناگونجێ، شتێکی دوور لە مەنتیقی ئەو سەردەمەی خۆیی نەوتووە. ئەو دیویەتی گەلەکەی ساڵەهای ساڵ بووە بە کردەوە خزمەتکار و بەندە و دیلی دەستی ڕۆم و عەرەب وعەجەم بووە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئەویش بۆ تۆڵەسەندنەوە بۆ گەلەکەی هەروا بیربکاتەوە و ئەو ئاواتە ناڕەوایەی بە سەر زماندا بێ.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا براونێسن لەوە دواوە کە «کۆماری مەهاباد یەک لە چەند ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردە کە تێیدا مەم و زینی خانی چ دەوری نەگێڕا»، بەڵام بە شان و باڵی وەرگێڕانەکەی مەم و زینی کاک هەژاری مەهابادیدا ئەڵێ. ئەمە ڕاستە، من لام وایە ئەمە بۆ چەند هۆیەک ئەگەڕێتەوە. یەکەم: کورتیی تەمەنی قۆناغی کۆمەڵەی (ژ.ک)ی پێش کۆمار و کۆمار خۆی و دەسکورتیی کۆمار و، دووەمیش: ئەوەیە ئەو دیالێکتەی مەم و زینی پێ وتراوە لەوانە نەبووە لەو قۆناغەی سەرهەڵدانی نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا بە کرمانجیی باشوور (سۆرانی) لە کوردستانی ئێران، بە ئاسانی لەلایەن جەماوەری تازە فێرەکوردیبووی ناوچەی موکریانەوە، فام بکرێ، بەڵام شیعری حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەی کۆیە کە درێژەپێدەری بەشێک و گەشەپێدەری بەشێکی تری بیرو بۆچوونی حاجی بووە، زۆر زوو، واتە لە ١٩٤٣دا، لە لایەن کۆمەڵەی(ژ.ک)ەوە لە مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. ئەمەیش نیشانەی بەرچاوڕوونی و واقیعبینی بەرپرسانی کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە مەهابادی ئەو سەردەمەدا کە شیعری ڕیفۆرمیستیی حاجی و مەلای کۆیەیان بۆ کوردی ئەو ڕۆژە لە هی هەرکەسی تر، لەگەڵ قۆناغی سیاسی بەگونجاوتر زانیوە، چونکە لە کاتێکدا کە خانی داوای دەوڵەتی کوردی کردووە و هیچی لە بارەی بیروباوەڕی پێشکەوتخوازیی نوێوە نەزانیوە، حاجی، وەک وتمان، زۆر بە وریاییەوە توخنی مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی کەوتووە و خۆی بەبیروباوەڕی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نوێوە خەریک کردووە و، ڕێبازی کۆمەڵەی (ژ.ک)یش هەر ئەوە بووە.

براونێسن لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا و، لە ژێر ناوونیشانی «خانی و نەتەوەی کورد»دا ئەڵێ: «داخودا لە سەروبەندی خانیدا نەتەوەی کورد هەبوو؟ ئەمن پێم وا نییە، بەڵام لەوانەیە بیرورا جیاواز بن». ئەنجا لە سەر بابەتی (نەتەوە) ئەڕوا لە ڕووی تیوورییەوە ئەڵێ: «داخودا لە سەروبەندی خانیدا نەتەوەی کورد هەبوو؟ ئەمن پێم وانییە، بەڵام لەوانەیە بیرورا جیاواز بن. لە نێو مێژوونووسە ئوڕووپاییەکانیشدا ئێمە بیروبۆچوونی زۆر جیاواز سەبارەت بە سەرهەڵهێنان و دەرکەوتنی یەکەم نەتەوەکانی ئوڕووپایی دەبینین. هێندێک لە مێژوونووسە کۆنترەکان، بۆ نموونە مارک بلوخ(Marc Bloch) ئیدعایان کرد کە فەڕانسەیی و ئاڵمانییەکان تا ساڵی ١١٠٠ ببوون بە نەتەوە، لە کاتێکدا مێژوونووسی دیکە، وەکوو: یوهان هویزینگا(Johan Huizinga) لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوە تا بەر لە سەدەی ١٤هەم ڕووی نەدا. مێژوونووسێکی زۆر تازەتر، ئوژێن وێبر(Eugene Weber)، نیشانی داوە کە تەنانەت تا ساڵی ١٩٠٠یش فەڕانسەییەکان هێشتا یەک نەتەوە نەبوون. زۆر لە وەرزێرە فەڕانسەییەکان ئەودەمی خۆیان بە فەڕانسەیی دانەدەنا، بەڵکوو خۆیان بە لادێ یان هەرێمەکانی خۆیانەوە دەبەستەوە و پێناسەدەکرد. تەنێ بە ڕێگەی خوێندنی بەکۆمەڵ، خزمەتی گشتی سەربازی و بڵاوکراوەی ڕادیۆیی سەرانسەرییەوە بوو، واتە بە ڕێگەی هەوڵ وتێکۆشانی زۆری دەوڵەت، کە وەرزێران لە نێو نەتەوەدا جێیان کرایەوە و وەخۆکران».

براونێسن هەروا لە سەری دڕوا و ئەڵێ: «هێندێک لە نووسەرانی نوێباو کە لە سەر بابەتی ناسیۆنالیزمیان نووسیوە، بەتایبەتی ئاندرسۆن (anderson)و گێلنێر(Gellner)، پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی نەتەوە مۆدێرنەکان بەڕێژە دیاردەی تازەن. گێلنێر ئەوە بە دەستپێکردنی سەنعاتی بوون و کۆچکردن لە لادێ بۆ شارەکان دەبەستێتەوە، ئاندرسۆن پەیدابوونی کتێب چاپکردن و ئەوەی کە ئەو پێی دەڵێ «سەرمایەداری چاپ» بە[ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم] دادەنێ. بۆ هەردووکیان، ئەوە شکانی لەمپەری تەقلیدی نێوان جڤاتی لادێ و ناوچەییەکانە کە ناسیۆنالیزم دەلوێنێ».

ئێمە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئیشارەتێکمان بۆ ئەوە کرد کە لە شناساییکردنی ئیستیلاحەکۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکاندا، کە (نەتەوە)یش یەکێکی پڕ بایەخیانە، جیاوازییەکی زۆر لە بیروبۆچوونی پسپۆڕە ئوڕووپاییەکاندا هەیە، ڕەخنەی ئەوەمان لە براونێسن گرت کە بیروبۆچوونی خۆی لەم بارەوە

دەستنیشان نەکردووە تا بزانین ئەو چی لاڕاستە و بیروڕای خۆی لە سەر بنەمای چ شناسایییەک دەرئەبڕێ. ئەم مەسەلەیە لیرەیشدا دیسانەوە خۆی دێنێتەوە ئاراوە و نازانین نەتەوە لای ئەو چییە و لە هێنانەوەی بیروبۆچوونی کۆمەڵی پسپۆڕی بابەتەکەدا ئەو کامەیانی لاپەسندە و لە سەری ئەڕوا؟ کە وتیشی پێموایە کورد لە سەروبەندی خانیدا نەتەوە نەبووە، وەک نەیوت نەتەوە لای ئەو چییە، نەیشیوت بۆچی پێی وایە کورد لەو سەردەمەدا نەتەوە نەبووە. بەڵام ئەوەی من لە تێکڕای ئەم قسانەوە بۆی ئەچم ئەوەیە ئەو نەتەوەیەی براونێسن باسی لێ ئەکا زۆری جیایە لەو نەتەوەیەی ئێمە میللەتی کوردی پێ وەسپ ئەکەین. وەک من تێی ئەگەم نەتەوە لای براونێسن بە دانیشتووانی وڵاتێکی دەوڵەتدار ئەوترێ بێگوێدانە جیاوازیی زمانیان لە ناو خۆیاندا هەست بە پێوەندی و یەکێتییەکی نیشتمانی ئەوتۆ بکەن بە ساڵەهای ساڵ پێکهاتبێ و هێزێ نەبێ بتوانێ بە ئاسانی لێکیان بکاتەوە و، ئەم جۆرە نەتەوەیە پێوەندی بە بوونی دەوڵەتێکی مۆدێرنی پێشکەوتووەوە هەیە بتوانێ هەموو جۆرە خزمەتێکی دەست پێگەیشتوو بۆ دانیشتووانی وڵاتەکەی وەبەرهەم بهێنێ. من وای بۆ ئەچم دەوڵەتی وا ئەگەر بیشبێ تەنها بۆ ماوەیەکە چونکە سەرمایەداری هەر چەند ئێستا وا دەرئەکەوێ دەستی بە سەر ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو چینەکانی نەتەوەدا گرتووە و ناهێڵێ بتەقێتەوە، مادەم وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بمێنێ و دەسەڵاتی حوکمڕانی هەر بە دەست خۆیەوە بێ و تەوژمی جەماوەری بنەوە نەیتوانیبێ خواستە جۆربەجۆرەکانی خۆیی بە سەردا بسەپێنێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو بە ناو نەتەوەیە لە ناو خۆیدا ئەبێ درزی تێبکەوێ و هەڵوەشێتەوە، کە ئەوەیش ڕوویدا ئەو نەتەوەیەی ئێستا هەیە وەک خۆی نامێنێ و ئەبێ بە جۆرێکی تر پێکبێتەوە و یەکێتییەکی تازە و نەتەوەیەکی نوێ لە ناو ئەو کۆمەڵەدا بێتەسەر ڕووی کار. ڕەنگە لێنینیش هەر ئەو جۆرە نەتەوەیەی مەبەست بووبێ کە باسی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی بریتانیای کردووە کە خۆی تێیدا ژیاوە و وتوویەتی: «دوو نەتەوەن»، واتە: نەتەوەیەکی خوێنمژ و نەتەوەیەکی خوێنمژراو.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی من لە جێی خۆیدا بێ ناکۆکیی نێوان من و کاک مارتین ڤان براونێسن لەم بارەوە، ئەبێ بە ناکۆکییەکی بەجێ، چونکە هەریەکمان لە شتێکی جیاواز لەوەی ئەومان ئەدوێ. من کە ئیستیلاحی (نەتەوە) بەکاردێنم، وەک پێشتریش ئیشارەتم پێکرد، بەر لەهەرچی زمانی تێکەڵ و خاکی تێکەڵم مەبەستە، ئەنجا دێمە سەر دابونەریت و خووورەوشتی تێکەڵ یا پێکهاتنی دەروونیی تێکەڵ یا ئابووری تێکەڵ کە بێگومان ئەمەی دواییان بێ دەوڵەتی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیە یان ئەو بەشەی ئەو نەتەوەیە نایەتەدی. لە (نەتەوە)کەی بە مەعنای براونێسندا تەنها یەک مەرج لەو چوار مەرجە، مەرجە، کە ئابووری تێکەڵە و ئەویش بە هۆی دەوڵەتی یەکگرتووەوە هاتووەتەدی. بەم پێیە لای براونێسن وای لێ دێتەوە نەتەوە ودەوڵەتی مۆدێرن دوو ڕووی یەک دراوێ بن. ئێمەی کورد، تێکڕا، لەگەڵ جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسیشماندا، کە شناسایی نەتەوە ئەکەین دێینەوە سەر شناساییەکەی مارکسیزم کە لە ڕێگای ستالینەوە پێمان گەیشتووە کە چوار مەرجە باسکراوەکەی بە پێویست زانیوە و تەنها پێ لە سەر ئابووری تێکەڵ داناگرین چونکە نیمانە و نایشمانەوێ لەبەر نەبوونی گەلەکەمان بە نەتەوە دانەنێین.

لەگەڵ ئەم گشتە بیروباوەڕە جۆربەجۆرانەی پسپۆڕان و زانایانی جیهانی سەرمایەداریدا لە بارەی ناسیۆنالیزم و نەتەوە کە براونێسن تەنها چەردەیەکی کەمی لێ گێڕانەوە بۆمان، چی هەیە کەسێ وا لێبکا خۆی بە ناچاری بە یەکێکیانەوە ببەستێتەوە و ئەوانی تریان پشت گوێ بخا؟ من لام وایە تاقە شتێ لەم بواردا تەنها مەنتیقییەتی بۆچوونەکەیە. هەر لەو ڕوانگەیەوە من لام وایە ڕاستترین شناسنامەیەکی نەتەوە ئەوەی مارکسیزمە کە زمان و خاک و پێکهاتنی دەروونیی یەکگرتوو و ئابووری یەکگرتوو یا بنەماکانی ئابووریی یەکگرتووی تێدا کۆبووبێتەوە. هەر بەم پێیە و، لەبەر ئەوەی کە گەلی کورد لە مێژە زمان و خاک و پێکهاتنی دەروونیی تێکەڵی هەیە و سێیان لەو مەرجە سەرەکییەکانی نەتەوەی تێدا بووە و، بە پێشکەوتنی ڕۆژگار و گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و ئاگادار بوونی لە ژێر دەستەیی و ستەملێکراویی خۆی ناسیۆنالیزمی تێدا بەرەو پێگەیشتن ڕۆیشتووە و، هەرچەند ئێستایش ئابووریی تێکەڵی نییە چونکە دەوڵەتی نەیەکگرتوو و نەیەکنەگرتووی خۆی نییە، لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و، لە ڕێگای بەسترانی کوردستانەوە بە بازاری سەرمایەداری و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و سنعاتی نوێ و دەست گەیشتن بە چاپخانە و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و ڕادیۆ و بەشداریکردنی توێژاڵەکانی ناوەڕاست و بنەوەی کۆمەڵ لە ژیانی سیاسیدا و کزبوونی ڕۆڵی چینە مفتەخۆرەکانەوە وردەوردە (نەتەوەی کورد) بە واتای نوێی پەیدا بووە و زەق لە بەردەمی جیهانی سەردەمدا ڕاست بووەتەوە بۆ داوای مافی زەوتکراوی خۆی و، سەرەنجامیش ئەگاتە داخوازیی سەرەکیی خۆی کە دیاریکردنی چارەنووس و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو یا چەند دەوڵەتی نەتەوەیی یە.

هەر لەم بەشەدا براونێسن، پاش گێڕانەوەی بۆچوونێکی بە جێی هەندێ لە مێژوونووسان لە بارەی پێوەندی پێکهاتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزمەوە لەگەڵ یەکانگیربوون و کەوتنەپاڵ یەکی چینە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان و ڕێتێچوونی سەرهەڵدانی وشیاریی نەتەوەیی لە سەرەتاوە لای چینە ژووروووەکانی کۆمەڵ ئەڵێ: «لە دەستپێکی ئەم سەدەیەدا، گرووپێکی پچووکی ناسیۆنالیستی کورد هەبوون، زۆربەی ئەوان ئەندامی بنەماڵە ئاریستۆکراتەکان بوون کە لە ئەستەمبووڵ و تەنانەت دەرەوەی وڵات خوێندبوویان و کەوتبوونە بەر تەئسیری بیرو بڕوای ئوڕووپایی. وەک یەک لە وان، قەدری جەمیل پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ، لە ماوەی شەڕدا ئەوان هەوڵیاندا لە نێو سەرۆک عەشیرەتە کوردەکاندا پشتیوانی بۆ ئاواتە ناسیۆنالیستییەکانیان پەیدا کەن، بەڵام چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە چونکوو بیری نەتەوەیەکی کورد چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو، چ دەگا بە ڕەش و ڕووتی عەشیرەتی و وەرزێران».

بۆچی بیری (نەتەوەیەکی کورد) چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو؟ کەس ئەتوانێ ئینکاری ئەو ڕاستییە بکا کە ئاغا (و شێخ و مەلا) تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەیی نوێباویی کورد پێشڕەوی بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی کورد بوون و، کەسیش ئەتوانێ ئینکاری ئەو ڕاستییەی تر بکا کە ئەو بزووتنەوانە بەهەرحاڵ واتایەکی ئازادیبەخشی و نەتەوەییان تێدا بووە؟ لە حاڵی وادا، ئەی بۆچی ئاغاواتی کوردستان کەسیان بە دەنگ داوای قەدری پاشا و هەڤاڵەکانیانەوە نەهاتن، [هەرچەند منیش لەوە بە گومانم کە ئەم

حوکمەی قەدری پاشا به سەریاندا ئەدا هەموویان بگرێتەوە، چونکه تەنانەت پاشتریش ئاغا و شێخ و مەلا سەرکردەیی چەند ڕاپەڕینی کوردیان کردووە] ؟ من له وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێم: ئەمەی قەدری پاشای ڕەحمەتی ئەیگێڕێتەوە نیشانەی ئەوە نییه ناسیۆنالیزمی کورد لەو سەردەمەدا پەیدا نەبووبوو بۆیه ئاغاکان پشتیوانییان له ئاواتە ناسیۆنالیستییەکانی ئەو و هاوڕێکانی نەئەکرد، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، نیشانەی قۆناغێکی پێشکەوتووتری ناسیۆنالیزمه که بزووتنەوەی کورد کەم تا زۆر کەوتبوە دەست توێژاڵی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵ و، ئاغاکان که تاڕادەیەکی باش ئاگایان له بیروباوەڕی پێشکەتخوازی ئوڕووپا و ناو دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، هەستی چینایەتییان به شێوەیەکی وشیارانه بزووتبوو، بۆیه خۆیان زیاتر به پشتیوانیی دەوڵەتی کۆنەپەرست و ستەمکاری عوسمانی ئەزانی تا هی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەکەیان. هەرچی ئەوەیشه که قەدری پاشا و هاوڕێکانی که له ئاغاکان نائومێد بوون، لەوەوە له جووتیارەکان نائومێد بوون، گوایه چونکه مادەم ئاغا به ئاغایەتی خۆیەوە کوردایەتی نەکا، جووتیار ئەبێ کەڵکی چی پێوە بووبێ داوای کوردایەتی کردنی لێ بکرێ، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیه که ڕۆشنبیرەکان خۆیشیان ـ که زۆرتریان ڕۆڵەی چینه ئاریستۆکراتەکان بوون، لەو قۆناغەدا له ئاستێکدا نەبوون بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی بشێن، ئەگینا ئەوەندەیان تێگەیشتن نەبوو بزانن لەشکری بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا جووتیران بوون و، ئەبوو خۆیانیان لەگەڵ ماندووکردبایه تا هۆشیاریان بکەنەوە و ئەو ئەرکەی سەرشانیان جێبەجێ بکەن و ڕایانکێشنه ناو کۆڕی خەباتەوە، نەک هەر به بەشداری نەکردنی ئاغاکان له خەباتدا ورە بەردەن و لایەکێش به لای جووتیارانی لادێ و خێڵەکییەکاندا نەکەنەوە، ئەگینا ئەی بەخێریەت به تەمای چی بوون و شۆڕشیان به پشتیوانیی کێ و بۆ سوودی کێ ئەکرد؟ ناشێ هەر ئەوەندە له کوردایەتی گەیشتبن چوار ئاغا ڕاکێشنەپاڵ خۆیان و ئەوانیش عەشرەتەکانیان، بێ ئەوەی هیچیان بۆ باس کردبن و تێگەیاندبن، وەک ڕانەمەڕ بدەنەبەر و بیانکەن به سووتەمەنیی شۆڕشه کاڵوکرچەکەیان؟ ئەگەر جووتیار و خێڵەکیی کورد بۆ ئەوە نەشیابێ پشتی بۆ شۆڕش پێ ببەسترێ و ڕاکێشرێتە کۆڕی خەباتەوە، ئەی لەشکری شۆڕشه یەک لەدوای یەکەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و بەدرخان و عیززەددین شێر و شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکانی لەوەپاشی دەرسیم و ئارارات و، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمایل خانی شوکاک و شێخانی بارزان کێ بوون؟ هەموو کورد نەبوون له جووتیاران و خێڵەکی و تاڕادەیەکیش کاسبکاری شاران؟

هەرچی ئەوەیشه که براونێسن له داوێنی قسەکانی قەدری جەمیل پاشاوە ئەڵێ: «ئەمن بۆ خۆم گومان لەوە دەکەم که ئەوان [واته قەدری جەمیل پاشا و هەڤاڵەکانی ـ م] خۆشیان وەرزێرانیان به کورد دانابێ» ئەوە هەر بۆچوونەکەی خۆیەتی که جووتیار به کورد دانەنراون و پێشتریش زۆری له سەر ڕۆیی و لێرەیشدا له سەر قەدری جەمیل پاشا و هاوڕێکانی ئەکا به ماڵ، ئەگینا به عەقڵی کێ ڕەوایه پاش ٢٢٥ساڵ له نووسینی مەم و زین خانی، توێژاڵی ڕۆشنبیری کوردی تازە سەرهەڵداوی له ئوڕووپاخوێندووی بەر ئەنسیری بیروبڕوای ئوڕووپایی کەوتوو، وەک خەڵکی سەردەمی پێش چەرخی خانی بیر بکاتەوە و، کورد له قاوغی خێڵەکاندا گیر بکا و جووتیار به کورد نەزانێ ـ ئەگەر ڕاست بێ خەڵکی لەو سەردەمەدا وا بیریان کردبێتەوە؟

براونێسن ئەم بەشەی وتارەکەی بەم چەند دێڕە دوایی دێنێ: «ئەگەر ئێمه چەندین سەدە بگەڕێینەوە دواوە، دەکرێ بپرسین ئەحمەدی خانی ئەو دەمەی باسی «کورد» و «کرمانج»دەکا بیری له چی و له کێ کردووەتەوە، و داخودا خانی وەک نەتەوەیەک بیری لەوان کردووەتەوە. ئەمن لەو باوەڕەدا نیم که ئەو، ئەونێوانەی هەر بەم مانایەی که ئێستا لێیان دەخوێندرێتەوە بەکارهێنابێ. ئەمن تەقریبەن لێم سووره کە ئەو وەرزێرانی ناعەشیرەتی بەکورد دانەناوە. و هەر وەک پێشتر گوترا، ئەو زاراوە سیاسییانەی خانی بەکاری هێناون، وەکوو «میلەل» (کۆی وشەی «میللەت» )ئەودەمی مانایەکی دیکەی هەبووە لەچاو مانای ئێستای. به لێکدانەوەی ئێو و زاراوان له مەم و زیندا بەوجۆرەی که ئەوان هەمیشه ئەو مانایانەیان هەبووبێ که ئەمڕۆ هەیانه ڕەنگه ئێمه به خراپ لەو قسانه بگەین که مەبەستی ڕاستەقینەی خانی بووە. له لایەکی دیکەوە له ئەدەبی دەوڵەمەندیدا ئەوە به میرات ماوەتەوە که هەر وەچەی خوێنەرەوان بتوانن مانا و واتای نوێی تێدا بدۆزنەوە، مانا و واتای ئەوتۆ که نووسەری شوێنەوارەکه بۆخۆی لەوانەیە هەر هەستیشی پێنەکردبێ».

له ئاستی ئەم چەند بیروبۆچوونەی براونێسندا به پێویستی ئەزانم بڵێم: بەشبەحاڵی وشەی (کورد) گومان لەوەدا نییه چ ئێستا و چ سەردەمی خانی و چ پێش خانی و، لای کەمی تا پاش داگیرکرانی کوردستان لەلایەن لەشکری عەرەبه موسوڵمانەکانەوە، ئەم وشەیه به مانای کۆمەڵگه خەڵکێ بەکارهێنراوە به زمانێکی تایبەتی ئەدوان پێی ئەوترێ (کوردی)و، له وڵاتێکی تایبەتیدا ئەژین له سەردەمی سەلجووقییەکانەوە ناوی (کوردستان)ی لێنراوە و، پێشتریش له سەرچاوە عەرەبییەکاندا به (اقلیم الجبال) واته (وڵاتی چیا ) ناسراوە. هەرچی وشەی (کرمانج)یشه خانی خۆی له سەرەتای مەم و زینەکەیدا نۆجاری به واتای (کورد) بەکارهێناوە، وەک دووجار (ئەکراد)ی کۆی (کورد) و جارێکیش (کوردی)ی بەکارهێناوە. هەروا له سەرەتای (نۆبەهارا بچووکان)یشیدا وشەی (کرمانج)ی بۆ گەیاندنی واتای (کورد) بەکارهێناوە: «ئەڤ چەند کەلیمەنه ژ لوغاتان، ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی، ناڤێ (نۆبەهارا بچووکان) دانێ، نه ژ بۆ ساحێب ڕەواجان، بەلکی ژ بۆ بچووکێن کورمانجان».[٢٦]

له هەموو ئەم بەکارهێنانانەدا (کرمانج) و (ئەکراد) و (کوردی) هەموو هەر یەک واتا ئەگەیەنن که ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە به کوردی ئەدوان و دووجاریش شوێنی کرمانجەکان دەستنیشان کراوە که ئەوەته لەملاولەولای ڕۆم و عەجەم دان و، له نێوانی ئەواندا له خوێنی خۆیاندا ئەگەوزێن. کەواته پرسیارەکەی براونێسن له شوێنی خۆیدا نییه و، بێ بەڵگه لەو باوەڕەدا نییه که خانی ناوی (کورد) و (کرمانج)ی هەر بەو مانایه بەکارهێناوە ئێستا لێیان ئەخوێنرێتەوە، ئەوی سەرەتای مەم و زین بخوێنێتەوە ئەزانێ ئەحمەدی خانی لەو سەردەمەدا که باسی (کورد) و (کرمانج)ی کردووە بیری له کێ کردووەتەوە و دڵنیا ئەبێ باسی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کردووە (کورد)یش و (کرمانج)یشیان پێ ئەوترێ و به (کوردی) ئەدوێن و له (کوردستان)دا نیشتەجێن. هەروا له خۆیشیەوە «تەقریبەن لای سووره» که خانی وەرزێرانی ناعەشیرەتی به کورد دانەناوە. چۆن لێی سووره؟ نازانم! هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی پیشان نەداوە و، بەڵگەیەکی

باوەڕپێکراویش پیشان نەدرێ وا بگەیەنێ لە سەردەمی خانیدا بە وەرزێرانی ناعەشیرەتی نەوتراوە (کورد)، قسەکەی هەروا بێ بەڵگە ئەمێنێتەوە و لە خۆی بەولاوە بڕ ناکا و لای خۆی زیاتر متمانەی پێ ناکرێ. ئەنجا ئەگەر ئەو ئەم مەسەلەی لا (سوورە)، چۆنچۆنی (تەقریبەن)ە و، ئەگەر (تەقریبەن)ە، چۆنچۆنی لای (سوورە)؟ (سووری) و (تەقریبەن) زۆر لە یەکەوە دوورن!

هەرچی ئەوەیشە ئاخۆ خانی وەک نەتەوەیەک بیری لەم (کورد) و (کرمانج)انە کردووەتەوە، ئەگەر ئەو وشەیەی براونێسن لە تێکستی باسەکەیدا بەکاری هێناوە دەق ئەو واتایە بگەیەنێ کە واتای سیاسیی ئەمڕۆی ئیستیلاحی (نەتەوە)ی کوردی یە، بێگومان ناتوانین بە تەواوی بڵێین: بەڵێ، بەڵام لێیشیەوە دوور نییە، چونکە وەک کۆمەڵە خەڵکێکی بە کوردیدووی لە کوردستاندا دانیشتووی نێوان ڕۆم وعەجەم کەوتووی ژێردەستەی ئەوان بیری لێ کردوونەتەوە.

دێینەوە سەر مەسەلەی ئەو ئیستیلاحە سیاسییانەی خانی بەکاری هێناون وەک (میلەل)ی کۆی (میللەت) کە براونێسن ئەڵێ ئەو دەمی مانای دیکەی هەبووە لە چاو مانای ئێستای، کە دیارە ئەبێ ئەو مانایە یا مانا ئەسڵییەکەی بووبێ یا مانایەکی تری قۆناغێکی تازەتر لە قۆناغی مانا ئەسڵییەکەی و بۆی دیاری نەکردووین چییە. براونێسن لەو ئیستیلاحە سیاسییانە تەنها نموونەی (میلەل)ی هێناوەتەوە. بۆیە منیش هەر لەم وشەیە ئەدوێم. من ئیستیلاحی سیاسیی ترم لە سەرەتای مەم و زیندا نەدی مەگەر بڵێین (کورد) و (عەرەب)و (ڕۆم) و (عەجەم) و (تورک) و (تاجیک) و (تاج) و(تەخت) و (کولاه) و(پادشاه) و ئەو جۆرە وشانەی مەبەست بووە و بە ئیستیلاحی سیاسی داناون کە لام وایە ئەوەیش دوورە و، بە هەرحاڵ ئەبێ براونێسن خۆی ئەمە ڕوون بکاتەوە.

جا چونکە براونێسن هیچ مەعنایەکی تری بۆ (میللە، میللەت) دیاری نەکردووە کە لە سەردەمی خانیدا ئەو وشەیەی بۆ بەکارهێنرابێ و، ئێمەیش لە مەعناکانی ئێستای و مەعنا ئەسڵییەکەی بەولاوە ئاگامان لە مەعنایەکی تری نییە، لێرەدا لەم مەعنایەی ئەدوێین.

خانی وشەی (میلەل)ی کۆی (میللەت)ی لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا بۆ بەراوردکردن لەگەڵ کورد بەکارهێناوە:

**ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن**[16]

حاجی قادری کۆییش هەمان وشەی هەر وەک خانی بەکارهێناوە؛

**ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووک**
**خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک**[28]

ئەم وشەیە کە لە عەرەبییەوە هاتووەتە کوردی و زمانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە بنەڕەتدا بە واتای ئایین بووە، پاشان وای لێهاتووە بوو بە مەعنای کۆمەڵێ خەڵکی لە یەکرەگەز کە وڵاتێکی خۆیانیان هەبێ. هەروا بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی یەکەیەکی جیۆگرافیایی سیاسییش، با لە یەک ڕەگەزیش نەبن، بەکاردێ، وەک ئەوە ئەمڕۆ ئەوترێ (میللەتی عێراق). جا ئەگەر مەبەستی براونێسن ئەوە بێ بڵێ خانی وشەی (میلەل)ی لە سەرەتای مەم وزینەکەیدا بۆ واتا ئەسڵییەکەی بەکارهێناوە کە ئایینە، ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەڵێین وانییە، چونکە ئەگەر بۆ ئەو مەعنایەی بەکارهێنابێ بەکارهێنانێکی بێجێیە، لەبەر ئەوە کە مەعنای بەیتەکە وای لێدێتەوە: جۆرەها ئایین کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە، ئایینی ئیسلام قورئان و، ئایینی مەسیحی ئینجیل و، ئایینی جوولەکان تەورات و.. تاد. هەر ئایینی کرمانج کتێبی خوایی خۆی نییە. بەیتی ئەم مەعنایە کورد لە ناوی کۆمەڵێ خەڵکی یەک زمانەوە ئەبێ بە ناوی ئایینێک لە شانی ئایینەکانی تردا و، دیارە ئەمەیش مەبەست نییە و قسەیەکی بێ مەعنایە و تائێستا کەس شتێکی وای نەوتووە چونکە شتێک نییە پێی بووترێ ئایینی کرمانج. کەواتە با بە گریمان بڵێین (میللەت) لە واتای ئایینەوە خوازراوە بۆ پەیڕەوان و شوێنکەوتووانی ئایین. لەم حاڵەدا مەعنای بەیتەکە وای لێدێتەوە: پەیڕەوانی هەر ئایینێ کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە کورد نەبێ. ئەمەیش هەر ڕاست نییە چونکە کورد هەموو پەیڕەوی یەک ئایین نین کە کەسی تری پەیڕەو نەبێ تا کتێبی تایبەتیی خۆیانیان ببێ. کورد زۆرتریان موسوڵمانن و موسوڵمانیش کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. هەروا کوردە گاورەکان لەگەڵ هەموو گاوراندا و، کوردە جووەکان لەگەڵ هەموو جوودا و، کوردە زەردەشتییەکان لەگەڵ هەموو زەردەشتیاندا و، کوردە ئێزیدییەکان لەگەڵ هەموو ئێزیدییاندا[29]، هەر کۆمەڵێ لەمانە، لەگەڵ پەیڕەوانی تری ئەو ئایینەی ئەیپەرستن، کتێبی تایبەتیی ئەو ئایینەیان هەیە. خۆ ئەگەر بیشوترێ مەبەست لە (کتێب) کتێبی ئایینی نییە، کتێبی ترە و واتای بەیتەکە ئەوەیە پەیڕەوانی هەر ئایینێ کتێبی خۆیانیان هەیە بۆ خوێندن و نووسین تەنها کورد نەبێ، ئەوە لەو حاڵەدا تەنها واتای نوێباوی میللەتمان لە دەست ئەچێ و ناسیۆنالیزمەکەی خانی بە جۆرێکی تر سەرهەڵئەدا کە ئەوەتە ئەیەوێ گرووپی ئایینی کورد کتێبی خوێندن و نووسینیان بە زمانی خۆیان ببێ و، بەم پێیە براونێسن بۆ ئەوەی دان بەوە دانەنێ کە کورد میللەتێکن کەوتە هەڵەیەکی گەلێ گەورەترەوە کە ئەوەیە کردنی بە گرووپێکی ئایینی خاوەن زمانێکی تایبەتی و سەرلەنوێ مەسەلەی نەتەوەییەتی کورد بە خاسییەتێکی زیاتریشەوە دێتەئاراوە!

ئەو لێکدانەوانە هەموو لە سەر بنەمای ئەو هەڵە زلە بوون کە مامۆستا مارتین ڤان براونێسنی تێکەوتووە و هاتووە بۆ ئەوەی بە زۆری زۆرداری پێمانی بسەلمێنێ کە خانی ناسیۆنالیست نەبووە و کوردی بە میللەت نەزانیوە و بەڵکوو تەنانەت ئەو واتایەیشی هەر لە بنەڕەتدا نەزانیوە کە ئەمڕۆ وشەی (میللەت)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وتی: میللەت لە سەردەمی ئەودا واتایەکی تری هەبووە کە مادەم باسی نەکرد چییە ئەبێ تەنها واتا ئەسڵییەکەی بێ کە ئایینە، بەڵام هەر مرۆیەکی سادە چاوێکی سەرپێیی بە سەرەتای مەم و زینەکەی خانیدا بگێڕێ دەستبەجێ تێئەگا ئەم بۆچوونە دوور و ئەقڵ نەبڕیوانەی براونێسن هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەیان نییە و ناگەنە هیچ ئەنجامێکی ڕاست و دروست.

دوا بڕگەی ئەم باسەی براونێسن کە ئەمەوێ چەند دێڕێکی لە سەر بنووسم ئەوەیە کە ئەڵێ: «لە ئەدەبی دەوڵەمەنددا ئەوە بە میرات ماوەتەوە کە هەر وەچەی خوێنەرەوان بتوانن مانا و واتای نوێی تێدا بدۆزنەوە، مانا و واتای ئەوتۆ کە نووسەری شوێنەوارەکە بۆخۆی لەوانەیە هەر هەستیشی پێنەکردبێ».

ئەوە ڕاوبۆچوونی براونێسنە و، منیش لێتانی ناشارمەوە لام دوور نییە مەبەستی ئەو برادەرە ئەوە بێ مەم وزین بەوە بکا بە بەرهەمێکی بە درۆ دەوڵەمەندی ئەدەبی کە ئێمەی ڕۆڵەی وەچەی ئەم چەرخە ئەم واتاگەلە نوێباوانە بۆ وشەکانی ئەدۆزینەوە و خانی پێئەکەین بە یەکەمین هەڵگری ئالای کوردایەتی لە شیعری کوردیدا، ئەگینا ئەم واتایانەی ئێمە ئەیانکەین بە بەری هەندێ وشەی مەم و

زینەکەیدا ئەو هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتوون و هیچی لێ نەزانیون. ئەو کەی کوردی وەک میللەتێک ناسیوە ، بەڵکوو کەی واتای میللەتیشی زانیوە، کە وشەی میللەتی وەک لە سەرەتای ئیسلامەتیدا، بە ئایین مەعنا لێداوەتەوە و، کەی کورد و کرمانجی وەک ناوی ئەم میللەتە بەکارهێناوە، لە کاتێکدا کە وەرزێری ناعەشیرەتی بە کورد نەزانیوە و، کەی و.. کەی.. ؟

من لە کاتێکدا کە ئەڵێم هیچ واتایەکی نوێباومان نەکردووە بە بەری تێکستێکی کۆن مەشرەبی خانیدا و، هەرچیمان داوەتەپاڵی، بۆ خۆی بە زمانێکی کوردیی ڕەوان وتوویەتی و واتای دەقی شیعرەکانیەتی، بە پێویستی ئەزانم بڵێم باش نییە مرۆ لە خۆیەوە بەدگومان بێ، بەڵام ئەگەر من نیشانم پێکابێ و دەرکم بە ڕازی ڕاستەقینەی براونێسن لەم قسانەی کردبێ، ئەوا خۆم بە ناچار ئەزانم بڵێم سووکایەتییەکی گەورەوگرانی بە ئەدەبی کورد و بە بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەیی کورد و بە حەزرەتی خانی و بە یادی پیرۆزی لە کۆڕی بیرەوەریی سێسەدساڵەیدا کردووە. سا خوابکا وانەبێ و، ئەم بڕگەی دواییەی وا نەگەیەنێ و، من بە هەڵەدا چووبم.

ئەنجا، با بێینە سەر لێدوانی بۆچوونەکەی:

پێویستی سەرشانی لێکۆڵەرەوەیە کە لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی هێنانە بەرهەمی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بکۆڵێتەوە و باش شارەزای ببێ و لە بەر ڕووناکیی ئەو شارەزاییەدا بەرهەمەکە لێکبداتەوە و واتای دەربخا و بیخاتە بەر دەستی خوێنەرەوان. دیارە ئەمەیش کارێ نییە بە یەکجار بکرێ و ببڕێتەوە و ڕێی تێنەچێ وەچەیەکی پاشتر بە تێداهاتنەدی مەرجەکانی پێشووی لێکۆڵینەوە، لە چەرخێکی دواتردا، باشتر لە نەوەی چەرخەکانی پێشوو لە واتا و ئامانجی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری بگا، بەڵام هیچکاتێ ناشێ ئەم باشتر لێتێگەیشتنە پێوەند نەبێ بە باش تێگەیشتنی بارودۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێنانە بەرهەمی ئەو کارە ئەدەبی و هونەرییە و، هەروەها ناشێ لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە مێژووییە دەرچێ کە بەرهەمەکەی تێدا خوڵقێنراوە، بۆ ئەوەی شتی وای نەخرێتە ئەستۆ لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەگونجێ. هەر مانا و واتایەکی نوێ بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بدۆزرێتەوە بە هیچ جۆرێ ڕێی تێنەچێ لە سەردەمی هێنانە بەرهەمی کارە ئەدەبی و هونەرییەکەدا بە خەیاڵی کەسێکدا بێ، لە ساختەچییەتییەکی زەق زیاتر نییە. ئیدیعای هەر واتایەک بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەوانە نەبێ وشەکانی بەرهەمەکە و ڕێکخستن و دارشتنیان لە سەردەمی ئەفراندنیدا بەیەکێ لە شێوە هونەرییەکانی گەیاندن بیگەیەنن، لە واتایەکی درۆیینە و دەست هەڵبەست زیاتر نییە و ئەو بەرهەمە بە بۆدروستکردنی واتایەکی درۆیینە و دەست هەڵبەستی وا بە هیچ جۆرێ نابێ بە ئەدەبێکی دەوڵەمەند.

ئەمەی براونێسن لە بارەی ئەدەبی دەوڵەندەوە ئەڵێ بە میرات ماوەتەوە، ئەوەم دێنێتەوە یاد کە هەندێ لەوانەی واتای قورئانیان لێداوەتەوە، هاتوون بۆ پێسەلماندنی ئیدیعای بێ بنەمای خۆیان کە گوایە قورئان لەگەڵ هەموو دۆزراوەکانی زانستی نوێدا جووتە و هەموو ئەو شتانەی گرتووەتە دوو توێی خۆی کە زانستی نوێ دۆزیونیەتیەوە، وتوویانە (جین=جنۆکە) کە لە چەند شوێنی قورئاندا ناوی هاتووە و باسی لێکراوە، بە واتای میکرۆبە. هەر لەم بابەتە، لەم ساڵانەی دواییشدا لێکۆڵەرەوەیەکی کورد وشەی(ڕادار)ی لە شیعرێکی «سالمی ساحێبقڕان»دا بەو ڕادارە مەعنا لێدابووەوە کە فڕین و شوێن و بەرزیی فڕۆکەی بە ئاسمانەوە پێ ئەدۆزرێتەوە، ئەوەی کردبوو بە نیشانەی بلیمەتیی سالم کە پێش دروستکردنی فڕۆکە و ڕادار شتی وای زانیوە!

**پەراوێز:**

٢٥) نازانم ئەمە لە ناو عەشرەتی تریشدا هەیە یا نە؟ بەڵام لام وایە جافەکانی کوردستانی عێراق ئێستا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا، ئەم دابەشکردنەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و بە سەر گوندییەکانی دەوروبەر و سەر ڕێی گەرمیان و کوێستانیاندا بڕیوە، چونکە پێش کۆچکردنەکەیان دراوسێی عەشرەتی گۆران بوون.

٢٦) بڕوانەرە: *نوبهارا بچوکان*، تالیف الادیب و الشاعر الکردی احمد خانی، حققه و علق و قدم له حمدی عبدالمجید السلفی، بغداد، مطبعه الرشید، ١٩٩٠، ص١١.

٢٧) بڕوانەرە: **ئەحمەدی خانی**، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٢٨) بڕوانەرە: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، لە بلاوکراوەکانی ئەمیدارێتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەغدا، [چاپخانەی دار ئافاق عەرەبییە]، ١٩٨٦، لاپەڕە ١٩٩.

٢٩) ئەگەر ئێزیدیی وا هەبێ کورد نەبێ و لە میللەتێکی تر بێ، نازانم! ■






- **لەنجە و لار**
- **ئاواز و گۆرانی: جەلال نەقشبەندی**
- **ڕێکخستن: عەلی شەکوری**
- **شوێنی بلاوکردنەوە:**

Stran Music, Box 3485
165 24 Hässelby - Sweden
Tel/Fax: +46-08-897271



- **بەیازی گۆلفرۆشێک (کۆمەلە چیرۆک)**
- **نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح**
- **لە بلاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆلینەوەی کوردی.**
- **چاپ: ١٩٩٨**

# لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندەری کوردی

# ژنی کورد و ئیسلامیزم:

## باری ژنی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای شەڕی کەنداو

نەزەند بەگیخانی

**١. سەرەتا**

**١-١: وەبیرهێنانەوە**

ئاشکرایە کە کوردستانی عێراق ماوەی سی ساڵە لە ژێر سیاسەتی تۆتالیتاری رژێمی عێراقدا لە بارێکی جەنگی بەردەوامدا دەژی. هەر لە وێرانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و راگوێزانەوەی بە کۆمەڵی خەڵک تا کۆمەڵێک هێرشی رەشبکوژ[١]، مەبەستی سەرەکی سیاسەتی رژێمی عێراق لەناوبردنی فیزیکیی[٢] و رەشکردنەوەی بوونی کورد بووە. ئەم بارودۆخە تراژیدییە، سایکۆلۆژیا و کەسایەتی دوو سێ نەوەی کوردی باشووری شێواندووە و مرۆڤی کوردی ئەو ناوچەیەی بە ژن و پیاوەوە رووبەرووی واقعێکی ئاڵۆز کردۆتەوە. سەرەڕای ئەمەش، بزووتنەوەی چەکداری کورد کە ماوەی نیو سەدە زیاترە لەم بەشەی کوردستاندا بەردەوام و چالاکە، بە شێوەیەکی دیکە بەردەوامی بە سایکۆلۆژیەتی توندوتیژی (violence) و شەڕ داوە و کوردستانی خستۆتە ناو حاڵەتی جەنگی بەردەوام.[٣]

لەم وتارەدا ئێمە هەوڵ دەدەین رۆشنایی بخەینە سەر لایەنێکی گرینگی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراق، بە تایبەتی لە دوای جەنگی کەنداو. ئەم لایەنەش پەیوەستە بە سەرهەڵدان و بووژانەوەی کۆمەڵێک توخمی ئایینی - سیاسی و کاریگەرییان لەسەر ژیان و ستاتوی ژن.

ژنی کورد هەروەکوو هەموو ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ رووبەرووی کارەساتەکانی جەنگ بۆتەوە؛ هەر لە زیندانیکردن و زیندەبەچاڵکردن و لێدان و دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و ...هتد، ژنان گشت جۆرە ئازارێکی فیزیکی و سایکۆلۆژیی شەڕیان بینیوە و لە پاڵ ئەمەشدا لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا چالاک بوون. جگە لە شێواندنی کەسایەتی و باری دەروونی کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە هەموو تاکێکی ئەو بەشەی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. لەوانەیە یەکێک لە ئەنجامە بەرچاوەکانی ئەم کارەساتانە، زیادبوونی بێنەندازەی بێوەژنان بێت.[٤]

لە ساڵانی هەشتا و لە ماوەی شەڕی عێراق و ئێراندا، ژنی کورد وەکوو هەموو ژنانی عێراقی بەشدارییەکی گەورەتریان لە ژیانی ئابووریدا کردووە؛ شان بە شانی کرێکارانی بێگانە (بۆ نموونە: میسری کە عێراق دەیهێنان بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی لە بواری کاردا)، ژنانی عێراقی بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکەوە ژیانی ئابووریی عێراقیان بڕێوە دەبرد. ئەم ئەزموونە، بە تایبەتی لە شارەکاندا ژنی رووبەرووی ژیانێکی کۆمەڵایەتی تازە کردەوە. لە پاڵ کاروباری ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ، کارکردن لە دەرەوە ئەرکی ژنی گەورە و سەختتر کرد. لە بواری سیاسیشدا، ژنی کورد رۆڵێکی چالاکی لەناو شار و لە چیاشدا بینیوە.

**١ ـ ٢: کوردستانی عێراق دوای شەڕی کەنداو**

پاش شەڕی کەنداو و راپەرینە جەماوەرییەکەی کورد و رەوە کۆچەکەی نیسانی ١٩٩١، وڵاتانی هاوپەیمان پرۆژەی (Provide Comfort) یان خستە کار. بە پێی ئەو پرۆژەیە، دەبوایە ئەندامانی هاوپەیمان «ئەمریکا، بریتانیا و فەرەنسا»[٥] ناوچەکانی سەرووی هێڵی ٣٦ لە دژی هێرشەکانی سەددام بپارێزن. ئەم پارێزگارییە رێژییە و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە (کە لێرە شوێنی باسکردن نین) هانی پارتە کوردییەکانی عێراقیان دا لە مایسی ١٩٩٢ دا هەڵبژاردنێک ساز بکەن. لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا حکومەتێکی ناوچەیی دروست بوو و، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردیش پەرلەمانێک دامەزرا. ژنان بەشدارییەکی گەورەیان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد و لە حکومەت و پەرلەمانیشدا چەند کورسییەکیان بەرکەوت: لە نێو سەد و پێنج ئەندامی پەرلەماندا حەوتیان ژن بوون؛ لەمانەش پێنجیان سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دووانیشیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. لە ناو حکومەتیشدا وەزارەتێک بەر ژن کەوت.

ئەم ئەزموونە بەناو دیموکراتییە لە مایسی ١٩٩٤ دا بە کۆمەڵێک بەرەورووبوونەوەی چەکداری لە نێوان یەکێتی و پارتیدا کۆتایی پێهات. سەرەڕای کۆمەڵێک هەوڵ و پەیمانی ئاشتی، کەچی شەڕ و ناکۆکی بە شێوازی جیا جیای وەکوو: بەرەورووبوونەوەی چەکداری، رێککەوتن و پەیمانبەستن، هەروەها حاڵەتی نە شەڕ و نە ئاشتی (modus vivendi) تا ئێستا بەردەوامن. بوونی دوو ئابلۆقەی ئابووریش (ئابلوقەی جیهانی لەسەر عێراق و ئابلوقەی سەددامیش لەسەر کوردستان) هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە. ئەم بارودۆخە حاڵەتێکی سۆسیۆ

ـ ئابووری وەهای دروستکرد کە بووە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کۆمەڵێک توخمی ئایینی و نەریتخوازانە. ئەم توخمانە کە بریتین لە پارت و بزووتنەوە و رێکخراوی خێرخوازی ئیسلامی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەست و سۆز و رای سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا هەیە. بێجگە لەمە، بەشێکی زۆری ئەم پارت و رێکخراوانە چەکدارن و لە رووی سەربازیشەوە بەهێزن: وەکوو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبوڵلای کوردستانی (کە ئێستا بووە بە دوو بەش: حیزبوڵلا و حیزبوڵلای شۆڕشگێر) و هەروەها حەماس[٦] کە بەم دواییە سەری هەڵداوە.

## ٢. ژن و ئیسلامیزم

### ٢ ـ ١: سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی کوردی

مەبەستی ئێمە لە ئیسلامیزم پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلامە بۆ مەبەستی سیاسی و نەتەوەیی و بەکارهێنانی وەکوو ئایدیۆلۆژیا و بنچینە لە پرۆگرامی حیزبیدا. لەم وتارەدا، ئێمە هەندێ جار زاراوەی ئیسلامی سیاسیش بۆ جیاکردنەوەی لە ئیسلامی رۆحی، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنین: واتە ئێمە لێرە باس لە ئیسلام دەکەین وەکوو سیاسەت نەک وەکوو ئایین.

مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم پارتی ئیسلامی لە کوردستانی باشووردا بە شێوەیەکی کۆنکرێت بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتا دەگەڕێتەوە. سیستەمی سیاسی وڵاتانی دراوسێ و موسوڵمان بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران رۆڵێکی گەورەیان لە سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی کوردیدا هەبووە. ئەم راستییەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئیسلام وەکوو بیری سیاسی لە دەرەوە هاتووە و سەپێندراوە، بەڵام زەمینەی گونجاو بۆ بە کۆنکرێتکردن و گەشەپێدانی لە ناوەوە هەبووە.

سەرەتای دەرکەوتنی کاریگەری ئیسلامیزم لە کوردستانی باشوور دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا و سەردەمی گەشەسەندنی بزووتنەوەی «برایانی موسوڵمان (اخوان المسلمین)» ی میسری. بە رای جەمال نەبەز، لە سەرەتای پەنجاکان لە بەغدادا کۆمەڵێک قوتابی و رۆشنبیری عێراقی بە کاریگەریی «برایانی موسوڵمان» هەوڵی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ئیسلامییان داوە بە ناوی (الاخوا نیبیە). لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک رۆشنبیری کورد، بە هەمان کاریگەر و شێوە، ویستوویانە «رێکخراوی ئیسلامیی کوردستان» دابمەزرێنن. بەڵام کودێتاکەی عەبدولکەریم قاسم، ساڵی ١٩٥٨، کۆتایی بەو هەوڵەیان هێناوە.[٧] تا ساڵی هەشتا هیچ پارت و گرووپێکی ئیسلامی ـ سیاسی لە کوردستانی عێراقدا نەبووە. لە ساڵی هەشتا و دوای هاتنی خومەینی بۆ سەر حوکم، بزووتنەوەیەک بە ناوی «لەشکری ئیسلامیی کوردی» لە کوردستانی عێراقدا پێکهات. ئەم بزووتنەوەیە کە بە خواست و پشتگیری رژێمی ئیسلامیی ئێرانی دروست ببوو، نەچووە ریزی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی عێراق هەروەها پشتگیری ئەنجومەنی شیعەی ئێرانی نەکرد، بۆیە بە خواستی دامەزرێنەرەکەی (واتە رژێمی ئێرانی) زوو هەڵوەشایەوە و لەناوچوو. لە شوێنی ئەودا «بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقی» پێکهات کە تا ئەمڕۆش بە بەهێزترین بزووتنەوەی چەکداری ئیسلامیی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. شایانی باسە ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٩٢ بەشداری لە هەڵبژاردندا کرد و ٪٤ی دەنگی هێنا، ئەمەش بواری ئەوەی نەدا بچێتە ناو پەرلەمان و حکومەتەوە.

ئەمڕۆ پارت و رێکخراوی (بەناو ئینسانی یا خێرخواز) لە کوردستانی عێراقدا زۆر گەشەیان کردووە و هەمووشیان یا لە لایەن رژێمی ئیسلامیی ئێران یا سعودییەی عەرەبییەوە هاریکاری دەکرێن. جگە لە یارمەتی و پشتگیریی دارایی، پارت و رێکخراوە ئیسلامییە کوردییەکان سوود لە مێتۆد و رەوتی کار و ئایدیۆلۆژیای رەفاهی تورکی (کە ئێستا گۆڕاوە بۆ فەزیلە) و بەرەی رزگاریی ئیسلامیی جەزائیری و برایانی موسوڵمانی میسری و حەماسی فەلەستینی و هەروەها تالیبانی ئەفغانیش وەردەگرن. ئەمەش کاریگەریی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئیسلامیزم لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی بۆ سەر کێشەی کورد و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەردەخات. ئایدیۆلۆژیا و سیستەمی ئەم پارت و رژێمانە رۆڵی سەرەکی لە پەیڕەو و چالاکییەکانی پارت و رێکخراوی ئیسلامی سیاسیی کوردیدا دەبینن.

### ٢ ـ ٢: ژن لە ناو ستراتیژیەتی ئیسلامی سیاسیدا: نموونەی کورد

ئیسلامییە کوردییەکان، وەکوو گشت ئیسلامییە سیاسییە جیهانییەکان، ئایین و داب و نەریت و بەها باوەکان دەکەنە بنچینەی ئایدیۆلۆژیاکەیان. لە رێگای ئەمانەوە هەموو ئیسلامییەک هەوڵی سەپاندنی پەیڕەو و پراتیکی کۆن دەدەن و بانگاشەی گەڕانەوە بۆ «بەها ئەخلاقییە» باوەکان دەکەن کە بە ناسنامەی کولتووریی رەسەنی خۆیانی دەزانن. لە ئاخاوتن و رەفتاریاندا، ئەو گرووپە ئایینییە ـ سیاسییانە بە ناوی ناسنامەی کولتوورییەوە شکۆ لە ئایین و داب ونەریت (ترادیسیۆن) دەنێن و بە شێوەی یاسا و پەیڕەو بە توندی و بە مێتۆدی جیا جیا بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن. لەم باوەڕەوە، ئیسلامییەکان دان بە هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوچەرخدا نانێن و بە دژی بیروڕای خۆیان و کۆمەڵەکەیانی دادەنێن. بۆیە بە شێوەیەکی رادیکالانە دژی نوێخوازی (modernity) دەوەستن و بە دوژمنی راستەوخۆی ئایین و ترادیسیۆنی ئیسلامی لەقەڵەم دەدەن. ئەم دژایەتیکردنەش زیاتر لەوەوە دێت کە ئەوان نوێخوازی بە دیاردەیەکی رۆژئاوایی دەزانن و لە روانینێکی سیاسیی تەسکەوە پەیوەندییەکان هەڵدەسەنگێنن؛ لەم بۆچوونەوە هەموو رق و کینەیەکی کۆن و نوێی دژ بە رۆژئاوا (ئیمپریالیست، زایۆنیست.. هتد) سەردەخەن و نوێخوازیش (چ لە رووی کولتوورییەوە بێ چ لە رووی کۆمەڵایەتی سیاسی) دەدەنە بەر توانج و رەخنە و هێرش. ئەم بیروباوەڕە بە توندی لە ئاخاوتن و کردەوەی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکاندا بەرجەستە دەکرێ؛ ئیسلامییەکان هەروەکوو گوتمان شکۆ لە رابردوو دەنێن و دژی پرۆسەی بە مێژوویيکردنی (historicity) ئایین و ترادیسیۆنی ئیسلامی دەوەستن. لە ئاکامدا خۆشیان لە پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویی دادەبڕێن و کردەوەکانیشیان گوزارە لە ئێستا ناکەن: چالاکی وتەکانیان لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و فەلسەفیی جیهانی هاوچەرخدا یەک ناگرنەوە، چونکە ئەوان هەردەم دەگەڕێنەوە بۆ چواردە سەدە پێش ئێستا و دەیانەوێ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستایان بە پێوەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەوکات بپێون نەک ئەو پێوەرانە بگونجێنن لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی ئەمڕۆیاندا. لە ئەنجامدا دیاردەی هاوچەرخ و نوێخواز دەدەنە بەر توانج و رەخنە و، بە نارەسەن و دوژمن لەقەڵەمی دەدەن، نەک وەکوو «گەشەسەندنێکی ئاسایی ترادیسیۆن و کولتوور کە لە رابردووەوە گەشە دەکەن تا خۆیان لەگەڵ کۆنتێکستی ئەمڕۆدا بگونجێنن».[٨] ئەم رەوتەش بە پلەی یەکەم لەوەوە دێت کە بە لای ئیسلامییەکانەوە کتێبی پیرۆزی قورئان وتەی خودایە و نابێ

وەکوو دیاردەیەکی مێژوویی سەیر بکرێ. هەرشتێکیش سەرچاوەکەی لە قورئانەوە نەهاتبێ، بە رای ئەوان لە رەسەنایەتی دوورە و شایانی هێرش و لەناوبردنە. هێرش و لەناوبردنیش پراتیکی توندوتیژی گەرەکە کە بە ناوی جیهادەوە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پیادە دەکرێت. خاسیەتی هەرە سەرەکیی ئیسلامییە سیاسییەکان نەبوونی رێژەییە (relativity) لە بیر و بۆچوونیاندا و باوەڕهێنانیانە بە رەهایی (absolutism). بۆیە گفتوگۆ و ئاخاوتن و دانیشتن لەگەڵیاندا ئاسان نییە، چونکە ئەوان وێرای ئایین و ترادیسیۆنەکەیان خۆیان بە شکۆمەند و خاوەن هەق دەزانن و «ئەویتر»یش بە گاور و نارەسەن و هەڵە دادەنێن: ئەگەر وەکوو ئەوان بیر نەکەیەوە و نەژیت، ئەوە «تۆ» بێگانە یان دژی ئەوانی. بۆیە داوا دەکەن وەکوو ئەوان بژیت، بیر بکەیەوە و رەفتار بکەیت، واتە ببیت بە یەکێ لە ئەوان، ئەگینا، ئەگەر بۆیان بلوێت لە ناوت دەبەن. ئەوان بە تەواوی باوەڕیان وایە کە نابێت هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە پەیڕەو و پراتیکە ئایینییەکاندا روو بدات؛ بە پێچەوانەوە، بە پێی خواستی ئەوان دەبێ ئەم دیاردانە وەکوو سەرچاوەیەکی پیرۆز شکۆیان لێبنرێ بە جۆرێک کە هەموو تاکێکی موسوڵمان خۆی لە ئێستادا دابڕێت بۆ ئەوەی لە ناو ئەوکاتدا (لە کۆندا: واتە وەکوو ئەوان) بژێت. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش یەکەم ستراتیژییەتیان لەسەر ژن و رەفتاری ژن هەڵدەچن.

لە ناو ستراتیژییەتی ئیسلامییەکاندا ژن وەکوو سیمبۆلی جێگیربوون و بەردەوامیدان و یەکگرتوویی گرووپ(خێزان، عەشیرە، نەتەوە) سەیر دەکرێ. ئاخاوتنیشیان بە پلەی یەکەم لە بەها پاتریارکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم تێگەیشتن و بۆچوونەوە، ئیسلامییەکان هەوڵی دووبارە پێناسەکردنی رۆڵی ژن لە ناو کۆمەڵ و خێزاندا دەدەن و ستاتو و ئەرکەکانی دەست نیشان دەکەن. ژنانیش لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا، بە تایبەتی لە نێو چینی نەخوێندەوار و هەژاردا چ لە رووی فیکری و چ ماتێریالییەوە، خۆیان لەم جۆرە بیروباوەڕانەدا دەدۆزنەوە. ئەم هەستکردن بە خۆدۆزینەوەش (لە دەرەوەی مەودای رۆحی) لە بردنەوەی ئیعتیرافی خێزان و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت: واتە بە باوەشگرتنەوە بۆ پەیڕەوە ئیسلامییە سیاسیەکان و گەڕانەوە بۆ داب و نەریت، ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەنگی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستانیشدا، ئەم سەنگە کۆمەڵایەتیە رۆڵی لەمپەر دەبینێ لە دژی مەترسی و هەڕەشەکانی دەرەوە و ناوەوە. جگە لەمە، لەبەر ئەوەی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان داراییەکی باشیان لە دەستدایە کە لە وڵاتە هاوپەیمانەکانیان وەریدەگرن، ئەوە بە ئاسانی شوێنی خۆیان لە نێو خەڵکی هەژار و بێ دەرامەتدا دەکەنەوە و لە بەرانبەر یارمەتی دارایی ئایدیۆلۆژیای خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن. بە شێوەیەکی گشتی، لە رووی سایکۆلۆژییەوە، ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق، لە ئەنجامی بارودۆخی ئابووری و سیاسی، خەڵکێکی زۆر ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی وەکوو ئەلتەرناتیڤ دەبینن و باوەشی بۆ دەکەنەوە. ئەم کاریگەرییەی دووەم زۆربەی چینەکانی دانیشتوانی گرتۆتەوە: چینی ناوەڕاست و خوێندەوار و رۆشنبیریش. گومانی تێدا نییە کە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە نەهێشتنی ئەلتەرناتیڤ و مەیدان چۆڵکردن بۆ بیروورای ئیسلامیی دەمارگیر.

پڕوپاگەندەی ئیسلامیی سیاسی بە هۆی چەند مێتۆدێکی جیاواز بڵاودەبێتەوە و جێگیردەبێت. هەروەکوو گوتمان، بە رای ئەوان ژن و خێزان گەرانتی یەکەمی بەردەوامی و یەکگرتوویی گرووپ و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوورین. بۆیە پارتیزانی ئیسلامی هەوڵ دەدات رەفتار و هەڵسوکەوتی ژن لە هەموو مەیدانێک، تەنانەت لەناو بوارە هەرە شەخسی و تایبەتییەکانی وەکوو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و پەیوەندی ژن و مێردایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ و هتد، دیاری بکات. یەکەم کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئیسلامییەکان بریتییە لە سەپاندنی سەرپۆش (حجاب). چونکە، هەروەکوو ڤالەنتین موقەددەم دەڵێت، لە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا «سەرپۆش واتای رێکوپێکیی (regularisation) ژن دەگەیەنێ».[٩] کاریگەریی ئەم رەوتە ئایدیۆلۆژییە لە ناو خێزان و لە ناو بنکە مەدەنییەکان (قوتابخانە و دانیشتگا و ئیدارات و سەر شەقام بە گشتی) رەنگی داوەتەوە؛ ئەمڕۆ لە هەموو ئەم بوارانەدا ژنێکی زۆر لە کوردستانی عێراق لەچەک و کاڵای ئیسلامی دەپۆشن.

مەیدانی چالاکی ئیسلامییەکان تەنها نێو خەڵکی رەش و رووت و کەم دەرامەت ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆر دام و دەزگا و بەڕێوەبەرایەتی گرتۆتەوە. وانەی ئایینی لە ناو بنکە و دەزگا پەروەردەییەکان گرینگی و سەنگێکی تایبەتی وەرگرتووە؛ هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا پەیمانگاو دانیشگاکان، ئەمڕۆ مەلا و رابەری ئایینی سیاسی شوێنی خۆیان کردۆتەوە و بە ئاسانی پراتیکی پرۆگرامی نەریتخوازی خۆیان دەکەن. دواکەوتوویی و نزمی رادەی خوێندەواریی (وەکوو ئەنجامێکی راستەوخۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری) بواری ئەمانەی داوە نەک تەنها وەکوو مامۆستا هەڵسەنگێنرێن، بەڵکوو وەکوو زانا و پزیشک و شارەزای گشت بوارێک قبوڵ دەکرێن. بۆ نموونە لە هەولێر مەلا بەشیر کە وانەی ئایینی لە پەیمانگای مامۆستایان و زۆربەی بنکەکانی فێرکردندا دەڵێتەوە، بە هۆی وتار و ئاخاوتنە دیماگۆژییەکانییەوە لە مزگەوت و دەزگاکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن، بووە بە کەسایەتییەکی جەماوەریی گەورە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و سۆز و رای سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا هەیە. هەر لە لێکدانەوەی خەون و دیاردە تەندروستییەکانەوە تا مەسەلە زانستییەکانی وەک فەزاناسی و هتد، مەلا بەشیر بووە بە پسپۆڕ و پزیشکی گشت نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.[١٠]

مەلا بەشیر کە شەریعەی لە دانیشگای بەغدا خوێندووە، دەیەوێت بە پشتبەستن بە قورئان و وتەکانی پێغەمبەر ریفۆرمی خێزان و کۆمەڵ بکات. بەڵام لێکدانەوەی بۆ قورئان لە رابردوویەکی چواردە سەدە پێش ئێستاوە سەرچاوە دەگرێت و دەیەوێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستاندا بەرجەستەی بکات. شایانی باسە بەشێک لە لایەنگیرەکانی مەلابەشیر ژنن و کچانی دانیشتگا رێژەیەکی گەورەیان لێ پێکدەهێنن. بیری مەلا بەشیر هەروەکوو بیری گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان لەسەر بنچینەی سێکسیزم و کۆنەپارێزی هەڵچنراوە. ئەو داوا لە ژن دەکات «بە رێک و پێکی رەفتار بکات، خۆی داپۆشێت، بۆن لە خۆی نەدات و گوێڕایەڵی مێردی بکات، چونکە خودا لەو ژنە خۆش نابێت کە مێرد لێی رازی نەبێت».[١١]

مەلا بەشیر ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم بەرجەستە دەکات و لە هەلومەرجی ئەم دواییەی کوردستانیش سوود وەردەگرێ بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و پارتەکەی. لە کاتی نوێژی هەینیدا، خوتبەی مەلابەشیر لە دەزگا ئەلەکترۆنییەکانی راگەیاندن (تەلەفزیۆن و رادیۆ) بڵاودەکرێتەوە و پیاوان لەبەر پڕبوونی

مزگەوت لەبەر دەرگا و سەرشەقامەکان گوێی بۆ رادەدێرن. شایانی باسە کاسێتەکانی مەلای ناوبراو لە تۆمارگاکانی کوردستانی باشوور دەفرۆشرێن و لە زۆربەی مالآن بە جۆش و خرۆشەوە گوێیان لێدەگیرێت.

مەلا بەشیر نموونەیەکە ئالۆزیی بارودۆخی سۆسیۆ ـ سیاسی و نالەبارییە دەروونی و رۆحییەکانی مرۆڤی کوردی ئەم بەشەی کوردستان رادەگەیەنێت. بۆ سەپاندنی بیروڕای خۆیان و بردنەوەی رای جەماوەر، ئیسلامییەکان هەموو جۆرە رێگایەک دەگرنە بەر. سیاسەتی «مێشک شوشتنەوە» کە لە نێو مندالآندا بە خەستی پراتیک دەکرێ لە گشت مێتۆدەکانیاندا هەستی پێدەکرێ؛ لە بەرانبەر هەندێ یارمەتی دارایی، پارتیزانانی ئیسلامی دنەی خێزانە هەژار و بێوەژنەکان دەدەن و کالآی ئیسلامییان پێدەپۆشن و هانیان دەدەن مندالەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە قورئانییەکان (کە ژمارەیان لە زیادبووندایە). لە هەمان کاتدا، چەشنی رەفاهی (فەزیلەی) تورکی بە دابەشکردنی شیرینی و نوقڵ سەرنجی زارۆکان بەرەو فێرگە قورئانییەکان رادەکێشن. کیژەکان کە زیاتر مەبەستی ئەم گرووپانەن، لە هەر تەمەنێکدا بن، داوایان لێدەکرێ بە تەواوی خۆیان داپۆشن و بە گوێرەی وانە ئەخلاقییەکانی ئەمان رەفتار بکەن. بۆ دەست گرتن بەسەر رەفتار و کەسایەتی ژن لە ناومالّ لە دەرەوە، ئیسلامییەکان دەرگای مزگەوتیان بۆ ژنان کردۆتەوە و رووخسەتیان پێدەدەن نوێژی جومعە لە مزگەوتدا بکەن. لەم رێگایەوە سەرنجی زیاتری ژنان بۆ خۆیان و کارەکانیان رادەکێشن و راستەوخۆتر فەرمانیان بەسەردا دەسەپێنن. ئەم تاکتیکە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووە و تەنانەت لە هەندێ شاری وەکوو کۆیە ژنان خۆیان داواکاری چوونە مزگەوتیان بەرزکردۆتەوە. داواکەی ژنان پەسەندکراوە و لە رۆژانی هەینیدا بە سەدان ژنی تەمەن جیا جیا روو لە مزگەوت دەکەن. ئەم دیاردەیە لەواسنەیە وەکوو رێفۆرمێک بێتەبەرچاو، بەلآم لەناو کۆنتێکستی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابووری ئەمڕۆی کوردستاندا ناتوانرێ ئەم حسێبەی بۆبکرێ. لە ناو نزگەوت ژنان فەرمانیان پێدەدرێ لە ژوورێکی بە جیا و دوورەپەرێز دابنیشن و بە بێدەنگی گوێ بۆ خوتبەی «نێرخوازانەی» مەلا شل بکەن. رووخسەتی چوونە ژوورەوەش بەندە بە پەیڕەوکردنی تەواوی وانە ئیسلامییەکان: بە تەواوی خۆداپۆشین، رەفتاری لەبار و گونجاو، سەردانەواندن بۆ فەرمانی پیاو و مەلا کە «خوتبەکەی بە هێرشبردنە سەر توخمی مێ دەست پێدەکات و بە تاوانبارکردنیشی کۆتایی پێدەهێنێت».[١٢]

**٢ ـ ٣: پەیڕەوکردنی ئایدیۆلۆژیای «شەرەف و نامووس»**

رژێمی عێراقی لە سالّی ١٩٩١دا کوردستانی بە وێرانی بەجێهێشت. رێکخراو و پارتە سیاسییە کوردییەکانیش کە دەسەلآتی ناوچەکەیان گرتە دەست خاوەنی هیچ پرۆگرامێکی کۆمەلآیەتی ـ سیاسی نەبوون بۆ بنیاتنانەوەی کوردستان و چاککردنی بارودۆخی دانیشتوان. لەم کاتەدا بۆ هاریکاری ئینسانی و بوژانەوەی بار و گوزەرانی خەلّک و بنیاتنانەوەی گوند و شارۆچکەکان، کۆمەلّێ رێکخراوی ناحکومی جیهانی روویان لە کوردستان کرد. خەلّکی مەدەنی کوردستان بە گەرمی کەوتنە هاریکاریکردنی ئەم رێکخراوە ناحکومییە جیهانییانە (Non Gouvern-mental Organization: NGO). رێکخراوە جیهانییەکان بۆیان نەبوو راستەوخۆ لەگەلّ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکەن، بۆیە لەگەلّ خەلّکی مەدەنی و رێکخراوە ناوخۆییەکان کاریان دەست پێکرد. بەلآم حیزبەکان، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی بە سیاسەتی رێکخراوە جیهانییەکان نارازی بوون (چونکە پارەی رێکخراوەکان راستەوخۆ نەدەچوە دەست ئەوان)، بۆیە هەر زوو کەوتنە مونافەسەی خەلّکی مەدەنی رێکخراوە کوردییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی داهات و بەحیزبکردنی چالاکییەکانیان. لە ئەنجامدا و بە تایبەتی پاش هەلّگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان پارتی و یەکێتی، مەسەلەکە بوو بە یارییەکی بازرگانی (business) لە بەرژەوەندی خۆ پڕ چەککردن و بەهێزکردنی دینامیکی میلیشیا. ئەم هۆیانە و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو کامپی چەکداردا، کوردستانیان خستە ناو حالّەتێکی نوێی توندوتیژیی کە بریتیە لە توندوتیژیی میلیشیا لە ناو خودی شارەکان.

نەبوونی ستراتیژیەت و سیاسەتێکی پۆزەتیڤی کۆمەلآیەتی و ئابووری رەوتی توندوتیژی لە کوردستاندا بەهێز کرد. پەرەسەندنی بەکارهێنانی توندوتیژیش دەسەلآتی پیاوی (وەکوو خاوەن هێز و جەنگاوەر) زیاتر کرد و بێدەسەلآتی ژنیشی (وەکوو عەورە و بێتوانا) زەق کردەوە. لە ئەنجامدا مەسەلەی هێز بووە تاکە هاوکێشە و تەرازووی پەیوەندییەکان و توانای لێکدانەوە و عەقلآنیەت بێ ئەندازە کز بوو. بۆیە پراتیکی توندوتیژیی بوو بە حالّەتێکی گشتی هەموو مەیدانەکانی ژیان و، تەنانەت ناو مالّیشی گرتەوە. لە دەرەوەی مەیدانەکانی شەڕ، ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم ئەم توندوتیژییە لە دژی ژن پیادە دەکرێت. ئەم رەوتە پشت ئەستوورە بە ئایدیۆلۆژیای نەریتخوازانەی ئیسلامییەکان کە هەستی پاتریارکی و یاسا کۆنەکان لە ناو سایکۆلۆژیای خەلّک زیندوو دەکەنەوە. بە پشبەستن بەم ئایدیۆلۆژیایە پیاو دەسەلآتی نێرانەی خۆی بەرجەستە دەکات و لەشی ژن دەکاتە مەیدانی پراتیککردنی توندوتیژییەکانی. جا هەروەکوو گوتمان، لەبەرئەوەی لە سیستەمی پاتریارکیدا کە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیژێننەوە، ژن بە سیمبۆلی بەردەوامبوون و یەکگرتوویی گرووپ (خێزان، عەشیرەت، نەتەوە) دادەنرێت، ئەوە بە هەمان شێوەش بە پاسەوانی ناسنامە و کولتووریی گشت لە قەلّەم دەدرێت. واتە پیاو ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی خۆی لە کەسایەتی و خودی ژندا بەدی دەکات، بۆیە خۆی دەکات بە پاسەوان و پارێزگاریکەری ژن. بەجێهێنانی ئەم ئەرکە (نەتەوەیی و کولتوورییە)ش لە کۆنترۆلکردنی سێکسی ژنەوە دەست پێدەکات: لە رێگای پاراستنی سێکسی ژنەوە پیاو وا هەست دەکات ناسنامە و کەسایەتی خۆی و گرووپەکەی دەپارێزێ. بۆیە نێر هەموو سەنگی کۆمەلآیەتی و سیاسی خۆی لە ئایدیۆلۆژیای شەرەفدا بەرجەستە دەکات و شەرەفیش راستەوخۆ دەبەستێتەوە بە مەسەلەی نامووس و کۆنترۆلکردنی سێکسی ژن نەک بە بەها ئەخلاقی و ئینسانییەکان(وەک راستگۆیی، دەستپاکی، فەزیلەت..هتد).

لەم بۆچوونەوە، پیاو دەسەلآتی رەها دەسەپێنێتە سەر ژن و دەیخاتە ژێر کۆدی ئایینی و باوی توندڕەو؛ لادان لەم کۆدانە، بە رای پیاو، واتە لە دەستدانی شەرەف و دروستبوونی ترسناکی بۆ سەر کولتوور و ناسنامەی خۆی و گرووپەکەی. بۆ دوورخستنەوەی ئەو ترسناکیە و وەدەستخستنەوەی شەرەفی، دەبێ ژن سزا بدرێت. ئەم رەوتە لە کۆمەلّگای کوردیدا بە کۆدی عەشایری و نامووسەوە پشت ئەستوورە کە لە ناو ئەخلاقی کۆمەلآیەتی کوردیدا بە توندی رەگیان داکوتاوە. جگە لەمە، ئەم ئەخلاقە کۆمەلآیەتییە لە عێراقدا بە یاسای دەولەت بەشەرعی کراوە: لە سالّی ١٩٩٠ەوە سەددام حوسێن بە شێوەیەکی قانوونی کۆدی نامووسی کردۆتە برگەیەک، برگەی ١١١، لە یاسای ئەحوالی شەخسی عێراقیدا. بە پێی ئەم

یاسایە پیاو بە شەرعی مافی هەیە ژنی ناو خێزانەکەی (واتە خوشک، دایک، کچ، هاوسەر) بکوژێ. بوونی ئەم یاسایە و فشاری کۆمەڵایەتی و نادڵنیایی دەروونیی ماوەی دوای جەنگ و ئەم چەند ساڵەی کوردستان و چالاکبوونی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی هەلومەرجێکی شیاویان ڕەخساندووە بۆ دیاردەی کوشتنی ژن بە بیانووی نامووس. لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناسکەدا، لە دوای شەڕی کەنداوەوە تا ئێستا زیاتر لە چوار هەزار ژن لە کوردستانی عێراق کوژراون یا ئەتک کراون.[۱۳]

ئەتک کردن بە پێی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆن بە بڕینی لووت و گوێ جێبەجێ دەکرا و ئەمڕۆکەش لە ژێر سایەی لۆژیکی هێز و ترادیسیۆنالیزم، هەمان کردەوە پەیڕەو دەکرێت.[۱٤] زۆربەی جار لاشەی سەربڕاو و گوللە بارانکراوی ژنە کوژراوەکان لە کەناری شار یا هەندێ جار لەسەر شەقام فڕێ دەدرێن و کەس ناوێرێت خۆیان لێ بکات بە خاوەن. ئەم ژنانە کە بە پێی دادگای کوردستان هەموویان «بێنامووسن» و لە لایەن پیاوانی ناو خێزانەکەی خۆیان ژیانیان لێ سەندراوەتەوە. نە یاسا و نە لێپرسراوانی سیاسیی کورد ئەم کردەوانە تاوانبار ناکەن؛ بە پێچەوانەوە لە زۆربەی حاڵەتدا تاوانبارەکان لە لایەن لێپرسراوانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانی عێراق بەرگرییان لێدەکرێ.

ڕاستە شەڕی درێژخایەن بۆتە هۆی تێکشکانی سترەکتورە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان کە لە ئەنجامدا زۆربەی نەریتی خەڵکی گۆڕیوە و دیاردەی نێگەتیڤی دروست کردووە. ڕاگوێزانەوەی بە کۆمەڵی خەڵک لە لادێوە بۆ موجەمەعات، کۆچی بە ڕەوەی لادێییەکان، بێکاری و بێدەرامەتی، بەرزبوونەوەی ژمارەی بێوەژنان و.. هتد، ئەمانە هەندێ دیاردەی بۆ نموونە وەک سۆزانییان لە کوردستاندا دروستکردووە. بەڵام دیاردەی ژن تێرۆرکردن ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرکاری ئەم بارودۆخە نییە؛ بە پێی پشکنینی پزیشکی تایبەتیی لاشەی ئەو ژنانەی کە بەم دواییە کوژراون، دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆریان کچ بوون و تەمەنی زۆربەشیان لە نێوان سێزدە تا بیست ساڵی بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە ئاووهەوای کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمڕۆی کوردستانی باشووردا، هەموو ژنێک ژیانی لە مەترسی دایە و هەر ژنێکیش بکوژرێ (پیر، هەرزەکار، بچووک) بە «بێنامووسی» تاوانبار دەکرێ. لە ژێر پەردەی «نامووس» دادگای کوردی لەم مەسەلانە ناکۆڵێتەوە و دادوەری دەداتە دەست پیاوانی خێزان و پیاوانی سیاسی کە لە جیاتی ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی دامودەزگای مەدەنی و قانوون، مل بۆ دەسەڵاتی عەقڵیەتی باو و نەریتخواز کەچ دەکەن. ئەگەر مەسەلەیەکی لەم جۆرەش بگاتە دادگا ئەوە دەخرێتە قالبی «زینا»وە و بە پشتگیری یاسای «شەرەفی» عێراقی تاوانبار ئازاد دەکرێت. شایانی باسە ئەم پەیڕەوە کە بە ناوی ئایین و ترادیسیۆنەوە پیادە دەکرێت، دژی شەریعەتی ئیسلامیشە کە لە حاڵەتی زینادا داوای ئامادەبوونی چوار شایەدی حەقیقی دەکات.

بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو

**پەراوێزەکان**

١. یەکێ لە دڕندانەترین هێرشەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی بۆ سەر کوردستان هێرشی ئەنفال بوو. ئەنفال وشەیەکە لە سوورەتی هەشتەمی قورئان وەرگیراوە و مانای «کوشتن و لەناوبردنی کافران دەگەیەنێ». ئەم هێرشە لە پاش شەڕی عێراق و ئێران بە چڕی دەستی پێکرد بە شێوەیەکی شاراوە بەردەوام بوو تا جەنگی کەنداو؛ بە پێی هەندێ بیروڕا ئەگەر جەنگی کەنداو نەبوایە لەوانەبوو ڕژێمی بەعس تەواوی کوردستانی باشووری وێران بکردایە. لێکۆڵینەوەکانی دوای جەنگ ژمارەی قوربانییەکانی ئەم هێرشە بە دوو سەد هەزار کەس دادەنێن لەگەڵ ڕووخاندنی هەزاران گوند و چەندەها شارۆچکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی ژێرەوە: Watch, The Anfal Human Right Campagne in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Korime, Middle East Watch, New York, Washington D. C., Los Angeles, London, 1993.

.. **زیاد عەبدولڕەحمان**، *توونی مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا*، تەبریز، ١٩٩٥.

٢- لەناوبردنی فیزیکیی کورد (physical elimi-nation) کە بەشێک بوو لە پرۆگرامی ڕژێمی عێراقی، واتە بەکارخستنی هەموو هۆیەک بۆ نەهێشتنی بوونی فیزیکیی مرۆڤی کورد. لەناوبردنی فیزیکیی سیستەماتیک، بوونی مرۆڤ وەکوو کولتوور و ناسنامە، واتە بوونی بە تەواوی دەسڕێتەوە. ئەو کەسانەی (بە تایبەتی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان) لەم پەیوەندییە دیالێکتیکە ناگەن و بۆ بەرگری کردن لە ڕژێمی عێراقی بانگاشەی ئەوە دەکەن کە لەبەر ئەوەی لە عێراق زمانی کوردی یاساغ نەبووە و بڵاوکراوەی کوردی هەبووە، ئەوە کوردەکانی عێراق لە چاو ئەوانەی تورکیا و ئێران باشترین ژیانیان هەبووە. لە ڕاستیدا، لەناوبردنی فیزیکی و لەناوبردنی کولتووریی یا ناسنامە (cultural or identity elimination) کە لە ساڵی ١٩٢٣ وە لە تورکیا و بە هۆی سیاسەتی کەمالیزم پەیڕەو دەکرێت دوو میتۆدی شۆڤێنین لە ئامانجدا یەکدەگرنەوە.

٣- ئەگەرچی بزووتنەوەی چەکداری کوردی بۆتە سیمبۆلی هێزی بەرگری و خۆڕاگریی کورد لە بەرانبەر "دوژمن"، بەڵام لەبەر ئەوەی بەستراوەتەوە بە پیادەکردنی توندوتیژیی و بە لۆژیکی شەڕ، کاریگەری نیگەتیڤی بۆ سەر کەسایەتی و سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد زۆرە.

٤- لەبەر نەبوونی ئاماری گشتی، ناتوانین ژمارەی بێوەژنانی کوردستان بە تەواوی دیاری بکەین. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لە هاوینی ١٩٩٦ لە کوردستانی عێراق ئەنجاممان داوە، دەتوانین ژمارەی بێوەژنان بە سی هەزار زیاتر بخەملێنین.

٥- شایانی باسە لە ساڵی ١٩٩٦ وە فەڕەنسا خۆی لەم پرۆژەیە کێشاوەتەوە.

٦- حەماس لە ١٥ ی ئەیلولی ١٩٩٧ لە ناوچەی هەڵەبجە دامەزراوە. بە گوێرەی بەیاننامەی ٢٢ی ئەیلول کە بە بۆنەی دامەزراندنی بزووتنەوەکە بڵاوکراوەتەوە، ئەم پارتە کوردییە ئایینییە سیاسییە لەوانی دیکە دەمارگیرترە و ڕەخنە لە بزووتنەوەی ئیسلامی دەگرێت کە گوایە «لە ڕەفتاریدا لەگەڵ دوژمنانی قورئان سیاسەتێکی نەرمی هەیە.» لە زستانی ڕابردوو لە سلێمانی تەقینەوەکیان لە سینەمای دڵشاد کردووە. حەماس لایەنگیری تالیبانی ئەفغانی و حەماسی فەلەستینی یە. بە هەمان شێوەی تالیبانەکان، حەماسی کوردی دژی دەرچوونی ژن و کارکردنی ژنانە لە دەرەوە.

٧- بڕوانە: **جەمال نەبەز**، المستضعفون الاکراد و اخوانهم المسلمون، کوردنامە، لندن، ١٩٩٧.

8- Marie Aimee Helie-Lucas, "The Preferential Symbol for Islamic Identity: Women in MuslimPersonal Laws", in <u>Identity Politics & Women, Cultural Reassertion and Feminism in International Perspective</u>, Westview Press, USA, 1994, p.400.

9- Valentine M. Moghadam, Women & Identity Politics..., Ibid, p. 14.

١٠- لە دوا سەفەرم بۆ کوردستان (نەورۆزی ١٩٩٨)، لە دووسێ دانیشتنم لەنێو ژنانی دەوروبەرمدا ناوی مەلا بەشیر وەکوو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هاتووە: (مەلا بەشیر وادەڵێ...)، ئەم ڕستەیە بۆ سەلماندنی قسە و قەناعەت هێنان بەوەی بەرانبەر زۆرجار بەر گوێ دەکەوێت. لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵ کوڕێکی خوێندەوار کە پۆلی شەشی دواناوەندی (بەشی زانیستی) تەواو کردووە، هەمان ڕستەم بیست: بۆ سەلماندنی پەیوەندیی زانستی فەزا و قورئان، ئەم کوڕە ئاماژەی بۆ مەلای ناوبراو کرد و لە ڕێگای ئەمەوە دەیویست لایەنی زانستی قورئان بسەلمێنێت.

١١- ئەم وتانەم لە کاسێتێکی مەلا بەشیر بیست کە لە هەندێ لە تۆمارگاکانی کوردستان دەفرۆشرێت.

١٢- لە گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ ڕۆژنامەنووس سەباحەت تاهیر، ئەنقەرە، هاوینی ١٩٩٧.

١٣- تا ئێستا ڕاستەوخۆ ئاماری تایبەت بە ژنە تێرۆرکراوەکان نەکراوە، ئەوانەی لەبەر دەستدان ڕێژەیین. ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان ژمارەی تێرۆرکراوەکانی نێوان ١٩٩١ و ١٩٩٦ بە «زیاتر لە ٤٠٠٠» دەخەملێنێ. بڕوانە چنور سدیق، «قوربانییەکی تر لە قوربانیانی نامووسپەرستی»، *پەیام*، ژمارە ٦، نەورۆزی ١٩٩٨، ل١٣.

١٤- نامرۆڤانەترین حاڵەتی ئەتک کردن هی «کەژاڵ خدر»ە کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن شووبرا و ئامۆزاکانی مێردی لووتی بڕدراوە. کەژاڵ بە هۆی هاودەنگی و پشتگیری ژنان، بە تایبەتی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە کە مەسەلەکەیان تەقاندەوە لە مەترسی ڕاستەوخۆ ڕزگاریی بووە. ■

# تێپەڕاندنی سنوورەکانی ناسیۆنالیزم، بابمەزنی(باوکئاغایی) و، یورۆسێنتریزم

## خەبات بۆ شەبەکەیەکی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنانی کورد


شەهرزاد موجاب

وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی


بۆشاییەکی دووسەدەیی لە نێوان یەکەم جاڕی **مافی ژنان** (لەلایەن Olympe de Gouges لە ساڵی ١٧٩١) و سەرهەڵدانی بەرنامەی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنان لە نێو کۆڕوکۆمەڵە ئاکادێمییەکانی ڕۆژئاوادا هەیە. ئەو بۆشاییە لە نێوان چالاکیی سیاسی ژنان و زانستکاری فێمینیستی ڕووناکایی دەخاتە سەر ڕەوتی ڕێکوپێکی خەبات بۆ دیمۆکراتیکردنی پێوەندیی ژێندرەکان. سەرەڕای دەستکەوتی بەرچاو بەگژداهاتنەوەی پرۆژەی فێمینیستی بەتەواوی لە ئارادایە. ئەمە بەتایبەتی لە دنیای نارۆژئاواییدا ڕاستە کە تێکەڵاوییەکی ناکۆکی پێوەندیی پێش سەرمایەداری، بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان، دین و، بەردەوامبوونی زاڵبوونی ڕۆژئاوایی پێکەوە، تیۆری و کردەوەی فێمینیستی بەرتەنگ دەکەن ونایەڵن بڵاوبێتەوە.

ئەم نووسراوەیە لە چلۆنایەتی کردەوە و زانستکاری فێمینیستی کوردەکان دەکۆڵێتەوە کە وەک نەتەوەی هەرە گەورەی بێدەوڵەتی دنیا ناسروان. کوردەکان خەریکی خەباتێکی سەختن بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا. بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی ئەوان بەرعۆدەیی ئاشکرای فێمینیستی لە نێو ژنانی خوێندەوار و چالاکیی سیاسیدا خستووەتە بەر سێبەری خۆی. لێکۆڵینەوەی دینامیکی زاڵبوون و خوڕاگری لە کەیسی کوردیدا تاڕادەیەکی زۆر تەبیعەتی لەخۆوە و نارێکخراوەیی جیهانیبوونی کردەوە و زانستکاریی فێمینیستی وەڕوودەخا، هەروەها نیاز بە سازدانی هاوپێوەندیی جیهانی بە ڕێگەی شەبەکە سازکردن و ئامرازی دیکە و، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نێوان لێکۆڵینەوەی ئاکادێمی و کردەوەی فێمینیستی کە هەر دێ و قووڵتر دەبێتەوە.

### زەمینەی مێژوویی

ئەوە چ ڕووداوێکی مێژوویی نییە کە خەبات بۆ ڕزگاری ژنان و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنان هەردووکیان لە ڕۆژئاواوە ڕیشاژۆیان کردووە. سەرمایەداری و سیستمە سیاسییە بورژوا دیمۆکراتیکەکەی هەلومەرجی لەباری بۆ ڕێکخراوەی ژنان و پێشکەوتنی ڕووناکبیریی و سیاسییان ڕەخساند. ئەگەرچی ژنان لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و، پێش لەسەرمایەدارییەکانی ئاسیا، ئافریقا و ئەمریکای لاتین دا بێبەزەییانە دەچەوسێندرانەوە، ئەوان هەڵکەوتی ئەوتۆیان نەبوو لە باری ڕووناکبیری و سیاسیەوە وەدەنگ بێن و لە ئاست دابەشبوونی زایەندی توندوتیژی کۆمەڵگە ڕاپەڕن. نەخوێندەواریی بەکۆمەڵ، بڵاوبوونەوە بە جڤاتە پچووکە لادێیی و عەشیرەتییەکاندا و، سیستمە ملهوڕە سیاسییەکان گشتیان نامۆ بوون بۆ سەرهەڵدانی وشیاریی فێمینیستی کە لە ڕۆژئاواوە هەڵی کردبوو، لە شێوەی لیبراڵ و داوای مافی دەنگدانی خۆیدا، گەیشتە دنیای نارۆژئاوا کە تاڕادەیەکی زۆر بەکۆلۆنی کراو بوون. ژنانی توێژی سەرەوە و ئەو چینە مامناوجییەی کە خەریکی سەرهەڵدان بوو بە ئیلهام وەرگرتن لە خوشکەکانیان لە ئورووپا داوای مافی خوێندن، خاوەنێتی ماڵ و موڵک، یەکسانی و مافی دەنگدانیان هێنایە گۆڕێ. بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکانیش، بە شێوەیەکی بەردەوام مافی ژنانیان نایە نێو ڕۆژەوی سیاسیی خۆیان و، هەوڵیان دا ئەو پەیامە لە نێو چینی کرێکاری ژن و پیاودا بڵاوبکەنەوە. جا بۆیە، دەکرێ بڵێین، لەبەر ئەوەبوو، کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی ١٩هەمدا، فێمینیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی و فکری جیهانی سەری هەڵدابوو.

کۆنگرەی سۆسیالیستی ١٩١٠ کە ڕۆژی ٨ی مارسی وەکوو «ڕۆژی نێونەتەوایەتی ژنان» نێودێرکرد یەکەم هەنگاوی ڕیشەیی هەڵهێناوە بۆ بەرەو جیهانیکردنی وشیارانەتری خەبات. ئەمڕۆ، ژنان توانیویانە داواکانیان بهێننە ناو ڕۆژەوی حکومەتان. ، دەزگا نێونەتەوەییەکان وەکوو یەکێتی ئورووپا و کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان. باوەکوو ئەم دەستکەوتانەش، زۆر لەو ڕاگەیەندراو و بڕیارانەی وا لەلایەن داوودەزگانێونەتەوەییەکانەوە وەرگیراون هەر لە سەر کاغەز ماونەتەوە. نیاز بۆ تێوەچوونی زیادتری کۆمەلانی ژنان و هاوپێوەندیی زیادتر لە نێوان بزووتنەوە و ڕێکخراوە زۆر و زەوەندەکانی ژنان لە ئارادایە. بزووتنەوە فێمینیستییەکان لە باشوور(South) دەکرێ بە ڕادەیەکی بەرچاو لە هاوکاری کەمتاکورت و بزووتنەوە زۆر بە ئەزموونترەکانی باکوور(North) فێر بن لە کاتێکدا ئەوانەی دواییش بەم ڕێگایەدا دەتوانن کردەوە و زانستی خۆیان دەوڵەمەندتر بکەن. ژنانی کورد کەیسێکی نموونەیین لە بزووتنەوەیەکی فێمینیستی کە نیازی بە هاوپێوەندی هەیە، هەر ئاوهاش، ئەزموونی تاقانەی کوردی گرینگە کە بەشبەحاڵی خۆی، بزووتنەوەی جیهانیی فێمینیستی دەوڵەمەند دەکا.

### ژنانی کورد لە ڕۆژەوی ناسیۆنالیستیدا

کوردەکان کە ژمارەیان لە نێوان ٢٥ تا ٣٠ میلیۆنە، چوارەمین گەلی ئێتنیکیی هەرە گەورەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن، ژمارەی ئەوان هەر لە ئی عەرەبەکان، تورکەکان و فارسەکان کەمترە. نیشتمانەکەیان کوردستان، لە ساڵی

١٩١٨دا بە تۆبزی لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و یەکێتی وڵاتە سۆسیالیستەکانی شوورەوی پێشوو دابەشکرا. ئەوان دەستیان داوەتە بزووتنەوەیەکی خۆڕاگری چەکدارانە لە پێناو ئۆتۆنۆمیدا لە عێراق (لە ساڵی ١٩٦١وە)، لە ئێران (لە ساڵی ١٩٧٩وە) و لە تورکیا (لە ساڵی ١٩٨٤وە). ئەگەرچی ئەوان زۆرجار مۆرکی گەلێکی عەشیرەیی یان کۆچەرییان لێدەدرێ، بەڵام ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی کورد پێچەڵپێچ و ئاڵۆزە و بریتی یە لە لادێ، عەشیرەتی و، شێوە ژیانی شارستانی. ئەمڕۆ، نیوەی دانیشتوانی کورد شارنشینن. چەند شارێکی کوردی ژمارەی دانیشتوانیان لە سەرەوەی میلیۆنێکە. ئەو حکومەتانەی وا حوکم بە سەر کوردستاندا دەکەن سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکانیان لە زمان و فەرهەنگەزاڵەکاندا وەبەرگرتووە. ئەم کەیسە بەتایبەتی لەمەڕ تورکیا وایە کە تا ئەم دواییانەش قسەکردن بە کوردی ناقانوونی بوو. ئەو دەوڵەتە سانترالیستانە ڕێگا نادەن کوردەکان ئەنیستیتوو و دامەزراوەی فەرهەنگی، سیاسی و پەروەردەیی خۆیان دامەزرێنن. پێشوەچوونێکی گرینگ لە ساڵی ١٩٦٠وە کۆچی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانە بۆ ئوروپا، کە بە گۆترە دەگاتە نیو میلیۆن، بەتایبەتی بۆ ئاڵمان و سوێد. گرووپی هەرە گەورە ئەوانە بوون کە سەروبەندێک لەلایەن ئاڵمانەوە وەکوو کرێکاری میوان لە ساڵانی ١٩٦٠دا دەبەرکارنراون.

بەردەوامبوونی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦١وە شەپۆلی پەنابەرانی سیاسی بەرەو ئوروپای ڕۆژئاوا، ئەمریکای باکووری و ئوسترالیا هێناوە. ئەو ڕۆژئاواییانەی وا لەوەتا سەدەی حەڤدەهەم سەریان لە کوردستان داوە ئیدیعایان کردووە کە ژنانی کورد ئازادییان زۆر لە خوشکە تورک. عەرەب و فارسەکانیان زیادترە. ئەو ئیدیعایە لە سەر ئەو سرنجە داندراوە کە ژنانی کورد بە شێوەی ئاسایی چارشێو بە خۆیاندا نادەن و هێندێک لەوان فەرمانڕەواییان بە سەر عەشیرەتان و قەڵەمڕۆیاندا کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژنانی کورد کەوتوونەتە بەر هەمان شێوەی زوڵم و زۆریی کە لەلایەن دراوسێیەکانیانەوە تەجرەبە کراوە، (بڕوانە: موجاب؛ ڤان بروانێسن ١٩٩٣).

یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد "کۆمەڵەی بەرەوژووربردنی ژنانی کورد"، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەنبووڵ دامەزرا لەکاتێکدا کە دەوڵەتی تورک بەتەواوی دەستی بە سەر دانیشتواندا نەدەڕۆیشت. ئامانجی ڕێکخراوەکە «ڕوونکردنەوەی ژنانی کورد بە ڕێگەی بیرکردنەوەی مۆدێرن و پێکهێنانی ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی لە ژیانی خێزاندا بوو»، هەروەها یاریدەدانی منداڵانی بێ دایک و باوک و ئەو بێوە ژنانەی کە کۆچڕەوی بە تۆبزی و کوشتوبڕ وای بە سەر هێنابوون (ئەو دەقەی لەلایەن تاهیر شەریف ڕا گێڕدراوەتەوە). دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بەڕواڵەت لە ئەندامانی ئاریستۆکراسیی کورد لە هەندەران بوون. بەم پێیە، دەستپێشخەریی کوردی بۆ گۆڕینی پێوەندی ژێندرەکان بەر لەو ڕێفۆرمانە دەستی پێکرد کە لەلایەن دەوڵەتەوە (لە کۆتاییەکانی ١٩٢٠دا) لە تورکیا، و (لە ساڵی ١٩٣٠دا) لە ئێران دەستی پێکرد. چارشێو لەسەرداماڵینی بە تۆبزی لەم وڵاتانە تاڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە کوردستانەوە نەبوو، چونکوو لەوێ لە کوردستان زۆربەی خەڵک لە ناوچەی لادێیی دەژیان و ژنان لەوێ بێ چارشێو بوون.

لە نێوەڕاستی ساڵانی ١٩٢٠، تورکیا وئێران، کە زۆربەی کوردەکانی تێدا دەژیان سیاسەتێکی ژێنۆسیدی زمانیی و فەرهەنگییان بەڕێوەدەبرد. لە عێراق(لە ژێر حوکمی بریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٨) و لە سوریا (لە ژێر حوکمی فەرانسە لە نێوان ١٩١٨ و ١٩٤٦)، کوردەکان لە پێناو حوکمی ئۆتۆنۆمی خەباتیان دەکرد. ئەگەرچی چەند ژنێکی هەڵکەوتوو لە کوردستانی عێراقدا هەبوون، دەورانپشتی سیاسی و ڕووناکبیری کە ناسیۆنالیزم و بابەزنی فیۆداڵی بە سەریدا زاڵ بوو وشیاریی فێمینیستی وەخۆ نەدەکرد. لە ماوەی ژیانی کورتی کۆماری کوردستاندا کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی شوورەوی لە سەرووی ڕۆژئاوای ئێران دامەزرا، «حیزبی یایان» وەک ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهات ئەو حیزبەی کە حکومەتی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەدەبرد. حیزبی یایان حەولیدا خوێندەواری بڵاوکاتەوە و یارمەتی بۆ حکومەت کۆکاتەوە. [ئەو حیزبە] لە "دەستکەوتەکانی" ژنان لە یەکێتی وڵاتە سۆسیالیستەکانی شوورەوی و ئوروپا ئیلهامی وەردەگرت بەڵام ئەندامەکانی ئاگایان لە فێمینیزمی مۆدێرنی ئەو سەروبەندی نەبوو.

لە ماوەی کۆتاییەکانی سەدەدا، ژنانی کورد ئازادی ئەوەیان نەبوو ڕێکخراوی لەمەڕ خۆیان لە هیچکام لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکبهێنن، ئەگەرچی ئەوان بۆیان هەبوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ژنانە بکەون کە بە ڕەسمی پشتیان دەگیرا. حیزبە سیاسییە ناسیۆنالیستییەکان کە لەپێناو ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی تێدەکۆشان نهێنی بوون جگە لە سەردەمێکی کورت لە عێراقدا نەبێ (١٩٥٨-١٩٦١ و ١٩٧٠-١٩٧٤). ئەو حیزبانە ئەگەرچی پیاویان تێدا زاڵ بوو، بە شێوەی ئاسایی یەکسانیی ژێندرەکانیان هێنابوویە ناو ڕۆژەوی خۆیان. باوەکوو ئەوەش، ئەوان لە ڕێکخستنی ژناندا سەرنەکەوتن. تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕێکخراوەی ژنانیان هەبوو (بۆنموونە، لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقدا)، ئەوە بە دەرەجەی یەکەم تەنێ بە بوونی چەند تێکۆشەری ژن ڕازابووەوە. ئەو پارتە سیاسییانە زۆرجار خەریکی شەڕی پارتیزانی بوون لە دژی دەوڵەت؛ ژنان لە لادێ و شاران وایان چاوەڕوانی لێکراوە پشتیوانی لە کاری عەسکەری و سیاسی ئەو پارتییانە بکەن، بەڵام ئەوان وەک ئەندامی چالاک نەخراونە بەرکار و زۆر بە دەگمەن گەیشتوونەتە پلەی ئەندامەتی لە سەرۆکایەتیدا. پارتە ناسیۆنالیستییەکان ڕزگاری ژنان و خەباتی چینایەتییان وەدواخستووە بۆ ئایەندە. دوای وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی یان سەروەری(sovereignty). زۆر لە ژنان دڵخوازانە ڕۆژەوی ناسیۆنالیستییان پەسند کردووە. هۆکارێکی ئەمە دڕندەیی غەدر و زوڵمی نەتەوایەتی یە کە بووتە هۆی کۆبوونەوەی هەموان لە پشت مەسەلەی نەتەوایەتی. هۆیەکی دیکەش بزربوونی گشتی یان لاوازی هۆشیاریی فێمینیستی یە. پارتە کۆمۆنیستەکانیش، بە گشتی نهێنی بوون و تەنێ لایەنگری کۆنترۆڵی پارتی بەسەر چالاکیی ژناندا بوون. ئەدەبیاتی ڕادیکاڵ و فێمینیستیی سۆسیالیستی لە بەردەستدا نەبوون.

لە ساڵانی ١٩٨٠دا، دوو پارتی سیاسی ڕادیکاڵی کوردی ژنانیان وەگەڕخست و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا ڕێکخست «کۆمەڵە، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران» و «حیزبی کرێکارانی کوردستان» کە باشتر بە کورتەناوەکەی واتە پکک ناسراوە، ئەو حیزبانە هەردووک خەریکی شەڕی پارتیزانی بوون، ئەوی پێشوویان لە دژی ئێران و ئەوی دواتریان لە دژی تورکیا. ژنانی جحێڵ کە زۆربەیان سەر بە ناوچەشارەییەکان بوون، دەستیان دایە چەک و شانیان دایەبەر کاری سیاسی وعەسکەری. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکایەتی ئەو پارتییانە هەر لە پیاوان پێکهاتووە. لە کەمپەکانی ناو

چیایاندا کۆمەڵە ڕێگەیدا بە ژنان کە بە کاری نانەریتیشەوە خەریک بن (بۆ نموونە ڕاهاتنی عەسکەری و سیاسی؛ بڵاوکردنەوە و هتد) لەوەش دەرچێ، کاری نەریتی، واتە، چێشت لێنان و منداڵ بەخێوکردن، بە شێوەی یەکسان لە ناو پیاو و ژندا دابەشکرابوو، پیاوان سەبارەت بە یەکسانیی ژێندر دەرس دادەران. ڕۆژەوی ناسیۆنالیستی بەتایبەتی لە نێو پکک دا زاڵ و باڵادست بوو.

دوای شەڕی کەنداو، دو پارتی سیاسیی ناسیۆنالیست، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە تەک گرووپە پچووکترەکان لە هەڵبژاردنی پارلماندا بەشدارییان کرد و لە «ناوچەی هێمن» کە لەلایەن دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕا دەپارێزرێ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێکهێنا. ئەگەرچی چەند ژنێک بۆ پارلمان هەڵبژێردران، ئەو دوو پارتە بوون بە لەمپەری سەرەکی لە سەر ڕێی پەرەگرتنی خەباتی ژنان. قسەی وان ئەوەبوو کۆمەڵگەی کوردی، ئیسلامی یە و بۆیە هەموو ژنان دەبێ حورمەتی شێوە ژیانی نەریتییان لەبەرچاوبێ. چەند گرووپێکی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق کە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرا، بە تۆبزی چارشێویان بە سەرژناندا داداوەتەوە و لە ناوچەکانی سنووری ئێران دەستیان کرد بە کوشتاری زۆری ئەو ژنانەی کە بەر لە شەڕی کەنداو لەلایەن ئەرتەشی عێراق و هێزە (ئەمن)ییەکانەوە ئەتک کرابوون. دوو پارتە ناسیۆنالیستییەکە بەگشتی لەو شەڕە ناوخۆییە چاویانلە دژی ژنان نووقاندووە و پشتیوانیان لێکردووە.[1] ژنانی کورد ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەریایەک تەگەرە هاتوون لەوانە پارتە ناسیۆنالیستییەدواکەوتووەکان، گوشاری گرووپە ئیسلامییەکان، حکومەتە ناوەندییەکان و، تاڕادەیەکی زۆر ئابوور و کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشاو. لە کاتێکدا ئەو بارودۆخە زۆر لە ژنان بەرەوچالاکی سیاسی و عەسکەری ڕادەکێشێ، گرژییەکی لەزێدە لە نێوان وشیاریی فێمینیستی و زاڵبوونی پێوەندیی بابەزنیی بە بەرچاوانەوەیە.

**لێکۆڵینەوە لەمەڕ بە ژنانی کورد**

ژنانی کورد لەو ئەدەبەی کە بە گشتی سەروکاری لەگەڵ ژنانی تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا هەیە چاویان لێهەڵبوێردراوە. لەو ئەدەبەی کە هەر وا دەبووژێتەوە زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ باسی ژنانی کوردستان بێتەگۆڕێ. ئەدەبی سەبارەت بە ژنانی کورد، کە بە هۆی کوردان و ئیدیکەوە بەرهەم دێن، بەتەواوی بەرتەنگە چ لەباری چەندێتی و چ لەباری چۆنێتییەوە.

ئەنستیتووەکانی خوێندنی بەرز لە ئورووپا و ئەمریکای سەروو پڕن لە بەرنامەی زۆروزەوەندی لێکۆڵینەوە لەمەڕ عەرەبان، فارسان و تورکان. باوەکوو ئەوەش، بەرنامەی لێکۆڵینەوەی کوردی، هێشتا، تەقریبەن هەر نییە.[2] تا سەرەتای ساڵانی ۱۹۹۰، تەنانەت تاقە ژۆرناڵێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردی بە زمانە ڕۆژئاواییەکان نەبوو و، چەند گۆڤارێکیش کە لەم ساڵانەی دواییدا پەیدا بوون لەلایەن بڵاوکەرەوە سەرەکییەکانڕا چاپ ناکرێن. ئەوە تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە هەڵکەوتی کوردان وەکوو نەتەوەیەکی بێدەوڵەت؛ حکومەتەکانی تورکیا و ئێران لە ڕابردوودا زوڵم و زۆریی خۆیان لە کوردان گەیاندبووە ناوەندە ئاکادێمییەکانی ڕۆژئاواش. ئەو حکومەتانە زۆرجار، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یارمەتی دەدەن بە بەرنامەکانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کتێب وگۆڤار دەدەن بە کتێبخانان و، کەسانی ئاکادێمی و هەڵسووڕێنەرانی زانکۆیان بانگ دەکەن بۆ سەرلێدان و چاوپێکەوتنی ئەو وڵاتانە. لەو چوار وڵاتانەی کە حوکم بە سەر کوردستاندا دەکەن، لێکۆڵەرەوە و توێژێنەران، بەتایبەتی ئەوانەی هاووڵاتی ئەبن حەوجێیان بە ئیزنی لێکۆڵینەوە لەلایەن حکومەتەوە هەیە. هۆیەکی گرینگی سەرکوتکردنی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردان دەستگێڕانەوە لە دانی ئیزنی لێکۆڵینەوە بەو خوێندکارانەیە کە پێیان خۆشە لە بارودۆخی کوردان بکۆڵنەوە.[3] گرفتێکی دیکە دەرفەتی بەرتەنگی دەرسگوتنەوە سەبارەت بە کوردانە. ئەو ئاکادێمیانەی پێیان خۆشە سەبارەت بەکوردان لێکۆڵینەوە بکەن لەوانەیە نەتوانن چ جۆرە دەرسگوتنەوەیەک لەمەڕ ئەم بابەتە ببیننەوە.

چوارچێوەی زاڵی ئۆریانتالیستی لەمەڕ لێکۆڵینەوەی کوردی دەرفەتی لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ژنانیش بەرتەنگ کردووە. زۆربەی ئەو ئەدەبەی وا لەوەتا سەدەی نۆزدەهەم لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەرهەم هاتووە بە هۆی ئەندامانی سەفارەتخانە وکۆنسوولخانەکانەوە کە لە کوردستان یان لە نزیکی بوون، میسیۆنێرەکان، گەڕۆکەکان و، زمانەوانان کە لەسەر دەقە نووسراوەکان کاریان کردووە نووسراون. ئەوانە بە گشتی لەسەر پێوەندیی ژێندر بێ مەیل بوون. بەهەرحاڵ، لەکۆڵۆنیال بوونەوە و دیمۆکراتیبوونی لێکۆڵینەوەی کوردی لەچەند دە ساڵی ڕابردوودا ڕێگەی کراوەتەوە. زانایانی کۆمەڵایەتی لەباری سیاسییەوە بە وشیاری دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لەسەر کوردان (حەسەنپوور). لەوەش دەرچێ، سازبوونی جالییەکی کورد (diaspora) لە ڕۆژئاوا ڕێگەی کردووەتەوە بۆ پێوەندی زیادتر لە نێوان کوردەکان و جڤاتی ئاکادێمی لە ڕۆژئاوا. ژمارەی ئەو کوردانەی وا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی جۆربەجۆر دەخوێنن بە خێرایی زیاد دەکا. دیارە، ئەو تێزانەی کە لەلایەن ئەو جۆرە خوێندکارانەوە پێشکێش کراون زۆر بە دەگمەن خۆیان لە پێوەندی ژێندر داوە.[4] لێکۆڵینەوە بۆ وەرگرتنی دوکتورا بە دەرەجەی یەکەم زیادتر بە زمانناسی، سیاسەت، مێژوو و، کۆمەڵگە (کۆمەڵناسی)ەوە خەریک بوون.

لە جالییەی ڕۆژئاوادا، ژنانی کورد لە تەک خەبات و دەستکەوتەکانی ژنان ئاسیاوبوون. سەرەڕای گیروگرفتی زمانی و نەبوونی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی ڕێکخراو بۆ ڕاکێشان و بارهێنانی ژنانی موهاجیر، هێندێک لەوان بەرەو بیروڕاکانی فێمینیستی کێشراون و ئەو جۆرە بیروڕایانە شوێنیان تێکردوون. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەمانکاتدا، باڵادەستی و زاڵبوونی نەریتی پیاوان لە وڵاتە نوێیەکانی جێیی دانیشتنیان هەر بەردەوامە و ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفتی زۆر و زەوەند. ئەو گێرە و کێشەیە بەتایبەتی لە پێوەندی ئاماڵ دوژمنانەی دایکوباوک ـ منداڵی کچ، دەستلێکبەردان و تەڵاق بەڕادەی زۆر و، ئەو مەیلە لەناو هێندێک لە موهاجیر و پەنابەراندا کە بە ڕێگەی «پۆست» یان «ڤیدیۆ» ژنەکانیان هەڵبژێرن دێتە بەرچاو. گێرە و کێشەی پێوەندیدار بە ژێندرەوە زۆرجار لە میدیای موهاجیران و ئەدەبی هەندەراندا دەنگ دەداتەوە.

لە کاتێکدا ڕێکخراوە فێمینیستییەکان لە ڕۆژئاوا لەوانەیە نەتوانن خۆیان بگەیێننە جڤاتە تازەکانی موهاجیران، حیزبە سیاسییە کوردییەکان و ڕێکخراوەکانی فەرهەنگی موهاجیرانیش مەیل نیشان دەدەن بۆ وەخۆکردن و هێنانی ژنان بۆ ناو ڕیزەکانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕێکخراوە ژنانەی کە سەر بە حیزبە سیاسییە کوردییەکانن ئامانجیان

ڕاکێشانی ژنان بەرەو مەسەلە و ئاواتی ناسیۆنالیستی یە. چاوپێداخشانێک بەو گۆڤارە ژنانەیانەی وا سەر بە حیزبەکانن زاڵبوونی ڕۆژەوی ناسیۆنالیستی نیشان دەدەن.[٥]

سەرەڕای ئەو بەرتەنگییانە، ژمارەیەکی بەرچاو لە تاکوتەرایان لەو ساڵانەی دواییدا لەسەر ژنانی کوردیان کۆڵیوەتەوە. ئەوان وڵاتانی جۆربەجۆرن و قازانج و بۆچوونی بابەتی جۆراوجۆریان ڕەچاوکردووە. لە نەبوونی سەرچاوەی دەستاوێژی لەباردا، شوێن هەڵگرتنی ئەو تاک وتەرایانە یان کارە بڵاوکراوەکانیان زەحمەتە.

ئەمن دوای ئەوەی لە سەرەتای ١٩٨٠کاندا چوومە پیڵ بزووتنەوەی کورد مەیلم تێدا پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لە مەڕ ژنانی کورد. لە ساڵی ١٩٨٢، کاتێک لە سەر بیبلیۆگرافییەکی فارسی لەمەڕ ژنانی ئێران کارم دەکرد، هەستم بە نەبوون و بزربوونی لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندی ژێندرەکان لەناو کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کرد کە نێوەی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن. هەروەها لایەنی سرنجڕاکێش نەبوونی لێکۆڵینەوەی فێمینیستی، ئەدەبیات، سینەما، بەڵگە و ئاسەواری سەرچاوە و جێی دەستاوێژ بوو. ئەو نەدارییە ڕووناکبیرییە تەواو بەپێچەوانەی ئەو ویستە، یان باشتر برسێتییە بوو کە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە لەسەر ژنان و فێمینیزم لە گۆڕێدابوو.[٦] تەنانەت لە ڕۆژئاواش کە تێیدا زیادتر لێکۆڵینەوە دەکرێ ویستێکی بەرچاو هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردان. وا وەبەرچاودەهات بۆشاییەکی پڕنەکراوە لە نێوان لووزەوبەستن و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ژنان و پەیکەری دەوڵەمەندی بیرکردنەوە و وشیاریی فێمینیستی لە ئارادا هەبێ.

**پێویستی بۆ سازکردنی شەبەکەیەک**

لەژێر تاوی ئەم هەلومەرجەدا، حەوجێ بە هێنانی ئاسۆیەکی ژێندری بۆ ناو لێکۆڵینەوەی کوردی لەوساڵانەی دواییدا هەست پێکراوە. لە یەکەم کۆنفرانسی ژیانی شارنشینی کورد کە لە سێپتامبری ١٩٩٦، لە پاریس پێکهات، ژمارەیەک ژن بانگهێشتن کرابوون بۆ پێشکێشکردنی وتار و، بەم پێیە ڕەهەندێکی ژێندریش لەو بۆنەیە زیاد کرابوو. هیچکام لەو ژنانەی کە لەو کۆنفرانسەدا بەشدارییان کرد ئیدیعای ئەوەیان نەبوو کە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی شارنشینی پسپۆڕایەتییان هەبێ نەگەرچی هەرکامیشیان چ سەبارەت بە ژیانی ژنانی کورد لە کوردستان چ فێمینیسم مەیلیان هەبوو. لە ماوەی کۆنفرانسدا، ئێمە سەبارەت بە ئیمکانی سازکردنی شەبەکەیەک لەوانەی کە حەزیان لە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنانی کوردە دواین. پرۆژەیەکی دیکەی کە پێشنیارکرا ساخکردنەوەی کۆکراوەی ئەو وتار و نووسراوانە بوو کە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لەسەر ئەو بابەتەیان کۆڵیوەتەوە.

سەرەڕای پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بۆ پێوەندی، سازکردنی شەبەکەیەک بە لانیکەمەوە حەوجێی بە ڕێکخەرێک هەیە کە کاتی تەواوی هەبێ و سەرچاوەی لەدەستدابێ بۆ پاراستنی پێوەندی ئەندامانی گرووپەکە لەگەڵ یەکتریدا و، خۆی بە جۆرە پلان دارشتنێکەوە خەریک بکا. پێوەندی بە ئیمەیل (پۆستی ئەلەکترۆنی) هێشتا بەپانەوە لە بەردەست هەمواندا تەنانەت لە ئەنیستیتووەکانی ئورووپاش کە لەباری تێکنۆلۆژییەوە پێشکەوتوون. هۆیەکی گرینگ بۆ پێشکەوتنی پرۆژەکە بەستنی کۆنفرانسێکی لەباری مالییەوە باش دارێژراوە لە ئورووپا کە خەڵک بتوانن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئورووپا و ئەمریکای سەرووڕا بەشداری تێدا بکەن. وەک ڕێکخەری ئەم شەبەکەیە، ئەمن توانیومە پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی سەرەتایی گرووپەکە ببەستم و بەردەوام پەیامی شەبەکەکە بڵاوبکەمەوە. لە ماوەی کورتی چەند مانگاندا، ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەوان لە گەڵمان کەوتوون. لە هەمانکاتدا، پرۆژەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەش خەریکی جێ بەجێ بوونە. ئەمن پێشنیاری گردەوەکۆیی و سازکردنی بیبلیۆگرافییەکی فرەزمانەم کردووە، کە پشتیوانی لێکراوە. هەر لێکۆڵەرەوەیەک سرنج دەداتە سەر سەرچاوەی بیبلیۆگرافی بە زمانێک یان ئی وڵاتێک. ئینتێرنێتیش، دەرفەتی دیکە دەرەخسێنێ وەکوو سازکردنی وێب سایتێک و گرووپی قسە (chat group).

لە حاڵی ئێستادا، هیچ وڵاتێک سەرچاوەی ئینسانی (واتە لێکۆڵەرەوەی بەمەیل و فێمینیست)ی ئەوتۆی نییە یان لە وزەیدا نییە سەرچاوەی مالی بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنانی کورد لەبەردست بنێ. باوەکوو ئەوەش، ئێمە دەتوانین، لە یەکدووربوون و بڵاوبوونەوەمان بە سەرانسەری جیهاندا بکەینە هێز و گوڕ و شەبەکەیەکی بە توانا سازکەین. جیاوازیی زمان و نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتی تێکنیکی نابێ بە لەمپەر و تەگەرە دابندرێ. زۆربەی ئەو خەڵکەی خەریکی کاری ئاکادێمین بەڕادەی پێویست سەریان لە زمانی ئینگلیسی دەردەچێ، کە وەک هۆی پێوەندی نێونەتەوایەتی ئێمە کەڵکی لێوەردەگرین. لەڕاستیدا، جۆراوجۆربوونی زمانی خۆی دەوڵەمەندییکە. دنیای ئینگلیسی زمان، بەتایبەتی ئەمریکای سەروو، زۆرجار زۆرکەم ئاگای لە دەوڵەمەندیی نەریتی لێکۆڵینەوە و سیستمی زانست لە باقی جیهاندا هەیە. هاوکاران لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانن پارسەنگی نایەکسانیی دابەشبوونی هێز ڕاستکەنەوە، ئەو پارسەنگەی کە داودەزگای لێکۆڵینەوەی ئەمریکایی هەڵوێستی زاڵ و باڵادەستی تێدا هەیە لە زۆر بابەتانەوە و لەوانە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنان.

دامەزرانی بەرنامەی لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ژنان لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە ئاکامێکی ڕاستەوخۆی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانی ساڵانی شەستەکان بوو. زۆر لە فێمینیستەکان ئەمڕۆ وا هەست دەکەن کە بۆشاییەکی قووڵ لە نێوان ئەو پەیکەرەیەی زانست و کردەوەی بزووتنەوەی فێمینیستی لە گۆڕێدایە. بە گوتنێکی دی، خەبات «لەگەڵ خراوە». وا وەبەرچاودێ کە یەک لە بەربەرەکانییەکانی هەر حەولدانێکی ئاکادێمی توانایی وی بۆ خۆپاراستن لە ئیلیتیزمە ئەوە بەتایبەتی سەبارەت بە بزووتنەوەی فێمینیستی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد وەڕاست دەگەڕێ. ژنانی کورد تەنێ هەر نابێ ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێمە. ئەوان دەبێ خۆشیان کارا و سووژەی چالاک بن. تا ئێستا، ئێمە لە گرووپەکەماندا هەر ژنێکی کوردمان لەگەڵە. گومانی تێدا نییە ئیدیکەشمان لەگەڵ دەکەون.

بەرتەنگییەکی دیکەی زۆربەی ئێمە لە شەبەکەکەماندا تەبیعەتی بەرعۆدەیی پیشەیی ئێمەیە. سەبارەت بە خۆم، ئەمن دەبوو کارەکەم هەر بە سرنجدانی ژنانی کورد بەرتەنگ کەم بۆ ئەوەی بتوانم بڕوانامەیەک بنووسم، لە پایەیەک بگەڕێم و، بۆ پەیداکردنی خانوویەک تێبکۆشم. گشت ئەوانە کاتێکی کەم دەهێڵنەوە بۆ پرۆژەیەک کە لە باری پیشەییەوە شیاوی نرخاندن نییە چونکوو لەوانە نییە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دەرسگوتنەوەی ئێمەوە پەیدابکا.

دەوڵەمەندییەک جۆراوجۆربوونی ڕوانگەی شەبەکەکەی ئێمەیە. هێندێکان مەیلیان تێدایە بۆ لیکۆڵینەوەی بڕێک لایەنی ژیانی ژنان بەڵام کاری فێمینیستی ناکەن. چ ژن چ پیاو

دەتوانن لەگەڵ گرووپەکە بکەون. ئەمڕۆ، خەباتی تیۆری و میتۆدیک جێیەکی هەڵکەتوویان هەیە لە گشت بوارەکان بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەی فێمینیستیدا. ئەمن دڵنیام هێندێکمان تێکەڵی دمەتەقەیەکی زۆری رەخنەگرانە دەبین سەبارەت بە پرسی تیۆری.

**ئەنجام**

کەیسی کورد بەردەوامبوونی نێونەتەوایەتی بوونی فێمینیزم چ وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی و چ وەک پرۆسەیەکی پێکهێنانی زانست نیشان دەدا. ئێمە لێرەدا کار لە سەریەککردنێکی پێچەڵپێچ دەبینین لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یان باکوور و باشووردا. داوخوازی ژنانی کورد بۆ ڕزگاریی ڕیشەیی لە چەوساندنەوەی سیستمی بابەزنی فیۆداڵی دایە، ئەگەرچی، ئەو خەباتە لەلایەن ژنانی ڕۆژئاواوە، پشتی گیراوە و دنەدراوە. زۆر لە زانیاریی سەبارەت بە بزووتنەوەی فێمینیستی لە ئورووپا ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی مێدیای چاپ و، تاڕادەیەکی بەرتەسکتر، بە ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ ئورووپا و بە قسە هاتووە. ئەو پرۆسەیەی فێربوون و کردەوەییە بە پێی پێوەندی لە خۆوە، نارێکخراو و نارێک لە نێوان دوو دنیایاندا هاتووەتەگۆڕێ. چ کۆنفرانس، چ شەبەکەی چالاکان لە گۆڕێدانەبووە و چ ئازادییەکی سیاسیش نەبووە بۆ سازکردنی هاوپێوەندی.
لە باشوور برسێتییەک بۆ زانیاری ڕادیکاڵ و کردەوە لە ئاستی نێونەتەوایەتی لە ئارادایە. فێمینیزمی ڕۆژئاواش دەتوانێ پرۆژە ناتەواوەکانی خۆی بە فێربوون لە بزووتنەوەی ژنان لە باشوور زیندووکاتەوە. لە چوارەمین کۆنگرەی جیهانی کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ ژنان لە پێکەن (Beijing) لە ساڵی ١٩٩٥، کۆمەڵێک لە هێزە کۆنسرڤاتیڤەکان لە ڤاتیکانەوە بگرە تا کۆماری ئیسلامی تێکۆشانی خۆیان هاوئاهەنگ کرد بۆ بەرهەڵستی ژنان لە پێناو ڕیفۆرمی جیدی دا. حەوجێ بە هاوپێوەندی قەت ئەوەندە بە تەوژم نەبووە.

**پەراوێز**

١- داستانی کوژرانی ئەو ژنانە بە دەست دەمارگرژانی ئیسلامی و نەریتپەرستەکان هێشتاش دەبێ بنووسرێتەوە. چاپەمەنی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستانی عێراق و هێندێک ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بەشێک لەو بەڵگانەیان وەڕووخستووە.
٢- لەو ساڵانەی دواییدا، زانکۆی ئوپسالا لە سوێد دەورەی کوردیی خۆی پەرەپێداوە و گەیاندوویەتە ڕێکی بەرنامەی خوێندنی BA(لیسانس)؛ لە پاریس دەورەیەکی دیپلۆمی دوو ساڵەی خوێندنی کوردی لە ئەنیستیتووی نەتەوایەتی زمانان و شارەستانییەتی ڕۆژهەڵات هەیە. لە هێندێک لە زانکۆکانی ئورووپا و ئەمریکا دەورەی جارناجاری خوێندنی زمانی کوردی هەبووە.
٣- بۆ بەشاهیدگرتنی چەندنموونە، D. N. Mackenzie ڕێگەی نەدرا لە دیالێکتەکانی کوردی لە نێوان ساڵانی ٥٤-١٩٥٦دا بکۆڵێتەوە (Mackenzie)؛ لێکۆڵینەوەیەکی گرینگی Martin van Bruinessen سەبارەت بە وەفادارییە سەرەتاییەکان لە کوردستان بە شێوەیەکی جیدی بەرتەنگ کرا لەبەر ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێران، تورکیا و سوریا دەستیان گێڕایەوە لەوەی ئیزنی لێکۆڵینەوەی بۆ دەرکەن (van Bruinessen 1992). کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بەشیکچی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ١٣ ساڵی زیندان بۆ بڕایەوە لەبەر بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی و سیاسییەکەی خۆی سەبارەت بە کوردان (van Bruinessen 1992).
٤- هەڵسەنگاندنی بیلیۆگرافی ئەو تێزانەی لە بریتانیا، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاناد و فرانسە نووسراون لەلایەن منەوە دەریخست کە تەنێ هەر تێزێکی MA(ماستر) بە دەستەوەیە (ئیفتیخاری ١٩٩٤).
٥- هێندێک لە گۆڤارەکان بریتین لە: **ژنا سەربلند** (ژمارە ٤، ١٩٩٣) کە لە ئاڵمان لەلایەن «یەکێتیا ژنێن ولاتپارێزێن کوردستان»ەوە بڵاودەکرێتەوە، لایەنگری پکک یە. **ژیان** (ژمارەی ١، مارسی ١٩٩١)، لە ئاڵمان لەلایەن «یەکێتیا ژنێن کوردستان» یان **کۆمژن** بڵاودەبێتەوە؛ **یەکبوون** (ژمارە ٢، ١٩٩٠) لە هولەند لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بڵاوبووەتەوە. لە تورکیا، گۆڤارێکی ژنانەی کوردی، **ڕۆسا**، لە ساڵی ١٩٩٦ لە ئەستەنبووڵ بڵاوبووەوە بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتەوە قەدەغە کرا. چەندین گۆڤاری ژنان لە کوردستانی عێراق بڵاوبوونەتەوە. یەکیان **تەوارە** (ژمارە ٨٠، ١٩٩٤) لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە بڵاوبووەتەوە. بڵاوبوونەوەی گۆڤارێکی فێمینیستی، **دەنگێ**، لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕاگەیێندرا وەکوو کارێکی هاوبەش لەلایەن ژنانەوە لە کوردستان و ئورووپا. ئاخرینیان گۆڤاری فێمینیستی **ژنە** کە لە سوێد لەلایەن دەستەیەک ژنی کورد وسوێدی بڵاوبووەتەوە.
٦- سەرکوتکردنی فەرهەنگ و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگەی نەداوە کوردەکان ئارشیڤ و موززەخانە یان تەنانەت کۆکراوەی نامە و بەڵگە بپارێزن، بۆیە کەرەستەی ئارشیڤی و مادەی بڵاوکراوە کە لە ماوەی چەندسەدەی پێشووەوە لە ئورووپا پارێزراون سەرچاوەیەکی گرینگن بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی کورد.

**سەرچاوەکان**

**van Bruinessen, Martin.** *Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan*. London: Zed Books, 1992.

**van Bruinessen, Martin.** "Matriarchy in Kurdistan? Women Rules in Kurdish History." *International Journal of Kurdish Studies* 6.1-2 (1993): 25-39.

**Eftekhari, Aumecolsoum**. *La sitution de la femme kurde au Kurdistan iranien (Moukrian)*. Memoire de Maîtrise, Sociologie de la Culture, Université Paris X, Nanterre, 1984.

**Hassanpour, Amir**. "Kurdish Studies: Orientalist, Positivist, and Critical Approaches." *Middle East Journal* 47.1 (1993): 119-122.

**MacKenzie, D. N**. *Kurdish Dialect Studies 1*. London: Oxford up, 1961.

**Mojab, Shahrzad**. "Women in Politics and War: The Case of Kurdistan." *Women in International Development Publication Series*. Working Paper 145. Michigan State University. Sept. 1987.

**Tahir Sharif, Abd al-Sattar**. *Al-jam´yat wa al-monazamat wa al-ahzab al-kurdiyya fi nesf qarn 1908-1958. (Kurdish Societies, Organizations, and Parties in the HalfCentury 1908-1958)*. Bagdad: Dar al-Huriyya li al-Taba´a, 1989.

باسەکەمان گەیشتۆتە سەدەی بیستەم، سەدەیەک پڕ لە گۆڕانکاری لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵدا. بۆ باس لەسەر چۆنییەتییەکانی ئەم سەدەیە، لێکۆڵینەوەیەکی هەرە بەربڵاو پێویستە چونکە هەر بابەتێک بۆ خۆی بۆتە زانستێک و دەبێ تایبەتکاری ئەو زانستە لێی بکۆڵێتەوە، بە تایبەت باسی ژنان و خەباتیان بۆ ئازادی یەکێک لە بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکانی سەدەی هاوچەرخە، تا ڕادەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەم سەدە سەدەی وریا بوونەوەی ژنانە و خەباتیان بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان و پەیدا کردنی دەور لە کۆمەڵدا و پاشەکشە کردن بە دەسەڵاتی پێنج هەزار ساڵەی پیاوان، گەیشتۆتە قۆناخێکی تایبەتی. ئەم باسە بە یەک کتێب و دووان نابڕدرێتەوە. لەخۆیەوە دیارە کە ئەم چکە نووسراوەش دەرفەتی پێڕاگەیشتنی ئەم هەموو ئەرکەی نییە. ئێمە باسەکەمان لەسەر ڕووداوەکانی یاسایی لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە درێژە دەدەین و هیوامان ئەوەیە کە ژنە زانستکارەکانمان قوڵی لێ هەڵکەن و هۆکار و ئاکامی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە شێنەیی بپشکنن و دەستمایەیەک بدەنە دەستی ژنانی لە هەموو لایەکەوە بەشخوراوی کوردەوە.

ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە لە ئووروپا کرابوو پاش نزیک بە سەد ساڵ گەیشتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هێزی تازە پشووی تیجارەت و پیشە دەستی کرد بە داوا کردنی بەشی خۆی لە دەسەڵاتدا. هێزی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی کۆن پاش بەرگری و شەڕ و هەڵایەکی زۆر ئاخری گیانی دا بە دەستەوە و لە تورکیا جێگای بۆ جەمهووری چۆڵ کرد و لە ئێران بۆ مەشروتە (دانانی پارلەمان).

لە هەر دوو لا یاسای ئەساسی (بنچینەیی) دانرا و بە ڕواڵەت دەبوا یاسا بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بێ نەک تاکە کەس و تاقم. بەڵام ئەم یاسا بۆ خۆی تەنیا جێگای بۆ پیاوی خاوەن پارە کردەوە و چینەکانی کرێکار و جووتێر و لەسەرەوەی هەمووان ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ لە کەرەمی ئەم یاسایانە کە پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی کۆن و نوێ دایان نابوو، بێ بەش بوون. بۆ وێنە لە ١٩٢٠ پارلەمانی میللی تورکیا دامەزرا و هەموو دەسەڵاتی بەدەستەوە

## بەشی سێزدەهەم:

## «ژیلا. ف» و «تەیفور»

گرت و لە ١٩٢٤ خەلافەتی بۆ هەتاهەتایە لە یاسادا کوژاندەوە و لە کۆنفرانسی لۆزان خۆی وەکوو جەمهووری تورکیا ناساند، بەڵام پارلەمان بەس نوێنەرانی چین و توێژە دەستڕۆیشتووەکانی تێدا بوو. بەم شێوەیە: نوێنەرانی پێشوو و نوێنەری لەشکر و ئیدارەکانی دیکەی دەوڵەتی ٤٠٪. پیشەوەر ٢٠٪ زەویندار و توجاری دەوڵەمەند ٢٠٪ و ڕێبەرانی دینی ١٧٪.[1]

هێزی نوێ نەیدەتوانی گەشەکردنی سەرمایەکانی دابین بکا، ئەگەر هەموو دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبا و ئورگانەکانی سەر بە خۆی پێکنەهێنابا. بۆیە حاکمانی تازە دەستیان کرد بە گۆڕانکاری لە هەموو بەشەکاندا و یەک لایەنەکردنەوەی دەسەڵات. پێش هەموو شتێک سوپای یەکگرتوو و مۆدێرن بۆ پارێزگاری لە بازاڕەکان پێکهات. ئەم لەشکرە دەبوا فەرمان لە دەوڵەت بەرێ نەک لە تاکەکەس. دوایە خوێندن و بارهێنان بۆ ئیشی نوێ لە کارگە و کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکاندا. پاشان پێکهێنانی کۆمەڵێک کە بتوانێ بەرهەمی کارگە و کارخانە مەسرەف بکا. واتە گەشەکردنی ئابووری تەنیا یەک لایەنی نییە، دەبێ گەشەکردنی تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵی لەگەڵدا بێ. هەموو بینای سیاسی و کولتووری تەنانەت ڕەوانی (پسیکۆسوسیال)یش بگۆڕدرێ. دەنا پێشکەوتنەکە ناتەواوە و دەلەنگێ و قازانجی تەواو نادا.

ژنان لەم سەردەمەدا وەکوو هێزێکی هەرزانی کار (بۆ بازاڕی کار نەک بۆ کاری نێومال) دەکەونە بەرباس. خاوەن دەسەڵاتی نوێ دەبوا ئەم هێزە لە زیندانی ماڵ و شەرمە و حیجاب ڕزگار بکا هەتا بتوانێ بەکاری بهێنێ. بەڵام کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگای ئەم گۆڕانکارییەدا بوو. ئەوەش یاسا و شەریعەتی ئایینی بوو کە ئاخر پێگەی هێزی کۆن بوو و بەم هاسانییە چۆڵی نەدەکرد. کۆمەڵ و مێژوو مەنتێقی خۆیان هەیە و کەرەسەی گۆڕانکاری لەکاتی خۆیدا دێتە بەردەست و پلە بە پلە هەلو مەرجەکە ساز دەبێ. بۆ وێنە: لە ساڵی١٩٢٤ لە تورکیا هەموو قوتابخانەکانی ئایینی داخران. هەر لەو ساڵەدا هەموو دادگا ئیسلامییەکان کە قازی شەرعیان هەبوو داخران و قازی شەرعەکان خانەنشین کران.[2] هەر وەها لەبەر کردنی عابا قەدەغە کرا. ئاخری لە ١٩٢٨ ئیسلام وەکوو دینی ڕەسمی وڵات لە یاسای بنچینەیی لابرا و پێویستی حوکمە شەرعییەکان لە لایەن پارلەمانەوە لە یاسا سڕایەوە.

لە نەوامبری ١٩٢٨ فەرمانی پارلەمان لە سەر گۆڕینی خەتی عەرەبی بە خەتی لاتین دەرچوو و لە نیوەی ساڵی دوایی هەموو ڕۆژنامەکان بوون بە لاتین.[3] خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەس بوو بە ئیجباری و بە خۆڕایی.

لە ئێران دا یاسای مەشروتە دەستی لێ نەدرا بە پێ یاسای مەشروتە، ئەسڵی دووهەمی زیادکراو (متمم)ی یاسای ئەساسی، دەبوا پێنج کەس لە مەلا پایەبەرزەکان وەکوو چاوەدێر داندرێن کە پارلمان هەر بڕیارێکی دەرکرد ئەوان چاوی لێ بکەن کە لەگەڵ ئیسلامدا (بە گوێرەی هەر ئەم یاسایە مەبەست شەریعەتی شیعەیە) یەک بگرێتەوە. دیارە ڕەزا شا زۆری گوێ نەدەدایێ.

چەند بڕگەی دیکەی یاسای ١٩٢٤ تورکیا سەبارەت بە ژنان سەرنج ڕاکێشە:

١- یاسای نیزامی یەکگرتوو، بۆ فێرکردن و بارهێنان (١٩٢٤) لە مەدرەسەکاندا کوڕ و کچ تێکەڵ بوون.

٢- یاسای مەدەنی، بە پێی ئەم یاسایە ژن و پیاو لە باری هاوسەرایەتی، تەڵاق و کەفالەت و میراتەوە مافی یەکسانیان هەیە. ژن و پیاو هەردووک دەتوانن داوای تەڵاق بکەن. ئەگەر جوێ بوونەوە دادگا بڕیار دەدا کە منداڵەکان بە کێ بدا. ئەگەر یەکیان بمرێ خۆ بە خۆ کەفالەتی منداڵان دەدرێ بەوی دیکە. وەکوو کۆن نییە کە باپیر یان مام ببێتە کەفیل. پیاو و ژن وەک یەک میرات دەبەن. ژنی بێ مێرد یان کچ دەتوانێ بە ئازادی کار بۆ خۆی پەیدا بکا و بنەماڵە ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێ بەڵام ژنی شوودار دەبێ لەگەڵ مێردەکەی ڕێککەوێ و بڕیاری بنەماڵە زیاتر بە پیاوە. ئەگەر ژن پێی وابێ مێردەکەی چاک بەڕێوەی نابا دەتوانێ سکاڵا بکا. ژن هەموو جۆرە بیمە (پارێزە)یەکی کۆمەڵایەتی وەکوو پیاوی هەیە و پارێزەی تایبەتی دایکانەشی هەیە.

٣- یاسای یەک جۆر کردنی جل و بەرگ(١٩٢٦)کە لە ڕاستیدا جۆرێک لابردنی حیجاب بوو.
چەند ژن هێنان لە یاسای تورکیادا لابرا و تەڵاق دەبوا بە حوکمی دادگا بێ و ژنان لە برێک هەلو مەرجدا مافی تەڵاقیان پێدرا.
لە(١٩٢٦) دا مارە و تەڵاق دەبوا لە دەفتەرخانەی رەسمی کرابا و مارەی شەرعی وەکوو مەرج لابرا.
لە ٢٥ نەوامبری ١٩٢٥ دا ژنان هان دران کە چارشێو لەسەر نەکەن (لابردنی حیجاب) بەڵام ئەگەر لە سەریان کردبا قەدەغە نەبوو.
لە ١٩٢٩ یەکەم خاتوونی جوانی تورکیا هەڵبژێرا.[٤]

دانانی جلی یەک جۆر ولابردنی حیجاب (١٧ دی ١٣١٤ /١٩٣٦) لە ئێراندا هەر ئەو سیاسەتەی تورکیای لەبەر چاو بوو، بەڵام لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر کەمی ژنان لە کارگە و کارخانە دەستیان بەکار کردبوو، جگە لەوە مافی چارشێو لەسەرکردنی لە ژنان دەستاند و هیچ مافێکی دیکەی نەدەدانێ و کۆمەڵ هەر بە یاسا کۆنەکان مافی ژنی دیاری دەکرد. چونکە دەم و دەزگای دینی و مەلاکان دژایەتییەکی زۆریان کرد، بەڵام زۆریان پێ نەشکا پێشی پێ بگرن. هەرچۆنێک بێ ئەم تەکانە لە لایەک ژنانی وریا کردەوە و لەلایکی دیکەوە دەری خست کە دەم و دەزگای دینی چەندە دژی ژنە.
ناکۆکییەک کە پێک هاتبوو ئەوە بوو کە ژیانی شارستانییەت پێ بە پێی گەشەکردنی سەرمایە و هاتنی دەستکردەکانی ڕۆژئاوایی نەبوو و هەوڵ دەدرا لە هێندێ بەش ناوەرۆکی تازە لە قاڵبێکی کۆن و لە هێندێ بەشی دیکە قاڵبی کۆن و ناوەرۆکی تازە لە پاڵ یەکدا جێ بکەنەوە. ئەمە ئەو دژلەگەڵەیە کە هێشتاش نەخۆشینی ئەو وڵاتانەیە.
یەکێک لە گۆڕانکارییە سیاسییە گرینگەکان لەهەر کۆمەڵێکدا، دانی مافی دەنگدانە. ئەوەی مافی هەیە دەنگ بدا، بە مرۆڤێکی تەواوی ئەو کۆمەڵە دەناسرێ. گەرچی لە وڵاتانی وەکوو وڵاتی ئێمەدا خەڵک بە وتەی "ڕۆسۆ" هەر ئەوڕۆژە کە دەنگ دەدەن مرۆڤن و پاشان دەبنەوە کۆیلە، بەڵام دەنگدانی ژنان خاڵێکە بۆ بەشداری و لە ژمارە هێنانی ژنان لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا. واتە ددان بەوەدا نان کە ژنیش هەیە و مافێکیشی هەیە.
لە ساڵی ١٩٣٤ دا مافی دەنگدان و دەنگ وەرگرتن لە تورکیا بە ژنانیش درا. مافی دەنگدان لە ١٩٣٠ بۆ شارەوانییەکان و لە ١٩٣٣ بۆ شورای دێ و لە ١٩٣٤ بۆ پارلەمانی میللی درا بە ژنان. هەروەها بۆ وەرگرتنی کار و هەروەها خزمەتی ئیدارەکانی دەوڵەتی مافی یەکسان لەگەڵ پیاو درا بە ژنان[٥] کەچی لە ئێران دەبوو هەتا ١٩٦٣ چاوەڕوان بکرێ هەتا فەرمانی دەنگدانی ژنان[٥] دەرچێ کە بوو بە هۆی هەرای سەرپشکە ئیسلامییەکانی قوم. ئەوان هێشتا گۆڕانی سەرمایەدارییان نەچووبووە مێشکەوە، ئەوە بەشێک بوو لە ڕیفۆرمێک کە دەبوا بە دژی دەرەبەگایەتی لە ئێران دا کرابا هەتا پێستەی پێویست بۆ سەرمایەداری پێک بێ، واتە هێزی کار کە گرێ درابوو بە زەوینەوە ئازاد بکرێ و بێتە نێو کارگە و کارخانەوە. دواتر کە خۆیان هاتنە سەرکار دژایەتییان لەگەڵ دەنگدانی ژنان نەبوو، چونکە یەکەم نەیاندەتوانی پێشی ڕەوتی مێژوو بگرن و بەشداری ژنان لەکۆمەڵدا لەوە ترازابوو کە ئەوان بتوانن کۆتایی پێ بێنن. دووهەم دەیانزانی ژنان دەنگ بۆ دەسەڵاتی ئەوان دەدەن.
بەم شێوە هەلی لەبار بۆ بەشداری ژنان لە کۆمەڵدا پێکهات گەرچی بەشێکی زۆر کەم بوو، بەڵام لەچاو هەلو مەرجی پێشووتردا هەنگاوێکی گرینگ بوو. چەند نموونە ئامار نیشان دەدا کە چۆن لە ماوەیەکی کورت دا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەرفەتی خوێندن و کاریان بۆ هەبووە.
لە ١٩٢٣ هەتا ١٩٤٠ ژمارەی قوتابییان لە تورکیا بوو بە سێ بەرانبەر. لە ١٩٤٠دا ١١،٢٪ ژنان خوێندەوارییان هەبووە. دیارە هەرچی لە ناوەندەوە دوورتر با نەخوێندەواری زۆرتر دەبوو.[٦]
هەتا کۆتایی شەڕی دووهەم خوێندەوارانی وڵات ببوون بە ٣٠ لەسەد کە لە شارەکاندا ٦٠ لەسەد بوو. ژمارەی کرێکارانی کارخانە لە ١٩٢٣ بوو بە ٢٥ هەزار، لە ١٩٤٠ بوو بە سێسەد هەزار و دوو بەرانبەری ئەوەش لە کارگە چوکەکاندا بوون.
لە ساڵی ١٩٥٦دا ٣١٪ ژنی شارنشین لە ئێران هەیە، بەڵام دواتر خەڵک ڕوویان کردە شار بۆ کار. بیست ساڵ دواتر بووە ٤٦٪. هەر وەها لە ١٩٥٦دا ٧،٣٪ی ژنان خوێندەوارییان بووە بەڵام بیست ساڵ دواتر بووەتە ٣١٪. هەر بە پێی ئەم ئامارە لە ١٩٦٦دا ١٨،٤٪ی ژنانی دە ساڵ بەرەوسەرێ خەریکی خوێندن بوون، دە ساڵ دواتر ئەم ژمارە بووەتە ٣٠،٨٪.
لە ئێراندا بە پێی ئاماری رەسمی دەوڵەت لە ١٩٧٢دا ٨٩٠ هەزار ژنی کرێکار هەبووە و لە ئیداراتی دەوڵەتیدا ٢٠١ هەزار ژن کاریان کردووە و هەشت ملیۆن خانەدار بوون. هەر بە پێی ئەم ئامارە ژمارەی نەخوێندەواری پیاو ٦٠٪ بووە و ژنان ٧٥٪.[٧] بەشێکی زۆر لەم کرێکارانە لە بەشی پارچە و مافوورەدا کاریان کردووە. لە ١٩٥٦دا ٢٢٣٠٠٠ژن لەم بەشانەدا کاریان کردووە لە بیست ساڵ دواتر بۆتە ٤٣٨٠٠٠ کەس.[٨] وەک دەزانین ئەم ئامارە نێوەنجی یە و لە هەموو جێگایەک وەک یەک نەبووە. بۆ وێنە لە ١٩٧٦ لە شاری سنەی ٩٦ هەزار کەسیدا تەنیا ٢٢٠٧ ژن کاریان هەبووە، لە بەرانبەر ٢٤٩٠٤ پیاودا.[٩]
پێ بە پێی ئەمانە وەزعی کار و پیشە و تیجارەت و ڕێگاکێشان و بەتایبەت سەرمایەی بانکی بەرەوپێش چووە و بوژاوەتەوە. ئەوەی گرینگە بزانین کە لە بەشی سیاسیدا ژنان بە دەگمەن نەبێ ڕێگا نەدراون. جار جار یەک دوو ژنیان بردۆتە پارلەمان، کە ئەویش ڕەنگیان هەبووە و دەنگیان نەبووە.
ئەم ڕەوتە هەروا سەربەرەژوور نەڕۆیشت، پاش ماوەیەک بازار تیکمە بوو. گەشەی کارگە و کارخانە و دایرەی دەوڵەتی وەڵام دەرەوەی ژماری دانیشتوان نەبوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد و پێویستی بە کار و کەرەسەی ژیان هەبوو. ناڵەباری ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە کڕیاری نەوت و کاری هەرزانی کاری کردە سەر بازاڕی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێکاری خۆی نواند. کرێکاری کورد و تورکی ئاڵمان پارەیان پێ دەدرا کە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.
ئەگەر زانیمان خاوەن کار هەموو کاتێک لە قازانجی زیاتر دەگرێ و یەکەم قازانج ئەوەیە کە مزەی کەمتر بە کاریگەر بدا، ئەوە دەزانین هەموو کاتێک دەبێ لەشکرێکی بێکار ڕاوەستێ کە بە نرخی هەرزانتر ئامادە بێ بۆ کار. یەکەم ڕیزی ئەم لەشکرە ژنان پێکی دێنن.
لە وڵاتانی وەکوو لای ئێمە کە دیکتاتۆرییەکی بێ ڕەزا لەسەر کارە و خەڵک ناتوانێ بە دانانی سندیکا و کۆمەڵە و حیزبی سیاسی و شتی لەم بابەتە بەرگری لە مافی کۆمەڵایەتی و مافی کار بۆ خۆی بکا، بازاڕ هەر بە شێوەی دڕندانەی سەردەمی کۆن دەمێنێتەوە و هەرکەس بەهێزتر بێ و زیرەک تر بێ ئەوە دەیباتەوە. واتە ژنان کە دەرفەتی ئەوەیان لە کۆمەڵدا پێ نادرێ کە خۆیان ئامادەی ئەو شەڕی ئەو مەیدانە بکەن، یەکەم دۆڕاون. لە لایەکی تروە گۆڕانەکە ئەوەندەی نەخایاندووە کە کار بکاتە ناو بنەماڵە و ڕوانگەی کولتووری خەڵک، بۆیە ئەو بە کەم ژماردنەی ژن هەر ماوە. مەبەست ئەوەیە کە یەکەم قوربانی ناڵەباری ئابووری وڵاتان ژنانن.
بۆ ئەوەی بە ژنان بڵێن جارێکی دیکە بچنەوە ماڵێ، دەبوا گۆڕانێک لە یاساکاندا بکەن نەکا

ژنان ئەم گۆڕانە بە ناحق بزانن. بۆیە دەبینین لە تورکیا، لە ١٩٤٩ جارێکی دیکە دانانی قوتابخانەی ئایینی ئازاد دەکرێ و لە مەدرەسە ئاساییەکاندا دەرسی دینی دادەنرێتەوە. زانستگای دینیش جارێکی دیکە دانرایەوە.[10] لە ١٩٥١ بانگدان بە تورکی لاچوو و جارێکی دیکە زمانی عەرەبی بوو بە زمانی دین.

یاسای بنچینەیی تازەی تورکیا کە لە ١٩٦١ دانرا سەبارەت بە مافی ژنان ئەوەیە کە دەست نیشان دەکا کە هەموو دانیشتوان بێ لەبەرچاو گرتنی جنس دەتوانن لە ڕێکخراوە دەولەتییەکاندا و لە سوپا (لەشکر)دا خزمەت بکەن. بەڵام چەندە ڕێگایان پێ دەدرێ باسێکی دیکەیە. لە بەرانبەردا بە پێی (بڕگەی ٣٦)بنەماڵە وەکوو بنکەی کۆمەڵایەتی تورکیا ناوبراوە و بە ئەرکی دەولەت زانراوە کە هەر شتێک لە دەستی دێ و بە چاکی دەزانێ بۆ پشتگیری لە بنەماڵە و پشتوانی دایک و منداڵ بە جێ بێنێ. یانێ ژن و منداڵ دیسان پێکەوە گرێ بدەن و ئەرکی سەرەکی ژن بە منداڵ بەخێو کردن دانێن، ئەمە کاتێک زیاتر خۆی دەنوێنێ کە بزانین هەر لەم یاسادا دەڵێ: کار دەبێ لەگەڵ توانایی کارگەرەکە یەک بگرێتەوە و کاردان بە منداڵ و ژن بە پێی ئەم یاسا دەبێ ئیزنی تایبەتی بۆ وەرگیرێ (بڕگەی ٤٣).[11]

لە ئێران ڕەوتەکە زۆر بەرچاوتر و نالەبارترە. پاش ئەوەی جەمهووری ئیسلامی هاتە سەرکار ئەگەر بزانین لەم بیست ساڵەدا ژمارەی دانیشتوان بووەتە دوو بەرانبەر و بەشێکی زۆری سەنعەت لە قازانج کەوتووە، دەزانین کە دەبوا ژنان بگێڕنەوە ماڵێ. لەم بوارەدا سیاسەت وابوو کە ئەو ژنانەی کە کاریان هەبوو خۆیان خانە نشین (تەقاعود) بکەن، لە ڕێگای کڕینەوەی خزمەتەکەیانەوە.

لە٢٩ مانگی جونی ١٩٦٠دا فەرمانی حیجابی ئیجباری لە لایەن خومەینی یەوە دەرچوو. سزای بێ حیجابیش لە لایەن حاکم شەرعەوە ٤٥ ڕۆژ زیندان یان ٧٦ شەلاخ و ٢٠٠٠تمەن جەزا دیاری کرا. دیارە چۆنیەتی حیجابەکەشیان بۆ خۆیان دیاری دەکرد. بەدەرەوەبوونی قژ، هەرجۆرە ڕازاندنەوەی سەر وچاو و لاک لە ناخون دان و لە پێ کردنی دەرپێ تەنگ و ...

- ژنان هان دەدران بۆ ئەوەی کاری نێو ماڵ بکەن و خودی ژنان ئەو فکرەیان بۆ پەیدا بێ کە جێگایان لە ماڵە. یانێ فێرکردنێک لە ڕێگای تلەویزیۆن و ڕادیو و... هاتە گۆڕێ، کە ژن خۆیان نەیەنە دەرێ بۆ کار. بۆ وێنە لە کتێبی سەرەتایی منداڵاندا باسی کار و پیشە کراوە بۆ پیاو، ٢٧ کار ژمێردراوە کە لە دەرەوەی ماڵە. بەڵام بۆ ژن تەنیا مامۆستایی قوتابخانە وەکوو ئیش و کار نووسراوە. یانێ منداڵان فێر دەکەن کە بزانن ئیشی ژن تەنیا لەماڵدایە.

- ئازادانی ژنان بە بیانووی حیجاب و جێگای کاری جیاواز و نەدانی بیمە و نەبوونی جێگا بۆ ڕاگرتنی منداڵ و ... ڕەوشتێکە کە ژنان ناچار بکەن لە ماڵ دانیشن. ئەوان لە زۆر جێگای زانستی دا وەکوو علوم و تەکنیک و هونەر مەنعی یاساییان هەیە.

"بە پێی بڕگەی ١١١٧ی یاسای مەدەنی پیاو ئەگەر کاری ژنی بە مەسڵەحەت نەزانی دەتوانێ پێشی پێ بگرێ. لە یاسای سەربازی دا دەڵێ (بڕگەی ٣٢) ژن تەنها بۆ بەشی دەرمان و نەخۆشخانە دابندرێ و جێگای کاریشی لەگەڵ مێردەکەی بەراورد بکرێ. ژن دەتوانێ ببێ بە پۆلیس بەڵام تەنیا بۆ کاری تایبەتی وەکوو زیندانی ژنان. ژن سەربازی کردنی ئیجباری بۆ نییە.

بە پێی یاسای دادیاری ژنان مافی دادیاری و قەزاوەتیان نییە. یاساکە دەڵێ، قازی لە نێو ئەو پیاوانەدا هەڵدەبژێردرێ کە... دواتر بەشێک وەک تێبینی لێ زیاد کراوە کە ڕێگا دەدا بە بەرپرسی ئیدارەی دادیاری کە بۆ کاری ئیداری و یارمەتی دانی قازی ژن بەکار بهێنرێ.

بڕگەی ١٥ی پشتیوانی بنەماڵە دەڵێ: ژن بۆی هەیە سکاڵا بکا، هەروەها پیاو دەبێ ئەو نارەزاییەی خۆی بە دادگا بڵێ. ئەگەر دادگا ڕای لەسەر بوو ئەوە بە خاوەن کاری ژنەکە دەڵێ کە وەدەری نێن. دیارە مەسڵەحەتی بنەماڵە هەموو کاتێک پیاو دیاری دەکا و ئەمەش بە پێی بڕگەکانی دیکە دەردەکەوێ.

بەپێی ئەسڵی ١١٥ یاسای ئەساسی سەرۆک جەمهوور دەبێ پیاو بێ. وەزیر بە پێی بڕگەی١٣٣ نەگوتراوە دەبێ حەتم پیاو بێ بەڵام هەتا ئێستاش پاش ١٧ ساڵ یەک وەزیری ژن دابین نەکراوە.

لە جەمهووری ئیسلامی دا هەموو بڕیارێک لە کۆتاییدا دراوەتە دەست عولەمای خاوەن اجتهاد(ئەسڵی دووەم و سێهەمی یاسای ئەساسی) و تا ئێستاش نەدیتراوە ژنێک بووبێ بە موجتەهید. دیارە ئەوانیش نگابانی شەریعەتی ئیسلامین کە لە پێشدا هەبووە و ئێمەش بە درێژی باسمان کردووە. بە پێ ئەسڵی ٩٨ لێکدانەوەی یاسا هەر بە ئەستۆی شۆرای نگابانە کە لە پێنج ئایەتوڵلا دروست بووە.

بڕگەی١١٠٦ یاسای مەدەنی دەڵێ "نەفەقەی ژن لە ئەستۆی پیاوە و ئەمە ماڵ و جل و خواردن و کەرەسەی پێویستی ناوماڵ و... دەگرێتەوە. بڕگەی ١١٩٩ نەفەقەی ئەولاد و لە ئەستۆی باوکە ئەگەر باوک نەبوو باپیر و مام و... یانێ ژن بە پێی یاسا لە دەوری ئابووری ماڵ وەدەرنراوە و رسق و ڕۆزی دراوەتەوە دەست پیاو. واتە مافێک لە ژن ئەستێندراوە بەڵام هیچ مافێک بە پیاو نەدراوە بەڵکوو ئەرکی لێ زیاد کراوە. ئەمە زۆر کۆسپی کۆمەڵایەتی دروست دەکا و دەبێتە هۆی ئەوە کە کوڕان هەتا ماڵ و حاڵی باشیان نەبێ نەتوانن ژن بێنن. ڕەبەن بوونی ئەوانیش نالەباری کۆمەڵایەتی دیکە دروست دەکا.[12]

ئێستاش چەند بڕگە یاسای دیکەی ئێران وەکوو نموونە دێنینەوە کە یاساکانی سەردەمە کۆنەکان وەبیر دێننەوە.

ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لە کاتی زینا دا ببینێ و ژنەکەی خۆی و پیاوەکەی دیکە بکوژێ جەزا نادرێ، بلام ئەگەر ژنێک لە هەلو مەرجێکی هەر بەو چەشنەدا قەتڵ بکا جەزا دەدرێ. بڕگەی ١٧٩ یاسای جەزا.[13]

قەساس: ژن و پیاو لە قەساسدا وەک یەک نین و ژن نیوەی پیاوە بە پێی بڕگەی ٢٠٩ یاسای جەزای عام ئەگەر پیاوێک ژنێک بە قەست بکوژێ قەساس دەکرێ بەڵام بنەماڵەی ژنەکە دەبێ نیوەی خوێن بایی کابرا بدەن ئەگەر نەیانبێ کابرا قەساس ناکرێ.

تاوانی قەتڵی قەستی یان غەیرە قەستی ژنی موسوڵمان نیوەی پیاوە( بڕگەی٣٠٠ ی هەر ئەو یاسایە). بە پێی بڕگەی ١٠٤٣ یاسای مەدەنی نیکاحی کچ بە دەست باوک یان باپیرە. ئەگەر ئەوان ڕایان لەسەر نەبێ کچە دەتوانێ بچێتە دادگا و ئەگەر کێشەکەی بردەوە دادیار مارەی دەکا.[14]

بەشی ئاخر لە ژمارەی داهاتوو

**سەرچاوەکان**


١- *تاریخ امپراتوری عثمانی*، **استانفورد جی. شاو**، ل٦٤٠
٢- پێشوو، ل ٦٣٩
٣- پێشوو، ل ٦٤١
٤ و٥- پێشوو، ل ٦٤٠
٦- پێشوو، ل ٦٤٣
٧- ژن در *اسارت جمهوری اسلامی*، **بهرام رحمانی**، ل ٤٤
٨- سحر قهرمان، نیمه دیگر ژماره ٩/ ل ٤١
٩- سەرچاوەی ١، ل٦٥٤
١٠- پێشوو، ل ٦٧٨
١١-پێشوو، ل٦٩٤
١٢- بڕوانە: *زنان در بازار کار ایران*، **مهرانگیز کار**، ل ١٤٠ هەتا ١٧٠.
١٣- سەرچاوەی ٧، ل٤٢
١٤- پێشوو

کێشەی ژنی هاوچەرخی کورد لە هەندێ خاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە، بە رای رۆشنبیران و کەسانێ کە بایەخیان بۆ مەسەلەکە هەیە و بە تەنگ کۆمەڵەوە دێن لە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوەدا* بەم شێوەیە لێکیان داوەتەوە:

**پرسیار**: ئەگەر بتەوێت کێشەی ژنی کورد لە چەند خاڵێکی کورتدا چڕ بکەیتەوە، لە سێ خاڵی یەکەمدا چیت بەخەیاڵدا دێ بینوسی؟

**تەها بابان** (پارێزەر و نووسەر، باشووری کوردستان)

ـ شووکردن، کارکردن، خوێندن، ژن بە ژن.

**مستەفا قەرەداغی** (کارمەند، سوێد)

ـ شووکردن، کارکردن، خوێندن، کاروباری سیاسی کە ژن بە تەواوی لێی دوورە.

**تەبەز مستەفا** (قوتابی دکتۆرا، سوێد)

ـ نەخوێندەواری (کارەساتە).

ـ ئافرەت لە بارەی ئابوورییەوە ئازاد نییە، کە دەبێتە هۆی کۆیلەکردنی هەرکەسێک بە تایبەتی ژن.

ـ کە شەرەفی"پیاو" و بە ویستی پیاو و بڕیاری پیاو و، بۆ نەگبەتی و بەستنەوەی ئافرەت، ئەو شەرەف و ناموسە کەوتۆتە ناوگەڵی ژن.

**رەفیق محەمەد ساڵح** ( مامۆستای زانکۆ، باشووری کوردستان)

ـ دواکەوتوویی قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگا کێشەیەکی سەرەکی ژنانە و رێگری تەواوە لە گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆیان، بە واتا کێشەی ژنان کێشەیەکی گەورە و ئاڵۆزە لە قۆناغی دواکەوتوویی کۆمەڵگە و بە پێچەوانەوە کێشەی ژن لە ئاستێکی کەمتر ئاڵۆزدایە لە قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

ـ ئایین لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام کە باوترین ئایینە(الدین السائد) سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی ژنانە.

ـ(بەدڕەوشتی) و (داوێنپیسی) تاوانێکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنانی پێ مفتالە بووە، ئەو تاوانەیە کە تاوانبار(الجانی) تێیدا بەری یە و تاوانلێکراو (المجنی علیها) تاوانبارە. وە بە پێی پێوەری کۆمەڵ تاوانبار هیچ لێپرسراو نییە بەرانبەر بە تاوانەکەی.

**چراخان**(دەرچووی بەشی فەرەنسی زانکۆی بەغدا، باشووری کوردستان)

ـ ژنی کورد لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا ئەژی ئەوە بە پلەیەکی گشتی رێژەیەکی زۆری ژنان بە دواکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن.

ـ بۆچوونی خراپی ژنی کورد بۆ بوارەکانی ژیان (بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و

**مەهاباد قەرەداغی**

# ژنی کورد لە بەراوێزی مێژوودا

ئابووری) ئەویش بەهۆی باش تێنەگەیشتن لێیان و لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵەکە لە هەموو لایەکەوە دواتری خستووە.

ـ بوونی ترسێکی زۆر لە بۆچوون و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی و رازی بوونی بە کەمترین و ئاسانترین چارەسەر ئەگەر هاتو لەسەر خۆشی زۆر بکەوێت، واتە لە هەندێ جاردا واز ئەهێنێ لە هەندێ لە مافە تایبەتییەکانی خۆی کە لەوانەیە سەرچاوەی خۆشیی بێت بۆی.

ـ نەژیانی ژنی کورد بۆ خۆی بەڵکو ژیانی بۆ خزمەتی خەڵکی تر.

**ئاوات حەسەن** (فەرمانبەر، باشووری کوردستان)

ـ ئافرەت وەکو کاڵایەک سەیری دەکرێ، بەشی زۆری ئافرەتانیشمان شانازی بە مەسەلەی مارەیی و شیربایی و زێڕو خشڵی زۆرەوە دەکەن، هەندێ جار دەگاتە ئەو رادەیەی کە خانووی لەسەر تاپۆ بکرێت ئەوسا شوو دەکات، کە دەرک بەوە ناکەن ئەم کارە نارەوایە چەند زیان لە ژیانی رۆژانە و دوارۆژیشیان دەدات.

ـ ژنانمان هەر وەکوو ئامێرێکی کار بەکار دەهێنرێن بە بێ ئەوەی هەست بە بوون و کیان و کەسایەتییان بکرێت نە لەناو خێزاندا و نە لەناو کۆمەڵدا.

ـ زۆربەی پیاوان ژنان تەنها لە چەند چرکەیەکی هەوەسبازیدا بەکاردەهێنن.

**سەردەشت قەرەداغی**(دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی، باشووری کوردستان)

ـ بە رای من ئافرەت لە دنیایەک مەرگەسات و کۆیلایەتیدا دەژی و هیچ تروسکاییەکیان نییە، چەوساندنەوەیەکی زۆریان لەسەرە، لە لایەن کۆمەڵگەو پیاو و دینەوە. هەروەها هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری خۆیان و دەرک نەکردنی هۆکاری کێشەکانیان.

**ئافرەتێکی پارێزەر** (کە حەزی نەکرد ناوی ئاشکرا بکرێ، باشووری کوردستان)

ـ نەبوونی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی لەناو ئافرەتاندا.

ـ چەمکی رەوشت کە بە هەڵە لێی تێگەیشتووین.

ـ سیاسەتی دەوڵەتەکە.

**ژنێک**، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ(دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیات، باشووری کوردستان)

ـ ئافرەتی کورد هەر لە منداڵییەوە هەست بە کەمی دەکات بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە کۆمەڵایەتییانەی کە خراونەتە بەردەمی، چونکە ئەمە زۆر ئاشکراو روونە.

ـ ژنی کورد بە گشتی لە زۆر بڕیارەکانی ژیانیدا سەربەست نییە و ملکەچی ئەو ژیانەیە کە بۆی هەڵبژێردراوە لە لایەن چەند کەسانێکی ترەوە و بە رای ئەوان دەژی و پابەندە پێوەی. چونکە هەموو هۆکارەکانی ژیان بە راستەوخۆ کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەریان.

ـ ئەمرۆ ژنی کورد دەتوانێ لە بوارەکانی ژیاندا بەشداری پیاو بکات، بەڵام ئەو ئەرکانەی کە پێی هەڵدەستێت لەناو ماڵدا کەم نابنەوە، پیاو هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات لەناو ماڵدا و هەموو بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر شانی ژن و تەنانەت لە بەخێوکردنی منداڵیشدا.. سەختی ژیانیش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە چونکە پیاو بە سەختی ئەتوانێ ژیانی ئابووری بەڕێوەبەرێ ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر باری دەروونی و تووشی بێزارییەکی بەردەوامی دەکات.

**شەهاب جەمال** (دەرچووی کۆلێژی ئەندازە، باشووری کوردستان)

ـ ناپارتیدی جنسی، واتە جیاکردنەوەیان لە پیاوان و سەیرکردنیان وەک مرۆڤێکی پلە دوو، بەم پێیەش بواری ماف و ئازادییان زۆر تەسکە و ناگاتە ئەو تۆزەی کە پیاوانی وەک کۆیلەش هەیانە.

ـ سەیرکردنیان وەک بابەتێک بۆ گۆڕینەوە بە شیربایی و مارەبڕین و هەروەها لە چارەسەرکردنی کێشەی عەشایەریدا، نۆ نموونە لەباتی شیربایی خوشک یان کچی زاوا دەدرێ، وە لەباتی خوێنڕشتن چەند کچێکی خێزان یان عەشیرەتی پیاوکوژ دەدرێ بە جێزانی پیاوکوژراو.

ـ مافی خۆشەویستی و هەڵبژاردن بە دڵی

خۆیان لە زۆربەیان سەندراوەتەوە و لەسەر ئەم کارە تا رادەی مەرگ سزا دەدرێن.

**ئاڤان نوری** (دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات) و **ئاریان قادر** (فەرمانبەر لە کۆلێژی زمان)، باشووری کوردستان

ـ هیچ سەربەستییەکی نییە، لەبەر ئەوەی مافەکانی پێشێل کراوە.

ـ ئەڵێن گوایە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام بە چارەکیش دانانرێ.

ـ چەند پلەی ئافرەت لە کۆمەڵدا بەرز بێتەوە و جێی خۆی دیاری بکات، لە ناو کۆمەڵدا هەر پێی دەڵێن ئافرەت و ڕێزی تەواوی لێ ناگیرێ.

**سارا ئەحمەد**(فەرمانبەر، باشووری کوردستان)

ـ کێشەی ئابووری: لەبەر ئەوەی ژنی کورد خاوەنی ئابووری تەواوی خۆی نییە و لە لایەن دەوروبەریەوە چەوساوەتەوە (باوک و برا و مێرد)، بۆیە نەیتوانیوە بەشداری تەواوی ژیان وەکوو مرۆڤێکی ئازاد بکات.

ـ کێشەی جیاوازی کردنی لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا و بینینی وەکو مرۆڤی پلە دوو.

ـ ئایین، کە ئەمەش ڕۆڵی خۆی بینیوە لە بەرەو دواوە گەڕاندنەوەی ژیانی ژنی کورد کە وەکو ئینسانێک دانی پێدا نەنراوە.

**چنوور سەدیق** (مامۆستا، باشووری کوردستان)

ـ کێشەی نایەکسانی ژن و پیاو گرینگترین کێشەیە و ئەبێت ژنان بگەنە ئەو ئاستەی کە هەست بەو جیاوازییە بکەن و خەبات لە پێناویدا بکەن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی مافی ژن و پیاو.

ـ کێشەی بێمافی یاسایی (کە پێم وایە لە بەدیهێنانی یەکسانی مافی ژن و پیاودا ئەمەش نامێنێ چونکە ئەگەر ئەو یاسایانەی بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ژنیش ڕەوا بێت، ئەو هەموو ڕووداوانەی کە بە هۆی یاساوە ڕوو دەدات نامێنێت) وەک زەواج کە بە پێی ماددەی ٣ ی یاسای ئەحوال شەخسی ئەڵێت (زواج عقد بین رجل و مراه تحل له شرعا) و هتد... واتە ئافرەتێ کە بە پێی ئەو عەقدە حەلاڵی پیاوە کە بە ئارەزووی خۆی ئەتوانێت بەکاری بهێنێ بە پێی عەقڵیەت و بۆچوونی ئەو پیاوە هەر لەو مادەیەدا نالێت (تحل لهما) بۆچی؟

وەیان یاسای تەڵاق کە لە قانوونی عێراقیدا تەنها مافی پیاوە و بەستویەتی یەوە، هەروەها میرات و ... هتد.

ـ کێشەی تیرۆر و ڕەشەکوژی کە ئەمڕۆ بووەتە دیاردە و شتێکی زۆر ئاسایی کە ژنێک دەکوژرێت تەنها لەبەر ئەوەی ویستویەتی بە ئازادی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ، وەیان باری برسێتی و نەهامەتی ئەمڕۆی کوردستان لەسایەی حیزبە بۆرژواکان و ڕێکخراوە مەزهەبییەکاندا، کە وایان لێ دەکات پەنا بۆ لەشفرۆشی ببەن.

**تویا ئەحمەد** ( دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیات، باشووری کوردستان)

ـ کێشەی ئافرەت لە ڕووی ڕەگەزییەوە: کە بە پلە دوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بە پاشکۆی پیاوان دادەنرێت، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی ئافرەتە.

ـ کێشەی ئایین: دەتوانم بڵێم نەک هەر ئافرەتی کورد بەڵکوو هەموو ئافرەتانی ڕۆژهەڵات بە دەستی ئایینەوە تەواو داماو بوون. هەرچی مافی ئینسانییە نەیداوە بە ئافرەت. هەردەم بە چاوی نزم و سوکایەتییەوە تەماشا کراوە.

ـ کێشەی خۆشەویستی: ژنان هەر وەک لە بوارەکانی تری ژیان بێبەری کراون، هەر واش لە ڕووی خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەر و خۆشەویستی یەوە بێبەش کراوە، ئەگەر ئافرەتانیشمان خۆشەویستی بکەن لە چاونەترسی خۆیانەوە دەیکەن و ئەنجامیشی لە دەست کەس و کاری دەبێتە هۆی سزادان و کوشتن.

**محەمەد زەکی** ( دەرچووی زانکۆ، باشووری کوردستان)

ـ کێشەی ئەمڕۆی ژنانی کورد ڕێک ڕەنگدانەوەی پارچە پارچە بوونی جەستەی کوردستانی مەزنە، ئەویش کەوتۆتە ژێر بار و زروفی بە پەراوێزبوونی شارستانی و ئیداری و ئابووری وڵاتانی داگیرکەری عەرەب و عەجەم و تورانەوە، وەک:

١ ) چەوساندنەوەی نەتەوایەتی.

٢ ) چەوساندنەوەی جنسی.

٣ ) چەوساندنەوەی چینایەتی.

٤ ) بەقوربانی بوونی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو.

**گوڵزار ئەبوبەکر**(دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیات/ دەروونناسی، باشووری کوردستان)

ـ گەورەترین کێشەی ژنی کورد کێشەی ئابوورییە، واتە بێکاری و ناخاوەنی مووچەیەک. دووجار کێشەیە، یەکجار کە باوک و براکەی یان مێردەکەی بێدەرامەت و بێکارە دووەم کە خۆی بێکارە.

ـ کێشەی سیاسی: ئافرەتیش وەک پیاو لەو بارە سەختەی کوردستان تیایدا دەژی لە لایەنی سیاسییەوە هیچ کامێکمان بۆمان نییە سەربەست بین لە دەربڕینی بیروڕای سیاسیماندا، ئەبێت سەر بە لایەنێک بین و کاری بۆ بکەین ئەگینا ناتوانین بژین.

ـ کێشەی کۆمەڵایەتی: ئەو کێشانەی تووشی ئافرەتی کورد دەبن بە گشتی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەن کە لە ئەنجامی شەڕ و وێرانکردن دروست دەبێت.

بۆ نموونە تێک و پێکدانی بنەمای پەروەردەکردنی ڕاست و دروست، تێکدانی داب و نەریتی کۆمەڵ و .. هتد. کە ئەمانەش چەندە کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە.

**کەمال محەمەد** (مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، باشووری کوردستان)

ـ کێشەی ژنی کورد بە لای منەوە دابڕاو نییە لە کێشەی پیاو و هەردووکیان بە دەست پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناڵێنن. ئەگەر لە لایەکەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەریتەکان بوار بە پیاو دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان هەندێ ئازادتر بێت، ئەوا هەمان هۆکار بێ ڕەحمانەتر کوتەکان لە دەستی ژن دەکات.

دەکرێ ئەم سێ خاڵە پێش بخرێت:

١ )نەبوونی ئازادی کار و مسۆگەر کردنی بژێوی ژیانی داهاتووی خۆی لە ڕووی ئابوورییەوە.

٢ ) کێشەی کۆمەڵ و نەریت و ..هتد. بە یەکسانی وەک پیاو بواری کارکردن و هەڵسوکەوت و دیاریکردنی چارەنووس و سەفەری پێ نابەخشێ و هەندێ ئەرکی لەوانە خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ لە ئەستۆی دادەنێ.

ـ کێشەی پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ، ژن و پیاو و پێکهێنانی خێزان و ئەو گرفتانەی لێیان دەکەوێتەوە، هەر لە مەسەلەی "پەردەی کچێنی" و منالبوون" و"کوڕهێنان" و تەڵاق و... هتد.

**سەمەد ئەحمەد** (مامۆستا، باشووری کوردستان)

١ ) کێشەی کۆمەڵایەتی: زۆربەی هەرەزۆری کێشەی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەلگەی دواکەوتووی کوردەواری، کە چەندەها لقی دەبێتەوە وەکو:

ـ خۆشەویستی: وەک سەرەتاییترین مافی مرۆڤ زۆربەی ئافرەتی کورد لێی بێبەشە، ئەم مافە بۆ ئافرەت وەک ئەستەم و ناوازە تەماشاکراوە.

ـ خێزان و خێزانداری: لە قۆناغی خێزانداریدا ژنی کورد بە پلەدوو تەماشاکراوە و تەنانەت بووە بە پاشکۆی پیاو.

ـ سێکس: وەک پێویست بەکارنەبراوە، بە پێچەوانەوە ئافرەت بۆ دامرکاندنەوەی چێژی پیاو وەک دەزگایەک بەکاربراوە، واتە ئافرەت هەمیشە چاوەڕێی داواکاری پیاو بووە... و نەیتوانیوە لە هیچ کاتێکدا ئەم داوایەی پیاو ڕەتکاتەوە ئەگەر ئارەزووشی لەو جووتبوونە نەبوویێت (ئەمە بەدەر لەکاتی بێنوێژی

ئافرەت).

ـ نەخوێندەواری : کە هۆیەکی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردە.

٢) کێشەی سیاسی ـ کە پەیوەستە بە کیانی کوردەوە وەک نەتەوە، واتە ئەگەر نەتەوەی کورد بە بندەست مایەوە، ئافرەتی کورد چەند ڕسکابێت لە بەرانبەر دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە هەر کێشەی تەواو نابێت... ئافرەت و پیاو لەم خاڵەدا سەرەنجام هەمان کێشەیان هەیە.

٣) کێشەی ئابووری.

**ئافرەتێکی ئەندازیار** (کە نەیویستووە ناوی ببرێ، باشووری کوردستان)

ـ کەم هۆشیاری: مرۆڤ کە هۆشیاری کەم بێت ناتوانێت وەکوو پێویست لە مانای ژیانی تێبگات، کە تێیشنەگەیشت لەمانای ژیان، هەموو ژیانی کێشەیە.

ـ چاولێکەری: بێگومان هەر نەتەوەیەک داب و نەریتی خۆی هەیە کە لەگەڵ سرووشتیدا دەگونجێت، بەڵام کە پشتی لەوە کرد و بوو بە چاولێکەری نەتەوەکانی تر ئەوا کەسایەتی نامێنێت ئەو کاتەش کێشەی گەورە دروست دەبێت لە شتە ناخۆش و نەخوازراوەکاندا.

ـ کات بەفیرۆدان: ئافرەتی کورد زۆربەی کاتی بەفیرۆ دەچێت بە شتی لاوەکی و رووکەشەوە و لایەنە سەرەکییەکانی ژیانی پشتگوێ دەخات و کەمیان بەدوای خوێندنەوە و رۆشنبیریدا دەگەرێن و هەتا کاری دەست و پیشەش.

**هیوا** (دەرچووی پەیمانگا، باشووری کوردستان)

ـ ئەگەر بمانەوێ کێشەکان هەڵسەنگێنین دەبێ بگەرێین بۆ هۆ بناغەییەکان، گەر من لە سێ خاڵدا دەستنیشانی کەم دەڵێم:

یەکەم، ئیسلامە و دووەم و سێیەمیش هەر ئیسلامن.

**رازاو عەبدول** (پارێزەر، باشووری کوردستان)

ـ ئەمرۆ ئافرەتی کورد مافی هەڵبژاردن و رەفتارکردنی لە ژیاندا لەدەست خۆیدا نییە کە ئەمەش بنەمای بوونی مرۆڤ نیشان دەدەن.

ـ ئەو قۆناغە ناوەندەی کە(لە نێوان بیری عەشیرەتگەری و پیشکەوتنی بیری مرۆڤ)ە کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی زۆر لە کێشەکانی رۆژانەی ژیان کاتێک کۆمەڵ ناتوانێ لە گۆرانەکان تێبگات.

ـ نەبوونی سەربەستیی تاکەکەس بە گشتی(نێر و مێ) کە ئەمەش زیاتر لە رەگەزی مێدا چەوساندنەوەکەی رەنگی داوەتەوە، هەروەکوو ئاشکرایە ئەمرۆ نەک هەر ئافرەت بۆ پیاویش نییە بە ئاشکرا مولامەسە بکات لەگەڵ ئافرەتێکدا جگە لەو ساتانەی پەردەو دەمامک دەیشارێتەوە.

**جەمال موحسین** (دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیات/ ئینگلیزی، باشووری کوردستان)

ـ من پێم وایە ئەگەر قسە لەسەر کێشەی ژنی کورد بکرێت و بە چەند خاڵێک دەستنیشان بکرێت لە بنەرەتدا دەچینەوە سەر سێ خاڵی سەرەکی کە ئەویش لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێ ئەم سێ رووە وەک چوارچێوەیەکی گشتی بۆ هەموو لایەنەکانی تر ببینین . بۆچی ئەم سێ لایەنە؟

١) لایەنی سیاسی: ئافرەت لێرە(وە لە وڵاتە دواکەوتووەکانی رۆژهەڵاتدا) لە بەشداری سیاسەت بێبەشە. هێشتنەوەی ئافرەت لە چوارچێوەی ماڵدا و سپاردنی کاری ناوماڵ بەو بۆ خۆی بێبەشکردنییەتی لەسیاسەت(دیارە سیاسەت بە مانایەکی زۆر فراوان) یانی بەشدارینەکردنی لە چارەنووسی سیاسی مرۆڤ و کۆمەڵگا، تەنانەت یانی نەهێشتنی قسەکردن لەسەر ئەو چەوساندنەوەیەش کە لە سەریەتی. حاکمداران و فەرهەنگی زاڵ بە هەزار و یەک بیانووی پروپووچ پاساوی ئەمە دەدەنەوە و دەڵێن گوایە سیاسەت بۆ ئافرەت نەکراوە و لەگەڵ عەقڵیدا نایەتەوە و ...هتد. ئەمەش لە ئەنجامدا بێبەشکردنی ئافرەتانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان وەک ئینسان و هەموو کۆمەڵگەش. ئاشکراشە ئەمە قازانجی چ چینێکە کە نیوەی کۆمەڵگە بە کۆیلەی سیاسەتی خۆی و هەتا بە کۆیلەی نیوەکەی تری کۆمەڵگە بیهێڵێتەوە.

٢) لایەنی ئابووری: هەر ئەو هۆهێنانەوانەی کە لە خاڵی یەکەمدا باسکردن دەبنە رێگر لەبەردەم بەشداری ئافرەت لە بواری هەموو کۆمەڵگا و تەنانەت خێزانیشدا، دانانی کاری ناوماڵ، بە کارێکی تایبەت بە ئافرەت و شان خاڵی کردنەوەی دەوڵەت لە بەخێوکردنی منداڵ و باقی کارەکانی تر، واتە بە کۆمەڵایەتی نەکردنی کاری ناوماڵ رێگرێکی گەورەی بەردەمی ئافرەتانە بۆ هاتنە ناو کۆمەڵگەوە. ئەمە بە پراکتیک بەشداری ئافرەت لە بواری بەرهەمهێناندا کەم دەکاتەوە.

٣) لایەنی کۆمەڵایەتی: ئافرەت لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، مافی تەڵاق، عیشق و خۆشەویستی بێبەشە. تەنانەت بە جۆرێکە کە هەڵبژاردنی برادەر و هاورێیەتیش بەدەست براو باوک و کەس و کاریەتی نەک خۆی. هەتا کاتێک کە لە ماڵی باوکیەتی ئەوە براو باوکیەتی هەڵس و کەوتی ئەم سنووردار دەکەن، و کاتێکیش کە شوو دەکات دەبێتە موڵکی مێردەکەی و تەنانەت حەزە تایبەتیەکانیشی دەبێ بچنە خزمەتی مێردەکەی، راگرتنی ئافرەت لە پلەدووی کۆمەڵگەدا یانی رەوانەبینینی بیرکردنەوەش، هەرکەسە ئەو کەسە بیشیەوێ بیر بکاتەوە و عەقڵیەتی بجوڵێنێ. ئەوە ئەو نەریت و رەوشتە باوەیە کە بیرکردنەوەشی دیاری دەکات (دیارە ئەمە کاتێک کە ئەو کەسە خۆی لە نەریت و رەوشتانە رزگار نەکردبێت) بەم جۆرە دەبینی تەنانەت مافی هەڵبژاردنی هاوسەر مافێکی سەرەتایی هەر کەسێکە بەڵام ئافرەت بەرەو رووی مەرگ دەبات و تیرۆر دەکرێت. پێم وایە ئەم سێ لایەنە سەرەکیە فاکتەرن بۆ دانانی کارکردنی سلبی لەسەر فەرهەنگی ئافرەتان بە گشتی، ئەمە بێجگە لەو فەرهەنگە دواکەوتوانەی کە کۆمەڵگەش بەسەریاندا دەسەپێنێ.

**سەرەنجام**

لە رابردووی دووری کولتووریاندا شوێنێک لە نزیک ناوەندەوە هەبووە بۆ ژنان، ئەگەر بە تەواوی لە ناوەندیش نەبووبێ، بە درێژایی مێژوو، لە ئەنجامی گۆرانکاری لە دەسەڵات و سەپاندنی دەسەڵات بە نیازی فراوانخوازیەوە، ستاتووی ژن نە لە ناوەند و نە لە نزیک ناوەندیشەوە مایەوە، بەڵکوو بە تەواوی لە پەراوێزدا دانرا. ئەمەیان بۆ ژنانی کولتوورە دێرینەکانی کوردستان و دەوروبەریشی تا رادەیەکی نزیک لەیەکتر وایە. لێژبوونی ئەم پێگە کۆمەڵایەتییە تا دەهات زیاتر دەبوو، ئایینەکانیش زەمینەیان بۆ خۆش کرد.

ئەمرۆش پەراوێزێتی بۆ ژن و ناوەندێتی بۆ پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵگەدا، لە رژێمی ئابووری و سیاسیشدا بە جۆرێک ئاشکرایە کە تەنها بینینی رەوشی ژنان دەبێتە بەڵگە و نەبوونی ژنان لە ناو خوودی مێژوودا، بەڵکە لە پەراوێزی مێژوودا بەڵگەنەویستە.

* ئەم پرسیارە یەکێکە لە ١٠ پرسیار، ساڵی ١٩٩٦ ئاراستەی هەندێ رووناکبیری کورد لە باشووری کوردستان کرابوو، لەبەر ئەوەی خۆم لە کوردستان نەبووم، بەهۆی هەندێ هاورێی دڵسۆزمەوە ئەنجام دراو لە جیاتی من ئەرکی دابەشکردنی پرسیارەکان و هێنانەوەی بەرسڤەکانیان لە ئەستۆ گرت و بۆیان ناردم. لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی ئەم سێ هاورێ ئازیزە: **شیرین ئەحمەد، ئاوات حەسەن، سەمەد ئەحمەد** بکەم. زۆربەی وەڵامدەرەوەکان لە شاری سلێمانی و دەوروبەرین و کەمتریان لە ئەوروپان. وەک تێبینییەکیش ئەوە دەڵێم، کە من ئەو پرسیارانەم ئاراستەی هەندێ نووسەری ناسراوی کورد کردبوون کە لە سوێد نیشتەجێن، بەڵام وەڵامیان بۆ نەناردمەوە، ئەمەش بۆ من بێبایەخی ئەو نووسەرانە نیشان دەدا بە کێشەی ژنان و خودی ژن وەک مرۆڤێک، بەداخەوە. ■

**پۆست مۆدێرنیتی**

# چرکەی ئاوابوونی داستانە مەزنەکان

ژان ـ فرانسوا لیۆتار[1]

(Jean Frangois Lyotard)

نووسینی: ئازاد حەمە

**١) فینۆمینۆلۆژیا وەک بنەچەی بیری فەلسەفیی لیۆتار**

ئایا پێویست دەکا جەخت لە گرینگی فینۆمینۆلۆژیا لەبواری فەلسەفەدا بکرێ؟! لەڕاستیدا بەڵێ. چونکە فینۆمینۆلۆژیا لەلایەک تا ئەمڕۆش لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا شوێنی دیارە، لەلایەکی تر قوناغێکە لە قوناغەکانی بیر لە ڕۆژئاوادا. ئەمەی دووەمیان چ خۆی بەم جۆرە دەرخستبێ و چ **هوسرل** (Husserl) یش لە پەرتووکی **گرفت**دا باسی لێوەکردبێ، بەتایبەت خودی فینۆمینۆلۆژیا لەگەڵ هوسرل چووە ناو زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە . بەڵام بەگشتی فینۆمینۆلۆژیستەکان لە **هێدگر** (Heidegger)ەوە بۆ **فینک** (Fink) و لە **میرلۆپۆنتی** (Merleau - Ponty) ییەوە بۆ **پۆل ریکۆر** (P. Ricoueur) و لە **پۆس** (Pos) یشەوە بۆ **تنێڤانس** (Tnevance) ڕای جیاجیایان هەبووە. بەپێی بۆچوونی **ژان ڤال** (J. Wahl) دەکرێ شێوازی هاوبەش بۆ قسەکردن لەسەر فینۆمینۆلۆژیا بدۆزرێتەوە. هەر ئەم شێوازە هاوبەشەیشە دواجار شوێنی فینۆملنۆلۆژیا لە وتاری فەلسەفیدا دیاری دەکا. سەرەتا تیۆرییەکانی «**لیۆتار**» بەشێکی لە فینۆمینۆلۆژی[2] و بەشەکەی تریشی لە مارکسیزمەوە سەری هەڵداوە. گەلێ لە کارە تیۆرییەکانی «لیۆتار» سەرچاوەی تایبەتییان هەیە. پەرتووکی «وتار، فیگور»[3] سەرچاوە سەرەکییەکانی «نیچە و فرۆید»ن[4]، بەڵام پەرتووکی ***جیاوازی*** سەرچاوەکانی **کانت** (K a n t) و **فیتخنشتین** (Wittgenstein)ن. هەرچی پەرتووکی ***فینۆمینۆلۆژیا***یە، کە بە یەکێ لە کارە سەرەتاییەکانی لیۆتار دەژمێردرێ، خوێندنەوەیەکە بۆ وتاری فینۆمینۆلۆژی ڕۆژئاوا، دەرگایەکی چاکیشە لە سەر ڕوانگە تیۆرییەکانی ئەم بیریارە بەر لە سەر قاڵ بوونی بە تیۆری پۆستمۆدێرنیزم.

ئەوی تایبەتە بە دیدگاکانی لیۆتار لە بارەی فینۆمینۆلۆژیا ئەوەیە کە بەزۆری ناڕاستەی «هوسرل» دەکرێ. فینۆمینۆلۆژیای «هوسرل» یش لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ئامێزی گرفتە خودی و ناعاقڵانی(Irrationalism) ییەکان دەرکەوت. بەم شێوەیە، پێویستە فینۆمینۆلۆژیا بەو بارودۆخە مێژووییەوە وابەستە بکرێ کە تیایا سەری هەڵداوە. گومانیشی تێدا نییە، فینۆمینۆلۆژیا جەنگێ زۆری لە تەک دەروونناسی گەریی (Psychologism) و پراگماتیزم (Pragmatism) و لە تەک قوناغێ لە قوناغەکانی بیری ڕۆژئاواییدا کردووە. لەسەرەتادا فینۆمینۆلۆژیا تەنێ لە لێخەردبوونەوە لە «زانین» بریتی بووە. پاشان بەرپەچدانەوەی کەلەپوور و ڕەوتی نامێژوویی بۆتە بناغەی فینۆمینۆلۆژیا. هوسرل یش لەزۆربەی کارەکانیدا ئاماژەی بەم ڕاستییەکردووە. دەشکرێ فینۆمینۆلۆژیا بەرپێرەوی **دیکارت** (Descartes) بەراورد بکرێ. چونکە هوسرل هەوڵیداوە خەونی دیکارت نوێ بکاتەوە کە لە ناوەرۆکدا هەوڵدان بووە بۆ گەیشتن بە ماتماتیکی سەرانسەری. ئەم ماتماتیکەش خۆی فەلسەفییە و، فەلسەفەی پاش کانت یشە. چونکە ئەم جۆرە فەلسەفەیە هەوڵدانە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕێرەوی میتافیزیک. ئەمەش ڕوخساری فەلسەفەی سەدەی بیستە، کە هەوڵ دەدا پەیامی زانستی بۆ ئەم سەدەیە بگەڕێنێتەوە. بەڵام فینۆمینۆلۆژیا ئەو هەڵوێستەی کانت پووچ دەکاتەوە کە لەسەر بناغەی (-Priori condi tions of knowledg) دروست بووە. دیدی لیۆتار بۆ فەلسەفەی ترانسند نتالی **کانت** بابەتی سوبلیم (Sublime) یش ئەورووژێنێ. ئەم چەمکە ئێستا لە نێوان فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا گفتوگۆیەکی گەرمی لەسەر دکرێ و، بەگشتی بۆتە چەمکێکی سەرنجراکێشی ناو فەلسەفەی هاوچەرخ و، لیۆتار باسێکی زۆریشی لە سەردەکا. ئەوی دەرکی پێدەکرێ لە فەلسەفەی ئەمڕۆدا ئەوەیە، بەهۆی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنەوە هەوڵدراوە بایەخ بۆ «سوبلیم» بگەڕێتەوە، پاش تێپەڕبوونی دووسەدساڵ بەسەر مەرگی کانت. زۆربەی بیریارانی فەرەنسی و ، ئەڵمانیش کە سەرقاڵن بەم چەمکەوە پرسیاری ئەوە دەورووژێنن کە دەبێ چەمکی ناوبراو بۆ هونەر و زانستی سروشتی کۆتای سەدەی بیست مانای چی بێ!! بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لەمەوبەر لەبارەی فینۆمینۆلۆژیا گوترا دەڵێین: فینۆمینۆلۆژیا مەبەست لێی لێکدانەوەی دیاردەکانە، واتە شتێ پێدەدراو. یان ئەوی بیری لێدەکەینەوە و قسەی لەسەر دەکەین، بێئەوەی باس لەو پێوەندییە بکەین دیاردە بە بوونەوەرەوە دەبەستێ کە ئەوەش دیاردەکەیەتی. هەروەها ئەو پێوەندییەی بە (من)ەوە دەیبەستێ کە دیسانەوە بۆ (ئەو) دیاردەن.

بەپێی ئەندێشەی لیۆتار نووسەری کتێبی **گرفت**ـ واتە هوسرل ـ ڕێگای پێش (Pre) عەقڵانی گرتۆتە بەر و، ئەوەشی بە ئیرادەیەکی عەقڵانی کردووە. ئەو دەروون ناسیگەریی یەی «هوسرل» دژایەتی کردووە جیاوازی لە نێوان خودی دەروونی و خودی خاوەن زانین دا ناکا، بەڵام خودی هوسرل بایەخێکی زۆری بە ئایدیالیزمی خودی داوە و، هەروەها خودی فینۆمینۆلۆژیاش گەڕانەوەی تایبەتی بۆ هەڵوێستی فەلسەفیی کانت هەبووە . هەرچەندە خودگەریی کانت لە وە دەرچێ کە بریتی یە لە هەندێ مەرج بۆ ڕێکخستنی زانین وەکی تر شتێ ئەوتۆ نییە شایانی باس بێ. هەروەها من(Ego) ی کۆنکرێت لە گەڕانەوەدایە بۆ شتی دەرک پێکراو وەک بابەت(ئوبژێکت). هەر لەبەر ئەوەشەکە هوسرل، کانت بەدەروون

ناسیگەر تاوانبار دەکا[5]. لەگەڵ ئەوەشدا هوسرل دژی ئەوەیە جیاوازی لە نێوان خودی زانین و خودی کۆنکرێتندا بکرێت. هوسرل لەم قۆناغەیدا پتر لە گەڵ **دێکارت** دا هاوبیرە. کاریگەری دێکارت بە سەر هوسرل لەبیری فینۆمینۆلۆژیادا (١٩٠٧) بە ئاشکرا دیارە. ئەوخودەش دێکارت باسی لێوە دەکات، کە خودێکی کۆنکرێتی و ڕەهایە پێویستی بە شتی تر نییە تا ستاتوی خۆی دامەزرێنێ، بەهۆی گومان و کۆژیتۆ (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) ە وە دستگیر دەبێ. هوسرل لە پەڕتووکی ***(لێخوردبوونەوە دێکارتییەکان)*** دا حوکمی ژیۆمێتریکی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە کە دێکارت لە کۆژیتۆ دا بە ئاکسیۆمێک بۆ زانینی گشتی لە قەڵەمی دەدات، ئەمە لە کاتێکدا کۆژیتۆ دەبێ لەوە زیاتر بێت. ئەمەش لە بەرئەوەی کۆژیتۆ بناغەی خودی ئاکسیۆمەکانە. سەرباری ئەوە، حوکمی ناوبراو لاوازی گومان وەک مێتۆدێکی ڕادیکاڵی دەردەخات.

لەم بوارەدا لیۆتار وای بۆ دەچێ مەسەلە نە مەسەلەی گەڕانەوەیە بۆ خودگەرێکی سایکۆلۆژیی سروشتی، چونکە ئەو من(Ego)ە منێکی سایکۆلۆژیی سروشتی یان سایکۆ- فیزیکی نییە. مەسەلەی گەڕانەوەیش نییە بۆ هەڵوێستی فەلسەفیی کانت. ئەوەش بەزۆری لەبەرئەوەی، منی ترانسندتالی ویژدانێک نییە کە بەشێوەیەکی لۆژیکی دەرکی پێبکرێ. بەڵکوو ئەم (من) ە ویژدانێکی هەنووکەیی یە. بەشێوەیەکی گشتی، ناشێ جیاوازی لەنێوان (من) ی ترانسندنتالی و (من) ی سایکۆلۆژیدا نەکرێ. ئەم لایەنەش هەر ئەوەیە کە هوسرل لە کتێبی ***(لێخوردبوونەوە دێکارتییەکان)*** دا جەختی لە سەردەکا.

لای **برنتانۆ** (Brentano) کە مامۆستای هوسرل بووە، ویژدان هەمیشە ویژدانە بۆ شتێک. بەواتایەکی تر، ویژدان هەمووکاتێ نییەتگەریی(مەبەستگەریی) یە. نییەتگەری، کە یەکێکە لە تەوەرەکانی بیری فینۆمینۆلۆژیا، بەمانا سایکۆلۆژییەکەی گوزارە لەوە دەکا کە جیاوازی کردن لەنێوان ناوەوەگەریی و دەرەوەگەرییەستەمە. بە باوەڕی فینۆمینۆلۆژیستی فەرەنسی(Merleu Pon-ty) مرۆڤ ناوەوەیی یە و، هەر لە جیهانیشدا ئامادەیە و هەر لە جیهانیشدا خۆی دەناسێ. بەپێی ئەوەی ویژدان نییەتگەریی یە (هوسرل) جیاوازی لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکانی کرداریی نییەتگەریی دادەکا (Imagination Refresentation). سایکۆلۆژیای نییەتگەری و ترانسندنتالی فینۆمینۆلۆژیش هەردوو سەرچاوە لە (کۆژیتۆ) وە هەڵدەگرن. یەکەمیان لەسەر ئاستی جیهان و ئەوی دووەمیان لە کۆژیتۆ وە سەر دەردەکا و لێکدانەوەی گشت جیهانیش دەگرێتەوە، بە منی ترانسندنتالیشەوە. لەم ڕووەشەوە، لیۆتار پرسیاری ئەوە وە ڕوودەخا کە ئایا ئێمە خۆمان لە بەردەم منی ترانسندنتالی کانت دا دەبینینەوە؟! هۆکاری دروست بوونی ئەم پرسیارەش لای لیۆتار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هوسرل تێکڕای بۆچوونەکانی ئەوە دەگەیێنێ. کاتێ لیۆتار باس لە فەلسەفەی هوسرل دەکا پێی وایە، ڕادیکاڵیەتی کۆژیتۆی ترانسندنتالی ناوەرۆکی فەلسەفەی هوسرل ە، فەلسەفەی ترانسندنتالیش هاوتایی لە نێوان بابەتگەریی و خودگەریی و زانینی ئەبستراکت و ژیانی کۆنکرێتیدا شیاو دەکا. لەهەمان کات دا لیۆتار باوەڕی وایە، چەمکی فینۆمینۆلۆژیا کاتێ مانای تەواوەتی خۆی وەرگرت کە **هێگێل**(Hegel) پەڕتووکی ***(فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)*** ی لە ١٨٠٧ بە چاپ گەیاند. لە ڕووی تیۆریشەوە لیۆتار بە هۆی پرسیاری: (ئایا شتێک هەیە پێش عەقلانیەت بێ؟)، هەوڵدەدا جیاوازی بخاتە نێوان فینۆمینۆلۆژیای هێگێل و فینۆمینۆلۆژیای هوسرل و فینۆمینۆلۆژیای پاش هوسرل. لیۆتار دوای ئەوەی هەندێ کێشەی تیۆری یەکلادەکا، لە بواری فینۆمینۆلۆژیا دێتە سەر ورووژاندنی پێوەندی نێوان فینۆمینۆلۆژیا و زانستە مرۆڤایەتییەکان. واشی بۆ دەچێ کە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشێ نییە لە بەشەکانی بیری فیمینۆلۆژی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە نێوەندێتی. ئەوەش نابێ فەرامۆش بکرێ کە هوسرل بە خۆی لە گرفتی دەروونناسیگەریی و کۆمەڵناسیگەریی و مێژووگەریی یەوە دەستی پێکردووە و هەوڵیشی داوە ڕەوایەتی بۆ زانست بە گشتی و زانستە مرۆڤایەتییەکان بە تایبەتی بگەڕێنێتەوە. هەر لە ژێر سایەی ئەم باسەشدا لێۆتار قسە لە سەر ئەوە دەکا کە فەلسەفەی ڕێژەگەریی دیلتی(Dilthey) یش کاریگەریی بەر چاوی بەسەر فەلسەفەی هوسرلەوە هەبووە. ڕێژەگەریی کە لە بەستێنی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە دروست بووە (بۆنموونە: پۆزێتیڤیزمی کۆنت (Conte)، هیۆمانیزمی **شیللەر**(Schiller)، پراگماتیزمی **جیمس**(James)، تەنیا هێرش ناکاتە سەر زانستە سروشتییەکان، بەڵکوو هێرش دەکاتە سەر زانستە مرۆڤایەتییەکانیش تادەگاتە بنەمای لۆژیکی ژێرەوە (Infrastructure)، کە ئەم بنەمایە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی پێ دامەزراوە. هوسرل یش لە لایەن خۆیەوە داکۆکییەکی زۆری لەم بنەمایە کردووە. ئەم ڕوانگەیەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە فینۆمینۆلۆژیا لۆژیکە، بەڵام ئەو لۆژیکەی هوسرل باسی لێوە دەکا نە فۆرماڵی یە و نە میتافیزیکیشە. گەر لە چۆنیەتی پەرەسەندنی بیری هوسرل یش لە پەڕتووکی ***(توێژینەوە لۆژیکییەکان)*** دوە تادەگاتە پەڕتووکی ***(ئەزموون و دادوەری)*** وردبینەوە هەست بەو دیاردەیە دەکەین.

ئەو لۆژیکەش کە فینۆمینۆلۆژیا دروست دەکا لۆژیکێکی بناغەیی یە و، هەوڵیش دەدا بزانێ چۆن دەکرێ ئێمە ڕاستییەکی تایبەت بە خۆمان بدۆزینەوە، گەر تەماشای کتێبی ***(توێژینەوە لۆژیکییەکان)*** بکەین هەست بەوە دەکەین کە هوسرل هەمووکاتێ پرسیاری ئەوە وەڕوو دەخا کە مەبەست لە ڕاستی چی یە!!

ڕاستی لای هوسرل تەنێ دەکرێ لە ئامێزی فینۆمینۆلۆژیادا ڕوونکرێتەوە، بەپێی ئەوەی فینۆمینۆلۆژیا زانستێکی میتافیزیکی نییەو، بەڵکوو فەلسەفەیەکی کۆنکرێتی و (کۆژیتۆ) یی یە، دەبایە کەڵکی لە دەستکەوتەکانی سۆسیۆلۆژیا وەرگرتبایە تا خۆی پێ ڕوون بکاتەوە. ئەم گرفتەش سەبارەت بە پێوەندی نێوان سۆسیۆلۆژیاو فینۆمینۆلۆژیا هەموو کاتێ لە ئارادابووە، هوسرل یش نەیتوانیوە چارەسەری کۆتایی بۆ بدۆزێتەوە. ئەم گرفتانەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر پێوەندی نێوان فینۆمینۆلۆژیا و مێژوو بەجێ هێشتووە. بەپێی ئەوەی خودگەریی ترانسندنتالی (Intersubjectivite)یە یان جیهانی عەقڵە، پریورێتی خۆی بەسەر جیهانی سروشتییەوە هەیە. بۆیە کێشەکان خۆیان لەسەر ئاستی ئیندڤیدواڵ دەرناخەن، بەڵکوو لەسەر ئاستی مێژووی کۆلێکتیڤ خۆیان دەردەخەن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی خودی پەیڤی (مێژوو) لە گومڕایی دایە. ئەم پەیڤە لە یەک کاتدا مانای ڕیالیتێتی مێژوویی و زانستی مێژوو دەگەیێنێ. ئەم گومڕایەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بوونەوەرەی زانستی مێژوویی قسەی لەسەر دەکا لە هەمانکاتدا بوونەوەرێکی مێژوویی یە. بەڵام هیچ زانستێکی مێژوویی نییە کە پشت بە فەلسەفەی مێژوو نەبەستێ. ئەمە مانای ئەوەیە پێویستە فەلسەفەیەک

تایبەت بە مێژوو دانرێ. بەڵام فینۆمینۆلۆژیا پێشنیاری فەلسەفەیەکی دیاریکراو بۆ مێژوو ناکا.

لەژێرسایەی ئەم باس و خواسانەدا لیۆتارد باس لەسەر مارکسیزم دێنێتە پێشەوە. مارکسیزم بۆ لیۆتار نە زانستە و نەش زانینێکی بابەتی، بەڵکوو ئایدۆلۆژیایە و گریمانێکی سیاسییە لەسەر ئایندە. ئەوی ئەم بیریارە بەلایەوە گرینگە سەبارەت بە پێوەندی نێوان مارکسیزم و فینۆمینۆلۆژیا ئەوەیە کە بۆچوونی مارکسیزم و فینۆمینۆلۆژیا بۆ مێژوو لەیەکترناگەن و ناهاوتان. مارکسیزم ڕێبازێکی ماتریالیزمی یە کە ئەم ماتریالیزمییەش دیالیکتیکی یە. مادده (Materia) ش بۆ ئەم ماتریالیزمە هەموو ڕیالیتێ (Reality) پێکدێنێ. ویژدانیش لەڕوانگەی ئەم ماتریالیزمییەوە بریتییە لە ڕێبازێکی ماددی تایبەت.

مارکسیزم دژی ئەوەیە جیاوازی لەنێوان بوون و مانادا بکا هەروەک ئەوەی ئایدیالیزمەکان دەیکەن. فینۆمینۆلۆژیای قۆناغی سێهەمی هوسرل دژی ئەم جیاوازیکردنەیە. پاشان ماتریالیزم بۆ یەکێکی وەک هوسرل شتێکی پەسند نەکراوە. جا ئەمەیان چ لەڕووی خودییەوە ـ لە بەرئەوەی دەکەوێتە خانەی (دێکارت) ییەوە ـ و، چ لەڕووی بابەتییەوە ـ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای چینەکەی. لەناوەڕۆکدا، لەڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە دەکرێ گفتوگۆ لەسەر مانای مێژوویی فینۆملنۆلۆژیا بەبێ کۆتایی بەردەوام بێ. چونکە ئەم مانایە (واتە مانای مێژوویی فینۆمینۆلۆژیا) ناکرێ بەشێوەیەکی کۆتایی دیاربکرێ. فینۆمینۆلۆژیا نە تەبەنی ماتریالیزمی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕیی دەکا، نەش تەبەنی ئایدیالیزمی ئیمپریالیزمی دەکا. بەڵکوو لەبری ئەوە ڕێگای سێهەمی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و دەبێ بە داکۆکیکەر لە چینەکەی (مەبەست چینی بۆرژوایە) و، باڵی ڕاستی ڕووەو فاشیزم هەڵدەگرێ و باڵی چەپیشی ناتەبایە لەتەک خۆیدا.

**٢- دۆزی سەردەمی «پۆست ـ کۆمەڵگەی نوێ» لەڕوانگەی فەلسەفییەوە**

چەمکی پۆست مۆدێرن بەهۆی بیریاری فەرەنسی **لیۆتار**ەوە کەوتۆتە ناو گفتوگۆی فەلسەفییەوە. تێکڕای ئەو بۆچوونانەش کە لەم بارەیەوە پێوەی سەرقاڵبووە لە کتێبێکدا بەنێوی **(دۆزی پۆست مۆدێرن)** - ١٩٧٩ - بەچاپی گەیاندووە.

لیۆتار دەڵێ: مەبەست لەبەرهەمهێنانی ئەم پەرتووکە جەدەلێکی ئەنقەست و لەسەر داوای (من) نەبووە، بەڵکوو بەپێی داوای Conseil des universites du) (Quebec بووە. «من» بۆ (کبێک) ڕابانگداشتکرام بۆ گوتنەوەی بابەتی (ستاتوی پەیامی زانین لە کۆمەڵگە مودێرنەکانا). ئیدی ئەمە دەکرێ بەدەروازە لە قەڵەم بدرێ بۆ کارکردنی ئەم بیریارە لەم بوارەدا. لەڕووی بیر و لێکدانەوەوە هەوڵی ڕاستە خۆی لیۆتار بۆ ئەو دەبووە کە لەپاش **ئوشوێتز** (Auschwitz) ەوە[٦] شکۆداری بیر(ئەندێشە) ڕزگاربکرێ. هەر ئەم ڕووداوەش دەکا بە بناغە بۆ قسەکردن لەسەرمەرگی ڕاتسۆنالیزم و ئاوابوونی هیۆمانیزم. بۆ ئەو مەبەستەش لیۆتار لەکارە فەلسەفییەکانیدا کۆششی ئەوەی کردووە خۆی بخاتە ناو مشت ومڕەکانی گرفتی نیهلیزمەوە ـ ئەوی لەمەوبەر نیچە سەرقاڵی بووە ـ .هەر ئەم شێوە تێگەیشتنە فەلسەفییەش وای لە لیۆتارکردووە بۆ ئەوەبچێ، میتا ـ داستانە مەزنەکان (گێڕانەوە یان هەقایەتە گەورەکان) لەپێش هەمووشیانەوە ئایدۆلۆژیای پەرەسەندن و وتارە مۆدێرنەکان دەمێکە بایەخی خۆیانیان لەدەست داوە و سیستەمە ئایدۆلۆژی و ئاینی و میتافیزیکییەکان ئیدی بوونیان نییە و ناشتوانن جیهان، کۆمەڵگە و مێژوو ڕوونبکەنەوە. کۆتایی هاتنی هەقایەتە گەورەکان (Meta - recite ـ میتا نەرەتیڤ ـ کۆتایی هاتنی ئەو ڕێبازانەیە کە ڕیالیتێتیان بە شێوەیەکی ئونیڤێرساڵ (کەونی) شیکردۆتەوە.

چاخی پۆست مۆدێرنیش کە چاخی کۆتایی هاتنی داستانە مەزنەکانە سەرەتاشە بۆ ڕەخنەگرتن لە سیستەمە بەتوانا و مۆنۆپۆلیسێرەکراوەکان: میتافیزیک، ڕاتسۆنالیزم، پۆزێتیڤیزم، ئونیڤێرسالیزم، ئایدولۆژیا سیاسییە گەورەکان (مارکسیزم، کاپیتالیزم) و وتارە ساختەکان. بەگشتی ئەم چاخە بەوەدەناسرێتەوە کە بریتیە لە قۆناغێکی داستان گێڕانەوە و، وتاری ئەم دۆزەش داوای توانایی خۆی بەسەر ئەوانی ترەوە دەکا. ئەم چاخە پۆست مۆدێرنە داوامان لێدەکا بۆ ڕاستییە زۆر ئیندڤیدوال و سوبژێکتیڤی و وردەکان بگەڕێینەوە. بیری پۆست مۆدێرن، کە بەمانای دژایەتیکردنی هەمەو گشت دێ، بیرێکی دەستەبژێرانە نییە و ناخوازێ زانینی دەستەبژێرانە بەرهەمبهێنێ بەقەد ئەوەی کە کۆششە بۆ دژایەتیکردنی ڕۆحی دەستەبژێرانەی شارستانیی ڕۆژئاواو پرۆژەی مۆدێرنیتێی ئەم شارستانیەتە.

لیۆتار گوتەنی چەمکی پۆست مۆدێرن، کە دەستنیشانی یەک قۆناغ یان یەک چاخی مێژوویی دەکا پرسیارە لەسەر مۆدێرنیتێ کە چۆن و کەی دەستی پێکردووە و چۆن و کەی کۆتایی دێ!! بەباوەڕی لیۆتار ئەم لایەنەش بەرەو بەقۆناغیکردنی کێشەکانمان دەبا. هەر لەژێر سایەی ئەم سەرنجەدا و تایبەت بە قۆناغیکردنی کێشەکان و، بۆ گەیشتن بە تێڕامانێک سەبارەت بە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان پێی وایە، ترادیسیۆنی مەسیحی بنەمایەکی چاکە بۆ گەیشتن لە مێژووی وڵاتانی ڕۆژاوا. پێشی چاکترە لە پێناو ئەو مەبەستە بۆ **ئوگوستینوس**(Augustinus) بگەڕێینەوە. چونکە هەر مەسیحییەتە کەلە توانایدا بووە ژیان و مێژووی ڕۆژئاوا قاڵبداربکا. لیۆتار مەسیحییەت ـ شان بەشانی کاپیتالیزم و مارکسیزم ـ بەوە بەرپرسیاردەکا کە لە بەرهەمهێنانی گرفت لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا ڕۆڵی بینیوە. ئیدیالەکانی مۆدێرنیتێ کە لەلایەن **ئوگوستینوس**ەوە بناغەی بۆدارێژرا، دواجار لەسەر دەستی ڕۆشنگەریی فەرەنسی و ئەڵمانی پەرەی سەند و کەوتە ناو بوارە جۆراوجۆرەکانەوە: «زانست، تەکنیک، هونەر، مافی سیاسی و یاسایی، فەلسەفە، ئیتیک...».

بەشێوەیەکی گشتی، لیۆتار لە باس و خواسەکانیدا ساڵی ١٩٤٣ بە ساڵی دابڕان لەمۆدێرنیتێ دەزانێ و بنەچەی مۆدێرنیتێش بۆ **دێکارت**(Descartes) و **لەیبنیتز** (Leibniz) و ئەنسیکلۆپیدیستەکان و پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی **«برایەتی، یەکسانی، ئازادی »** دەگەڕێنێتەوە. هەر لەم دەم و وەختەوە ڕۆشنایی مۆدێرنیتێ لەناو پۆلە جیاوازەکانی زانینی فەلسەفیدا: «بواری فەلسەفەی پوخت ، بواری فەلسەفەی سیاسی، بواری فەلسەفەی هونەری و جوانکاری، بواری فەلسەفەی زانستی...» هاتە ئاراوە. سەردەمی پۆست «کۆمەڵگەی نوێ » کە نازناوی لیۆتارە بۆ کۆمەڵگەی پۆست ـ مۆدێرنیتێ ( و کۆمەڵگەی پۆست ـ پیشەسازی) ئەم دیاردانە دەکا بە ڕوخساری: ڕۆڵی گێڕانەوە مەزنەکان، تەکنۆلۆژیای نوێ، کێشەی بازاڕی کار، خستنە ژێرپرسیاری مۆدێرنیتێ کە لە توانایدا نییە زانینی نوێ بخولقێنێ و... هتد.

لیۆتار بە هۆی ئەم ڕووخسارانەوە ئەوە وەڕووی خوێنەری خۆیدەخا کە پۆست ـ مۆدێرنیتێ

پارادۆکسی (Paradox) ی ئایندەیە و تێگەیشتنێکی واشە کە لەسەر مۆدێرنیتێ، ناوبراو ئیپۆک نییە و بەڵکوو مۆدەیە. لەکۆمەڵگەی تەکنۆلۆژیای گەیاندنی مۆدێرنێتێدا، کە پۆست ـ مۆدێرنیتێ ڕەخنەی ئاراستەدەکا، زانست و زانین دەمێکە لەڕێگای بەرەو بوون بە شمەک (کالا)دایە و، ئەم شمەکەش وەک هەموو شمەکەکانی تر لەبازاڕدا نرخی دەردەکەوێ.

کۆمەڵگەی مۆدێرن کۆمەڵگەیەکی نامرۆڤایەتی یە. لێرەدا نامرۆڤایەتی بەمانای بەربەری و بێ ڕەحمی نایێت. بەڵکوو بەمانای ونبوونی هەمووپاشماوە و دەنگ و نیشانەیەکی مرۆڤایەتی دێ. یان بەمانای ونبوونی هەموو ئاماژەیەکی مرۆڤایەتی دێ لە کۆمەڵگەیەکی تەکنۆکراتیسێرەکراو و کاریگەرکراودا کە نیشتەجێبوون تیایا تەنیا وەزیفەیەکە لەنێوان ئەوانیتردا. لەژێر سایەی ئەم شێوە کۆمەڵگەیەدا خانوو «**ماڵ**» ئیدی بوونی نییە. مرۆڤی مێگاپۆل(Megapol) مرۆڤێکی بێ ماڵە(بێ شوێنە). گفتوگۆکانی ماڵەوەی ئەم مرۆڤە داستان و ترادیسیۆن و یادگارییەکانە. ئەمەش لە لایەن ئاڵوگۆڕی وەرزەکانی ساڵ و گۆڕانی نەوەکانەوە ڕێکوپێک کراوە.

لیۆتار کە باس لە کاراکتێرەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەکا هەوڵدەدا بە بیرێکی سۆسیۆلۆژی و ئەندێشەیەکی فینۆمینۆلۆژییەوە ڕەخنە ل دباری نیشتەجێبوونی ئەم وڵاتانە بگرێ. چونکە بەلای لیۆتار ەوە ئەوی پێیدەگوترێ «Domus » (ئەم وشەیە لاتینییە و لیۆتار لەبری وشەی ماڵ بەکاری دەبا ) لە ئەمڕۆدا بەپیشەسازیکراوە و، خودی مێگاپۆلیش بەوە لەقەڵەم دەدا کە بەرهەم ئیدی بوونی نییە و، کەسێک نییە کە بتوانێ شت بخولقێنێ.

ئەم باس و خواسانە لەسەر ماڵ و ترادیسیۆنەکانی لەسەردستی لیۆتار دواجار دەکرێن بەباس لەسەر ئەرکتێکتۆری سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێ. ئەمەش لەبەرئەوەی، لەم سەردەمەدا لە ڕۆژئاوا، ڕەخنەی زۆر ئاراستەی ئەرکتۆکتۆری مۆدێرنیتێ و ئیدیاڵەکانی دەکرێ، کە دەشێ بە ئەرکتۆکتۆری داستانە گەورەکان ناوببرێ. ئەمەش بریتییە لە شێوازی شێوە کلاسیکی ـ ترادیسیۆنی. هەرچی ئەرختۆکتۆرای پۆست ـ مۆدێرنە لە سەردەم و شێوازە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. هونەرەکەشی، کە لەویژدان دابڕاوە ، لە ترسناکی و شێتی دەروونییەوە نزیکە و خۆشی لە شێوەی جوانکاریی دەردەخا. ئەوی ئەم دیاردەیە لەناو هونەری سەردەمدا بەرجەستەدەکا هونەرمەندی ئەم سەردەمەیە کە دەروەستی بەرپرسیاریەتی نایێت و جورئەتی ئەوەش ناکا هیچ لێکدانەوەیەک ئەنجام بدا و هیچیشی نییە بیڵێت. ڕواڵەتی هونەرمەندی پۆست ـ مۆدێرن وەک مرۆڤی پۆست ـ مۆدێرن وایە کە حەز بە بەرپرسیاریەتی ناکا و، لەتواناشیدا نییە پرسیارە گەورەکان بوروژێنێ.

ئەوی دەرکی پێدەکرێ ئەوەیە، پۆست ـ مۆدێرنیتێ لەکۆتایی حەفتاکانەوە بەهۆی پەرتووکە ناودارەکەی لیۆتار **(دۆزی پۆست مۆدێرن)** بوو بە چەمکێکی زیاد لەپێویست بەکاربراو و ئونیفێرسال. ئەم دۆزە لەتەک عەقڵییەتی مۆدێرن لە ناکۆکی و دژایەتییەکی بێ ڕەهەنددایە. ناوئاخنی ئەم عەقڵەش بەوە پوخت دەکرێتەوە کە ڕۆڵی لەوەدا هەبووە کە زانستی سروشتی بەرەوماتماتیکی ببات. ئەرکی ئەم پرۆسەیەش بەزۆری کەوتە سەر ئەستۆی بیریاران و دۆزەرەوانی سەردەمی ڕۆشنگەریی و فەیلەسوف و زانایانی سەردەمی حەفدەو هەژدەی زایینی.

ئەمڕۆش داکۆکیکردن لە پرۆژەی ڕۆشنگەریی[7]، بە دژایەتی کردنی ئەو کەسانە دەکەوێتەوە کە بە پۆست ـ مۆدێرن ناسراون. جگەلەوە، داکۆکیکەران لە بیری مۆدێرنیتێ و وتاری ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوا پۆست ـ مۆدێرنەکان بە نوێ ـ کۆنسەرڤەتیڤ (کۆنخوازەنوێیەکان) و ئەنارشیستی لە قەڵەم دەدەن. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە دەرهەق بەو لێکدانەوانەی بیریارانی پۆست ـ مۆدێرن لە بارەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و زانستی و تەکنیکی کۆمەڵگەی پۆست ـ نوێیەکان بەرهەمیان هێناوە. ئێمە کە ئێستا لە قۆناغێکی سست دا دەژین نە مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیا لیبرالییەکانی بازاڕی ئازاد دەتوانێ کۆمەڵگە و شارستانیی هەنووکە شیبکاتەوە و، نەش تیۆرە ئونیڤێرسالیسێرەکراوەکانی ناو مێژووی بیری ڕۆژئاوا لە توانایدایە لە چۆنیەتی ئاوابوونی ڕاستی و مەرگی خود بدوێ. گرفتەکانی عەقڵیش بۆ لەمەودوا نیشانەیەکی بەرچاوی یە لەسەر پووچی ڕوانگاکانی سەردەم و کۆمەڵگەی مەدەنی(Civil) و ڕووخسارەکانی موراڵ. لیۆتار، هەروەک **نیچە** باوەڕی وایە موراڵ وەزیفەیەکی ستراتیژی هەیە و، لە دەرەوەی کۆنفلێکتیش بوونی نییە. گەر ئەمەش بەسەر فینۆمینۆلۆژیای دەرکی مێژوویی هەنووکەدا پێڕەو بکەین دەگەینە ئەو باوەڕەی لیۆتار کە دەڵێت : مێژوو پرۆسەیەکی بێ مانایە و، سەفەرێکی موخابنیشە ڕووەو ئاشکراکردنی ڕاستی شتەکان.[8]

بەپێی ڕوانگەی لیۆتار گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان کە لە ناو بوونی گشت کردەیەکی میتافیزیکی دایە، ئەو داوایە بووە کە ئەزموونگەریی دەیکرد. ئەم هیوایەی ئەزموونگەریی نەهاتەدی، بە هۆی ئەوەی بناغەی گشت زانینێک لە ئەزموونێکی ئاکسیۆمی دایە نەک بەپێچەوانەوە. جگەلەوە، هەڵەی ئەزموونگەریی لەوەدایە کە ئەزموون بە تاکە سەرچاوەی زانین دەزانێ.

دیسەمبەری ١٩٩٦، ستۆکهۆڵم

### پەراوێزەکان

١- ئەم باسە بەشێکە لەو بابەتەی تایبەت بە ( بیری بیریارانی پۆست مۆدێرن ) نوسراوە . ئەو بیریارانەش کە بیریان وەڕوو خراوە ئەمانەن: ژان بۆدریار (Jean Baudrillard)، ژان فرانسوا لیۆتار (Jean - Francois Lyotard)، ڕیچارد رورتی(Richard Rorty)، فردریک جێمسۆن (Fredric Jame- son )، مارشاڵ بێرمان( Mrshall berman)، زیگمۆن باومان (Zygmunt Bauman)....هتد.

٢- ئەم پەڕەگرافە؛ کە پوختەی دیدی (لیۆتار)ە لەبارەی دیاردەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی ڕۆژئاوا گەلێ لە دیدەکانی لە

پەرتووکی « فینۆمینۆلۆژیا » وە - ساڵی چاپ 1954 - وەرگیراوە تا بنەمای روناکبیری ( لیۆتار ) پێش بایەخ دانی بە

تێزی « پۆست مۆدێرن » بەردەست خرێ.

٣- ئەم پەرتووکە بابەتی تێزی (FD) کەی لیۆتارە.

ـ جگە لەم کارەی، دەکرێ ناوی بەشێک لەکارەکانی بەردەست خرێن:

* فینۆمینۆلۆژیا 1954
* وتار، فیگو1971
* دۆزی پۆست مۆدێرن 1979
* جیاوازی 1984
* ڕەخنەی کانتی لە مێژوو1986

٤- لیۆتار لە پەرتووکێکدا بە نێوی *لیبیداڵ ئیکۆنۆمی* ـ ئابووری شەهوانی ـ، کە بە پەرتووکێکی نابەختییاری خۆی لەقەڵەمی دەدا، .ڕەخنەیەکی زۆر ی ئاراستەی «نیچە و فرۆید» کردووە، بەڵام دواجار لیۆتار لەبەرسێبەری دیدگا فەلسەفییە نیهلیستییەکانی «نیچە » لێکدانەوەیەکی زۆر لەبارەی دۆزی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا بەرهەمدێنێ و لە نێوەندی فەلسەفی ڕۆژئاواش وەک نیهلیستێک ناودەردەکا . لیۆتار ئەم پرتووکە کە بە پەرتووکێکی ترسناکی خۆی لەقەڵەم دەدا، پێی وایە دوژمنی زۆری بۆ دروست کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وایە کە گشت نووسەرێ لەژیانیدا پێویستی بەوەیە لەم جۆرە پەرتووکانە بنووسێ.

لیۆتار ئەم پەرتووکەی لەکاتێکدا نووسیوە کە باوەڕی بە مارکسیزم بووە. هەوڵیشیداوە بە شێوەیەکی میتافۆرانە بنووسێ، وەک ئەوەی کە گوایە بێ ئاگایە لەدۆزی شتەکان. لەم کارەیدا کەڵکی لە گەلێ شت وەرگرتووە وەک: بونیادخوازی، سیمیۆتیک ـ تیۆری زناک یان نیشانە.

٥- لیۆتار بەوە بەناوبانگە کە خوێندنەوەی نوێی بۆ (کانت) ئەنجام داوە و فەلسەفەی (کانت) ی

بەرلێکدانەوەی نوێ خستوو. ئەمەشی لەم دووکارەدا ئەنجامداو:

ـ حەماسیەت Enthousiasme

ـ ڕەخنەی(کانت) لەمێژوو.

ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە(کانت) سەرچاوەیەکی فەلسەفی ڕاستەوخۆی (لیۆتار)ە. چونکە (لیۆتار) پتر کەڵکی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی (هوسرل) وەرگرتووە و، خۆشی بە قوتابی (Emmanuel Levinas) دەزانێ.

**ئیمانۆیل لیڤیانس** فەیلەسوفێکی فینۆمینۆلۆژی لیتوانی ـ فەرەنسییە کە لەماوەی ساڵانی (1946-1963) بەڕێوەبەری (Ecole Normale Orientale) بووە. لەژێر کاریگەریی کەلەپووری فینۆمینۆلۆژی گەشەی بەدرووست بوونی فەلسەفەیەکی سەربەخۆداوە. لەکارێکیدا بەناوی: هەمە و *ناپایان* (Totlite et infini) کە ساڵی 1961 بەچاپی گەیەندووە، بایەخی بە فەلسەفەیەک داوە کە ئیتیک دەکا بە بناغەی دیسپلینی فەلسەفی. لەبەرهەمەکانیدا ڕەخنەی زۆر ئاراستەی فەلسەفەی ترادیسیۆنی دەکا. بەڵام لەدواکاریدا لێکدانەوەی لەسەر تەورات ئەنجام داوە و، لێکدانەوەیەکی ئیتیکی داوەتەپاڵ. لەوکارانەش کەبۆ ئەم مەبەستە نووسیوونی ئەم دوانەن :

* ئازادی قورس 1963
* چوار وانەی تەوراتی 1968

٦- ئوشوێتز (Auscuwitz) ناوێکی ئەڵمانییە بو گوندێکی پۆلۆنی (Oswiecim). لە ئەپریلی (1940) دا لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم کرا بە ئۆردوگای کاری زۆرە ملی و شوێنی زیندانی سیاسی و مەنزڵگای بەکۆمەڵ کوشتنی جوو و نەتەوە نائارییەکانی تر (وەک: قەرەچ، رووس، پۆلۆنی...). ئۆردوگای ئوشوێتز کە ئەمڕۆ بۆتە مۆزەخانە بۆ گەشت و گووزەران لەسەر دەرگای دەرەوەی نووسراوە (کار ئازادی ئەخولقێنێ). ڕوداوی ئوشوێتز لە دوای ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم بەولاوە لەئەدەب و فەلسەفەی جیهانی بوو بە بابەت بۆ دوان لەسەر خودی بیر و چارنووسی مرۆڤ و ئایندەی مۆدێرنیتێی ڕۆژئاوا و ئاشکراکردنی هەڵەی بانگەوازەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەس. ئەم ڕوداوە کە بیریاری ئەڵمانی ئەدۆنۆ (Adoano) پێی وایە بەڵگەیە لەسەر مەرگی مۆدێرنیتێ لەسەر دەستی پۆست مۆدێرنەکان بەچەندین شێوازی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و فەلسەفیی جیا بەر لێکدانەوە دەخرێ و دەکرێ بەئاماژە لەسەر قەیرانی عەقڵی ڕۆشنگەریی و پووچی مانیڤێستی هیۆمانیستی شۆڕشی فەرەنسی.

٧- لێرەدامەبەست ئەم بیریارانەیە: پۆپەر (Popper)، ئەدرنۆ (Adorno)، هابرماس (Habermas). لەم بارەیەوە (لیۆتار) دیالۆگێکی گەرم لەسەر تێزێکی (هابرماس)ـ تازەگەریی پرۆژەیەکی ناکاملەـ دەکا و بەرپەچی بۆچوونەکانی لەبارەی عەقلانیەتی مۆدێرن و وتاری ڕۆشنگەریی دەداتەوە و بەداکۆکیکەر لە پرۆژەی مۆدێرنیتێی لە قەڵەم دەدا. هابرماس لە نێو بیریارانی هاوچەرخی ئەڵمانی و نووسەرانی قوتابخانەی (فرانکفۆرت) لە هەموویان زێتر دێبات لەبارەی بیری هاوچەرچی فەرەنسی و بیریارانی پاش حەفتاکان: «فوکۆ، دێریدا، دۆلۆز، لیۆتار، شتراوس... » دێنێتەگۆڕێ.

٨- ئەم باسە تەنێ بە بیری (لیۆتار) تایبەتە. بەڵام ئەوی پێوەندی بە ناوئاخن و ناوەڕۆکی دیاردەی «پۆست مۆدێرن »ەوە یە ئەوا لەچەند بابەتێکدا لێکدانەوەمان لەبارەیەوە ئەنجامداوە. بۆیەش دەڵێین چەند بابەتێک، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی و مۆدێرنیتێ و ئاڕاستەزانستی و ئەپستمۆلۆژییەکانی سەدەی «حەڤدە و هەژدە» و؛ دواتریش چرکەساتەکانی پراکتیزەکردنی ڕوانگاکانی فەلسەفەی مۆدێرنیتێ چەند ئاقار و ڕەهەندی لێکدانەوەی جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە. هەروەها شیکردنەوە لەمەڕ پێوەندی فەلسەفەی «نیچە» و فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیتێ و بابەتی وەک کۆتایی مێژوو، ئاوابوونی ڕاستی، گرفتی عەقڵ، مەرگی خود، پایانی هیۆمانیزم لەلایەک و، لەلایەکی تر دیدگاکانی پۆست ناسیۆنالیزم و پۆست ئیدێنتیتی و داکەوتنی ئونیڤێرسالیزم ئاوڕی چاکیان لێدراوەتەوە و لە فورسەتی جیاجیادا بەردەستی خوێنەر دەخرێ.

• • •

**سەرچاوەکان:**


1-Signum 1988, 4. Klimatskifte i filosofin. Hans Joachim Turk .

2-SydSvenska Dagblad. 1990 - 5 - 06. En gammal postmodernists syn på det nya Europa: begrepet politik måste revideras .Hemer, Oscar.

3-Fenix 1993, 3/4. Postmodernismen i Sverige: Om kritik, Moralism och Nihilism. Agell, Fredrik.

4- Tidskr. 90 tal. 1991, 4. Domus eller megapolen. Lyotard, Jean - Francois.

5- Tempus. 1990, 15. Det upphöjda - ny kult inom filosofin.

6- Res Publica. 1989, 14. Om det sublima. Kant och det sublima. Lyotard, Jean - Francois

7- Dagens N yheter . 1988 - 03 - 09 . Baudrillards tomhet och Lyotards…? Ericsson, LarO.

8- Dagens Nyheter. 1986 - 07 -02 .Jean - Francois Lyotard om det post moderna tiistándet. Zivkovic, Zagorka.

9- Paletten. 1986, 1. Samtal med Jean Francois Lyotard. Lindgren; Lena.

10- Tempus. 1985 - 11 -15. Postmodernism är att tänka utan förebilder . Iriat; Carlos.

11- Artes. 1985, 5. Svar på frågan: vad är det postmoderna? Lyotard, Jean - Francois.

12- SydSvenska Dagb. 1985 - 06 -13. När vetenskapen blir en mode vara. Nilsson, Jan O.


**فەرهەنگۆک:**

| | |
|---|---|
| ویژدان | Consciousness |
| دەرەوەگەریی | Exteriority |
| ڕێڕەوی مێژووخوازی | Historicism |
| مرۆڤ خوازی | Humanism |
| گریمان | Hypothesis |
| خەیاڵ، ورێنە | Imagination |
| مەبەست گەریی، نییەت گەریی | Intentionality |
| ناوەوەگەریی | Interiority |
| دەرک | Intuition |
| زانین | Knowledge |
| تازەگەریی | Modernity |
| نوێ ـ کۆنخوازی | Neo - conservatism |
| هیچگەریی | Nihilisn |
| بابەت، شت | Object |
| بابەتگەریی | Objectivity |
| ڕوانگەگەریی | Perspectivism |
| دیاردەناسی | Phenomenology |
| دۆزگەریی، بارگەریی | Positivism |
| پاش ـ تازەگەریی | Post - modernity |
| پاش ـ بونیادخوازی | Post - structuralism |
| بەرژەوەندی گەریی | Pragmatism |
| دەروونناسی گەریی | Psychologism |
| ڕاستی، واقیعی | Reality |
| ڕێژەگەریی | Relativism |
| گومان خوازی | Scepticism |
| تیۆری زناک یان نیشانە | Semiatics |
| کۆمەڵناسی گەریی | Sociologism |
| بونیادخوازی، بنەما/ بناخەگەریی | Structuralism |
| خود | Subject |
| خودگەریی | Subjectivity |
| باڵا | Sublime |
| هەمە ، گشت | Totality |
| سەرانسەری، جیهانی | Universal |

# بزووتنەوە و قوتابخانەکانی تیۆریی ئەدەبی

## پرۆفیسۆر جاناتان کولێر

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: **هاشم ئەحمەدزادە**

تێرمەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان یەک لەو بوارانەن کە وەرگێڕی کورد تووشی گرفتی چاوەڕواننەکراو دەکەن. لەلایەکەوە مانای ئەو تێرمانە بەم جۆرەی لەم زانستانەدا دەکاردەهێندرێن بۆ زۆربەی خوێنەروانی کورد ناڕوونن. لەلایەکی ترەوە بەهۆی تازەبوونی زۆربەی ئەم تێرمانە هیچ بەرامبەرێکی جێکەوتووی کوردییان بۆ دانەندراوە و هەرکەس بە ویست و مەیلی خۆی بارتەقایەکی کوردییان بۆ دادەنێ. بە بڕوای من لە هەلومەرجێکی ئاوادا شتێکی پێویست ئەوەیە کە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارانە تا ئەو جێگایەی بۆیان دەلوێ، هەوڵ بدەن مانای تایبەتی ئەم تێرمانە بە نووسین یان وەرگێڕان شیبکەنەوە و لە ئاکامی هەوڵێکی هاوبەشی تردا چارەیەک بۆ یەکدەست کردنی بەرامبەرە کوردییەکانیان بدۆزنەوە. وەرگێڕانی پاشکۆی کتێبی «تیۆریی ئەدەبی»ی پرۆفیسۆر جاناتان کولێر هەنگاوێکە لەم ڕێبازەدا.

### فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| فۆرمالیسمی رووسی: | Russian Formalism |
| رەخنەی نوێ: | New Criticism |
| دیاردەناسی: | Phenomenology |
| بناخەگەری: | Structuralism |
| دوابناخەگەری: | Post-Structuralism |
| بنەماشکێنی: | Deconstruction |
| تیۆریی فێمینیستی: | Feminist Theory |
| دەروونشیکاری: | Psychoanalysis |
| مێژووگەرایی نوێ: | New Historicism |
| ماتریالیسمی کولتووری: | Cultural Materialism |
| تیۆریی پاشکۆلۆنیالی: | Post-Colonial Theory |
| دیسکۆرسی کەمایەتی: | Minority Discourse |
| تیۆریی هاوجنسخوازی: | Theory Queer |

### فۆرمالیسمی رووسی

فۆرمالیستە رووسەکانی ساڵانی بەرایی سەدەی بیستەم پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە رەخنەگران دەبێ خۆیان بە ئەدەبییەتی ئەدەبەوە خریک کەن: ئەو ستراتێژییە وشەیی و زمانییانە کە دەقێک دەکەنە ئەدەبی، پێشزەمینەکانی خودی زمان و "نامۆیاندن"ی ئەو ئەزموونەی ئەوان بە جێدێنن. فۆرمالیستەکان بە گواستنەوەی سەرنج لەسەر نووسەرەوە بۆ تێکنیکەکانی وشە و زمانی هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە "تەنیا پاڵەوانی ئەدەب تێکنیک یان سەنعەتی زمانە"، بە جێی پرسینی "نووسەر لێرەدا چ دەڵێت؟" ئێمە دەبێ پرسێکی لەم چەشنە ئاراستە کەین، "لێرەدا غەزەلەکە چی بە سەر دێ؟ یان چ رووداوگەلێک لە ئەم رۆمانەی ددیکێنزدا رووددات؟" رۆمان یاکوبسۆن، بۆریس ئێخێنباوم، ویکتۆر شکلۆڤێسکی سێ کەسایەتی سەرەکیی ئەم گروپەن کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جەختیان لە سەر پرسیارەکانی سەبارەت بە شێوە و تێکنیک دەکرد.

### رەخنەی نوێ

ئەوەی بە "رەخنەی نوێ" ناسراوە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ لە ئامریکادا سەری هەڵدا (وێڕای بەرهەمی پێوەندیداری «ئای. ئێ. ریچاردس» و ویلیام ئێمپسۆن لە ئینگلستان). رەخنەی نوێ لەسەر یەکێتی یان یەکپارچەیی بەرهەمە ئەدەبییەکان وردەبووەوە. رەخنەی نوێ بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کە لە زانستگاکاندا بەڕێوەدەچوو، لە گەڵ شێعر وەک ئۆبژەی جوانی، نەک وەک بەڵگەی مێژوویی، هەڵسوکەوتی دەکرد. رەخنەی نوێ لە کارتێکەریی دوولایەنەی تایبەتمەندییەکانی زمانیی شێعر و ئاکامەکانی وەدیهاتنی مانای دەکۆڵیەوە و مەبەست و هەلومەرجی بەرهەمهێنەرەکانی لا گرینگ نەبوو. بۆ رەخنەگرانی نوێ (کلیفس برووکس، جان کرو رانسام، و. ک. ویمسات)، ئەرکی رەخنە بریتی بوو لە روونکردنەوەی بەرهەمە تاکەکەسییەکانی هونەر. رەخنەی نوێ بە وردبوونەوە لەسەر ئیبهام، پارادۆکس، کینایە و کارتێکەریی مانای لاوەکی و خیاڵی شاغیرانە، بەشوێن ئەوەدا بوو کە یارمەتی هەر تۆوێکی فۆڕمی شێعری بە بناخەیەکی یەکگرتوو، نیشان بدا. رەخنەی نوێ گەلێک میراتی تێکنیکیی جێکەوتووی لە بواری خوێندنەوەی ورد لە خۆ بەجێهێشت. تاقیکردنەوەی هەر چالاکییەکی رەخنەگرانە ئەوەیە کە ئایا ئەم رەخنەیە بۆ بەرهەمهێنانی لێکدانەوەی قووڵتر و دەوڵەمەندتری بەرهەمە تاکەکەسییەکان یارمەتیمان دەدا یان نا؟ ئەمەش میراتێکی رەخنەی نوێیە. بەڵام لە بەرایی شەستەکانی ئەم سەدەیەدا کۆمەڵێک دیسکۆرس و رێبازی تیۆریک ــ دیاردەناسی، زمانناسی، دەروونناسی، مارکسیزم، بناخەگەری، فێمینیسم، بنەماشکێنی ــ چوارچێوەگەلێکی واتەیی دەوڵەمەندتر لە هی رەخنەی نوێیان لە بواری رەنگدانەوەی ئەدەبیات و بەرهەمە کولتوورییەکان هێنا ئاراوە.

### دیاردەناسی

دیاردەناسی لە بەرهەمی فیلسوفی بەرایی سەدەی بیستەم ئێدمۆند هوسێرل دا سەرهەڵدەدا. دیاردەناسی بەشوێن ئەوەدایە کە بە جەختکردنەوەی واقیعی دیاردەییانەی ئۆبژەکان بەو شێوەی کە لە ئاگایی دا دەردەکەون، بەسەر گرفتی جیاکردنەوەی سۆبژە و ئۆبژە لە یەکتردا تێپەڕێ. ئێمە دەتوانین پرسیارگەلی لەمەڕ واقیعی نیهایی یان قابیلی ناسینبوونی جیهان راگرین و جیهان بەم شێوەیە کە دەدرێ بە ئاگایی، پێناسە بکەین.

دیاردەناسی رەخنەی تەرخانکراو بە پێناسەکردنی"جیهان"ی ئاگایی نووسەر(خاوەن بەرهەمێک)ی، بەم جۆرەی لە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەو دەردەکەوێ، زەمانەت

کرد(جۆرج پولێت، جەی هیلیس میلێر). بەلام شتێکی گرینگتر "رەخنەی هەلوێستی خوێنەرەوە" بووە (ستانلی فیش، ڤۆلفگانگ ئیسێر). بۆ خوێنەرەوە بەرهەم ئەو شتەیە کە دەدرێت بە ئاگایی. مرۆڤ دەتوانێ باسی ئەوە بکات کە بەرهەم شتێکی ئۆبژەیی نییە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە ئەزموونکردن لە ئارادا نییە، بەلکوو ئەو(بەرهەمە) ئەزموونی خوێنەرەوەیە. بەم جۆرە رەخنە دەتوانێ بریتی بێ لە ناساندنی جموجۆلی پەیتاپەیتای خوێنەرەوە لە خوێندنەوەی دەقێکدا. لێکدانەوەی چلۆنایەتی سازکردنی پێوەندییەکان لە لایەن خوێنەرەوە و پرکردنەوەی ئەو شتانەی نەگوتراون، پێشبینی کردن و بە خەیالداهاتن و لە ئاکامدا ئایا چاوەنوارییەکانی ئەو(خوێنەرەوە) وەدیهاتوون یان بوونەتە هۆی ناهومێدی.

شێوەیەکی تری هەلوێستی خوێنەرەوە لە دیاردەناسیدا بە "جوانیناسیی وەرگرتن" نێودەبردرێ(هانس رۆبێرت جاوس). بەرهەم وەلامێکە بۆ ئەو پرسیارانەی بە "ئاسۆیەک لە چاوەڕوانی" ئاراستەدەکرێن. بۆیە لێکدانەوەی بەرهەمەکان نابێ تەنیا لەسەر ئەزموونی خوێنەرەوەیەک بێ، بەلکوو ئەوە مێژووی وەرگرتنی بەرهەم و پێوەندیی ئەو بە گۆڕانی پێوانەکانی جوانیناسی و ئەو کۆمەلە چاوەڕوانییانەیە کە خوێندنەوەی بەرهەمەکە لە کاتی جۆراوجۆردا مسۆگەر دەکەن و ئەوانەن کە دەبێ بنەمای لێکدانەوەی بەرهەم بن.

## بناخەگەری

تیۆری هەلوێستی خوێنەرەوە خالێکی هاوبەشی لەگەل بناخەگەری هەیە، واتا بناخەگەرییش لەسەر چلۆنایەتی بەرهەمهێنانی مانا پێ دادەگرێ. بەلام ریشەی بناخەگەری دەگەڕێتەوە سەر جۆرێک لە بەربەرەکانی و دژایەتی لەگەل دیاردەناسی: لە بناخەگەریدا بەجێی پێناسەکردنی ئەزموون، مەبەست ئەوە بوو ئەو بناخانەی لەپشت ئیمکانی ئەزموونێک دەوەستن، دەستنیشان بکرێن. بناخەگەری بە جێی پێناسەکردنی دیاردەناسییانەی ئاگایی، بەشوێن لێکدانەوە و شیکردنەوەی بناخەگەلێک بوو کە بە شێوەیەکی ناخودئاگا هەلسوکەوت دەکەن(بناخەکانی زمان، دەروون و کۆمەلگا). بناخەگەری لەبەر هۆگری لە چلۆنایەتی بەرهەمهێنانی مانا، زۆرجار(وەک بەرهەمی رۆلان بارت س/ز) لەگەل خوێنەرەوە وەک کانگا و شوێنی راستەقینەی ئەو کۆدانەی دەبنە هۆی مومکین بوونی مانا، وەک کارکەر(عامیل)ی مانا هەلسوکەوتی دەکرد. بناخەگەری زۆرجار ناوی گروپێک لە بیرکارانی بەناوبانگی فەڕانسەیی سالانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دێنێتە ئاراوە. ئەم بیرکارانە لە ژێر کارتێکەری تیۆری زمانیی «فێردیناند سۆسۆر» دا بوون و واتەکانی زمانناسیی بناخەگەرییان بۆ لێکۆلینەوەی دیاردەی کولتووری و کۆمەلایەتی دەکاردەهێنا. بناخەگەری لەسەرەتادا لەبواری مرۆڤناسیدا گەشەی کرد(کلاود لویی ستراوس)، دوایە لەبواری لێکۆلینەوەی کولتووری و ئەدەبی(رۆمان یاکوبسۆن، رۆلان بارت، ژێرارد ژێنیت)، دەروونناسی(ژاک لاکان)، مێژووی رۆشنبیری (میشێل فوکۆ)، و تیۆریی مارکسیستی دا(لویی ئالتوسێر) پەرەی ئەستاند. ئەگەرچی ئەم بیرکارانە قەت قوتابخانەیەکیان بەم ناوە رێکنەخست، لەژێر ناوی بناخەگەری دا بوو کە بەرهەمەکانیان لە شەستەکان و حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا گەیشتنە ئینگلستان و ئامریکا و شوێنی تر و خوێندرانەوە.

لەبواری لێکۆلینەوەی ئەدەبیدا، بناخەگەری هاندەری جۆرێک لە شێعرییەتە کە هۆگری ئەو رێکەوتانەیە کە وەدیهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان مومکین دەکات؛ بناخەگەری بەشوێن شیکردنەوەی نوێی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نییە، بەلکوو دەیهەوێ حالی بێ چۆن ئەم بەرهەمانە دەتوانن خاوەنی ئەو مانا و کارتێکەرییانە بن کە هەیانە. بەلام بناخەگەری لە داسەپاندنی پرۆژەیەکی لەم چەشنە شیکردنەوەی سیستیماتیکی دیسکۆرسی ئەدەبی ـ لە بریتانیا و ئامریکادا سەرکەوتوو نەبوو. کارتێکەری سەرەکیی بناخەگەری لەم ولاتانەدا هێنانە ئارای باوەڕگەلی نوێ بوو لەسەر ئەدەبییات و ئەوەیکە ببێت بە نەریتێکی بەرچاو لەنێو نەریتەکانی تردا. بەمجۆرە بناخەگەری بوو بە رێخۆشکەری خوێندنەوەی نیشانەیی بەرهەمە ئەدەبییەکان و لێکۆلینەوەی کولتووری هاندا کە هەول بدا بەرهەمهێنەرانی بەرچاوی نەریتە جیاوازەکانی کولتووری بە وردی و روونی لێکداتەوە.

هەلاواردنی بناخەگەری لە نیشانەناسی، زانستی گشتیی نیشانەکان، کە دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمەکانی سۆسۆر و فیلسوفی ئامریکایی، چارلز ساندێرز پێیرس، ئەرکێکی ئاسان نییە. بەلام نیشانەناسی بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە کە بەشوێن ئەوەدا بووە لێکۆلینەوەی زانستییانەی رەفتار و پێوەندیگرتن تێکەلاوبکا، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە تێفکرینی فەلسەفییانە و رەخنەی کولتووری کە تایبەتە بە بناخەگەریی فەڕانسەیی و جۆرەکانی هاوپێوەند لەگەل ئەودا، پاراستووە.

## دوابناخەگەری

لەو کاتەی را بناخەگەری وەک بزووتنەوە یان قوتابخانەیەک پێناسەکرا، تیۆریسیەنەکان مەودایان لێگرت. روونبۆوە کە بەرهەمگەلی ئەو کەسانەی بە بناخەگەرا دەناسێندران لە گەل باوەڕی بناخەگەری وەک هەولێک بۆ دەستنیشانکردنی بناخەکان و زالبوون بە سەریاندا، نەیدەخوێندەوە. بۆ نموونە: بارت، لاکان و فوکۆ وەک دوابناخەگەر ناسێندران. ئەم کەسانە تا ئەو پەڕی بناخەگەری کە بە شێوەیەکی بەرتەسک وەرگیرابوو رۆیبوون.. بەلام زۆر لەو هەلوێستانەی بە دوابناخەگەرییەوە گرێدراون تەنانەت لە بەرهەمەکانی پێشتری ئەم بیرکارانەدا، ئەوکاتەی وەک بناخەگەر دادەندران، دەبیندرێن. ئەوان ئەو شێوانەیان پێناسە کردبوو کە چۆن تیۆرییەکان تێکەلاوی ئەو دیاردەیە دەبن کە بناخەگەرەکان هەول دەدەن شی بکەنەوە، چۆن دەقەکان بە پێشێلکردنی هەر جۆرە رێکەوتنێک کە لێکدانەوەی بناخەگەرییانە جێگیریان دەکات، مانا دەخولقێنن. ئەوان لە بەر ئەوەیکە سیستەمەکان بەردەوام لە گۆڕانکاری دان، نامومکین بوونی پێناسەکردنێکی تەواو و رێکوپێکی سیستەمێکی دیاریکەریان بۆ دەرکەوت. لە راستیدا دوابناخەگەری کەموکووڕی و هەلەکانی بناخەگەری نیشان نادا و لە کارکردن لەسەر پرۆژەی ئەوەیکە چ شتێک دیاردەی کولتووری قابیلی تێگەیشتن دەکات، لادەدات. ئەم قوتابخانەیە، لە جیاتیان رەخنە لە زانست و گشتگیری و سۆبژە گەورە دەکاتەوە. دوابناخەگەری لەگەل هەرکام لەوانە(زانست، گشتگیری و سۆبژە) وەک مەعلوولێکی پرۆبلێماتیک هەلسوکەوت دەکات. بناخەی سیستەمەکانی مانا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە سۆبژە لە ئارادا نین و ئۆبژەی زانست نین، بەلکوو ئەمانە بناخەن بۆ سۆبژەکان کە تێکەلاوی ئەو هێزانە دەبن کە

ئەوان بەرهەمدێنن.

### بنەماشکێنی

وشە یان تێرمی دوابناخەگەری بۆ کۆمەڵێکی بەربڵاوی دیسکۆرسی تیۆریک دەکار دێ کە ڕەخنە لە بیر و باوەڕی زانستی ئۆبژەیی(چاوی) و سۆبژەیەک کە توانای ناسینی خۆی هەبێت، دەگرێ. بەو پێیە فێمینیسمگەلی هاوچەرخ، تیۆریگەلی دەروونشیکاری، مارکسیزمەکان و مێژووگەراکان هەموویان لە دوابناخەگەریدا بەشدارن. بەڵام دوابناخەگەری لە سەرووی هەمووشتێکەوە بنەماشکێنی و بەرهەمی ژاک دێریدا دەستنیشان دەکات. ژاک دێریدا بە هۆی ڕەخنە لە را و بۆچوونی بناخەگەریانە لە سەر بناخە، لە ئامریکادا نێوبانگی دەرکرد. ئەم ڕەخنانە لە کۆمەڵێک بابەت پێکدەهاتن کە سەرنجی ئامریکاییان بۆسەر بناخەگەری ڕاکێشا (زمانەکانی ڕەخنە و زانستەکانی مرۆڤ، ١٩٧٠).

بنەماشکێنی زۆرجار بە سانایی وەک ڕەخنە لە نەرینییە هیرارشییەکان(hierarchical op-positions) کە بناخەی بیری ڕۆژئاواییان دارشتووە، پێناسە دەکرێ: ناوەوە دەرەوە، بیر/لەش، وشەیی/ئیستعارەیی، ئاخافتن/نووسین، حازر/ون، سروشت/کولتوور، فۆرم/مانا. شکاندنی بنەمای نەرینییەک بەو مانایەیە کە ئەو نەرینییە (دژایەتییە) شتێکی سروشتی و ناچار نییە، بەڵکوو سازکراوێکە کە ئەو دیسکۆرسانەی پشتی پێدەبەستنەوە، بەرهەمی دێنن. نیشاندانی سازکراوبوونی نەرینی لە بەرهەمێکی بنەماشکێنیدا، کە بە شوێن هەڵوەشاندنەوە و نووسینەوەی نەرینی دایە، بە مانای تێکدان و ڕووخاندنی ئەم نییە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە بنەما و کارکردێکی جیاوازی بدرێتێ. بەڵام بنەماشکێنی وەک شێوەیەک لە خوێندنەوە، بە گوێرەی دەستەواژەیەکی باربارا جانسۆن، ئەوا پێناسە دەکرێ: "هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی دژبەیەکی مانا لە ناو دەقێکدا"، لێکۆڵینەوەی ناتەبایی لە نێوان شێوەکانی مانا، وەک ناتەبایی نێوان ڕەهەندگەلی نەگۆڕ و کارکردیی زمان.

### تیۆریی فێمینیستی

تا ئەو جێگایەی فێمینیسم بنەماشکێنیی نەرین(دژایەتی)ی پیاو/ژن و نەرینییەکانی لەم ڕۆوە هاوپێوەند لە مێژووی کولتووری ڕۆژئاوادا، دەگرێتە ئەستۆ، جۆرێکە لە دوابناخەگەری. بەڵام ئەمە تەنیا بوارێکی فێمینیسمە. فێمینیسم پتر لەوەیکە قوتابخانەیەکی یەکدەست بێ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری یە و فەزایەکە بۆ باس. لەلایەکەوە تیۆریسیەنە فێمینیستەکان داکۆکی لە هوویەتی ژنان دەکەن، داوای مافەکانی ژن دەکەن و هاندەری نووسراوەی ژنانن وەک بەڵگەی نوێنەرایەتی کردنی ئەزموونی ژنان. لە لایەکی ترەوە فێمینیستەکان ڕەخنەیەکی تیۆریک لەسەر قالبی ناهاوجنسخوازی(hetrosexual) کە هوویەت و کولتوورەکان لەسەر بنەمای دژایەتی نێوان ژن و پیاو ڕێکدەخات، دێننە ئاراوە. ئێلین شوالتر لە نێوان "ڕەخنەی فێمینیستی" بە گریمانەی نێرینە و بەرهەمهێنەرانی پیاو و "ڕەخنەی ژنانە" (genocriticism) جیاوازی دادەنێ. ڕەخنەی ژنانە جۆرێک لە ڕەخنەی فێمینیستی یە کە خۆی بە نووسەرانی ژن و نوێنەرایەتی ئەزموونی ژنانەوە دەبەستێتەوە. هەر دوو ڕێبازی ناوبراو کەوتوونەتە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو قوتابخانەی کە هێندێک جار لە ئامریکا و بریتانیادا بە فێمینیسمی فەڕانسەیی نێو دبردرێ. لە "فێمینیسمی فەڕانسەیی" دا ژن هێزێکی ڕادیکاڵە کە فەرز، واتە و بناخەکانی دیسکۆرسی پیاوسالاری تێکدەڕووخێنێ. هەروەها تیۆریی فێمینیستی دوو ڕێبازی تریش دەگرێتەوە کە یەکیان بەرپرچی دەروونشیکاری دەداتەوە لەبەر بنەماکانی تەواو جنسیی ئەم تیۆرییە و ئەوی تریشیان دەربڕینەوەی وەستایانەی دەروونشیکاری یە لە لایەن لێکۆڵەرەوە فێمینیستەکانی وەک ژاکلین ڕۆز، ماری ژاکۆبوس و کاژا سیلوێرمەن. بە باوەڕی ئەم لێکۆڵەرەوانە تەنیا بە هۆی دەروونشیکاری و تێگەیشتنی ئەو لە لکوپۆپی پێوەرەکانی دەروونیکراو، مرۆڤ دەتوانێ هیوادار بێ لە هەلومەرجی نالەباری ژنان حاڵی بێ و بۆی تێهەڵچێتەوە. فێمینیسم بە هۆی پرۆژە چەندلایەنەکانییەوە کارتێکەرییەکی بنەڕەتی هەبووە لەسەر گۆڕانکاریی بارهێنانی ئەدەبی لە ئامریکا و بریتانیادا. ئەم کارتێکەرییە ئەنجامی بەرفراوانکردنی کانوون (باشترین و بەرچاوترین بەرهەم)ی ئەدەبی و بەرهەمهێنانی زنجیرەیەک باسی نوێ یە لە لایەن فێمینیستەکانەوە.

### دەروونشیکاری

تیۆریی دەروونشیکاری لە دوو بارانەوە کارتێکەریی لەسەر ئەدەبیات هەبووە. وەک شێوەیەکی لێکدانەوە و وەک تیۆرییەک لەسەر زمان، هوویەت و سۆبژەدا. لەلایەکەوە شانبەشانی مارکسیزم بەهێزترین هێرمێنۆتیکی (تەئویل) نوێباوە: هەنبانە وشەیەکی تێکنیکی یان ئامرازێکی بەهێزی زمانە کە دەکرێ بۆ ئەدەبییات و هەروەها هەلومەرجەکانی تر دەکار بهێندرێ بۆ تێگەیشتن لەوەیکە لە "ڕاستیدا" چ ڕوودەدات. ئەمە لە ئاکامدا جۆرێک لە ڕەخنەگریی وشیار لەمەڕ تێم و پێوەندییەکانی دەروونشیکاریدا دەخولقێنێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە گەورەترین کارتێکەریی دەروونشیکاری بە هۆی بەرهەمەکانی ژاک لاکان ەوە هاتووەتە ئاراوە. لاکان دەروونشیکارێکی فەڕانسەیی یە کە بەرەی خۆی گۆڕی و قوتابخانەی تایبەتیی خۆی لە دەرەوەی شیکردنەوەی جێگرتووی سەردەمدا، دامەزراند و ڕێبەرایەتی ئەوشتەی وەئەستۆگرت کە بە نێوی گەڕانەوە بۆ فرۆید پێشکێشی کرد. لاکان سۆبژە وەک مەعلوولی زمان دادەنێ و پێ لەسەر ڕۆڵی بێ سێودووی لێکدانەوەی ئەوشتەی فرۆید پێیدەگوت گواستنەوە (transference) دادەگرێ. لە گواستنەوەدا ئەو کەسەی شیدەکرێتەوە، ڕۆڵی فیگۆڕێکی بەدەسەڵاتی کاتی ڕابردوو دەدات بە شیکەرەوە (عاشقی شیکەرەوەی خۆ بوون). ڕاستەقینەی هەلومەرجی نەخۆش ئاکامی لێکدانەوەی دیسکۆرسی نەخۆش لە لایەن شیکەرەوە نییە، بەڵکوو ئەوە ئەنجامی ئەوشتەیە کە شیکەرەوە و نەخۆش لە لێدانەوەی سێناریۆیەکی بەرچاوی ڕابردووی نەخۆشەکە یەک دەگرنەوە. ئەم ڕێبازە دەروونشیکاری دەکات بە دیسیپلینێکی دوابناخەگەری کە تێیدا لێکدانەوە بریتی یە لە دووپاتکردنەوەی دەقێک کە دەسەڵاتی بەسەردا نییە.

### مارکسیزم

دوابناخەگەری، بەپێچەوانەی ئامریکا، نەک بەهۆی دێریدا و پاشان لاکان و فوکۆ، بەڵکوو بەهۆی بەرهەمەکانی تیۆریسیەنی مارکسیست لویی ئالتوسێرەوە گەیشتە بریتانیا. ئالتوسێر وەک خوێندەواری کولتووری مارکسیستی چەپی بریتانیایی، خوێنەرەوەکانی خوی بەرەو تیۆریی لاکانی ڕێبەری کرد و بوو بەهۆی گواستنەوەیەکی بەرەبەرەی دوابنەماشکێنی و،

وەک ئانتۆنی ئیستۆپ دەڵێ، "دوابناخەگەری هەمان فەزای داگیرکرد کە کولتوورە خانەخوێیەکەی واتا مارکسیزم داگیری کردبوو". لە روانگەی مارکسیزمەوە دەق پێوەندی بە سەرخانێکەوە هەیە کە بە ژێرخانی ئابوورییەوە دیاری دەکرێ (پێوەندییەکانی راستەقینەی بەرهەمهێنان). لێکدانەوە و شەرحی بەرهەمە کولتوورییەکان بەو مانایەیە کە ئەوان بەرینەوە سەر ژێرخان و بنەمای خۆیان. ئالتوسێر ئەم باسەی هێنا ئاراوە کە شێوەی کۆمەڵایەتی شتێکی یەکگرتوو و یەکدەست نییە و شێوەی بەرهەمهێنان لە ناوەندی شێوەی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکوو بنەمایەکی شلترە کە تێیدا ئاست و جۆری جیاوازی کردەوە لە پێریۆدی زەمانیی جیاوازدا گەشەدەکەن. سەرخانە ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان "سەربەخۆییەکی نیسبییان" هەیە. ئالتوسێر بە کەڵک وەرگرتن لە لێکدانەوەیەکی لاکانی لەمەڕ دیاریکردنی ئاگایی بە هۆی ناخودئاگایی، بۆ شیکردنەوەی چلۆنایەتی کارکردی ئایدیۆلۆژی لەسەر دیاریکردنی سۆبژە، لێکدانەوەیەکی مارکسیستی دەستنیشان دەکات کە تێیدا دیاریکردنی تاکەکەس بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە، جێی خۆی دەدات بە هۆکاری دەروونشێکارییەوە. سۆبژە بەرهەمێکە کە لە پرۆسێس و رێڕەوی ناخودئاگا، دیسکۆرس و کردەوەکانی بە شێوەیەکی نیسبی سەربەخۆ کە کۆمەڵ رێکدەخەن، پێکدێ. ئەم پێوەندییە (پێوەندیی نێوان سۆبژە لەلایەکەوە و ناخودئاگا و دیسکۆرس و کردەوەکانی خاوەنی سەربەخۆییەکی نیسبی لە لایەکی ترەوە) پایەی زۆر باسی تیۆریک لە بریتانیا لە بواری تیۆریی سیاسی و هەروەها ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی کولتووری پێکدێنێ. لێکۆڵینەوەی سەرەکی و بنەڕەتیی پێوەندییەکانی کولتوور و مانا لە حەفتاکاندا لە چوارچێوەی گۆڤاری لێکۆڵینەوەی فیلم، سکرین(screen) واتا پەردەدا، بەڕێوەدەچوو. ئەم گۆڤارە بە دەکارهێنانی باوەڕەکانی لاکان و ئالتوسێر بەشوێن ئەوەدا بوو تێبگات چۆن سۆبژە بەهۆی بناخەگەلی بەرهەمە سینەماییەکان جێگیردەبێ یان سازدەکرێ.

## مێژووگەرایی نوێ/ ماتریالیسمی کولتووری

سالانی هەشتا و نەوەدی سەدەی بیستەم لە بریتانیا و ئامریکا بە سەرهەڵدانی جۆرێک لە رەخنەگری دەستنیشانکراوە کە بە هێزێکی زۆرەوە لەباری تیۆریکەوە خۆی بە رەخنەگریی مێژوویییەوە خەریک کردووە. رەیمۆند ویلیامز ماتریالیسمی کولتووریی بریتانیایی بەم شێوە پێناسەدەکات: "لێکدانەوەی هەموو فۆڕمەکانی مانا و دەلالەت، کە نووسینیش وەک شتێکی تەواو ناوەندی دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی ئامرازگەلی واقیعی و هەلومەرجی بەرهەمهێنانیاندا". پسپۆڕەکانی رێنێسانس (کاترین بیلسمی، جاناتان دۆلیمۆز، ئالان سینفیلد و پێتر ستالیبراس) لە ژێر کارتێکەریی فوکۆدا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆیان بە سازبوونی مێژوویی سۆبژە و رۆڵی بەربەرەکانیی ئەدەبییات لە رێنێسانسدا خەریککردووە. لە ئامریکا، مێژووگەرایی نوێ کە کەمتر هۆگری فەرزکردنی هیرارشی عیللەت و مەعلووله، لەسەر رێنێسانس جەختی کردووە. مێژووگەرایی نوێی ئامریکایی لەنێو دەقەکان، دیسکۆرسەکان، دەسەڵات و سازبوونی سۆبژەییەتیدا بەشوێن پێوەندییەکاندا دەگەڕێ. ستێفن گرینبلات، لوئی مۆنترۆس و کەسانێکی تر لەسەر ئەوە جەخت دەکەن کە چۆن دەقەکانی ئەدەبیی رێنێسانس لەنێوان کردەوە و نەریتەکانی بەربڵاو و ئەنستیتووەکانی ئەو سەردەمیدا جێ دراون. ئەوان ئەدەبییات وەک رەنگدانەوە و بەرهەمی واقیعێکی کۆمەڵایەتی نابینن، بەڵکوو پێیانوایە ئەدەبییات بەرهەمی چەندین داب و کردەوەیە و هێندێک جار تەنانەت ئەم داب و کردەوانە دژ بەیەکترین. پرسێکی کلیلی بۆ مێژووگەرا نوێیەکان دیالێکتیکی "تێکدان و بەرتەسک کردنەوەی کارتێکەری یە": دەقەکانی رێنێسانس تا چ رادەیەک رەخنەیەکی رادیکاڵ و رەسەن لە ئایدۆلۆژییە سیاسی و ئایینییەکانی سەردەمی خۆیان پێشکێش دەکەن؟ کردەوە و نەریتی بەربڵاوی ئەدەبییات، لەوپەڕی سەربزێویی ئاشکرای خۆیدا، تا چ رادەیەک رێگایەکە بۆ دەخۆداجێدانی وزەگەلی تێکدەر و سەربزێو؟

## تیۆریی پاشکۆلۆنیالی

کۆمەڵێک پرسیاری تیۆریکی بەیەکەوە لکاو لەم قوتابخانەیەدا دەئارادان: هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ئەو گرفتانەی بەهۆی کۆلۆنیالیزمی ئوڕووپایی و قۆناخی پاشکۆلۆنیالیزم سەریان هەڵدا. لە میراتی ئەم قوتابخانەیەدا ئەنستیتوو و ئەزموونەکانی پاشکۆلۆنیالی، لە بیر و باوەڕی نەتەوەی سەربەخۆوە هەتا بیر و باوەڕی کولتوور بۆخۆی، لەگەڵ داب و بۆچوونی قیاسیی رۆژئاوایی لە ململانێدان. لە هەشتاکانی ئەم سەدەیەوە کۆمەڵێک نووسراوە کە بەردەوام لە زیادبوون دان، پرسیارگەلی سەبارەت بە پێوەندیی نێوان سەردەست بوونی (hegemony) دیسکۆرسگەلی رۆژئاوا و ئیمکانیاتی خۆڕاگری و هەروەها پرسیارەکانی سەبارەت بە شکڵگرتنی سۆبژەگەلی کۆلۆنیالی و پاشکۆلۆنیالی، خستووەتە بەرباس: سۆبژەگەلی دووتیرە(hybrid) کە لە ئاکامی داسەپاندنی زمان و کولتوورگەلی لەگەڵ یەک ناکۆک سەرهەڵدەدەن.

کتێبی رۆژهەڵاتناسی(Orientalism)ی ئیدوارد سەعید لە ساڵی ۱۹۷۸ بە لێکدانەوە و پێداچوونەوەی سازکردنی "ئەوانی" تری رۆژهەڵاتی بەهۆی زانستی دیسکۆرسگەلی ئوڕووپایی، یارمەتییەکی گەورەی دا بە سەقامگیر بوونی ئەم بوارە. لەو کاتی ڕا تیۆری و نووسراوەی پاشکۆلۆنیالی بوونەتە هەوڵێک بۆ دەستێوەردانی سازکردنی کولتوور و زانست. ئەم تیۆرییە هەروەها بۆ رووناکبیرانی کۆمەڵگە پاشکۆلۆنیالییەکان بووەتە ئامرازێک بۆ نووسینەوە و پێداچوونەوەی مێژووی خۆیان کە بە دەستی کەسانی تر نووسراوە.

## دیسکۆرسی کەمایەتی

گوڕانکارییەکی سیاسی کە لە ئەنستیتووەکانی ئاکادێمیکی ئامریکادا روویداوە پەرەگرتنی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەدەبیاتی کەمایەتییە ئێتنیکییەکان. هەوڵی سەرەکی ژیاندنەوە و هاندانی لێکۆڵینەوە بووە لەسەر نووسراوەی ئامریکاییەکانی خۆجێیی(ئەو کەسانەی پێش هاتنی سپیپێستەکان لە باکووری ئامریکا دەژیان)، رەش، لاتینی و ئاسیاییەکانی ئامریکایی.

پێوەندیی نێوان بەهێزکردنی هوویەتی کولتووریی گروپگەلێکی تایبەتی و گرێدانی ئەم بە نەریتێکی نووسینەوە لە لایەک را و ئامانجی لیبڕالیانەی پێشوازیکردن لە جیاوازیی کولتووری و چەند کولتووری لە لایەکی ترەوە را دەخرێتە بەرباس. پرسیارە تیۆریکەکان بەخێرایی تێکەڵاوی پرسیار لەسەر ستاتۆی (پلە و پایەی) تیۆری دەبن کە هێندێک جار دەگوترێ ئەوان واتا تیۆرییەکان، پرسیارگەلی سپی یان بابەتی فەلسەفی بەسەر پرۆژەکاندا

پرۆژەکاندا دەسەپێنن بۆ ئەوەی زەمینە و زاراوەی خۆیان سەقامگیر بکەن. بەڵام ڕەخنەگرانی لاتینی، ئافریقایی و ئاسیاییەکانی ئامریکایی بە مەبەستی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە لەسەر دیسکۆرسی کەمایەتییەکان درێژە بە بە لێکدانەوەی تیۆریک دەدەن و جیاوازییەکانی خۆیان پێناسەدەکەن و پێوەندیی خۆیان لەگەڵ بیر و باوەڕ و نەریتە زاڵەکانی نووسین دەردەبڕن. هەوڵی سازکردنی تیۆریگەلی دیسکۆرسی کەمایەتی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی چەمکەکانی لێکدانەوەی نەریتەکانی کولتووریی تایبەت. ئەم هەوڵە تیۆریکییە هەروەها لە هەلومەرجی مارجینالی خۆی(لە قەراخدا بوون) بۆ وەڕووخستنی فەرزەکانی دیسکۆرسی زۆربە و دەستتێوەردانی باسە تیۆریکەکانی ئەم کەلک وەردەگرێ.

**تیۆریی هاوجنسخوازی**

ئەم تیۆرییە هەروەک بنەماشکێنی و بزووتنەوەگەلی تری تیۆریکی سەردەم بۆ لێکدانەوەی سازدراویی کولتووری ناوەند و باو، بۆ نموونە سروشتی و پەسەندبوونی پێوەندیی ژن و پیاو، کەلک لە ئەم دیاردانە وەردەگرێ کە خراونەتە قەراخەوە ـ ئەوشتانەی بەنێوی هەڵە و لادەر وەلاندراون و ئەو شتانەی دەگوترێ سنووریان شکاندووە.

لە بەرهەمەکانی ئیو سێجویک، جودیس باتلێر و کەسانی تردا تیۆریی هاوجنسخوازی بووەتە شوێنی ژێرپرسیاربردنی چالاکانەی نەتەنیا سازکردنی کولتووریی جنسییەت، بەڵکوو هەروەها خودی کولتووریش، کە لەسەر بەرپرچدانەوەی بنەمای پێوەندییەکانی هاوجنسخوازی دامەزراوە. تیۆریی هاوجنسخوازی وەک تیۆریی فێمینیستی و هێندێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئێتنیکیی بەرلە فێمینیسم، وزەی ڕۆشنبیریی خۆی لەو پێوەندییانە وەردەگرێ کە لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕزگاریخواز هەیەتی. ئەم باسانەی لە چوارچێوەی ئەم بزووتنەوانەدا لەمەڕ چەمک و ستراتێژیگەلی شیاو لە ئارادان، کانگایەکی تری ئیلهامی تیۆریی هاوجنسخوازیین. ئایا مرۆڤ دەبێ بەپێیر جیاوازییەکانەوە بچێت و هەبوونی ئەوانی پێخۆش بێ و گرینگییان بداتێ یان بەربەرەکانی ئەو جیاوازییانە بکات کە گۆیا جێی شەرمن؟ چۆن هەردووی ئەم کارانە دەتوانن بکرێن؟ ئەگەر پلان و نەخشەی سەرکەوتوو لە ئارادا نەبێ ئیمکانیاتی کردەوە و لێک تێگەیشتن بەجووتە لە مەترسی دان. ■

# سوهرەبەردی و فەلسەفەی تیشکدانەوە

د. خەلیقی

ئەبولفتوح یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی «ئەمیرەک»ی کورد لە ساڵی ١٢١٠ زایینی (٥٤٩ی کۆچی) لە گوندی "سوهرەبەرد" لە ناوچەی "قەیدار"ی سەر بە "زەنجان" لە دایک بوو. دەورەی سەرەتایی خوێندنی زانیارییە ئیسلامییەکانی لە شاری «مەراغە» لای «مەجدەدین جیلی» تێپەڕ کرد. پلەکانی سەرەوەتری لە "ئەسفەهان" لای «زاهیرەدین قاری» خوێند و لەوێ لەگەڵ فەلسەفەی "مەشا"ی ئیبنوسینا ئاشنابوو. لەو پلەدا هاوقوتابی گەورەی پیاوی مێژوویی ئیسلام «ئیمام فەخری ڕازی» بوو. بە دوای ئەمەدا چوە نێو کۆڕی ڕێپێوەرانی عەودالی دۆزینەوە ڕاستەقینە و ملی لە ملی گەشت لە سروشت و ڕوحدا نا و لەو گەشتەیدا دوای سەرهەڵێنان لە زۆر شاری جۆراوجۆر، لە شاری "حەڵەب" باروبنەی خست. ماوەیەک بوو بە دۆستی «زاهیرشا»ی کوڕی «سەلاحەدینی ئەیوبی» دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە و لای ئەو بوو بەخاوەن پایەی بەرز.

هەرچەند فیلسوفی کورد سوهرەبەردی لە سەرەتادا لەگەڵ فەلسەفەی ئەرەستوویی ئاشنا دەبێ، بەڵام بیری قووڵی لەو گۆمەدا قەتیس نابێ و بۆ تێگەیشتن لە بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی ئەو، کون و قوژبنی زۆر دەپشکنێ. بە وردی کتێبی ***نورالانوار*** ی «غەزالی» دەخاتە ژێرلێکۆڵینەوە و شەیدای فەلسەفەی تیشکدانەوە (ئیشراق) دەبێ. باسی نوێ دێنێتە گۆڕێ و ڕێگامێژوولەی زانا ئیسلامییەکان و ڕەچەباوەکەیان دەخاتە ژێر پرسیار ولە ئایین و فەلسەفەدا بۆچوون و شیکردنەوەی نوێ پێشکەش دەکا.

ئەم شێوە ڕەفتار و گوفتارە لە شادەماری کۆنەپەرستانی ئایین فرۆش دەدا و بە دەرچوو لە ئایین و لافلێدەری پەیامبەریی تاوانباری دەکەن! بە پێی دابی باوی ئەو کات مل لە ملی فەقێیەکان و بەڵگەهێنەرەوان بۆ سەلماندنی باسە ئایینییەکان (متکلمان) دەنێ و بە سەریاندا زاڵ دەبێ. بەڵام وازی لێناهێنن و بە لادەر لە ڕێگای ئیسلام و دژ بە یەکەپەرستی لە قەڵەمی دەدەن! لەبەر ئەوە زاهیر شا ڕێزی لێدەگرێ و ئایەهەوێ ئازاری بدا، پەنا دەبەنە بەر سەلاحەدین. پاشای عەرەبان و بە ڕەتەوە کورد، فەرمانی کوشتنی دەدا!

بۆ ئەوەی ئەم جینایەتە بە ڕەوا لە قەڵەم بدرێ، ڕای فەقێیە کۆنەپەرستەکان وەردەگرن و ئەوانیش ڕەوابوونی کوشتنی سوهرەبەردی مۆر دەکەن. هەرچەند چەکە ژەنگاوییەکەی فەقێیە ترسەنۆکە دوور لە ویژدانەکان، کاری خۆی دەکا، بەڵام زاهیر شا، فەرمانی باوکی بەڕێوەنابا و ویژدانی ڕێگەی پێنادا، گیانی ئەم فیلسوفە بلیمەتەی کورد بستێنێ. سەلاحەدین بە لابردن لە سەر کورسی دەسەڵات هەرەشە لە زاهیرشا دەکا و بۆ دادوەر دەنووسێ کە ئەو گەنجە دەبێ بکوژرێ. سەرەنجام لە ساڵی ١٢٤٨دا، بە شێوەیەکی سامناک و نادیار گیانیان لێ ئەستاند. گۆڕەکەی لە شاری "حەڵەب"ی سوریەیە.

سوهرەبەردی کتێبەکانی لە ماوەی گەشتەکانیدا نووسیوە. بۆنموونە لە "دیاربەکر"، ***الواح عمادی*** بۆ عیمادەدین ئەرسەلان دەسەڵاتداری ئەو شارە نووسی.

**زەمینەی فکریی سوهرەبەردی**

بە چاوپیاخشاندێکی خێرا بە نووسراوەکانیدا و ڕاپۆرتی کەسانی تر لە سەر ئەو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە زۆر لە زەمینە فکرییەکانی چاخی خۆی ئاگادار و خاوەن بۆچوون بووە. بێجگە لە لێهاتوویی لە زانیارییەباوەکانی ئیسلامیدا، لە مەیدانی فەلسەفەی زەوقی و تیشکدانەوە و فەلسەفەی بەڵگەیی

(ئەرەستویی) دا، تاکە سواری مەیدان بووە. ئەوە سەلمێندراوە کە فەلسەفەی «تالیس» و شێوەبیری ئەرەستو و ئەوانی تر لە دەورەی عەبباسییەکاندا بە هۆی هێندێک زانای مەسیحی وعەرەبەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی. لە سەرەتادا تا چەرخی پێنجەمی کۆچی و یازدەی زایینی، بێ ئەملاوئەولا پەسند کرا. هەرچەند «ئەلکیندی» فیلسوفی عەرەب بە پێداگرتن لە سەر بناخەی ئایینی ئیسلام، لە پەسندکردنی هێندێک لە بیروڕای ئەرستو نکۆڵی کرد، دەکرێ بە گشتی بگوترێ، دواتر فیلسوفەکان دەروێشی ئەرستو و هاوبیرەکانی بوون. «ئیبنوروشد»ی ئەندەلیسی ئیسپانیایی، شێکردنەوەیەکی لە سەر "مابعد الطبیعە = ئەوپەڕی سروشت" ی ئەرستو نووسی و «ئیبنوسینا»ش کتێبەکانی ***"شفا"*** و ***"اشارات"***ی لە سەر ئەو ڕەچەیە نووسی. ئەوانی تر، بێجگە لە غەزالی تەنیا پەراوێزیان بۆ ئەو فەلسەفەیە نووسی.

لە بەر ئەوە ئایینی ئیسلام خوازیاری شیکردنەوەی فەلسەفی بووە. بەتایبەت لە مەسەلەی گرینگی «الهیات» (باسەکانی خواناسیی)دا بە هۆی پێوەندی شێوەی ململانێ و بیروڕاگۆڕینەوە یان جەدەلی یۆنانییەکان لەگەڵ ئەو بابەتە، ڕێبازی «یارانی ڕووناکی یان بیر» سەری هەڵدا. هەربۆیە پاش غەزالی کەڵەپیاوی ئەم مەیدانە واتا سوهرەبەردیی کورد لەو گۆڕەپانەدا، پەنای بردە بەر چەکی تر وکۆشکی بیرکردنەوەکانی لە سەر بناخەی ئەو ڕێبازە دامەزراند. بەپێچەوانەی پەنابردن بۆ شێوەباسی زانا ئیسلامییەکان کە دەیانویست خەڵک بێ بەڵگە، بوونی خولقێنەرێکی تاک و بەهێز و هەمیشە هۆشیار، پەسند بکەن، هەروەها بەپێچەوانەی شێوەکاری فیلسوفەکانی پەیڕەوی ئەرستو کە بۆ سەلماندنی پەنایان دەبردە بەر بەڵگەهێنانەوەی ژیربێژییانە، ئەو ڕایگەیاند زاتی ڕاستەقینە «خودا» یان «نوور»ە و تەنیا کەرەستە بۆ گەیشتن بەو «تیشکدانەوە« یان «بیرکردنەوە»یە.

ئەم ڕێبازە بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە ڕێبازی «نوێ ئەفلاتونی»دا و لە بەرانبەر فەلسەفەی بەڵگەهێنانەوەشەوە، بەرهەمەکەی لە دایکبوونی دوو ڕێبازی فەلسەفی یەکیان بیری هاوبەشی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران و ئەوی تریان سەرچاوەکەی مەسیحیەت بوو. ئا لێرەوە وبەم شێوەیە ڕوحی ڕەخنەگرتن لە نێوان خاوەبیرەکاندا سەری هەڵدا. نموونەی «ئەبولحەسەنی ئەشعەری» و غەزالی و فەخری رازی و ئەبولبەرەکات بوو. هەروەها لایەنگرانی هۆش ملیان لە ملی ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی فەلسەفەی یۆنان نا. تەنانەت هێندێک، یەک لەوان سوهرەبەردی، خاڵەلاوازەکانی ژیربێژیی ئەرستوی کە تا ڕێنسانس لە ئوڕووپادا بە سەر بیری گشت زانایاندا زاڵ بوو، دەستنیشان کرد. سۆفییە ئیسلامییەکان لەم ململانێیەدا زیاتر هەوڵیان دا. بۆ نموونە «ئەبوحەفس عومەر»ی کورد خاڵی سوهرەبەردی، کتێبێکی بە ناوی «اباطیل الیونانی» (شتە بیهودەکانی یۆنانی) بڵاوکردەوە. بە کورتی ئەم هێرشە بوو بەهۆی لاوازبوونی فەلسەفەی یۆنان و لەو پێوەندییەدا بیری ویشکی ئایینی بە سەریدا زاڵ بوو و ڕووخا.

لەم تەقە و لێکدانەدا بوو کە سوهرەبەردی پەروەردەبوو و بەپێچەوانەی خەتی فکریی ئەوانی تر، بۆ وەلانانی زۆر لە چەمکە فەلسەفی و ئایینییەکۆنەکان هەوڵیدا، چەمکی نوێی لە جێی ئەوان دانا و بوو بە نێچیری کۆنەپەرستان و سەری خۆی لە سەردانا.

لەو مەیدانەدا نووسراوەی زۆری بڵاوکردەوە کە لەوەدەچێ زۆریان نەمابن. بەو حاڵەش ٥٢ نووسراوەی بە فارسی و عەرەبی بۆ بە جێهێشتووین کە پڕن لە چەمکی بە نرخ و شێکردنەوەی قووڵی بابەتیی ئەوکات و ئەو ڕێبازە فەلسەفییانەی باوی چاخەکەی. سەیر لەوەدایە کە ئەو توانیویەتی بەگرێ و گۆڵترین باسە فەلسەفییەکان و پڕگرێ کوێرەترین دیاردە عیرفانی و زەوقی و هەڵماڵاوترین چەمکە هۆشییەکان، لە قاپۆڕی شیکردنەوەیەکی نوێ و بەڕەنگ و بۆنێکی هەستیی(حسی)دا جێبکاتەوە. چەند داستانی ساکاری لە قاپۆڕی چەمکە هەڵماڵراوەکان (انتزاعی)دا، داڕشتووە. بۆنموونە سەیری ئەم تێکەڵاوکردنە بکەن: دەنگی پەڕی جبرەئیل، شارستانی گیان، ڕوحی ئاوا، هۆشی سوور و ناکوێ ئاوا و ئەوینی سروشت (بە عەرەبی وفارسی شێعری گوتووە).

**مەڵبەندی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و زانستیی سوهرەبەردی**

لە ساڵی ٩٥٧ تا ١٢٢٢٨ی زایینیدا، فاتمییە ئیسماعیلییە شیعەکان لە میسر و شامات دا خاوەن دەسەڵات بوون. سەلاحەدین وەزیری خەلیفەی فاتمی بوو کە لە ١٢٢٨دا دەسەڵاتی وەدەست هێنا و ماوەیەک لەو ناوچانەدا، دەسەڵاتداری کرد. فەقیهە موسوڵمانەکان لە ژێر سێبەری سەلاحەدین و عەباسییەکاندا لەوپەڕی دەسەڵاتداریەتیدا بوون و لەگەڵ ئەو دیاردانەی کە لەگەڵ قورعان و حەدیس دا دژایەتیان هەبایە، ململانێیان دەکرد. شێوە بیری «ئەشعەری» بە سەر بیر و ڕای کۆمەڵدا زاڵ بوو و مۆری پەسندی حکومەتیشی پێوە نرابوو. گومانی تێدا نییە لە دۆخێکی لەو چەشنەدا، زانستە عەقڵییەکان و شێوەی شیکردنەوەی ئایەتەکانی قورعان کە ئیسماعیلییەکان دەیانکرد، بە توندی بەربەرەکانی لەگەڵدا دەکرا. دیارە شیکردنەوە فەلسەفی و عیرفانییەکانیش نەکەوتنە ئەم چوارچێوەوە. ململانێ لەگەڵ ئەم ڕێوشوێنەدا، هەم بۆ پاراستنی ئایین و هەم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی پشت بەستوو بە ئایین بوو. هەربۆیە لەوکاتەدا کە بڕیاری کوشتنی سوهرەبەردی دەردەکەن، هاونیشتمان وهاوگوند و هاوچەرخ و خاڵی ئەو «شاهابەدین ئەبوحەفس عومەر»ی سوهرەبەردی سۆفی گەورە، دەبێتە شێخی شێخەکانی بەغدا. هەر ئەو بوو کە بە نوێنەرایەتیی خەلیفە چوە هەمەدان تا بە «محەمەدی خوارەزمشا» بڵێ لەگەڵ خەلیفە شەڕ نەکا و هێرش نەباتە سەر بەغدا.

وەک دەبینین مەڵبەندی سیاسی فیلسوفەکەمان مەڵبەندێکی خاوەن چوارچێوەیە و هێنانی هەر بیرێکی نوێ تەحەمول ناکا و خاوەنەکەی سەرکوت دەکرێ. وەک دیتمان، ئەو کە بێباکانە هاتە مەیدان و ملی لە ملی شیکردنەوەی ئایەت و حەدیسەکان نا و لە چوارچێوەی باسە باو و پەسندکراوەکان دەرچوو، بوو بە یەکەم قوربانیی ئەم دابودەزگا کۆنەپەرستانەیەی سەلاحەدین.

لەڕاستیدا فیلسوفی کورد، میراتگری ڕاگواستنی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان بە جیهانی ئیسلام بوو. تێکەڵبوونی فەرهەنگەکان و ململانێی بیروبڕواکان و پێکهاتنی ڕێبازە فەلسەفی و ئایینییەکان، شوێنیان لەسەر دانابوو. ڕێبازی سوننی وشیعە سەری هەڵدابوو. سۆفیگەریی پەسند کرابوو. چونکە گەشت لە دەروونداو شیکردنەوەی عارفانەی دەقە ئیسلامییەکان باوبوون، ئەم بارە وای کردبوو کە فەلسەفەی یۆنان وەک دوژمنی ئایین سەیر دەکرا. لەبەر ئەوە ڕێبازی سۆفیگەریی و پەیڕەوانی، هیچکات لەگەڵ دەسەڵاتدارەکاندا ململانێیان نەدەکرد.

سوهرەبەردی لەم کات و بارودۆخەدا، بەرهەمی بیری خۆی ڕاگەیاند. ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی خستە ژێر لێکۆڵینەوە و جیاوازییەکانی دەستنیشان کرد. بیروبۆچوونی جۆراوجۆری لێک گرێ دا و ڕێبازێکی سەربەخۆی بە ناوی "حیکمەتی ئیشراق" دامەزراند. بەمجۆرە هەم فەلسەفەی لە نەمان ڕزگار کرد و هەم لە جیهانی ڕێبازی لەم چەشنەی خۆی، ڕێگای بۆ

گەشەکردنیان خۆش کرد.

سوهرەبەردی ملی لە ملی فەلسەفەی ئەفلاتون نا و فەلسەفەی ئەرەستوی کردە پێشەکی ڕێبازە فەلسەفییەکەی خۆی. وەک گوتمان ژیربێژی ڕواڵەتیی ئەرەستوی دایە بەر رەخنە و ڕایگەیاند. شێوەی ناساندنی دیاردەکانی لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە جینس و فەسڵ (جیاکەرەوە) کە ئەرەستو پێی لەسەرداگرتبوو، ڕەت کردەوە و گوتی ئەم دوو تایبەتمەندییە دیاردەکان بە ئێمە ناناسێنن، چونکە لە ناساندن دا دەبێ گشت پەسنە زاتییەکانی دیاردە پەیدا بکرێن، بە جۆرێک کۆیەکی پەسنی لەو چەشنە هەر لەو شتەدا کۆدەبنەوە. ئەو پێیوابوو ئەوانەی دەیانەوێ لە فەلسەفەکەی ئاگادار بن، پێویستە لە پێشدا فەلسەفە و ژیربێژی ئەرەستو بخوێنن و لە ماتماتیک و عیرفاندا شارەزایی تەواویان هەبێ و خۆ لە تاوان بپارێزن و تێبکۆشن بگەنە زەوقی دەروونی. زەوق بە واتای ئیدراکێکی پڕ نهێنی یە کە دەتوانێ ناوەرۆکی شتەکان بناسێ و بە ڕوحی نائارام، ئارامیی وچاوی دیتن بدا.

بناخەکانی فەلسەفەی تیشکدانەوە لە سەر دوو کۆڵەکەی بەڵگەهێنانەوە و زەوق دامەزراوە. مەبەست لەم فەلسەفەیە گشت ئەو فەلسەفانە نییە کە لە سەر بناخەی ڕوونکردنەوە و تیشکدانەوە دامەزرابن. بۆ نموونە فەلسەفەی نوێ ئەفلاتونی و بیری ئاگوستین لە ڕۆژئاوادا، بەواتایەک فەلسەفەی تیشکدانەوەن. بەڵام بە واتای ڕاستەقینەی وشە، مەبەست لە فەلسەفەی تیشکدانەوەی سوهرەبەردی ئەو فەلسەفەیە کە لە سەر بناخەی فەلسەفەی ئەرەستویی ئیبنوسینا و سۆفیگەریی ئیسلامی و بەرهەمەکانی بیری فەلسەفیی زاناکانی ئێرانی کۆن و یۆنان، دامەزراندووە. لە ڕێبازە فەلسەفییەکەی ئەودا، موسولی ئەفلاتونی و فریشەکانی مەزدایی، لە قاپۆڕی تاکە ڕاستەقینەیەکدا خۆی نواندووە و یەکبوونی ڕووناکیی کە لە ڕاستیدا «وجودە»، بە سەر فرەیی(کثرت)ی ئیدەیی(مثالی) ئەفلاتونی و دووخودایی (دوئالیسم)ی مەزداییدا، دەسەڵاتداریی دەکا. بەکورتی فەلسەفەی تیشکدانەوە تێکەڵاوێکە لە فەلسەفەی ئێرانی کۆن و حیکمەت و عیرفانی ئیسلامی.

وەک گوتمان، لەو فیلسوفەچەندین نووسراوە لە زەمینەی فەلسەفە، سۆفیگەریی، عیرفان، دوعا و شێعر بە زمانی فارسی و عەرەبی وەک میرات ماوەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسراوەکانی ئەوەیە کە لەگەڵ ئایەت وحەدیس و بۆچوونی عیرفانی وفەلسەفی وشیکردنەوەی سۆفیانەدا تێکەڵن. یەکێک لە کارە هەرە بە نرخەکانی کتێبی «حکمە الاشراق»ە. لەم کتێبەدا، بناخە گشتییەکانی فەلسەفەی ئەرەستویی، زیاتر کەوتووەتە بەر رەخنە و ژیربێژیی ئەرەستویی ڕاس و ڕیس کردووە و لە ژێر ناوی «ضوابط الفکر»دا بژار وخاوێنی کردووەتەوە. بناخەکانی فەلسەفەی تیشکدانەوە لێرەدا زیاتر لە کتێبەکانی دیکەی دا شیکراوەتەوە. ئەو پێیوایە ئەم کتێبە بەشێکە لە «الهامات» یان لە ڕاگەیاندنە مەعنەوییەکانی «روح القدس». زانا و فیلسوفان لە سەر ئەو کتێبە شیکردنەوە و پەراوێزی زۆریان نووسیوە وەک فیلسوفی کورد «شارەزووری»، «قوتبەدینی شیرازی»، «میر سەید شەریف گورگانی» و «مەلا سەدرا» و هیتر.

هەتا چاخی سوهرەبەردی و فەخری ڕازی، بەند بەندکردن و ڕێکوپێککردن ودابەشکردنی بابەتی نووسراوە بە لق وپۆپەکانی، لێڵ و نادیار بوو. بەڵام ئەو دوو کەسە لەم مەیدانەدا کاری بە کەڵکیان کرد. سوهرەبەردی هەوڵیدا هەم ئەو بارە بپارێزێ و هەم سەردێڕی نوێ بە فراوانی بۆ بابەت و مەبەستەکانی دابنێ. بۆنموونە لە جیاتی «مابعد الطبیعە»یان خودا شناسیی «زانستی سێیەم»ی دانا، واتا ژیربێژیی، سروشت و ئەوپەڕی سروشت. ئیبنوسینا باسی نەفسی لە باس لەسەر سروشتدا جێکردووتەوە، بەڵام سوهرەبەردی خستوویەتە نێو باسی خوداشناسیی.

دەکرێ سیستەمی فەلسەفیی سوهرەبەردی بەمجۆرە ئاماژە پێبکەین:

سێ لقی فەلسەفەی تیشکدانەوە واتا بوونناسیی، جیهانناسیی و دەروونناسیی، خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە. بوونناسیی ڕاستەقینە یەک شتە و هەرکەسە بڕێک لە زانینی هەیە. «هۆشی تێکۆشەر ـ عقل فعال»، زانین بە مرۆڤ دەبەخشێ. جیاوازی بیر وبڕوا دوو هۆی هەیە:

١- ڕێگا و لقە جۆراوجۆرەکان و بناخەکان یەک شتن. فەلسەفە، عیرفان، سۆفیگەریی و ئایین بە ڕاستەقینە (خودا) دەگەن، بەڵام ڕێگای تێکۆشانیان جیاوازە.

٢- جیاوازیی شیکردنەوە، دەستەیەک بۆ ڕاگەیاندنی مەبەست پەنادەبەنە بەر ئاماژە و هێما. گروپێک بە ئیشارە و ڕەمز و واتاوەرگرتن، شتی خۆیان ڕادەگەیێنن. ئامانجیان یەک شتە وئەمەش بووتە هۆی ڕێ لێوەنبوون. خاوەن بیروڕاکان دەبێ سەرنجی ڕاستەقینە و واتاکان بدەن نەک وشەکان. دەڵێ: «جیاوازیی ڕستە و بەندە نووسراوەکان، یاریت پێ نەکەن، ئەگەر وابێ ئەوکات کە مردووەکان زیندوو دەبنەوە دەبینی لە هەر هەزار کەس ٩٩٩کەسیان کوژراوی ڕستە و سەربڕاوی هێما و لە خوێنداشەلاڵ و ماندووی شمشێری ئاماژەن. لە واتا دوورکەوتنەوە، پلەکانی ڕاستەقینەیان لە نێوبرد. تاو یەکێکە و ژمارەی برجەکان، ژمارەی زیاد ناکا. شار یەکێکە و دەرگای زۆرە».

جیاوازیی نێوان زانا کۆن و نوێیەکان لە ڕێگای ڕاستەقینەدا، لەوەشدایە کە گشتیان جیهانی سێیانە (عەقڵ، نەفس و مادە)یان پەسند کردووە و لە یەکەپەرستیدا یەکدەنگن...

لە کتێبی «حکمە الاشراق»دا ڕادەگەیێنێ کە دوو زاراوەی ڕووناکی و تاریکی (نور وظلمت)ی ئێرانییەکۆنەکان، بەم واتا نییە کە دووریشە بۆ بناخەی بوون وەک خوڵقێنەر پەسند دەکەن، ئاورپەرست و مانییەکان لە وشەکان ئەم دوو ڕیشەیان وەدەرخستووە! لە «التلویحات»دا هاتووە کە مەبەست لە نور «نەفس»ە و مەبەست لە زوڵمەت «هێزەکانی لەشە».

ئەو دەیزانی کە ڕاگەیاندنی ئەم کۆیە جۆراوجۆرە لە یەک قاپۆڕدا، نیازی بە زمانی تایبەتی هەیە کە دەبێ لەگەڵ شێوازی جۆراوجۆری کاری ڕابوردووان وداهاتووەکان، موسوڵمان ونامسوڵمان، فیلسوف و عارف، سۆفی و بناخەدانەری شەریعەت سازگار بێ. هەربۆیە لە کۆیەک چەمک و زاراوە کەڵکی وەرگرتووە کە لە هەمانکاتدا بە هەستەوە نزیکن و وەبەرگریی وهێزی ئاماژە و هێما و ڕەمز وملدانواندنی زۆریان لە خۆدا جێکردووەتەوە.

بۆنموونە «نوور» کە لە زۆر واتادا کەڵکی لێوەردەگیرا، لە هەمانکاتدا کە دەرکی بۆ هەستەکان سانایە، لە زاراوەکانی «عقول»، «مفارقات»و «مجردات» و هیتر ڕوونترە. بۆ ڕاگەیاندنی زاتەکان و لە دەرەوەی زەین بوون یان عەینی بوونی هۆشەکان و نکۆڵیکردن لە چەمکی زەینی ئەوان «نوور» باشتر واتا ڕادەگەیێنێ. هەروەها ئەم وشەی «نوور» لە خۆیدا ڕاستەقینە هەڵماڵراوەکان و هۆشەکانی یۆنانی و ئیسکەندەرانی و ئیمشاسپەندان و ئیزەدەکانی زوردەشتی و مەلائیکەی ئیسلامی، یەکجێ کۆکردووەتەوە و گشتیان وەبەردەگرێ. هەروەها لە نزیک کردنەوەی بۆچوونەکاندا دەوری کاریگەری هەیە. هێندێک کەس بۆ نزیک کردنەوەی لەم چەشنە تێکۆشاون، بەڵام سوهرەبەردی زیاتر لە هەموان توانی لە نێوان شەرع و فەلسەفە و عیرفان و هەروەها ڕێبازێە فکرییەکانی ئەرەستویی و زەوقی ئەفلاتونی و ڕێبازە ڕۆژئاواییەکان و ڕێبازە زەوقییەکانی

ڕۆژهەلات و فەلسەفەی ئارياييەكان سازگاری دامەزرێنێ.

نەفسناسيی: بريتی يە لە ڕۆچوون لە دەروونداو دووره لە باسی نەزەری. لای سوهرەبەردی ناسین لە ڕێگای وێژدانەوە، تەنیا کاتێک دەگونجێ کە بە هۆی خۆئازاردانەوە دیوی نەفس هەوسار بکەین. لای ئەو کەڵک وەرگرتن لە ئەخلاق، پەنجەرەیەک بەرەو زانیاری نەفس دەکاتەوە. دەروونناسیی ئەو، بە زانیاری سەبارەت بە سەرەتای (سەرهەڵدانی) ڕوحی مرۆڤ و جیهانی فریشتەیی(لاهوت) لە جیهانی خوارەوە(ناسوت) پێوەندی هەیە. ئەم زانیارییە هەمیشە لەگەڵ بنەڕەتی ترین بناخەکانی فەلسەفی ئەودایە واتا بڕوا بە جیهانی موسول(مثل).

جیهانناسیی: نە نوور یان تاریکی، مادەیە. مادە لایەنێک لە سەلماندنی نوورە. ئەوەی لە شوێندایە وەک تام و بۆن، تاریکی یە. ئەوەی دەگونجێ ببێ، گەردیلە (گەوهەری لێڵ)ە. تێکەڵاوەکانی گەوهەر و تاریکی کە بە هۆی نووری هەڵماڵراوەوە بۆ دیتن دەبن، لە شێوازی جەستەکاندا، خۆنیشان دەدەن. وێنەی ئەمانەش بەخششی ئەون، هەربۆیە ناوچە زۆرەکانی بوونەوەریان پێکهێناوە. جیاوازیی وێنەکانی جەستەگەل بوەتە هۆی جیاوازییان لە یەکتر. لە نێوان وێنەکانی تاریکی و مادەی بەرفراواندا پێوەندی هۆ و گۆگریی نییە. چونکە ئەو وێنانە لە زاتی ئەو مادەیەدا وجودیان نییە. تێکۆشانە جۆراوجۆرەکانی نووری هەڵماڵراو، دەبنە هۆی خولقاندنی وێنە جۆراوجۆرەکان. بەشی شتەکان لە باری کەڵک وەرگرتن لە نوور جیاوازە. شتەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی نوور، ملی ڕێگای بارەگای مەعشووق دەگرنەبەر. لە سەرەوەی ناوچەکانی وجودەوە،ناوچەکانی وێنەکان بەم جۆرەن: ناوچەی وێنە نموونەییەکان (ناوچەی کاکێشانەکان) و ناوچەی وێنە مادییەکان ( ناوچەی عونسورەکان) کە ئەوەیان بە ساکار وەک جیهانەکانی بێ گیان، گیا و گیانلەبەر و تێکەڵاو لەم دووانە دابەش ەکرێ.

سوهرەبەردی بەپێچەوانەی فیلسوفەکانی یۆنانی کۆن، لە چوار عونسوری پێکهێنەری جیهان (ئاو، با، خاک و ئاگر)، ئاگری وەک حونسوری سەربەخۆ پەسند نەکردووە. چونکە ئەو پێیوایە ئاگر بای گوڕگرتوویە... جیهان کۆنە، چونکە سەرانسەری سنووری بوونەوەر بەرهەمی تیشکدانەوەی نووری بە توانایە و ئەویش کۆنە. بە کورتی سوهرەبەردی لە خوداناسیی دا پەیڕەوی ڕێبازی یەکبوون (وحدت وجود)ی موحیەدینی عەرەبی یە.

دەروونناسیی: مرۆڤ بەرزترین کانگای نوورە، ئەو وەک ئیبنوسینا پێیوایە پێش سەرهەڵدانی لەش، نەفسی مرۆڤی هەبووە. نووری هەڵماڵراو یەکێکە و لە وێنەی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێ. جیهانی پڕ لە شتە زۆرەکان، شوێنی تیشکدانەوەی ئەوە. شتەکان بە پێی توانایی خۆیان لە تیشکدانەوەی نوور لەواندا کەڵک وەردەگرن. لەبەر ئەوە جەستە بە زاتی خۆی ناتوانێ بگات بە سەرچاوە و خوازیاری ئەم پێگەیشتنە ناچارە پەنا دەباتە بەر «نەفس». بەڵام لە بەر ئەوە نەفس لە قوماشی جەستە نییە و لێکجیاوازن و وەک یەک نین، ناتوانێ ئەو ڕووناکییەی ڕاستەوخۆ لە نوور وەریگرتووە، بیدا بە جەستە یان لەش. هەربۆیە، نەفسی گیانلەبەری دەبێتە نێوبژی وتێدەکۆشێ نوور لە تاریکایی گرێ بدا.

پێوەندی ئەم نەفسە لەگەڵ نووردا لاوازە. تەنیا ئامانجی مرۆڤ بریتی یە لە سەرکەوتن لە پەیژەی وجود و کەڵک وەرگرتن لە نوور. ئەگەر مرۆڤ بەم سەرکەوتنە درێژە بدا لە ئاکامدا لە جیهانی مادی و وێنەکان ڕزگار دەبێ و دەگاتە جیهانی هەڵماڵراوەکان(مجردات) لەوێدا ئەوەی لەم جیهانەدا بە ناوی بوونەوەرە هەڵماڵراوەکان دەناسرێن، بە چاوی مەعنەوی دەیبینێ. مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ بەم ئامانجە بگا کە بە «ناسین« و «کردەوە» بگا. مرۆڤ بوونەوەرێکی بەتوانا و خاوەن ئیرادەیە. دەتوانێ بە ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە تێگەیشتن و ئیرادەی خۆیدا، بە بیرکردنەوە و ڕۆچوونی هۆشیی و کارکردن لە جیهانی دەرەوەی زەین دا، بە بەرزترین ئامانجی مرۆڤایەتی بگا. کەوابوو مرۆڤ، بە پێی گۆڕانی جیهان لە زەمینە جۆراوجۆرەکاندا و ناسینی ئەم گۆڕانە، پێویستە تێبکۆشێ دووبارە شتەکان بناسێ و بە خۆڕێکخستن و سازگارکردن لەگەڵ دیاردەکانی جیهان، چەندین هەنگاوی بە کەڵک بەرەو پێشکەوتن هەڵبگرێ. بۆچوونی ئەو لەوکاتەدا سەبارەت بە دیتن ورد و داهێنەرانەیە: ئەوکات کە ئێمە شتێک دەبینین تیشکدانەوەیەک لەلایەن چاوەوە بەرەو شتەکان بەئەنجام ناگا. بەڵکوو لەم کاتەدا تیشکدانەوەیەک دێتەگۆڕێ و بەم هۆیەوە شتەکان دەبیندرێن. مەرجیشی ئەوەیە کە چاو نەخۆش نەبێ. پەردە لە نێوان چاو شتەکاندا نەبێ. شتەکان بەرەو ڕووی چاو بن و زەینیش ئامادەی ئەم دیتنە بێ. مەشائییەکان پێیانوایە دیتن بریتی یە لە ڕەنگدانەوەی وێنەی شتەکان لە چاودا کە سوهرەبەردی ئەمە پەسند ناکا.

لەبەر ئەوە ئەم هەوێرە ئاوی زۆری دەوێ و لەم وتارەدا ناگونجێ، لێرەدا بە بەرکوڵی ناساندنی ئەم فیلسوفە کوردە کۆتایی دێنم، ئەگەر دەرفەت هەبێ و پێویست بێ دەکرێ کتێبێکی گەورەی لەسەر بنووسرێ.


**سەرچاوەکان**

١- *مکتب اشراق*، **حوسێن خەلیقی**، بلاوکراوەی زانکۆی ئەدەبیاتی تەورێز، ١٩٧٩.

٢- *معجم البلدان*، ج ٣.

٣- *وفیات العیان*، **ابن خلکان**، ج٢.

٤- *حکمە الاشراق*، **سوهرەبەردی**.

٥- *تاریخ اسلام*، **علی اکبر سیاسی**، تهران،

٦- *سیر فلسفه در ایران*، ترجمه: **د. حسێن آریانپور**.

٧- پێشەکی *کلمە التصوف*، **سوهرەبەردی**.

٨- *المشارع*، **سوهرەبەردی**.

٩- *تاریخ فلسفه غرب*، **برتراند رلسل**، کتاب دوم.

١٠- *فصوص الحکم*، **محی الدین ابن العربی**، بیروت ـ لبنان.

١١- *سهروردی و حکمت اشراق*، **د. خلیقی**، زانکۆی ئازەرئابادەگان، تەورێز، ١٩٧٥.


## ئاگاداری

کتێبی «**ژیان و بەسەرهاتی عبدالرحمان زەبیحی**» کە ماوەی چەند ساڵێک دەبێ خۆم پێوە خەریک کردووە، بەم زووانە دەخرێتە ژێرچاپەوە و هیوادارم لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩، بکەوێتە دەست خوێنەرەوان و لایەنگرانی فەرهەنگی کوردەواری و بەمجۆرە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ کاتەوە. هەروەک دەزانن **عبدالرحمانی زەبیحی** وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی ژ. کاف) و تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی، هەر لە هەرەتی لاوییەوە گەلێک دەرد و دەربەدەری چێشتووە و لەم ڕێگایەدا شێلگیرانە خەباتی سیاسی و فەرهەنگی و قەڵەمی کردووە و تا دواپشووی ژیانی کۆڵی نەداوە. لەو کتێبەدا کە نزیکەی ٧٠٠ لاپەڕە دەبێ، هەوڵ دراوە، گەلێک لایەنی ناڕوون و نادیاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی زەبیحی بخرێتە ڕوو. دیارە، بۆ ئەم کارە لەگەڵ گەلێک لە دۆست و ناسیاو و کەسایەتی سیاسی و هەروەها شارەزایانی مێژووی هاوچەرخ، وتووێژ بەڕێوەچووە و قسەکانیان تۆمار کراوە.

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ کتێبی ناوبراو وەدەست بخەن، دەتوانن لە ڕێگای گۆڤاری «گزینگ»ەوە داوای بکەن.

عەلی کەریمی

زنجیرەی کۆمارناسی ٤

# شارەوانی (دایرەی پۆلیسی) مهاباد کەنگێ گیرا؟

## ساخکردنەوەی مێژووی ڕووداوێک:

حەسەنی قازی

هەروەک لە یەکێک لە نووسینەکانی ئەم زنجیرەیە ئاماژەی پێکرا (بڕوانە: گزینگ، ژمارەی ١٧، ئۆکتۆبری ١٩٩٧، ل ٣٧، پاراگرافی٢) زۆربەی ئەو وتار و کتێبانەی کە بە دوای دەرچوونی کتێبی «ئیگلتن»ی کوڕ[1] لە ساڵی ١٩٦٣ لەمەڕ «کۆمەڵەی ژیانی کورد»، «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان»ی سەردەمی کۆمار و «کۆماری کوردستان» لە مهاباد، نووسراون بۆ زۆربەی زانیارییەکان پشتیان بە کتێبی ناوبراو بەستووە.

ئەگەرچی ئەو کتێبە تا ئەو کاتەی کە هەموو ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی لە ئووتی ١٩٤١وە تا نیوەڕاست ساڵی ١٩٤٧ بەپێی بەڵگەی نووسراو و بەشێوەی کرۆنۆلۆژی ساخ و ڕێکدەخرێنەوە بایەخی هەر دەمێنێ، بەڵام بوونی زۆر هەڵەی فاکتی لەو کتێبەدا گڵۆڵەی ڕووداوەکانی ئاڵۆزاندووە و ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی نووسەرانی دواتر هەم ئەو هەواڵانە دووپاتەکەنەوە و هەمیش جاروبار بە شێوەیەک فاکتەکان تاوتوێ کەن کە لەڕاستی دووردەکەوێتەوە. یەک لەو هەواڵانە تەئریخ و هۆی پەلاماردانی شارەبانی مهاباد و کوژرانی چەند ئاژان بە دەست کوردانە کە هێندێک لە نووسەران قسەکانی ئیگلتن یان بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە دووپاتەکردووەتەوە.

ئیگلتن لەو بارەوە دەنووسێ: "... حکوومەتی ئێران چ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی لە شاری [مهاباد]دا نەبوو ئەگەرچی فەرمانداریکیش بۆ ئەوێ دیاری کرابوو بۆ ئەوەی دابەشینەوەی کەلوپەلی کەمدەستکەوتووی وەکوو قەند و شەکر کۆنترۆڵ بکا. لە ڕاستیدا ڕووداوێک لە سەر قەند وشەکر بووە هۆی ئەوەی کە ئاخرین نیشانەی حزووری ئێران لە مهاباد، کە لە مانگی مای ١٩٤٣ بوونی داییرەی شارەبانی لە لای سەرووی شارۆچکەکە بوو پاکبکرێتەوە. ئەو سەروبەندی باو بوو چ هاووڵاتییان و چ کاربەدەستان داوای سەهمییە [بەش]ی [قەندوشەکر] بکەن بۆ خەڵکی ئەوتۆی کە قەت لە ژیاندا نەبوون، یان ئەوەی کە مردبوون و نەمابوون. فێڵ و تەڵەکەیەک کە بۆ وەگیرکەوتنی کۆپینی قەندوشەکر سازکرابوو [جارجار]سازکردنی ناسنامەی ساختە بۆ خەڵکی لادێ بوو. گزییەکی کە کەمتر ڕێی تێدەچوو کە لە ناوچەی عەشیرەتی ناوی لادێ و شوێنی هەڵکەوتنیان زۆر لەوەی زیادتر بێ کە نەخشەکێشان پێیان بزانن و لە تێکەولێکەیی سەروبەندی شەڕدا، لە داییرەی ئەژماری دەوڵەتی (ئیحسائییە)دا هەبێ. وای لێهات کە دەسەڵاتی مەرکەزی لە زیادبوون و هەڵدانی بە ئەژماری دانیشتووان سەری سوڕما و، بڕیاری دا لەمەڕ دانی کۆپینی قەندوشەکر لێکۆڵینەوە بکا و وەک یەکەم هەنگاو لیستەی ناوی ئەو کەسانە و ئەو دێیانەی وا مافی وەرگرتنی سەهمییەیان هەبوو لە بەردەستی ئەمینی داییرەی شارەبانی مهاباد نا. تەبیعی بوو هێندێک کەس بە هاتنە گۆڕی وەزعێکی ئەوتۆ وەنیگەرانی کەون و ئەوانە بڕیاریان دا لیستەکە وەدەست بهێنن. دوای نیوەڕۆیەک جەماعەتێک لە هاووڵاتیان دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژانە و وەنەوزدانی شادەتی بۆ بیستنی وتاری عەزیزخان ئاوێک لەمەڕ فەرهەنگی کوردی و هەوێتی نەتەوایەتی کوردی لە مەیدانی چوارچرا کۆبوونەوە. هێندەی پێنەچوو لەلایەن چەند کەسێکەوە کە لە مەیدانەکە بوون و بەرژەوەندییان لە وەدەستخستنی لیستەکەدا هەبوو داواکرا و هەمووان لە سەری ڕێککەوتن کە [عەولای] مینە خاڵندی بە نوێنەرایەتی ئەوان بچێتە شارەبانی و لیستەکە بهێنێ. ئەو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە بە گوڕەوە تێوەچوو، ئاژانان وەبەر دەستڕێژی تفەنگیان دا بەڵام نەیانئەنگاوت. حەشیمەتەکە کە خێنیان وەجۆش هاتبوو پەلاماری داییرەی شارەبانییان دا و سەددەمەیەکی زۆریان پێتگەیاند و حەوت کەس لە پاسەبانە تورکە ئازەرییەکانیان کوشت بە بێنەوەی خۆیان چ خەسارێیان وێ بکەوێ. ئاژانەکانی دیکە ژە بەختیان هەبوو و لەوەدەمەدا لە سەر کارنەبوون بە پەلە خۆیان دەربازکرد و لە شاریدا نەمان و داییرەی شارەوانی مهاباد بۆ هەمیشە داخرا.

چ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە نیشان بدا کە ئاژیتاسیۆنی ناسیۆنالیستی بووبێتە هۆی ئەو هەرایە، ئەگەرچی پارتییەکی سیاسی کورد ماوەی ٨ مانگ بوو کە لە ناوچەدا بە نهێنی کاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵک بە چاشکاوی دەریانخست کە نوێنەرانی دەستەڵاتداریی تاران چیدی ماوەیان پێنادرێ بگەڕێنەوە مهاباد».[2]

لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی ئەو تەئریخەی کە ئیگلتن و هێندێک نووسەری دیکە دەڵێن واتە (مای ١٩٤٣)، ئەم هەرایە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەمەودوا باسیان دەکەین لە ١٥ی فێبرییەی ١٩٤٥ واتە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی ڕوویداوە؛ واتە ٢١ مانگ و نیو دوای ئەو تەئریخەی کە ئیگلتن دەڵێ و دوو ساڵ و حەوت مانگ دوای دامەزرانی «کۆمەڵەی ژیانی کورد».

J. W Wall کۆنسوولی بریتانیای مەزن لە تەوریز لە ڕۆژژمێری تەوریزدا[3] بۆ ساڵی ١٩٤٥بە درێژی لەو ڕووداوە و لە چەند جێی ئەم گوزاریشتەدا دەڵێ کە ئەو هەرایە ڕۆژی ١٥ی فێبرییە (٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣)ی ١٩٤٥ قەوماوە.

حەوتەنامەی کوهستان کە هەر ئەو سەروبەندی لە تاران دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە دوو باسی لەمەڕ «هەرای گیرانی شارەبانی مهاباد» چاپ کردووە کە لەم نووسراوەیەدا وەکوو خۆیان دەیانگێڕمەوە:

"قەزییەی مهاباد

٢- تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوسەوە ١-١٢-١٣٢٣(٢٠ی فێبرییەی ١٩٤٥)

شەقامی سەعدی چوارڕییانی سەید عەلی کۆڵانی تێلگرافخانە ژمارەی ١٠ بە ڕێگەی کوڕم عەزیز جەنابی ئاغای فەهیمی وەزیری موشاویر بۆ ئاگاداری عەرزتان دەکەم.

ڕۆژی ٢٦-١١-١٣٢٣(١٥ی فێبرییەی ١٩٤٥)عەزیزخانی بەگزادە ئامۆزای ئەحمەدخان [دەبێ مەبەستی ئەحمەدخانی فارووقی بێ ــ نووسەری ئەم باسە] کە ئەویش یەکێک لە هاودەستانی حەمەڕەشید بانەیە کە ئێستا لە خاکی عێراق دایە لە مهاباد بە دژی دەوڵەت و مەئموورەکان نوتقی کرد و حەشیمەتێکی زۆری لە دۆدیوبۆدی مهابادی لە

دەورەی خۆی کۆکردەوە و پەلاماری بردە سەر ئیدارەی شارەبانی مەهاباد پێنج پاسەبانی کوشت و ئیدارەی شارەبانی تالان کرد و خەریک بوو کە لە ئاست فەرمانداریی مهاباد و سەرۆکەکانی داییرە دەوڵەتییەکانیش وەدەست بێ. بە خۆشییەوە هەمزاغا و حەسەن ئاغای ئامۆزایانی بەندەتان و ئێلخانی و حەمیدئاغا [حەمەداغا] برایانی عەولاغا سەرۆکی ئێلی مەنگوڕ و حوسێن ئاغا ئامۆزای باپیرئاغا [،] ئیبراهیم ئاغا برای عەلیخانی نەورووزی [نەوزەری] کە ئێستا لە مەرکەزن لەگەڵ حەمەدەمیناغا و قەرەنی ئاغای سیرن[ ؟] کە بۆ کاروباری شەخسی لە مهاباد بوون دەستبەجێ عەزیز خان و ڕەجاڵەکانیان بلاوەپێکرد و پێشیان گرتن و دەستیان دایە پاراستنی فەرمان‌دار ودایرەکانی دیکەی دەوڵەتی. فەرمانداریش بە تەئریخی ئیدارەی ٢٦ [ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی] داوای یارمەتی لە بەندە کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بەندەیە لەلایەن دەوڵەتڕا ئەمرم نەبوو دەستبەجێ تەگبیری پێویستم کرد و فەرمانم دا بە ئاغایانی عەشیرەتەکانی مامەش، مەنگوڕ و گەورک کە بە توندی پێشیان بگرن و لە بەرانبەریان ڕاوەستن و بێتوو لە لایەن عەزیزخان و ڕەجاڵەڕا کارێکی دیکە بکرێ بە چەک هەڕەشەیان لێبکەن و بیانکوژن.

جەسارەتیشە عەرزتان بکەم کە پاراستنی هێمنی شاری مهاباد کە لەلایەن سەرانی دەوڵەت دوو ساڵ بە ئەستۆی بەندە و ئاغایانی مەنگوڕ و گەورکەوە بووباوەکوو پێشینەی بەندە بۆ سەرانی دەوڵەت ئاشکرایە دوکتور مەرزبان ئەو کاتەی ئوستانداری ڕەزاییە [ورمێ] بوو لە بەر ئیستیفادەی عەخسی بارودۆخەکەی تێکدا کە بەندەزادە عەزیز لێی ئاگادارە و بە عەرزتان دەگەیێنێ.

جارێ بارودۆخی شاری مهاباد، ئیدارەی فەرمانداری و داییرە دەوڵەتییەکانی دیکە زۆر شپرێوە ئەگەر بێتوو سەرانی دەوڵەت هەرچی زووتر لەمەڕ بارودۆخی مهاباد هەنگاو هەڵهێننەوە، مانەوەی مەئموورەکان ئەو پەڕی زەشمەتە و لەوانەیە ببێتە هۆی هەرا و ناهێمنی.

ئیمزا قەرەنی مامەش

تێبینی حەوتەنامەی «کوهستان» ئێمە جارێ تا گەیشتنی زانیاری باوەڕپێکراو و تەواو خۆمان لە دەربڕینی هەر جۆرە بیروڕایەک دەپارێزین تەنێ بە پێویست دەزانین لەو هەنگاوە نیشتمانپەروەرانەیەی کە سەرۆک عەشیرەتەکانی مهاباد بۆ کوژاندنەوەی ئەو کەتنە بەو پەڕی دڵقایمی و لەخۆبووردنەوە ناویانەتەوە قەدردانی بکەین".[٤]

حەوتەنامەی کوهستان، حەوتوویەک دواتر ئاوا دەنووسێ:

"ڕەوتی ڕووداوی مهاباد

... لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە لە مهاباد کەشف کرابوو کە حوسێنی فروهەر ناسراو بە حوسێنی زەرگەری سەرۆکی جیرەبەندی ئیدارەی خاروبار[ئازۆقە]ی ئەوێ لە دابەشینەوەی کۆپین بە پاڵپشتی ناسنامەی ساختە بە خراپە کەڵکێکی ئەوپەڕزۆری وەرگرتبوو... لە حاڵێکدا مهاباد لەو پەڕی هێمنی دابووە، ئەو دوو کەسە [فروهەر و عەزیزخان] خەریکی ئامادەکردنی کاری خۆیان دەبن و دوای ئەوەی هۆی بەڕێوەبردنی نەخشەی خۆیان پێکدەهێنن لە پڕ ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان [٢٣] (١٥ی فێڤرییەی ١٩٤٥) هێندێک کەسی جۆربەجۆری بەرەڵا لە خۆیان کۆدەکەنەوە و پەلامار دەبەنە سەر شارەبانی... دەنگوباسی ئەو ڕووداوە هەر کە دەگاتە تاران لەلایەن دەوڵەتەوە ئاغای محەمەدی قازی پێی دەسپێردرێ کە دەستبەجێ بچێتەوە بۆ مهاباد بۆ ئەوەی پێش بە قەومانی ڕووداوی دیکەی لەوبابەتە بگرێ و هەروەها هێندێک هەنگاوی دیکەش هەڵدەهێندرێتەوە کە بگێڕان و هاوکارانی دیکەی حوسێنی فروهەر و عەزیز خان کە بە نهێنی هاوکاریان لەگەڵ کردوون دیاردی بکرێن وبگیرێن."[٥]

غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا[٦] باسی چەککردنی شارەوانی مهاباد دەکا بێ ئەوەی باسی مەسەلەی کۆپینی قەبدوشەکر بهێنێتەگۆڕێ و تەئریخی ئەو ڕووداوەی بە "مانگی گولانی سالی ١٣٢٢ -١٩٤٣"داناوە. کە وەک دەردەکەوت ئەو تەئریخە لە گەڵ کاتی قەومانی ئەو هەرایە یەک ناگرێتەوە، هەر ئەو هەڵەیە بووتە هۆی ئەوەی کە تەئریخی پێکهاتنی هێزی «قۆڵسوری »قازیش وەدواترخا؛ لە کاتێکدا لە ڕۆژژمێری تەورێزی کۆنسوولی بریتانیا کە لە سەرەوەدا باس کرا هاتووە:

«هەموو ڕاپۆرتێک وادەگەیێنێ کە تەنیا بەشێکی کەم لە کوردەکان بەشداریی هێرشەکەیان کردبێ... چەند سەرەک هۆزی بچووکی مەنگوڕ کە لە شارەکەدا بوون هەوڵیان داوە شەڕەکە بوەستێنن و پاسەوانەکانی قازی محەمەدیش کەوتوونەتە نێوانەوە بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بە دەست نەهێناوە».[٧]

بەپێی ڕاپۆرتی وال و نووسراوەکەی «حەوتەنامەی کوهستان» لە کاتی پەلاماردانی شارەبانی، قازی محەمەد لە مهاباد نەبووە و لەتەک ژمارەیەک لە سەرۆکەکانی عەشیرەتەکانی موکریان لەوانە عەولاغای بایزپاشای مەنگوڕ، عەلیخانی نەوزەری مەنگوڕ و مام عەزیزی وەرنی ئغای مامەش لە تاران «دەستبەسەر»بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە لە تەئریخی پەلاماردانی شارەباندا «کۆمەڵەی ژیانی کورد» ئیتر لە ژێر ڕێبەرایەتی قازی محەمەددا بووە؛ وێناچێ ئەم کردەوەیە بە پێی نەخشە و بەرنامەی «کۆمەڵەی ژیانی کورد» بەڕێوەبچێ؛ ئەگەرچی لە نووسراوەی «حەوتەنامەی کوهستان»دا نێوی ڕەحمەتی حوسێنی زێڕینگەران هاتووەتەگۆڕێ. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە ڕاپۆرتی J.W.Wall باسی حەسێنی زێڕینگەرانی تێدا نییە و هەر ناوی «سەعیدزادە» دەبا کە "بەرپرسی دابەشکردنی کەرەستەی «انحصاری» ـ قەندوشەکر ـ ی دەوڵەتی بووە" (بڕوانە: ئەو ڕۆژژمێرەی لە سەرەوە باس کرا).

ئەمن نیزیکەی ٣٠ساڵ لەمەوبەر دوای بەربوونی ڕەحمەتی «حوسێنی زێڕینگەران» لە زیندانی ڕێژیمی شایشایانی پەهلەوی لە تاران زۆر جار دەچوومە خزمەتی و چاوم پێی دەکەوت، داخم ناچێ نەمکرد لەمەڕ سەردەمی تێکۆشانی بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان پرسیاری لێبکەم.

ئاشکرایە تۆژینەوە و ساخکردنەوەی بابەتییانەی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتییەکی زۆر دەکا بە بەهێزتر بوونی «بیرەوەریی تێگرایی» وەچی ئێستا. هیوادارم ئەم نووسراوە کورتەش خزمەت بەو ڕێبازە بکا. ڕێبازی پێداهاتنەوەی مێژوو و سازکردنەوەی.

**پەراوێز**

١- The Kurdish Republic of 1946, London, Oxford University Press, 1963.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

٣- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٧١/٤٥٤٧٨ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، ڕۆژژمێری تەورێز، ژمارە٤، ١٦ تا ٢٨ی مانگی فێڤرییەی ١٩٤٥؛ بۆ مەتنی کوردی بڕوانە: ڕۆژژمێری تەورێز، وەرگێرانی ئەنوەری سوڵتانی، گزینگ، ژمارە١٨، زستانی ١٩٩٨، ل٣٢-٣٥)

٤- کوهستان، سال اول، شمارە ١، دوشنبە ٧ اسفند ١٣٢٣ (٢٦ فێڤرییەی ١٩٤٥)

٥- کوهستان، سال اول، شمارە٢، دوشنبە ١٤ اسفند ١٣٢٣ (٣ی مارسی ١٩٤٥)

٦- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆلم، سوید، ١٩٩٧، ل ٢٤-٢٦.

٧- گزینگ، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩٨، ل ٣٣).

# کاروباری دەرەوەی بریتانیا

## بەڵگەنامەکانی وەزارەتی

### ڕۆژژمێری تەورێز

وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی

Fo. 371/45478

ڕاپۆرتی ژمارە ١١، ٣٠ مانگی جوون تا ١٣ی جولای١٩٤٥

١٣٢) **کاروباری کورد:** سەبارەت بە کوری ورمێ، شتێکی ئەوتۆ نییە بینووسین. بە قسەی فەرماندەی ئێرانی شاری تەورێز، شێخ عەبدولقادر ـ سەرۆک هۆزی گەورەی کوردی جەلالی دەوروبەری ماکۆ لەلایەن دەسەڵاتداریەتی سوپایی ڕووسەوە گیراوە. سەرتیپ دورەخشانی [فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز] داوای لە «جەنەراڵ گلینسکی» ڕووسی کردووە ناوبراو بدەن بە دەست سوپای ئێرانییەوە و دەڵێ ئەگەر دەستی پێی بگات لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئیعدامی دەکات.

وا دەردەکەوێ کە تاوانێکی زۆر درابێتە پاڵ شێخ عەبدولقادر و لە وانە، سووتاندنی پێگەیەکی جەندرمەیە بە دوو جەندرمەوە لە ساڵی ڕابوردوودا. سەرۆکێکی دیکەی هۆزی جەلالی ـ «مستۆ پرۆ» پارەکە لەلایەن سوپای ئێرانییەوە گیرا و ئیعدام کرا. هەرچۆنێک بێت، دەگوترێ شێخ عەبدولقادر لایەنگری کۆمەڵە [ی ژێکاف]ە و ڕووسەکانیش پشتگیری دەکەن. جێگەی بڕوا نییە ڕووسەکان بیدەن بە دەستەوە و ئەگەر هەواڵی گیرانەکەشی ڕاست بێت، وێدەچێ زیاتر بۆ ئەوە بێت کە چەرمەسەریی بۆ ڕووسەکان خۆیان دروست کردبێت و دیارە دوای چاوترساندن، ئازادی دەکەن.

١٣٣) **مهاباد:** ڕووداوی ترۆمبیلی سینەمای بریتانی کە لە ڕۆژژمێری پێشوو (پاراگرافی ١٢١)دا باسی لێوەکرا، ڕاپۆرتەکەی بە هیچکام لە دەسەڵاتداریەتییەکانی ڕووس وئێرانی نەدراوە. ڕووسەکان دەڵێن هیچ دەسەڵاتێکیان لەوێ [مهاباد] نییە و ئێرانییەکانیش نییانە. هەرچۆنێک بێت، هەردووک لا گەلێک زوو بە هەواڵی مەسەلەکەیان زانیوە و فەرماندەی ئێرانی دەستبەجێ ناخۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە. ڕاپۆرتی گومان لێنەکراو هەیە کە ڕووسەکان هەندێک لە خۆپیشاندەرانیان تەمێ کردووە. جێگری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ، ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، سەردانی ورمێی کردووە و کاتێ بە هەواڵی ڕووداوەکەی زانیوە، ناڕەزایی خۆی ڕاگەیاندووە.

ئەرمەنییەک کە ژنی ڕووسی هەیە و وێدەچێ ڕێبەری خۆپیشاندانەکە بووبێت، نێرراوەتە ورمێ و شەش کەسیش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ زیندانی کراون. هەمان ڕاپۆرت دەڵێ جێگری کۆنسوولی ڕووس، وێنەیەکی گەورەی ستالینی لە خاوەن گاراجێک سەندۆتەوە کە ترۆمبیلی سینەما، شەوێک لەو گاراجەدا مابووەوە و لەوێ زیانی پێگەیشتبوو.

قازی محەمەدیش کەوتۆتە ڕەخنەگرتن لە هەندێ پیاوماقووڵی شار، کە بۆچی هێمنایەتییان نەپاراستووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی "*کەیوان*"ی ورمێش بە هەواڵەکەی زانیوە و شادمانی خۆی دەربڕیوە. ڕۆژنامەکە، لە ژمارەی یەکەمی جولایدا وتارێکی کورتی لە وەڵامی ئەو وتارە دژ بە کوردەدا کە چەند ژمارە پێشتر چاپی کردبوو، بڵاوکردۆتەوە و تێیدا باسی نەجیبی و خانەدانیی کوردانی کردووە (بڕوانە ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی ١٢١). لە وتارەکەی پێشوودا، کورد بە سەگێک دانرابوو کە گاز لە دەستی R. P. B دەگرێت [واتای ئەو سێ پیتەم بۆ ڕوون نەبووە ـ وەرگێڕ].

FO. 371/45478

ڕاپۆرتی ژمارە ١٢، ١٣ تا ٢٨ی مانگی جولای ١٩٤٥

١٤٨) **ورمێ:** ... وادەردەکەوێ کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بە گشتی هێور بن.

١٤٩) **کاروباری کورد:** هیچ هەواڵێکی تازەی بڕواپێکراو لەمەڕ چالاکی ئەنجومەنی نەتەوایەتی کورد «کۆمەڵە» بە دەستەوە نییە. سەرچاوەیەکی عێراقی ئەم زانیارییانەی سەبارەت بە ئەنجومەنەکە پێداوین:

هێزی کۆمەڵە ئێستا دەگاتە دووهەزار کەس، کە چەک و کەرەسەیان لەلایەن ڕووسەکانەوە پێدراوە. ئەندامانی هێزەکە، بەرگێک دەپۆشن کە بریتی یە لە چاکەتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و پانتۆڵێکی ڕەش و پێچ وکڵاوێکی کوردی.

ئەنجومەن، ئاڵای نەتەوایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە کە هاوڕێ لەگەڵ ئاڵای سۆڤیەتدا هەڵدەدرێت. دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتی کابرایەکی قاوقازییان بە ناوی «سیامەندۆڤ» ناردۆتە مهاباد بۆ ئەوەی چالاکیی ڕاستەوخۆی ئەنجومەن پەرەپێبدەن.

پێوەندییەکی هەمیشە لە نێوان مهاباد و ناوچە کوردنشینەکانی عێراقدا هەیە و چاپکراوی کوردی لە مهابادەوە دەنێررێتە عێراق، کەسانێکیش بۆ پروپاگەندەکردن دەنێررێنە تورکیا، کە کوردی ئەوێش بخەنە جووڵانەوە.

تاقە بەشێکی ئەو قسانەی سەرەوە کە کۆنسوولی گشتی لە ماوەی سەردانی ئەم دواییەی مهابادیدا پەسندی بۆی هەبوو، پێوەند لەگەڵ ئەودیوی سنووری عێراقە.

FO. 371/45478

ژمارە ١٣، ٢٨ی جولای تا ١٥ی ئۆگۆستی ١٩٤٥

١٠٢) **ورمێ:** لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، سەرنج بەرەو چالاکییەکانی کۆمەڵە یا ئەنجومەنی سەربەخۆیی کورد ڕادەکێشێت کە پروپاگەندەیەکی بەهێز دەکات و لەمەڕ ئەو ڕێکخراوەیە چاوڕاوێکی لە بنەهاتوو بەڵام دوور لە متمانە بەرگوێ دەکەوێت.

مهاباد، سەرچاوەی بزووتنەوەکەیە لە ئێران، بەڵام هەوڵی ئەوەش دراوە کە هۆزەکانی ورمێ ـ هەرکی و شکاکیش، لە گەڵی بکەون. زێرۆبەگی هەرکی و ڕەشید بەگی هەرکی خەڵکی موانە، وا هەیە دوو سەرۆک هۆزی نێو بزووتنەوەکە بن لە ناوچەی ورمێ. هاوکاری کردنی عومەرخانی شکاک، جێگای دڵنیایی نییە.

چالاکییەکانی ئەنجومەن تائێستا هەر لە قۆناغی ڕێکخستن و بەرنامە داڕشتندایە. بێگومان لە نێوان ڕێبەرانی ڕێکخراوەکە و پسپۆڕانی سۆڤیەتی لە کاروباری کورددا، پێوەندییەکی زۆر هەیە، وەک عەلی ئەکبەرۆڤ ـ سکرتێری کۆنسوولی ڕووس و مێجەر جەعفەرۆڤ ئەفسەری سیاسی ڕووس لە ورمێ. بەڵام هەستی من دوای سەردانی ئەم دواییەم لە ورمێ ئەوەیە کورد و ڕووس هیچکامیان لایەنگری ئەوە نین کە هەنگاوێکی بە پەلە بۆ

دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ هەڵێننەوە. ڕێبەرانی کۆمەڵە، لە عەینی کاتدا، توانیویانە سیاسەت تێکەڵاو بە کاروکاسبی بکەن. لە ٤ی ئۆگۆستدا، پیاوانی زێڕۆبەگ کە هەوڵیان لە پێناو کۆکردنەوەی باجی حاسڵی گوندی "باڵانیش"دا تووشی بەربەرەکانی هاتبوو، هێرشیان کردەسەر پێگەی جەندرمە کە لایەنگریی وەرزێرانی دەکرد. کورد پاشەکشەی پێکرا و لە لایەن هێزی یارمەتیدەر [ی جەندرمە]وە، گەڕێنراوە شوێنی سەرەکی زێڕۆ لە "کووکیا".

زەمینە بۆ ئەو باوەڕە هەیە کە جێگری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ ناوبژی کردووە و ئاشتی دامەزراوەتەوە، لە کاتێکدا جگە لەو هێرشکارییە سوونەتییە، هیچ پەسندێک بۆ تێکشکانی جیددی ئاسایش لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا نییە و لای کەم لە مەڵبەندی ورمێدا بزووتنەوەیەک بۆ لایەنگریی لە دابەشکردنی زەوی بەرچاو ناکەوێت.

دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت، پروپاگەندەیەکی زۆر سەبارەت بە مەسەلەی ئاژاوە و نەبوونی ئاسایش و ڕێگری لە سەر ڕێگەی شاری خۆی بەرەو ڕۆژئاوا دەکەن. ئەو شتە، واهەیە بەشێک لە وێنەیەکی تاریکی گشتی لە ئاژاوە و شەڕوهەرا بێت کە ئەوان هەوڵ دەدەن بیکێشنەوە و گەورەی بکەنەوە بە ئاکامی خۆکشانەوەی هێزی هاوپەیمانەکانی دابنێن.

١٦٣) **کاروباری دیکەی کورد:** ڕۆژی پێنجەمی ئۆگۆست، پێنج ڕێبەری کۆمەڵە و خەڵکی مهاباد، لە ورمێ گیران و نێررانە تەورێز. دەگوترێ ئەوانە کەسانێک بوون کە لە بەغدا دەرسیان خوێندووە و جگە لە کوردی و تورکی و فارسی، ئینگلیزی و عەرەبەیشیان زانیوە.
ڕاپۆرتی سەبارەت بە گیرانی عەبدولقادر لە هۆزی جەلالی ماکۆ (ڕۆژژمێری ژمارە ١١، پاراگرافی ١٣)، ڕاست نەبووە. لە ڕاستیدا چوارکەس لە پیاوەکانی بەتاوانی ڕووتاندنەوەی چەند بازرگان، گیراون و ئێستا لە دەستی جەندرمەی ئێرانیدان.

FO. 371/45478

سەفەرنامەی جێگری کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا
٤تا ٨ی ئۆگۆستی ١٩٤٥

**[فایلی ڕۆژژمێرەکانی تەورێز، جگە لە ڕاپۆرتی ئاسایی ڕووداوەکان کە هەر دوو حەوتووجارێک ئامادەکراوە، هەندێ هەواڵ و ڕاپۆرتی سەربەخۆشی تێدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕۆژانی ٤تا ٨ی مانگی ئۆگۆستدا، کە بابەتی ڕاپۆرتی ژمارە ١٤ بووە، مستر ج. و. واڵ جێگری کۆنسوول ویستوویەتی سەفەرێک بۆ شاری «ماکۆ» بکات و بە هۆی ئەو ڕاستییە کە ماکۆ لەوکاتەدا لەلایەن دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە بەڕێوە چووە، پێویست بووە ئیجازە لەوان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستە چۆتە سەردانی ورمێ و بە شاری «خۆی»شدا تێپەڕ بووە. بەرهەمی ئەم سەفەرە ١٠ لاپەڕە ڕاپۆرتە، کە زۆر لایەنی سیاسی ــ ئابووری و ئاسایشی ناوچەکە دەگرێتەوە ئەوەی من تەرجەمەم کردبێت، هەڵبژاردەیەکی ڕاپۆرتەکەیە، کە مەسەلەی کورد دەگرێتەوە. ئەوەش یادداشتی سەفەری جێگری کۆنسوولی بریتانیایە لەمەڕ کورد.
بەداخەوە نووسەری یادداشتەکان زۆرتر چۆتە نێو باسی ڕووداوی بچووکەوە و کەمتر پەرژاوەتە سەر لایەنی سیاسی و ڕووداوە سەرەکییەکانی ئەودەم ــ وەرگێڕ].**

٣) شاری تەورێزم لە بەیانی ڕۆژی چوارەمی ئۆگۆستدا بەجێهێشت.
٦) فەرماندەی سەربازخانە [ی ڕووسەکان لە شاری خۆی] ـ مێجەر جبرائیلۆڤ، فەرمانی دابوو کە دەبێ لە ڕێگەی چوونم بۆ ورمێ، ئەفسەرێکی ڕووس و ژمارەیەک سەربازم لەگەڵدا بێت چونکە ڕێگاکە ئاسایشی نییە. پرسیم ئەو کەسانەی وا پێش بە ئاسایشی ڕێگا دەگرن، کێن؟ فەرماندە گوتی: کورد و پاشکەوتووخوازان وخەڵکی خراپی دیکە...
٧) کاپیتەنی ڕووس سواری «جیپ»ەکەی خۆی ببوو و لای کەم دوو مایل لە دوای ئێمەوە دەهات. من وام بۆ دەرکەوت کە کوردێک دەتوانێ لە ماوەی ٥ دەقیقەدا [واتە پێش گەیشتنی جیپەکەی ئەوان]، گەرووی کەسێک هەڵببڕێ!
٨) سەعات ٨ی ئێوارە، بەبێ هیچ ڕووداوێک گەیشتمە ورمێ و چاوم بە سەرهەنگ زەنگەنە ـ جێگری ئوستاندار کەوت.
٩) پێشتر، لە ڕاپۆرتێکی «قەشە فرانسێن» [سەر بە کلیسەی مۆژدەدەرانی لازاریست] دا، هەواڵی ئاژاوەی کوردان لە ناوچەکەم بیستبوو و ئێستا دەتوانین بڵێین ڕووداوەکە لە شاری خۆی و لەو بەشەدا بووە کە کەوتۆتە ژێر حوکمی سەربازخانەی سۆڤیەتەوە.
وادەردەکەوێ شەڕوهەرایەک لە هەمان ڕۆژدا سەری هەڵدابێت کە من گەیشتوومەتە ورمێ، خەڵکی ورمێش کۆتاییان نەکرد و گوتیان: «جاری پێشوو شەڕوهەرا [ی کوردان]، دوای هاتنی کۆنسوولی بریتانیا بۆ ورمێ دەستی پێکرد بەڵام ئەمجارە کۆنسوول پێش ئەوەی بگاتە نێو شار، بەزم و هەرای ساز کرد!» کە یەکەمیان ئاماژەیە بە پێکدادانی نێوان پیاوەکانی ڕەشید بەگی هەرکی و جەندرمەی ئێرانی یەک دوو ڕۆژ دوای سەردانی مانگی فەبریوەری من لە ورمێ (ڕۆژژمێری تەورێز، ژمارە ٤، پاراگرافی ٤٩)، کارەکەش بە حیسابی هەڵخلاندنی من دانرا.
سەرۆکی کلیسەی «سەنت ڤینسنت» کە ئێوارەی ڕۆژی گەیشتنە ورمێم هاتە چاوپێکەوتنم، شەرحی ڕاستتری ڕووداوەکەی دا و گوتی: «ئێستا کاتی خەلە و خەرمانە». لە سەرهەنگ زەنگەنەم بیست گوتی زێڕۆبەگی هەرکی خەڵکی [گوندی] کووکیا لە باراندووز، لە کاتی خەرماندا بە گوێرەی ڕەسمی خۆی داوای باجی لە وەرزێرانی گوندی "بالانیش" کردووە، ئەوانیش پەنایان بردۆتە بەر پێگەی جەندرمەری لە گوندەکە. زێڕۆ گوتوویەتی دەبێ پێگەی جەندرمە لە گوندەکە هەڵبگیرێت، کە بە قسەیان نەکردووە. ئینجا ئەویش بە ڕواڵەت لە دوای نێوەڕۆی ڕۆژی چوارەمی ئۆگۆستدا هێزێکی سی کەسی کوردی ناردۆتە سەر پێگەی ناوبراو. چەند سەعاتێک شەڕە تفەنگ کراوە، کوردان شکاون و لە دەوروبەری سەعات ٦ دا کشاونەتەوە بۆ لای «کووکیا» و چەند جەندرمە کەوتوونەتە شوێنیان. درەنگتر یارمەتی گەیشتۆتەجەندرمە و شەڕ بۆ هەموو ماوەی شەڕ، درێژەی هەبووە، زەنگەنە دەیگوت ئێستاش هەر درێژەی هەیە.
ناوبراو هیچ هەواڵێکی کوژراو و برینداری دەوڵەتی نەبوو، بەڵام من زانیم کە دوو گوندنشینی خەڵکی «گوڵدانە» هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا لەلایەن پیاوانی زێڕۆوە کوژراون. جگە لە مەسەلەی باج سەندنی زێڕۆ، لە گوندنشینەکان، وا هەیە تۆڵەسەندنەوەش لەم کارەدا دەوری بینیبێ. دوو مانگێک پێش ئەو ڕووداوە، خاڵ/ مام (یاخود ئامۆزا)ی زێڕۆ، لەلایەن ئەو گوندییانەوە کوژراون.
١٠) سەرهەنگ زەنگەنە، لەمەڕ چالاکییەکانی کۆمەڵە (حیزبی سەربەخۆی کورد) لە دەوروبەری ورمێ، هەواڵێکی ئەوتۆی نەبوو. مهاباد ناوەندی بزووتنەوەکەیە و ڕۆحی ڕێنومای بزووتنەوەکەش قازی محەمەد ـ حاکمی خاوەن دەسەڵاتی مهابادە بەڵام هەوڵێکی زۆر دراوە کوردی ورمێ ـ «هەرکی و شکاک» یش بێنە نێو بزووتنەوەکەوە. قارەمانی ئەم جووڵانەوەیە [لەناوچەی ورمێ]، زێڕۆیە و کەسی دووهەمی دوای ئەویش، ڕەشید بەگی هەرکی یە، کە لە «موانە»ی ڕەوزەچای دەژی و

ئەوێش گوندێکە، پێشتر هی مەسیحییەکانی کەلدانی بووە و چەند ساڵێک پێش ئێستا رەشید بەگ بە زۆر لێی سەندوون. ئەم دوو کەسە، بە سەربەستی سەروخواری چیاکانی ڕۆژئاوای ورمێ دەکەن و پروپاگەندەکەرێکی بەهێز و هەروەها هەواڵبەری نێوان کوردانی ئێران وعێراقن.

پێوەندییەکی زۆر لە نێوان هەردوو بەری سنووردا هەیە: بە ماوەیەکی کەم پێش سەردانەکەی من، «سەید خان بەگ» لە هەرکییەکانی «سیلان» [لە عێراق] و برا یاخود ئامۆزای رەشید بەگ، هاتۆتە «موانە» و رەشید بەگیش بۆ وەڵامی سەردانەکەی ئەو، لە گەڵیدا چووە بۆ عێراق. پێیان گوتم کە سەیدخان بەگ لە «دالامپەڕ»ی نزیک سنووری ئێران دەژی و خزمی فەتاح بەگ ـ سەرۆکی هەرکییەکانی عێراقە.

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی من بچمە ورمێ، قازی محەمەد خۆی، سەردانێکی سێ ڕۆژەی شارەکەی کردووە، پێوەندی نێوان ئەو و مێجەر جەعفەرۆف ـ ئەفسەری سیاسی ڕووس، شێوازێکی ئاسایی هەیە، پێیان گوتم کە مەلا مستەفای بارزانیش پێوەندی لەگەڵ جەعفەرۆڤدا هەیە.

لە سەرهەنگ زنگەنەم پرسی «کۆمەڵە» لە ورمێ چ چەشنە پشتگرییەکی لێدەکرێ؟ گوتی بێگومان بە شێک لە کوردانی دانیشتووی ورمێ سەر بە کۆمەڵەن بەڵام چالاکییەکانی گەلێک نهێنییە. ناوبراو خۆی چاوی بە «ئاڵای نەتەوایەتی سەربەخۆیی کوردستان» کە قسەی زۆری لێدەکرێت نەکەوتبوو، بەڵام تەرحێکی لێ دەکێشایەوە: ئاڵاکە، بە سێ نەواری سەوز وسپی و سوورەوە لە ئاڵای ئێران دەچێ بەڵام هەتاوێک لە ناوەڕاستی بەشە سپییەکەدایە. ئەوانە، تەواو جیاوازن لەوەی کە پێشتر لە سەرچاوەیەکی عێراقی بیستبووم وا دەیگوت ئاڵایەکی سوورە بە وێنەی «کەرەسە»یەکەوە. لام وایە ئەوەی زەنگەنە باسی دەکرد، زیاتر جێگەی متمانە بێت و واهەیە هەواڵدەرە عێراقییەکە، ئەوی لەگەڵ ئاڵای سۆڤیەتیدا لێ شێوابێت کە کوردی مهاباد زۆرجار لە جیاتی ئاڵای کوردان هەڵیدەکەن.

زەنگەنە لای وایە کوردی ناوچەی مهاباد، سەرجەم پشتیوانی کۆمەڵە، بە هەموو ئێلخانیزادەکانەوە، کە سەرەکی هۆزی بە هێزی دێبۆکرین. تاقە سەرۆک هۆزێکی خاوەن ناو، کە لە دەردوەی (کۆمەڵە] دا وەستابێت، قەرەنی ئاغایە کە بە «امیر العشائر» ناسراوە و لە «لاهیجان»[لاجان]ی نزیک «خانێ» دەژی.

عومەرخانی شکاک، هاوڕێی کۆنی سمایل ئاغا (ی سمکۆ)ش بەگوێرەی قسەی جێگری ئوستاندار، ئەندامی کۆمەڵەیە. من پێشتر بیستبووم کە عومەرخان خۆی نەکردۆتە ئەندام.

١١) جێگری ئوستاندار گوتی: «کۆپی»، چەتەیەکی کوردە و پێشتر، باری ٨ لۆری لە سەر ڕێگای «مەراغە» بۆ «میاندواو» دزیوە. ئێستا «کۆپی» لە سولدوز گیراوە و هێناویانەتە ورمێ، دواتر دەنێررێتە تەورێز بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت.

١٢) سەرهەنگ زەنگەنە، بەیانی ئەو ڕۆژەی دەمەویست ورمێ بەجێبێڵم هاتە دیتنم بۆ ئەوەی وەڵامی چاوپێکەوتنی من بداتەوە... زیاتر باسی دەستتێوەردانی ڕووسەکان [لە کاروباری ناوچە]ی دەکرد و گوتی: ڕووسەکان بەبێ هیچ گومانێک یارمەتی چالاکانەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد دەدەن. لەم پێوەندییەدا گوتی دوو ڕۆژ پێشتر چەند کوردێک هاتوونەتە ورمێ و هەوڵی ئەوەیان داوە ٣٠٠ کەس هێزی یارمەتیدەر کۆبکەنەوە و بیاننێرنە ناوچەی مەریوان. ئەو کوردانە، لەلایەن ڕووسەکانەوە ڕاگیراون بەڵام نەیدەزانی ئایا ئەو هێزە لە ئەنجامدا بەڕێکراوە یان نا.

لەلایەکی دیکەوە، پێنج مەئمووری کۆمەڵە، کە لەم دواییەدا لە مهابادەوە هاتوونەتە نێو شار[ی ورمێ]، لەلایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە گیراون و بە گەمی [لە ڕێگەی گۆلی ورمێیەوە] نێرراونەتە تەورێز. سێ کەسیان گەنج بوون و لە بەغدا دەرسیان خوێندووە، جگە لە کوردی، فارسی و تورکی، بە ئینگلیزی و عەرەبیش قسە دەکەن، دوانەکەی دیکەیان عەشیرەت بوون و دەوری پاسەوانێ ئەوانیان بینیوە،

وا دەردەکەوێ کە رەشید بەگی هەرکی لە سەردانی عێراق گەڕابێتەوە و سەرهەنگ زەنگەنە هەر ئێستا هەواڵی پێگەیشتووە کە لەگوندی خۆی (موانە) چاوی بە مێجەر جەعفەرۆڤ کەوتووە.

١٣) چوومە چاوپێکەوتنی «تەلعەت بەگ ئاچارەر» ـ کۆنسوولی تورکیا لە ورمێ. ناوچەی ئیداریی تەلعەت بەگ تا کرماشان وهەمەدان دەگرێتەوە و وادەردەکەوت دوو بابەتی سەرەکی سرنجی ئەو ڕابکێشن: مەسەلەی کورد و پێوەندیی ڕووس و تورک. ناوبراو، زانیارییەکی زۆری لەسەر کەسایەتییە کوردەکان و هەڵسوکەوتیان هەبوو، بەڵام دڵنیا نیم زۆربەیان ڕاست بن. تەلعەت پاشا بە گشتی بۆچوونی منی پەسنددەکردکە چالاکی کۆمەڵە، ڕوو لە زیادبوونە و ئەوەی کە هەوڵی ئەندامانی ئێرانی و عێراقی ڕێکخراوەکە، یەکی گرتووە ڕووسەکانیش هانیان دەدەن و یارمەتییان پێ دەگەیێنن.

«مەئمووری»ئەسڵی ڕووس لە مەسەلەی کورددا، مێجەر جەعفەرۆڤە کە خۆی کوردە. تەلعەت پاشا دڵنیای کردم کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت دەستی لە مەسەلەی "باڵانیش"دا هەبووە (پاراگرافی ٩) و جێگری کۆنسوول خۆی سەردانی گوندی کووکیای کردووە و مەسەلەکەی داکوژاندووە. دواتریش چوار کورد گیراون و هێناویاننەتەوە ورمێ کە ئەم مەسەلەیەی دوایی جێگری ئوستاندار پێی نەگوتم.

لە تەلعەت پاشام پرسی ئایا چالاکییەکانی کۆمەڵە لە نێو کوردی تورکیاشدا پەرەی سەندووە؟ ناوبراو لای وانەبوو ئەو مەسەلەیە تاڕادەیەکی جیددی ڕاست بێت بەڵام گوتی: وا هەیە جاروبارە پروپاگەندەچی سنوور ببەزێنن. هەروەها گوتی ڕێکخراوەی عەشیرەیی کوردان لە تورکیا تووشی هەرەسێکی ئەوتۆ هاتووە و گۆڕانیان [لە عەشیرەتەوە] بۆ وەرزێڕی خاوەن زەوی و زار، وا پێش کەوتووەکە دڵنیایە پروپاگەندەی نەتەوایەتی لە ناویاندا شانسی سەرکەوتنی کەمە. دیارە هەندێ جار ئاژاوە لە سەر سنوورەکان دەنرێتەوە بەڵام ئەم کارە، شێوازێکی سوونەتی هەیە. بۆنموونە، رەشید بەگی هەرکی ماوەیەکەی پێش ئێستا هێرشی کردۆتە نێو خاکی تورکیا و هەندێ مەڕومالاتی ئاوەدیو کردووە.

ماوەیەکی دەرنگتر، هەمان ڕۆژ تەلعەت پاشا هاتە دیتنی من و سەبارەت بە عومەرخانی شکاک قسەی کرد کە لەم دواییەدا لەلایەن دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتەوە بانگ کراوەتە ورمێ و پێی سپێرراوە بچێتە ورمێ و لەوێ ئاشتی لە نێوان دوو هۆزی پیران و گەورکدا بسەپێنێ کە کەوتبوونە کێشەوە.

مێجەر جەعفەرۆڤ، بەم مەئمووریەتەی وا داویە بە عومەرخان، نیازی ئەوەبووە، کە بڵێ لە هەڵسوکەوتی ڕازی نییە و تەنانەت لێی بەگومانە کە بە سوودی بریتانیا دەجووڵێتەوە. عومەرخان بە توندی ئیدانەی مەسەلەکەی کردووە و گوتوویەتی ئەم ناتۆرەیە، یەک لە دوژمنانی ئەو، واتە سەید ئەحمەدی مەرگەوەڕ بۆی هەڵبەستووە.

١٥) دەرنگتر، چوومە چاوپێکەوتنی جەنابی هاشمۆڤ ـ جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ و ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە، بە تورکی قسەی لەگەڵدا کردم. من ئاماژەم بەو ڕووداوە کرد کە لە مهاباد لە کاتی سەردانی

ترومبیلی «شۆڕای پێوەندە گتشتییەکانی بریتانیا» لە ڕۆژی ٢٤ی جووندا ڕوویدابوو (بڕوانە نامەی ژمارە ٨ی من، ٢٧ی جوونی ١٩٤٥). جەنابی هاشمۆڤ گوتی هەواڵی ڕوداوەکەی بەرگوێ کەوتووە و پێی ناخۆش بووە. هەروەها ١٠ ڕۆژێک دوای ڕووداوەکەش چۆتە سەردانی مهاباد و بە توندی لۆمەی قازی محەمەدی کردووە [و گوتوویەتی]: «ئێوەی کورد داوای سەربەخۆیی دەکەن و دەڵێن توانای ئەوەتان هەیە خۆتان نەتەوەی خۆتان بەڕێوەبەرن، کەچی ناتوانن بۆ تاقە شەوێک نەزم ونیزامی گوندێک بپارێزن».

من گوتم، دوور لە ئینسافی دەبینم ئەگەر [بۆئەم مەسەلەیە]، سەرکۆنەی قازی محەمەد بکەین: ناوبراو هەموو هەوڵێکی خۆی داوە و لە دڵەوە نارەحەتی خۆی بە «مستەر لانگ» دەربڕیوە (لەڕاستیشدا، بە مەستەر لانگی گوتبوو، ڕووسەکان خۆیان ڕووداوەکەیان خولقاندووە). من خۆم وەک کارێکی ئاسایی تێکدەرانە سەیری مەسەلەکە دەکەم و هیچ سەرنجێکی ڕەسمی پێنادەم.

لە هاشمۆڤم پرسی بە گشتی بارودۆخی کوردان چۆنە؟ بەڵام وەک شتێکی چاوەڕوان نەکراو، خۆی لە باسەکە پاراست و گوتی واهەیە کۆنسوولی گشتی سۆڤیەت لە تەورێز، لە من زیاتر بە هەواڵی کوردان بزانێت، چون جاری وا هەیە سەبارەت بە ڕووداوی وا پرسیارم لێدەکات کە من هەر بەرگوێم نەکەوتووە. ناوبراو باسی ڕووداوەکەی "باڵانیش"ی بە شێوەیەک کرد کە جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ قسەی جێگری نوستاندارددا نەبوو، گەرچی کورتتری بڕیەوە. پاشان باسەکەی گۆڕی و گوتی بیستوومە لە نێوان کورد و هێزی ئێرانی لە ناوچەی مەریوان (واتە ناوچەی ئینگلیز)دا پێکداهەڵپڕژانێک هەبووە و هەواڵدەرێکی کورد پێی گوتووە کە «جەنەراڵ سمیث» ناوێکی ئینگلیزی سەردانەی ناوچەی عەمەلیاتەکەی کردووە، ئینجا لێی پرسیم ئایا هیچم لەو بارەیەوە بیستووە؟ ئەوەشی لێ زیاد کرد کە فەرماندەی گشتی ڕووسەکان لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ــ مێجەر ئەسلانۆف ویستوویەتی بچێتە شوێنەکە، بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە. من ڕاست و ڕەوان پێمگوت لە بەر ئەوەی مەریوان لە دەرەوەی ناوچەی [ژێرچاوەدێریی] مندایە، هیچم لەمەڕ سەرانی جەنەراڵێکی ئینگلیزی نەبیستووە.

١٧) هەرچۆنێک بێت، کوردان کۆنترۆڵی بەشی زیاتری زەوی و زار و کشتوکاڵی ناوچەکە [واتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا] یان بە دەستەوەیە.

١٩) ئێستا، دوای ئەزموونی یەکساڵ ئیشکردن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ئازەربایجاندا، وا بیر دەکەمەوە کە ئەوان بە ڕاستی باوەڕ بەو هەواڵە خەیاڵاوییانە دەکەن کە سەبارەت بە هاندانی کورد و کۆنەپەرستان و عەناسوری «دژی سۆڤیەتی» [لەلایەن بریتانیاوە] دەماودەم دەگەڕێت ــ خۆ ئەگەر هەر خۆیان ئەم هەواڵانەیان دروست نەکردبێت.

٢٠) بەیانی ڕۆژی ٧ی ئۆگۆست، ورمێم بە جێهێشت.

٢٢) سەعات چواری دوای نیوەڕۆ گەیشتمە ماکۆ. فەرمانداری نوێ «سەدیق شەهبازی» و سەرۆکی جەندرمەری ــ ستوان سەرمەدی چاوەڕێیان دەکردم. شوێنی مانەوەم لە ماڵی «ئانالی خانم» ــ بێوەژنی سەرداری ماکۆ، لە «باغچەجیق»بوو، کە سێ مایلێک کەوتۆتە بەری ڕۆژئاوای شارەوە، بەڵام کاپیتەن ئاخوندۆڤ ـ فەرماندەی ڕووسی شاری ماکۆ، پێی ڕاگەیاندم کە ئیجازەی مانەوەم تەنیا بۆ نێو شاری ماکۆ پێدراوە و نەیهێشت شەو لەوێ بمێنمەوە، جانتاکانیشم بێسەروشوێن کران.

٢٤) لە سەرچاوەیەکی دیکە (ی غەیرە ڕەسمییەوە] دەزانم کە باری ئاسایش لە ناوچەی ماکۆ باش نییە. کوردی جەلالی تەواو چەکدارن و بە چاوی سووک دەڕواننە جەندرمەی ئێرانی. ڕێبەری گەلێک ناسراویان شێخ عەبدولقادر، ئەندامی کۆمەڵەیە و ئێرانییەکان بە لیستەیەکی دوورودرێژی جەریمە و گوناهەوە، بە شوێنیدا دەگەڕێن. ناتوانین بڵێین دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت هاوکاریی [دەوڵەتی ئێران] ناکات. لەم دواییەدا چوارکەس لە پیاوانی عەبدولقادریان گرتووە و داویاننەتە دەست ئێران. ئەو کەسانە، چەند بازرگانێکیان گرتبوو و ڕووتیان کردبوون بەڵام ئەو هەواڵەی لە تەورێز بیستبووم گوایە حەبدولقادر گیرابێت، بەڕاست دەرنەچوو.

٢٨) نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی ئۆگۆستی، ماکۆم بەجێهێشت.

٣٠) ... من نەک هەر بە هۆی کاروباری ڕۆژانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی نیشانەی ئەوتۆوە کە ناتوانن ساختە بن، بۆم دەرکەوت کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت بەبێ هیچ گومانێک، هانی بزووتنەوەی کوردانی جیاوازیخواز دەدات، کە «ئەنجومەنی کۆمەڵە»ی نوێباو، ڕێبەریەتی. من واتێدەگەم کە ڕووسەکان نیگەرانی ڕاپەڕینی کوردان [دژ بە خۆیان ] نین. خۆ ئەگەر شتێکی ئەوتۆ لە داهاتووی نزیکدا بێتە پێشێ، بەو توانایەوە کە ئێستا هەیانە، سووک و هاسان تێکی دەشکێنن.

بەڵام ناسیۆنالیستە کوردەکان لایان وایە ڕووس تا سەر، پشتگیری داواکارییەکانیان دەکات و بە بۆنەیەوە کەمتر بۆ لای پێکهاتنێکی بە ئاشتی مەسەلەکانیان لە چوارچێوەی دەڵەتی ئێراندا دەچن.

ناوچەی دەوڵەمەندی ورمێ ــ بە دانیشووانی هەمەچەشنەی کورد وعەجەم و موسوڵمان و مەسیحییەوە، هەر هەموویان لە فەزایەکی دڕدۆنگی و ترس لە دراوسێکانیاندا دەژین ولە نێوان دوو دیاردەی دژ بەیەکدا گیریان خواردووە، کە یەکیان دەرەتان و توانای بەرهەمهێنانی ناوچەکەیە و ئەوی دیکەیان بارودۆخی بێ متمانە و جێگەی بەزەیی ژیانی ئێستای دانیشتووانیەتی.

من دوای دووجار سەردانی ناوچەکە، ئێستا هەست بەوەدەکەم کە عەدالەتی بزووتنەوەی کورد هەرچییەک هەیە بابێت، بەڵام زیادەخوازییەکی سیاسی کە وەدیهاتنەکەی پێویست بە هەژاندنی خەیاڵی خاوی پیاوانی عەشیرەت بکات کە ئەغلەب خەریکی خوێن ڕشتنن، جەریمەیەکە دژ بە وەرزێرانی تورک و مەسیحی ئەو ناوچەیە.

ج. و. واڵ

Fo. 371/45478

ڕاپۆرتی ژمارە ١٤، ١٦ی ئۆگۆست تا ٦ی سپتەمبەری ١٩٤٥

**١٧٨) کاروباری کورد**

لە حەوتووی کۆتایی مانگی ئۆگۆستدا، پێکدادانێک لە نێوان پیاوانی زێرۆبەگ و جەندرمەکان لە سەر پردی «باڵانیش»ی نزیک ورمێ قەوماوە. دوو جەندرمە کوژراون و تاقمێکی نزیک بە ٧٠ کەسی جەندرمە نێرراونەتە سەر کوردان بەڵام لە ڕێگا، ڕووسەکان وەستاندوویانن و دوای چەککردن، ناردوویاننەتەوە لای فەرماندەکەیان.

لە وەڵامی نارەزایی دەربڕینی فەرماندەکەدا، قۆماندانی ڕووس گوتوویەتی عەسکەرەکەی نیازی خراپیان نەبووە و تەنیا لایان وابووە جەندرمەکان چەتەن.

کاتێ وەفدە سێ کەسییەکەی کۆمەڵە لە ورمێ (لە پێنجەمی مانگی ئۆگۆستدا) گیران (ڕۆژژمێری ١٣، پاراگڕافی ١٦٣)، کۆمەڵە لە مهاباد دەست بەجێ فەرمانداری پیر و ژمارەیەکی زۆری ئێرانی دیکەیان گرت و داوای لە قازی محەمەد کرد ئیجازەی کوشتنیان

بدات.

قازی محەمەد بەرگری کارەکەی لێکردن بەڵام کاتێ هەواڵ گەیشت کە سێ کەسەکەیان ئازاد کراون، ئەوانیش بارمتەکانی خۆیان بەرەڵا کرد. فەرماندار، کە توانای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەی نەبوو، دەست بەجێ بە سەفەرێکی بێ هەستوخوست چوو بۆ مەراغە.

دوو هەواڵدەر لە مهابادەوە هەواڵی دوو بەرەکی نێوان ڕیزەکانی کۆمەڵە ڕادەگەیێنن. وا دەردەکەوێ کە کوردێک بە ناوی میرزا «غەفووری مەحموودیان» لەگەڵ ئەرمەنییەکدا بە ناوی «ئارام» کە خەڵکی میاندواوە، بناغەی لقی حیزبی توودە لە مهابادیان داناوە و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە بەرەو ئەوان کشاون. دەگوترێ هەڵخلاندنی خەڵک دژ بە نفووزی سەرەک هۆز و خاوەنملکەکان دەستی پێکردووە و واهەیە بزووتنەوەکە ئەگەر هیچیش نەکات نارەزایەتییەک بێت لە دژی نفووزی زۆری قازی محەمەد. هەواڵدەرێک لای وایە دۆستایەتی ڕووس لەگەڵ کۆمەڵە، تووشی ساردیی هاتووە (و ئەوەش کە کاربەدەستە ڕووسییەکان باسی بێ یاسایی کوردان دەکەن، هەندێ ڕاستی بەو بۆچوونە دەبەخشێت) و وا دەردەکەوێت کە جێگری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ داواکاریی قازی محەمەدی بۆ نێوبژیکردن لە مەسەلەی سێ نوێنەری کۆمەڵە لە ورمێی داوەتە دواوە. دەگوترێ هۆی ساردیی ڕووسەکان ئەوەیە کە گومان دەکەن ئینگلیس پشتگیری کۆمەڵە بکات! جگە لە جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ، ئەو ڕووسانەی وا لە چەند حەوتووی دواییدا چوونەتە مهاباد، ژمارەیان کەم نییە: ئەمازۆف فەرماندەی شاری میاندواو، «سەلیم ئاستیخین» کە دەگوترێ ئەفسەرێکی بەرزە لە قەزوێن و «سەمەدۆف» ـ ئەفسەری سیاسی نەغەدە. هەروەها دەگوترێ جەنابی یاکۆبۆف ـ کۆنسوولی باڵوێزخانەی سۆڤیەتیش لە ماوەی سەفەریدا بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، سەردانی مهابادیان کردووە. لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، قازی محەمەد لە تەورێزە. هۆیەک بۆ هاتنەکەی ئەوەیە چەند کاربەدەستی کۆمەڵە و یەک لەوان «عەلی پیرۆتی» مامەش، هاتوونەتە مهاباد و داوای ئەوەیان کردووە چاو لە حیساب و کیتابی ئەنجومەن بکەن. ناوبراو سەد کەس لە دەست و پێوەندەکانی لەگەڵ بووە و قازی محەمەد بێگومان بەباشی تێگەیشتووە کە دەبێ (ئەو هاتنە و بەو شێوەیە)بۆ مەسەلەیەکی زیاتر لە چاوپێکەوتنی دەفتەر و حیسابات بێ.

ج. و. واڵ

# هەڵوێستی بزافی کوردان لە بەرامبەر بزافی کرێکارانی تورک

**ئیسماعیل بێشکچی**

هەڵوێستی کوردان لە بەرامبەر بزاڤی کرێکارانی تورک هەمیشە باش بووە. کاتێ کە کرێکارانی تورک لە شوێنێکدا دەستیان بە مانگرتن کردبێ، یان چالاکییەکیان ئەنجام دابێ، شۆڕشگێڕانی کورد یەکسەر پشتگیرییان لە داخوازییەکانی کرێکارانی تورک کردووە.

هەرچی جووڵانەوەی کرێکارانی تورکە لە بارەی پرسی کوردانەوە تا ئێستا هیچ بۆچوونێکی چاکی نیشان نەداوە. دەزگاکانی وەکو تورک ـ ئیش(ڕێکخراوی گشتیی سەندیکاکان لە تورکیا، م . کوردی) لە هەمبەر کێشەی کورد هەر کات لایەنگری ئایدیۆلۆژیای فەرمیی"ڕەسمیی" دەوڵەت بووە. ئەمە شتێکی ئاساییە. شتی نائاسایی و ناسروشتی ئەوەیە کە ڕێکخراوە کرێکارییە شۆڕشگێڕەکانیش لەم بوارەدا چ ڕاگەیاندنێکی کۆنکرێتیان دەرنەبڕیوە. ئەم ڕێکخراوە کرێکارییانەش، سەبارەت بە مەسەلەی کوردان، لە نێو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتدا بیردەکەنەوە. ئەوان بە دڵ و گیان پشتگیری لە ئینتەرناسیۆنالیزم دەکەن، کەچی لە هەمان کاتدا لەم بوارەدا چ هەوڵێک نادەن. بگرە ئەوان دەست ناخەنە ناو دەستی کوردانەوە کە بە مەبەستی پشتگیریکردن درێژ کراوە. بە ئەنقەستیشەوە وەها کارێک ئەنجام دەدەن. مرۆڤ تێدەگا بۆچی بزاڤی کرێکارانی تورک بە بڕیارەوە نایەوێت دەستی درێژکراوی کوردان بگرێت و پاڵپشتیان بکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ باسی هەندێ هۆکار بکەین. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین بیرنەکردنەوەی کوردان لەم پرۆسەیە و هەڵوەستە نەکردنیان لەسەر هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی ئەم پشتگیریی یەکتر کردنە، کارێکی زۆر سەیرە. مرۆڤ دەبێ لەمە بکۆڵێتەوە.

لە مانگی دیسێمبەری ۱۹۹۰دا، گەنەل مادەن ـ ئیش(سەندیکای گشتیی کرێکارانی کانەکان، م . کوردی) لە شاری "زۆنگوڵداخ"(شارێکی گەورەی سەر دەریای ڕەشە کە بە کانی خەڵۆز بەناوبانگە، م . کوردی) دەستی لە کار بەردا. لە ۳ ی مانگی جەنیوەری ۱۹۹۱دا لە سەرانسەری تورکیا بڕیاری دەست لە کار بەردان درا. لە ٤ ی هەمان مانگدا بڕیاری ڕێپێوان لە "زۆنگوڵداخ"ەوە بۆ "ئەنقەرە" درا. لەم مانگرتن و چالاکییانەدا کوردان هەمیشە پشتگیریی خۆیان بۆ کرێکارانی تورک ڕاگەیاندووە. لە

گرکێ ئامۆ (سلۆپی)، جزیر، نسێبین، ئامەد، ئێلوه(باتمان)... هتد برووسکە و پەیام بۆ لایەنگیریکردنی کرێکارانی تورک هاتوون. لەم شارانەدا خەڵک لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکاندا دەیانقیڕاند: "زۆنگوڵداخ" و بۆتان شان بە شان، دەست بە دەست...". ئەو کوردانەی کە لە گرتووخانان بوون، یەک لە دوای یەک، پەیامی پشتگیریکردنیان بۆ کرێکارانی تورک دەنارد. ئەو پەیامانەی کە لە گرتووخانەکانی ئامەد، جەیهان، ئایدن، نازلی، بەیرەم پاشا، دیلووک (غازی عەنتاب)، مەلەدی(مەلاتیە)، ئەرزنجان... ڕەوانە کرابوون؛ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەوە. کرێکارانی تورک لەم پشتگیریکردنانەی کوردان خۆیان دەدزیەوە و ڕایان دەکرد. ئەوان نەیاندەویست لەگەڵ کورداندا پەیوەندی دانێن.

لە ڕۆژی ۱۰/۱۲/۱۹۹۱ دا کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە "ئەنقەرە" خەڵاتێکی بە کرێکارانی مادەن(شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای "ئەلعەزیز"ە لە باکووری کوردستان) و "زۆنگوڵداخ" بەخشی. خەڵاتیان لە شێوەی سیمبۆلێک بە سەرۆکی سەندیکای مادەن - ئیش، **«شەمسی دەنیزەر»** دا. ناوبراو لە کۆبوونەوەی خەڵات دابەشکردنەکەدا لەسەر هۆکارەکانی دەست لە کار بەردان ڕاوەستا. ئەو هەڵوەستەی لەسەر زەحمەتییەکانی ژیانی کرێکاران، کەمبوونی مانگانە و هەقدەست و خەباتی دیمۆکراتی کرد. «شەمسی دەنیزەر» بە هیچ شێوەیەک باسی تێکۆشینی سەد ساڵەی کوردان و ڕاپەڕینە کوردییەکانی نەکرد. بۆ نموونە ئەو نەیگوت: "ئێمە پشتگیری لە خەباتی ڕەوای کوردان دەکەین. ئێمە لە دژی چەوساندنەوەی کوردان و، کاولکردن و سووتاندنی گوندە کوردییەکان و سوڕگومکردنی کوردانین. ئێمە لە دژی ئەم زوڵم و زۆردارییەین. ئێمە بۆ نارەزایی دەربڕین لە هەمبەر ئەم ستەم و زوڵم و زۆرییەش دەست لە کار بەردەدەین...".

لە ڕۆژی ۸/۱۲/۱۹۹۱دا، لە دادگای پاراستنی دەوڵەت لە "ئەنقەرە"، کاری دادگایی کردنی سێ ڕووناکبیری کورد، **«وەدات ئایدن»** و پارێزەر **«ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو»** و پارێزەر **«مستەفا ئۆزەر»**، بەڕێوە دەچوو. تاوانیشیان ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی گشتیی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بە کوردی قسەیان کردبوو. دیارە بە کوردی قسەکردنیش قەدەغەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە لە بارەیانەوە فایل ئامادە کرابوو. خەڵک، بە مەبەستی سەیرکردنی ئەم دادگایی کردنە، لە "ئامەد"ەوە بە سواری پاس بەرەو "ئەنقەرە" هاتبوون. پۆلیسی "ئەنقەرە" هەر لە سنووری شارەکەدا پێشیان لە سەرنشینانی پاسەکە گرت. لە نێوان خەڵکەکە و پۆلیسدا گفتوگۆی دوورودرێژ هاتنە ئاراوە. پۆلیس لێنەگەڕا پاسی "ئامەد"ییان ڕوو بکاتە "ئەنقەرە" و، ئەوانییان بەرەو "زۆنگوڵداخ" گەڕاندەوە. ئەوکات کرێکارانی تورک لە "زۆنگوڵداخ" هەمیشە لە چالاکی و مانگرتندا بوون. ڕێپێوان و کۆبوونەوەیان ڕێک دەخست. کوردەکان دەیانویست بە کردەوە پشتگیریی کرێکارانی تورک بکەن. بەڵام کۆمیتەی مانگرتنەکە ڕازی نەبوو لەسەر ئەوەی کورد بە پاس و ئۆتۆمۆبیلی خۆیانەوە بێنە ناو شاری "زۆنگوڵداخ". هەروەها کرێکارانی تورک پشتگیری و هاودەنگیی کوردانیان بە دڵ نەبوو. بە کارێکی وەها نارەحەت و سەغڵەت دەبوون.

ڕێپێوانی کرێکارانی تورک بەرەو "ئەنقەرە" بۆ کوردان ڕووداوێکی ئەوەندە باش نەبوو. لە کاتی ڕێپێوانەکەدا، ئەو پانکارت و نووسراوانەی کە لەمەڕ خەباتی کوردان بەرز کرابوونەوە، لە لایەن کۆمیتەی مانگرتنەکەوە کۆکرانەوە و قەدەغەش کران. کاتێک ڕێپێوانەکە لە لایەن پۆلیسەوە لە شاری "مەنگەنە" وەستێنرا، هەندێ لە کرێکاران قسەی پیس و ناشیرنیان ئاراستەی کوردەکان کرد: "وازمان لێ بێنن، بڕۆنەوە ڕۆژهەڵات (مەبەست لە کوردستانە، م . کوردی)لەگەڵ پ.ک.ک دا هاوسەنگەر بن!... دەوڵەتی تورک ڕێی بە پێشمەرگان دا(مەبەست لە کوردی باشوورە، م . کوردی) ئێوە بۆچی ڕێمان پێ نادەن؟!".


ئەمە ئەوەمان بۆ دیار دەکات کەوا چۆن چینی کرێکاری تورک بە بیروباوەڕی داگیرکەر پەروەردە کراوە و، لە بارەی کورد و کوردستانیشەوە قەت شتێک نازانێت. برێ لە کرێکارانی تورک هەر بە خەیاڵیشیاندا نایەت و تێناگەن کە کورد لە ژێر هەڕەشەی چەکی کیمیایی دایە. چینی کرێکار گەلێ دوورەپەرێز لە پرسی تورکیا و کوردستان وەستاوە. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ زیادکردنی مانگانە و هەقدەستی خۆی، بۆ ڕزگاریی خۆی، تێدەکۆشێت و تێدەگات. وەک چینی کرێکار و پێشەنگی ڕزگاربوونی کوردانیش تێکۆشان بە شتێکی مەحاڵ دەزانێت. هەر لەو ڕێپێوانەدا هەندێ لە کرێکاران دەیانقیڕاند: "ئێرە تورکیایە ئیسرائیل نییە". ئەم دروشمدان و هاوارکردنە بە جوانی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە چینی کرێکارانی تورک خاوەنی چ ئاگادارییەک نییە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئایا لە ئیسرائیل، لە خاکی داگیرکراودا، گوو دەرخواردی فەلەستینییەکان دەدەن؟ گوندەکان دەسووتێنرێن؟ حاشا لە ناسنامەی فەلەستینییەکان دەکرێت؟ بە کۆمەڵ بزرکردن لە ئارا دایە؟ لەبەر چاوی منداڵان، باوک و دایک و باپیرە و داپیرە، ئەشکەنجە دەدرێن؟ کەی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل وەهایە؟ ئایا ئیسرائیل بە چەکی کیمیایی هەڕەشە لە فەلەستینییەکان دەکات، لە دژی وان چەکی کیمیایی بە کار دێنێت؟ ساتێ مرۆڤ ئەم ڕاستییەی چینی کرێکارانی تورک دەخاتە بەر چاو، لە لایەن هەندێک لە تورکە چەپڕەوەکان و چاپەمەنی تورکیاشەوە هەڵمەتی تاوانبارکردنی دەکرێتە سەر: "ئێوە یەکێتی و پشتگیری نێو گەلان خراپ دەکەن. ناکۆکییەکی مەزن لە نێوان چینی کرێکارانی تورک و کورداندا دەنێنەوە. لە دژی جێبەجێکردنی دروشمی - "زۆنگوڵداخ" و بۆتان شان بە شان - دەردەکەون...". دەزگای چاپەمەنی و برێ لە ڕێکخستنە سیاسییەکان، لەسەر ئەم وتە ناخۆشانەی کە لە سەرەوە باس کران، چ ڕەخنەیەک ئاڕاستەی چینی کرێکارانی تورک ناکەن. هەڵبەت ئەوان نایانەوێ وەها ڕاستییەک ببینن و ببیسن. کاتێکیش مرۆڤ ئەمەیان وەبیر بخاتەوە، دیسان کارەکە بە شتێکی گرینگ نازانن. کەچی هەر ئەوان خۆیان بە توندی ڕەخنە لە کوردان دەگرن. زۆر مانای خراپ دەدەنە پاڵ وشەی "نەتەوەپەرستی" و کوردان بە پەیڤی "نەتەوەپەرستی" تاوانبار دەکەن.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر مرۆڤ لە بواری پراکتیکیدا چ حیسابێک بۆ وتەکانی یەکێتی و هاوکاری نەکات، ئەوا لە بواری ئایدیۆلۆژیشدا ئەم جۆرە وتانە شایەنی چ شوێن و هێژابوونێک نابن. لەبەر ئەمە، بۆ پێکهێنانی یەکێتی و هاوکاری، بەر لە هەر شتێک، دەبێ چینی کرێکاری تورک، بە شێوەیەکی کۆنکرێت و گونجاو خۆی پەروەردە بکات.

گۆڕینی لە کرمانجییەوە: مەهاباد کوردی

**تێبینی:** ئەم باسە بەشێکی گچکەی کتێبی "چەند گۆتن ل سەر ڕۆناکبیرێن کورد "ی مامۆستا «ئیسماعیل بێشکچی»یە کە لە ئاداری ۱۹۹۲ بە کرمانجی سەروو بڵاوبۆتەوە. من سەرجەمی کتێبی نابراوم کردووە بە کرمانجی خواروو و ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ (م. کوردی).

ستۆکهۆڵم ۹۸/۷/۲۲



وتووێژ لەگەڵ:

# مامۆستا قادر دیلان

**ڕ مامۆستا قادر دیلان، وێڕای بەخێرهاتنتان بۆ ولاتی سوێد و دەربڕینی خۆشحالی و سپاس بۆ بەشداریتان لەم دانیشتنەدا... دیارە ئێوە وەک کەسایەتییەکی ناسراو لە بواری هۆنەری مۆسیقا و گۆرانیدا حەوجێ بە ناساندن ناکەن، بەلام پێمخۆشە لە سەر ڕابردوو و تەجرەبەی هونەری خۆتان هێندێک بۆ خوێنەروان بدوێن.**

ـــ پێش ئەوەی دەست بکەم بە وەلامدانی پرسیارەکانتان، دەمەوێ لە کانگای دلمەوە گەلێ سوپاسی گۆڤاری گزینگ و لێپرسیارانی و بەتایبەتی بۆ ئێوە مامۆستا هێرش کەوا ماوەتان دا بە من کە ئەم وەلامانە بخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی بەرێز.

سوپاسێکی بێ پایانتان دەکەم بۆ بەخێرهاتنم بۆ ولاتی سوێد. منیش گەش بووم بە دیدەنی و بە ناسینتان.

دیارە وەکوو بۆ گەلێ کەس ئاشکرایە کە کولتوور بە هەموو لکەکانییەوە، ئەدەب و هونەر کە موزیکیش بەشێکی گرینگە لە هونەردا، ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ دەرخستنی ژیانی کۆمەلایەتی و هەموو جۆرە گۆڕانێکی. واتە لەگەڵ هەموو گۆڕانێکی کۆمەلایەتی، گۆڕانیش دەبێ لە کولتوورا، جا جاری وەها هەیە کە یەکێ لە لکەکانی تر، بۆ نموونە گەلێ وەخت شیعر و ئەدەب پێشتر دەکەوێ لە لکەکانی تر. نامەوێ لێرەدا دوور و درێژە بدەم بەم لایە چونکە پرسیارەکەتان بەستووە بە موزیکەوە.

خولیای من لەگەڵ موزیک دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، پێشتر لە سالانی ١٩٤٦. چونکە لە خێزانێکا گەورە بووم هونەر و موزیک و ئاواز پەرست بوون ــ باوکم و محەمەد سالحی برام، هەردووکیان دەنگخۆش و مەقامناس بوون. ئەوان مەدرەسەیەکی پێشەکی بوون بۆ فێربوونی مەقام و بەستە و تەسنیف.

لە سالی ١٩٤٦دا، کۆرسێکی موزیک (دەورە) لە هاویندا لە شاری سولەیمانی کرایەوە بۆ ماوەی دوو مانگ هەرچەندە دوو مانگ بۆ فێر بوونی سترۆمێنت و موزیک ماوەیەک نییە کە شایانی باس بێ، بەلام کەمێ ڕێی ئاشنایی نیشان داین بۆ فێربوونی ئەلف و بێی موزیک. لە سالانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا، سێ چوار گەنجی موزیک پەرست نیمچە تیپێکی موسیقامان پێکهێنا، ئەو تیپە بوو بناغەی ژیانی موزیکی من.

جا لەبەر ئەوەی چەند جارێ لە ڕێی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤارەوە ئەم جۆرە شتانەم ڕوون کردووەتەوە بۆ تەماشاکەران و گوێگران و خوێندەواران، وابزانم کە گەلێکیان شارەزاییان هەیە لە جۆری ژیانی هونەریم.

لەو سالانەوە کە باسم کرد تا ئەمڕۆ گەلێ گۆڕان و پێشکەوتن هاتووە بە چوارچێوەی موزیکدا. بەتایبەتی لە دوای سالانی (٧٠)وە بە دەها تیپی موزیک و گۆرانی دروست بووە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق و ئێران.

ئەوەی شایانی باسە کە ئێوە داوای تەجرەبەی من دەکەن لە بارەی موزیک و ئاوازەوە، دەبینم گەلێ گەلێ هونەرمەندی زانیار و نۆتەناس و دەرچووانی کۆنسرڤاتوار و ئاکادێمی موزیک پێگەیشتوون کە بە شێوەیەکی پرۆفیسیۆنالی لە گەڵ موزیک خەریکن. بەداخەوە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە پالی ناوە بە زۆربەی هونەرمەندی کوردەوە کە ولات بەجێبهێلن و ڕووبکەنە ولاتانی ئورووپا.

ئینجا هەر بۆ بیرخستنەوە پێویستە زۆر بە کورتی ئەو خالانە ڕوون بکەمەوە کە بەڕاستی تەجرەبەیەکی گرنگ بوون لە ژیانی هونەریمدا هەر لە سالانی پەنجاکانەوە ــ دامەزرانی تیپی موزیکی قادر دیلان، دوا ئەوە تیپی موزیکی مەولەوی، بە دەها دروستکردن و دانانی ئاوازی تازەی کوردی و ڕزگار کردنی موزیکی کوردی لە ستیلی عەرەبی.

دوای ئەوە قۆناغی ئەساسی هات ئەویش خوێندن لە ئاکادێمی موزیک لە شاری پراگ لە سالانی ١٩٦٢وە، لەم کاتەدا جگە لە فێربوون و نووسینی دەها پارچەی موزیک بە شێوەی کلاسیکی بۆ ئۆرکسترای گەورە و بچووک، ماوەیەکی هەرە گرینگە لە ژیانی هونەریمدا.

**ڕ بێتوو وای دابنێین کە موسیقی هەر نەتەوەیەک بە پێی هەلومەرجی سروشتی و جوغرافیایی، مێژوویی و زەوق و ڕوحیەی کۆمەلایەتی، پرۆسەیەکی دیاریکراوی تێپەڕ کردووە و ڕێگای خۆی کردووەتەوە، ئایا کورد کە نەتەوەیەکی بێدەولەت بووە لەو بارەوە لە چ ئاستێک دایە و چۆن دەبێ سەیری بکرێ؟ ئایا مۆسیقی دەتوانێ لە یەکگرتوویی نەتەوەییدا نەخشی هەبێ؟**

ــ هەلبەتە وەک ئێوە دەفەرموون، هونەری موزیکیش وەکوو هەموو لکەکانی هونەر بە گەلێ پرۆسێسدا تێپەڕیوە، ئینجا ئەم پرۆسێسانە جیاوازییان هەیە لە نێوان نەتەوەکاندا. تەماشای ئورووپا بکەین دەبینین کە پلەی پێشکەوتن زۆر پێشکەوتووترە لە نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا. بۆ نموونە گەلێ لە قەومەکانی ئەفریقا لە بابەت هونەرەوە هیچ گۆڕینێکی ئەوتۆی بە سەردا نەهاتووە و بە شێوەیەکی پریمیتیک ماوەتەوە.

هەر وەکوو لە پێشەوە ووتم پێشکەوتن و گۆڕان لە هونەردا بە شێوەیەکی موازی دەڕوا لەگەڵ گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی، ڕاستە ئەگەر کورد دەولەتی سەربەخۆی ببوایە، زۆر ئەنستیتوو و مەکتەب و ئاکادێمی دەکرایەوە بۆ پێشخستنی ڕادەی هونەر بە هەموو لکەکانییەوە. ڕادەی موزیکی کوردی لە کاتی ئەمڕۆدا لە دەوری دروست بوون و پێشکەوتن دایە، هیچ دواکەوتووتر نییە لە موزیکی عەرەب و فارس و تورک.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا موزیک دەتوانێ ڕۆلی هەبێ بۆ یەکگرتن، بەلێ بە تەواوی، بۆ نموونە ئەو سروودانەی خوارەوە:

ئای کوردینە، ئای مەردینە

با دەست لە ناو دەست کەین هەموو

بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن
دەچین هەموو مەردین هەموو

دەمی ڕاپەرینە دەمی ڕاپەڕین
هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین
یاخود:
پەلاماری ئەی کورد ئارەق ڕشتنێ
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ
بە یەک بوونی گشت، پتەو بوونی پشت
بە یەک بوون دەبێ گەلت سەرکەوێ

**ۆ ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ، پرسیارێکی ئامالّ تیۆری دێنمەگۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەو چەمک و زاراوانەی کە زۆر جار لە بواری مۆسیقیدا دەبیسرێن وەک: مۆسیقی سوننەتی و فۆلکلۆریک، مۆسیقی عیرفانی و خانەقایی و هەروەها مۆسیقی ڕەسەن و میللی تا چ ڕادەیەک دەکرێ تەعریف بکرێن و لێک هەڵاوێردرێن؟ ئایا خۆتان بڕواتان بەو سنووربەندییانە هەیە یان نا؟**
ـ موزیکی سوننەتی، عیرفانی و خانەقایی ئەمانە لە چوارچێوەی موزیکی ئایینی و عیلمانیدا دادەنرێن ـ وەک خۆتان دەزانن ـ دین ماوەیەکی گەلێ دوور و درێژ لە ناو خەڵکانی بەدین دا، ئاگرێکی زۆر بەگڕ و بە تین بوو. بەڵام فۆلکلۆر ئەو جۆرە موزیکە و ئاوازەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەها سەدەی کۆن و هیچکەس نازانێ خاوەنی ئەم ئاوازانە کێ بووە. سنووردانان بۆ تێکەڵاوی و جیاوازیی بۆچوونێکی ڕاست نییە.

**ۆ باشە مامۆستا، ڕادەی پێشەکەوتوویی و ئاستی پەرەسەندنی مۆسیقی هەر کۆمەڵە خەڵکێک بە چی دیاری دەکرێ؟**
ـ ڕادەی پێشکەوتوویی پەرەسەندنی موزیکی هەر میللەتێک بە ڕادەی خوێندەواری و بە قووڵبوونەوە لە بارەی پرۆسێسی موزیک لە جیهاندا دیاری دەکرێ.

**ۆ تا ئەو جێیەی ئاگادارین زۆربەی نەتەوە دراوسێکان (وەک کورد و فارس و تورک و...) خاوەنی کۆمەڵێک دەزگا و مەقام و گۆشەی مۆسیقایی هاوبەشن، ئایا کورد لەو بارەیەوە شتێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەوانی دیکەی هەڵاوێرێ؟**
ـ گەلێ ڕاستە کە میللەتانی دراوسێی کورد وەکوو عەرەب و فارس و تورک و هەتا کوردیش هاوبەشن لە گەلێ دەزگا و مەقامدا، تەنیا جیاوازێ هەیە لە ستیلی ئینتێرپریت، مانای گەر بڵێین مەقامی شور لە ناو فارس، بە بەیات دەناسرێ لە ناو عەرەب و تورکدا. لەلایەکی تریشەوە، ئاشکرایە کە کوردیش وەکوو ئەو نەتەوانەی باسمان کرد دەزگا و مەقامی تایبەتەتیی خۆی هەیە: قەتار، ئەڵڵاوەیسی، ئای ئای، لاوک، حەیران، خەلیلۆ، عەبدالێ و مەطرانۆ...

**ۆ ئایا هونەرمەندانی کورد، تا چ ڕادەیەک دەتوانن بە تیۆری مۆسیقیی ڕۆژئاوایی و ئەو سترومێنتانەی کە لە ئەسڵدا خۆماڵی نین، ئاستی مۆسیقای کوردی بەرەو پێش ببەن، لە ڕاستیدا ئەو کارە دەکرێ یان نا؟**
ــ لە ڕاستیدا شتێک نییە کە ناوببرێ بە تیۆری موزیکی ڕۆژئاوایی، دەبێ بڵێین تیۆری و موزیکی جیهانی. بۆ نموونە ئەو نۆتەیەی کە هونەرمەندی ئورووپی دەیخوێنێتەوە کوردێکی زانیاریش هەروەک ئەو هەمان نۆتە لێدەدا. باسی ئەوانە ناکەم کە هەر لە خۆیانەوە سترۆمێنتێ فیربوون و نۆتە نازانن. لە ڕاستیدا ئێمە تەنیا چەند سترۆمێنتێکمان هەیە کە ئەوانیش لە چوارچێوەی فۆلکلۆردا دادەنرێن وەکوو بلوێر و باڵەبان و دەهۆڵ و زوڕنا.
هومەرمەندانی پرۆفیسیۆناڵی کورد لەم ڕادەیەوە دەتوانن ئاستی موزیکی کوردی بە تەواوی پێش خەن. ئەم پرۆسێسە بەستراوە بەو ئیمکانیاتانەوە کە بۆ ئەم هونەرمەندانە تەرخان دەکرێ.

**ۆ وابزانم ماوەیەکە ئاکادێمیای مۆسیقیی کوردی لە دەرەوەی وڵات دامەزراوە و جەنابیشت تێیدا ئەندامن، ئایا دەکرێ لەوبارەدا هێدێک زانیاری بدەن بە خوێنەرەوان؟**
ـ بەڵێ ڕاستە کە ماوەی نزیک سێ ساڵ دەبێ ئاکادێمیای کوردی دروست بووە لە ئاڵمانیا. ئەم ئاکادێمییە نەک تەنیا هی موزیکە، بەڵکوو هەموو جۆرە لکەکانی تریش دەگرێتەوە، وەکوو ڕەسم و وێنە، شانۆ و پەیکەر و خەتخۆشی.
ئەم ئاکادێمییە بەدائمی نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ کەسی لێیە، لەوێ دەژین. ئەوی شایانی باسە ئەوە بوو کە ئاکادێمییەکە دوو کۆنفرانسی پێکهێنا بۆ هونەرمەندانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. لە کۆنفرانسی یەکەمدا کە ئامادەیی بوو نزیکەی ٢٠٠ هونەرمەند بەشدار بوون. کۆنفرانسی دووهەم کە لە ساڵی ١٩٩٦دا گیرا، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژارد و دان ترا بە دەستووری ئەم ئۆرگانەدا، منیش بە سەربەرزییەوە دەڵێم کە هەڵبژێردرام بە سەرۆکی «یەکیەتی هونەرمەندانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات».
یەکێ لەو بەندە گرینگانەی کۆنفرانس ئەوە بوو کە بڕیاردرا ئۆرکێسترایەک دابمەزرێ لە پرۆفیسۆناڵەکانی کورد. بە هەوڵ و تێکۆشانی من و هومەنەرمەند «خالد ڕەشید» نزیکەی پەنجا هونەرمەندمان بانگ کرد بۆ کۆبوونەوەی یەکەم کە لە مانگی نەورۆزداگیرا. بەداخەوە چەندێ لەو هونەرمەندانە نەیانتوانی بەشدار بن لە بەر کاروبار و گوزەرانی خێزانی. بەڵام بەداخەوە هەر لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە من زۆر نەخۆش کەوتم، لەبەر ئەوە کاروبارم دایە دەست هونەرمەند «نەجات ئەمین» کە ئەویش ئاکادێمیی موزیکی لە پۆڵۆنیا تەواو کردووە، وەکوو کۆمپۆزیتۆر یان ئاوازنووس. لە دوای هەوڵێکی زۆر ئۆرکێسترا توانی کۆنسرتێ پێشکەش بکات لە شاری کۆڵن لە ئاڵمانیا.
ئێستە کاربەدەستانی ئاکادێمی هەوڵ دەدەن بە یارمەتی ئەندامانی ئۆرکێسترا کۆنسرتێکی تر پێشکەش بکەن لە هۆڵەندە.
دەبێ باشیش بزانرێ کە ئەم کارە پێویستییەکی زۆری هەیە لەلایەن مەتریاڵ، شوێن و خواردن و کرێی ڕێگا و سەفەر. لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی ئەم ئۆرکێسترایە ڕووداوێکی مێژووییە بۆ هونەری کوردی هەرچەندە بەداخەوە لە دەرەوەی سنووری کوردستاندا ڕوو ئەدات.

**ۆ ئێوە بێجگە لە کار و زانستی مۆسیقا، بە دەنگیش چەند مەقام و بەستەتان تۆمار کردووە و وەک یادگار ماوەتەوە، ئایا هۆیەکی تایبەتی هەبوو کە ئەم کارەتان درێژە پێنەدا؟**
ـ زۆر بە کورتی دەڵێم ئەم پرۆبلێمە بەستراوە بە مەسەلەی پارەوە، چونکە ئەو پارچە موزیکانەی کە من نووسیومە بۆ ئۆرکێسترای تەواوە، نزیکەی بۆ ٤٠ تا ٥٠ سترۆمێنت. جا لە بەر ئەوەی هیچ ئۆرگان و ئەنستیتوویێ نییە کە یارمەتی بدا بۆ ئەم ئامانجە و خۆشم بە هیچ جۆرێ توانای ئیکۆنۆمیم نییە، ئەوا ئەو کارانە هەر بە نووسراوی ماونەتەوە.

**ۆ وەک کەسێکی شارەزا لە بواری هونەری مۆسیقی و گۆرانی، چ ئامۆژگارییەکتان بۆ هونەرمەندانی بەرەی نوێ هەیە؟**
ـ ناتوانم بڵێم ئامۆژگاری، بەڵکوو دەڵێم تکام وایە لە هەموو هونەرمەندانی کوردستان لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان کە ناکۆکی و نارێکی فرێ دەن، خۆ خۆشەویستی کارێکی باش نییە، هەموو توانایەکیان تەرخان کەن بۆ خزمەتی هونەری کورد و کوردستان، ئیتر گەلێ سوپاستان دەکەم. ■

## شەماڵ

### ١) من پێم خۆشە کە خۆم بم

من پێم خۆشە لە کاتی خەم
وەک دەروێشان سەما بکەم
من پێم خۆشە وەکوو کۆتر
باڵ بگرم،
تەقڵە لێبدەم،
لە سەربانی خۆشەویستی لەنگەر بگرم.

من پێم خۆشە وەک منداڵێک
بە شلێپەشلێپ، لە ناو ئاودا ملەبکەم،
لە ژێر خۆرا خۆ هەڵبخەم
بە دەم شنەی بەیانەوە
وەک گوڵە یۆنجە
کرویشکە بکەم.

من پێم خۆشە کە ناو هەوران
هێلانەم بێت
لە گەڵیان بەرەو شاری نادیار
سەفەر بکەم.

من پێم خۆشە خۆشەویستی
لە ناو لێفەی درۆدا نەشارمەوە
ڕووت ڕووت وەک ساوایەک
خۆشەویستیم نیشان بدەم.

من پێم خۆشە
بۆ لای تۆ کە باڵ دەگرم
هەر وەک خۆم بێم
لە دوورەوە بمناسیەوە
ئینجا لە ئامێزم بگریەوە.

### ٢) ڕووخان

دەستەکانم
هەمیشە هێلانە بوون
بۆ کەسی ڕووخاو
بۆ هێلانەی شێواو،
بەڵام کەس نەبووە هێلانە
بۆ گیانی شێواوی من
کەس دەستەکانی نەکرد بە لەمپەر
بۆ ڕاگرتنم لە ڕووخانی سەرگرد.

### ٣) خۆشت بوێم

خۆشت بوێم
بە قەت گوڵە گەنمێک
تا وەک مەزرا
لە باوەشت گرم

خۆشت بوێم
بە قەت دڵۆپە بارانێک
تا وەک دەریا
لە سەر شەپۆلە نەرمەکانم
ڕاتژێنم

خۆشت بوێم
بە قەت تاڵەمووی
یاڵی ئەسپێک
تا بە نازەوە
دەستەمۆت بم

خوشت بوێم
بابمەوە دارهەنارێکی
کورتە باڵا
هەنارت وەبەردەست خەم،
خۆشەویستیت لێم نەفڕێ و
هەمیشە ناوت هاوار کەم.

## ئازادی

**ئاکۆ ئەلیاسی**

من،
دارستانی باڵا سەوزی
قژبڕاوی دەس ڕەشە بام،
هەنسکی فرمێسکی گەشی
کزەی سۆزی ئەوینێکی سەربڕاوم،
پرچی ڕۆژی سەر سێدارەی
هەورە ڕەشەم
«ئایەی ڕاستیی هەردەم مانی سووتێبراوم».

من هاوار و
پەلە قاژەی گەرووی تەنگی
تێکقرماوی ناهومێدیم،
نەو پێشمەرگە
بێ هاوتایە باڵابەرزەم
پاش کوشتنم،
لە نێو ڕۆحی نەمریی دا
تازە لە دایک ئەبمەوە و
وەک سروودی خۆشەویستی
وەکوو باران
دەبارێمە کۆشی ڕووبار
لەگەڵ کێڵگە و گوڵی عەشق و
خوای جوانیدا،
هەردەم ئەژیم.
من پەیامی نێو هەناسەی ڕاچەنین و
نوێ بوونەوەی
دەنگی کزی پاش ڕووخانم!
پەلکە شیعری ئەوینی نوێم
گوڵی سپی قوبەی زامی
سەرسینگی شەهیدێکی باڵاسوورم.
سۆمای چاوی
ئاسۆی گەشی لای لای بەیانم
باڵدارێکی لێرەواری
بێ سنوورم.
تاڵی کەزیەی گەرمی خۆری
پاش تۆفانم.
هاژەی سینگی خوڕایی زێم
دەریای مەنگی هێمنیم و
گوڵە گەنمم،
من گۆرانی، حەز و ئۆخەی هەژارانم
من ئازادیم، دوندی خۆزگەم،
من ژیانم...
تاجە گوڵی سەرفیرازی نیشتمانم.

ژنێف ١٩٩٨/٧/٢٢

دوو پارچە شێعر: **ئاشتی**

## پرسیار

ئەوانەی لە مێژوو نازانن
هەڵە کۆنەکان دو پاتە دەکەنەوە،
ئەوانەش کە لێی دەزانن
هەڵەی نوێتر دەکەن.

دەبا ئەوەندە ئاوڕ نەدەینەوە
کە ڕێگای ئەورۆمان لێ هەتڵە بێ.
دەبا ئەوەندە لە ڕاستبوونی مەنزڵمان دڵنیا نەبین
کە لەبیرمان بچێتەوە لە کوێوە دێین.
دەبا بەس بۆ دوورەدەست بڕوانین.
دەبا من لە دەستەکانی تۆ ورد ببمەوە،
تۆش لە دەستەکانی من.
دەبا هەست بە چڵڵێدانی ڕەگی دەستت بکەم.
دەبا شوێنی هەموو ئەو دەستانەی درێژ دەبنەوە
لە دەستی مندا هەڵبگری.

هەتا دەستەکانت نەناسی و نەزانی بۆ تەنیان،
هەتا دەستەکانم نەناسم و
نەزانم بۆ و بۆ کوێ درێژ دەکرێن،
چۆن بزانین پەنجەکانمان بۆچی گرێ دەدرێن؟
چۆن بزانین مستەکانمان لە نێو دەستی تێگەیشتندا
چلۆن کەوی دەکرێن؟

دەبا گوێ ڕابگرین زۆرتر لەوەی دەدوێین،
پرسیار بکەین زۆرتر لەوەی وەڵام دەدەینەوە.

بەهاری ۱۹۹۷

## ئەمسالیش نا، بەڵکوو...

دارەبەڕوویەکم لە نێو تەڕەزن هەڵناکەم و،
هەر لە خەمی خاک وخۆڵی لێرەوارێکدا
ڕەگەکانم وردە وردە دەڕزێن.

خاسەکەوێکم بە دەشتایی ڕانایەم و،
هەر بە تاسەی فڕین لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵی چیایەکە
کە زیدەباڵم لێ دەڕوێن.

کوردێکم لە گەڵ کریسمەس گەورە نەبووم و،
هەر بە ئاواتی نەورۆزێکی دیکە لە زێدمە،
شەوەکانم دێن،
ڕۆژەکانم هەڵدێن.

نەورۆزی ۱۹۹۷

# پردی سوور

## شەریف

وەرە ئەی سازی ئاوارە بە هانای سۆزی گریانم
دڵم بەستەی دەوێ ئەمڕۆ بەجێ دێڵم موکریانم

من و ڕووباری پردی سوور کەوا دەڕوا بە ئارامی
بەجێ دێڵێ مەهاباد و کەسێ نازانێ ئاکامی

وەڕێکەوتین بە دڵتەنگی، بە بێوازی، بە بێنازی
نە چاوێ چاوەڕێمانە نە کەسمان دێتە پێشوازی

وەکوو ڕۆژانی عومری خۆم کە یادی تاڵی هەر پێمە
تەواوی ڕێ گەڵای زەردە دەڕۆم و هەر لە بەر پێمە

گەلێ شەونم لە سەر گۆنای گەڵای زەردی دەمی چۆمە
وەکوو فرمێسکی ڕووی زەردم کە تۆشەی کۆچی ئەورۆمە

بناڵە سازی ئاوارە من و ئەو چۆمە دڵخوێنین
دەڕۆین ئەمڕۆ بە دڵتەنگی کە هەردوو بێ سەر و شوێنین

لە گوێما سۆزی دەنگێ دێ خەیاڵی خۆمە دەیهێنێ
لە گەڵ نەغمەی خوڕەی چۆما دڵی تەنگم دەلەرزێنێ

بە سۆزی گەرمی ئەو دەنگە بە نەرمی شوێنی ڕێ بگرین
چریکەی دەنگی «شاروخ» دێ لەگەڵ ئاوازی با بگرین

مەهابادە قەڵای جوانی هەوارگەی شێعر و گۆرانی
لە یادی نیشتمانمدا ترووسکەی دێ چراکانی

ئەگەرچی نایەڵێ ئەسرین ببینم دیمەنی شاری
کەچی پێمخۆشە ماچی کەم تەواوی دار و دیواری

بە قوربان خاکی ڕەنگینی موکریان و مەهابادی
دەڕۆم و هەر ئەویندارم بە شاری شێعر و ئازادی

ئەوینداری هەموو کوردێک بە خاکی ئێرە ئاوایە
ئەمن کەوتوومە ڕێی کۆچ و دڵی شەیدام لە گەڵ نایە

دە ساڵە لێرە میوانم دەبێ هەر تووینەتیم مابێ
چلۆن ماسی لە ئاوی ڕوون تەواوی عومری تێر نابێ

پاییزی ۱۳۷۱

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ:

# هونەرمەند قادر ئەلیاسی



ئامادەکردن: عارف باوەجانی

**ۆ پێشەکی حەز ئەکەم، خۆت بە خوێنەرەوانی گزینگ بناسێنیٚ.**

ــ ناوم «قادری ئەلیاسی» یە. لە ڕێکەوتی ١٩٦١/١٢/٥ لە گوندێکی دەشتی زەهاو بە ناوی "ئەلیاسی بەردی عەلی" لە دایک بووم. تا پۆلی سێهەمی دەبیرستان دەرسم خوێندووە. بە هۆی ئەوە کە لە بەهاری ١٩٨١ز بووم بە پێشمەرگەی حدکا نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم. لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆردوگای «ڕۆمادی» لەگەڵ کچێکی ناوچەی زەهاو بە ناوی «رەعدە» زەماوەندم کردووە، ئێستا دوو منداڵمان هەیە (کوڕ و کچێک بە ناوەکانی: تۆڵە و تەوار). کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ بنەماڵەکەم هاتوومەتە وڵاتی نورویژ و ئێستا لە ئوسلۆ دەژیم.

**ۆ سەرەتا چۆن دەستت بە گۆرانی وتن کرد؟ کێ هاندەرت بوو؟**

ــ پێموایە پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، ئیشارە بەوە بکەم کە من لە بنەماڵەیەکی دەنگخۆش و لە کەش و هەوایەکی هونەریدا چاوم کردۆتەوە. باوکم دەنگخۆشە و کاتی گەنجیی گۆرانی بۆ داوەت و ڕەشبەڵەک وتووە. دایکم لە پرسە و سەرەخۆشیدا ئێستاش سەر قافڵەی شینگێڕانی هاوتەمەنەکانی خۆیەتی. برا و خوشکەکانم چ ئەوانەی لە من گەورەترن و چ ئەوانەی لە من منداڵترن، بە گشتی دەنگیان خۆشە. دەکرێ بێژم ئەم بەهرەی دەنگخۆشییە یەکەم هاندەرم بووە. بەڵام لە ژێر تاوڵی ئاوا بنەماڵەیەکدا و بە لاسایی کردنەوەی هونەرمەندان «حەسەن زیرەک»، «عەلی مەردان»، «تاهیر تۆفیق» و «حوسێن عەلی» دستم بە گۆرانی وتن کرد. بێجگە لە بنەماڵەکەم، لە قوتابخانەش مامۆستاکانم هابدەرم بوون. لە نێو ئەو مامۆستایانەدا هونەرمەندی هێژا: یەدوڵلا ڕەحمانی یەکەم کەس بوو هانی دام لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەڵیدا بچم بۆ رادیۆی کوردی کرماشان، کە لەوێ ٣ گۆرانیم تۆمار کرد.

**ۆ کاتێک قوتابی بوی، چۆن لە بواری هونەری گۆرانیدا بەشداریت دەکرد؟**

ــ ئەوکات لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری شاری "سەرپێڵی زەهاو" کێ بەرکێی نێوان قوتابییە دەنگخۆشەکان هەبوو. منیش هەموو ساڵێک وەک یەکەم قوتانی دەنگخۆش دەردەچووم. پاشان لە نێوان شارەکانی سەر بە پارێزگا (ئوستان)ی کرماشان ئەم تاقیکارییە ئەنجام دەدرا. لەوێش یەکەم دەچوم. ئەم بایەخپێدانە لەو سەردەمەدا بۆ من هاندەرێکی باش بوو. بەڵام داخەکەم هەلومەرجی ئەوکاتی گەلەکەم (ئێستاشی لەگەڵ بێ) لەگەڵ ژیانمی خۆم دەرەتانی ئەوەی نەدەدا بەدوای هونەردا بچم. بۆ وێنە هەموو ساڵێک بۆ ماوەی یەک مانگ ئۆردوویەکی هونەری لە شاری "ڕامسەر" سازدەکرا کە خەرجەکەی لە ئەستۆی وەزارەتی فەرهەنگ وهونەر بوو. کەچی من نەمدەتوانی بەشداری بکەم. لە باتی چوون بۆ ڕامسەر یان دەبوو دروێنە بکەم یان ڕێگای شارە دوورەدەستەکانی تاران و ئاواز بە نیازی کرێکاری بگرمەپێش.

**ۆ بێجگە لە بەشداریی ئاهەنگەکانی شاری سەرپێڵ وکرماشان، چ چالاکییەکی هونەری ئەوکاتەت وەبیر دێتەوە؟**

ــ وەک باسم کرد ساڵی ١٩٧٤ کاک یەدوڵلا ڕەحمانی لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ڕادیۆ کرماشان، پاشان لە بۆنە گشتییەکان وەک «جێژنی نەورۆز» و «سێزدەبەدەر» لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ وهونەر بە سەرپەرستی کاک یەدوڵلا بەرنامەم تۆمار دەکرد و لە رادیۆی کرماشان و "قەسری شیرین" دا.

**ۆ تائێستا چەند بەرهەمت بڵاوبۆتەوە؟**

ــ تەنیا بەرهەمێکم بڵاوبۆتەوە، ئەویش کاسێتی «دەردی دووری»یە کە بەهاری ساڵی ١٩٩٥ کەوتۆتە بازاڕەوە.

**ۆ دەکرێ ئەختێک لە کاسێتی دەردی دووری بدوێی؟**

ــ ئەم کاسێتە کە لە ٩ مەقام و گۆرانی پێکهاتووە و نزیکەی ٧٠ خولەک(دەقیقە) دەخایەنێ لە ساڵی ٩٥ بە سەرپەرشتی مامۆستا ڕەشید فەیزنەژاد هاتۆتە بەرهەم. بێجگە لە دابەشکردنی مۆسیقای گۆرانییەکان کاک ڕەشید بەم ئامێرانە: کەمان، دەف، زەرب و درامس بەشداری کردووە. برایەکی دیکە کە هونەری قەت لە بیر ناکرێ، هونەرمەند «جاوید ئەفسەری راد»ە کە بە سەنتوور و سێتار جێگە پەنجەی دیارە. لەگەل سپاسی دووبارەم بۆ ئەو دوو هونەرمەندە بەتایبەت کاک ڕەشید، هیوادارم نموونەیان زۆر بێ.

هەڵبەستی گۆرانییەکانیش هی شاعیرانی کۆچکردووی گەلەکەمانن: هێمن، مەولەوی تاوەگۆزی و شامی کرماشانی. هەروەها شێعری فۆلکلۆری و هی خۆشمی تێدایە.

**ۆ کەواتە بێجگە لە هونەری گۆرانی، هەڵبەستیش دەهۆنیەوە؟**

ــ وەک پیشە هەڵبەستوان نیم، بەڵام هەندێ جار بۆ بڕێک لە گۆرانییەکانم شێعر دەهۆنمەوە. هەڵبەت گۆرانیبێژ و نووسەر یان شاعیر پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە کە ناکرێ بێ پێوەندی بن. بۆنموونە تائێستا چوار بەرهەمی وەرگێڕاوەم هەیە بەداخەوە یەکێکیان چاپ وبڵاوبۆتەوە.

**ۆ هۆی چییە بەرهەمی تۆمارکراوتان کەمە؟**

ــ ئەمە سەربوردەیەکی دووردرێژی هەیە کە گرێ دراوە بە ژیانی تایبەتی خۆمەوە. کاتێک ویستم بەرەو ئەوەبچم ڕێبازێک بۆخۆم بدۆزمەوە، سەرەڕای ژیانی دەستکورتی، شۆڕش

(سالّی ١٩٧٩)ی گەلانی ئێرانی بەسەرداهات. پاشان شەڕی داسەپێنراو و نەخوازراو بە سەر گەلی کورددا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وێڕای هەست بە بەشخوراوی گەلەکەم هانی دام ببم بە پێشمەرگە.
بارودۆخی شۆڕش ونەبوونی دەرەتان ڕێگای نەدام بەرەو هونەر بڕۆم. بۆیە دەکرێ بێژم لە سالّی ١٩٨٠ تا ١٩٩٧ کە هاتم بۆ ولاّتی نورویژ بە کردەوە لە هونەری گۆرانی دابڕام.

**ۆ ئەوە ماوەیە خۆت نەتویستووە یان دەرەتانت نەبووە؟**

ـ دەکرێ هەردوو هۆیەکە بە لەمپەر بەحیساب بێن. خۆم نەمویستووە چون ئەودەم وامدەزانی تەنیا ڕێگا بۆ بەزاندنی دوژمن چەکی پێشمەرگەیە. دەرەتانیش وەک باسم کرد نە دەرەخسا سەرەڕای ئەوەی گەورەپیاوێکی وەک شەهید د. قاسملوو و پاشان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و کاک حەسەنی رەستگار لە نێو حیزبدا هاندەرم بوون بەڵام بەو حاڵەش دەرەتانی ئەودەم نەبوو و نەمتوانی هونەری گۆرانی بکەم بەچەک دژی دوژمن.

**ۆ ئایا لە ڕابردووی خۆت پەشیمانی؟**

ـ لە پێشمەرگەبوون دژی داگیرکەر قەت پەشیمان نیم. بەڵام وەک رەخنەگرێک لە ڕابردووی خۆم سەد بریا لە شۆڕشدا سەنگەری هونەرم هەڵبژاردبا. پێموایە ئەمە تەنیا ڕێگایەک بوو کە دەمتوانی تێیدا سەرکەوتووبام. چونکە هەم هۆگری بووم و هەم لێم دەزانی.

**ۆ ئایا بەشداری شەوئاهەنگەکانی دەرەوەی ولاّت دەبی؟**

ـ بەڵێ، ئەگەرچی سەرەتا ئەزموونێکی وام نەبوو، بەڵام بەرەبەرە ڕاهاتم و ئێستا دەکرێ بڵێم لە یادی کۆماری کوردستان و نەورۆز و هەندێ جاریش شەو ئاهەنگی کۆمەڵەکانی کولتووریی کوردی، بەشدار دەبم.

**ۆ لە چ ولاّتێک بەرنامەت هەبووە؟**

ـ لە نورویژ، سوێد، دانمارک، بریتانیا، فەنلاند، ئوتریش و بلژیک (کە لە ڕێگای Med tv لە بەرنامەکانیدا بەرنامەم هەبووە.

**ۆ بەشداری لەو ئاهەنگە کوردییانە چۆنن؟ چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟**

ـ وەک چوونە نێو خەڵک زۆر باشە، وردم دەداتێ. باوەڕم زیاتر بە خۆم دەبێ. عەیبەکەشی ئەوەیە لەو شەوئاهەنگانەدا، گۆرانیبێژ ناتوانێ هونەری خۆی باش دەربخا. دەبێ زۆربەی گۆرانییەکان بۆ هەڵپەڕکێ بن. مرۆڤ کە هاتە سەما و گەرِی ڕەشبەڵەک گەرم بوو، گوێ ناداتە ناوەرۆک. تەنیا هەواکە گشت وریتمیک بێ و بەس! ئەمە بە باوەڕی من پلەی گۆرانی تاڕادەیەک نزم دەکاتەوە. هەرچەند بۆخۆم ئێستا وا ڕاهاتووم دوای مەقامێک و بەستەیەکی ئارام دەچمە سەر هەوای گشت بەڵام وەک وتم ئەمە پسپۆڕیی گۆرانیبێژ دەرناخا، تەنیا شەوەکە گەرم دەکا وهیچی دیکە.

**ۆ بەرهەمی تازەتان هەیە؟**


ـ لە ڕاستیدا بڕیارم وابوو، بەرهەمێکم لە نێوەی سالّی ١٩٩٨دا بە سەرپەرشتی مامۆستا «عارف ئیبراهیمپوور» بلاّوبێتەوە. ئەم بەرهەمە بە چەند هۆیەک وەدواکەوت. هەروەها بڕیارە بەرهەمێکم بە شێوەی CD بلاوبێتەوە کە مۆسیقارەکانی هونەرمەندان: «زاهدبریفکانی» و «کاوە»ن. بەو هیوایەم تا کۆتایی ١٩٩٨بکەوێتە بەردەستی هۆگرانی گۆرانی و مۆسیقا.

**ۆ ئایا لە نورویژ تیپێکی تایبەتی هەیە کە کاری لەگەڵدا بکەی؟**

ـ تەنیا کەسێک تائێستا لەگەڵی بەردەوامم کاک «عەدنان»ە کە ئەویش بە ئۆرگ(سنت) لەگەڵم هاوکاری دەکا. دەکرێ بێژم کە کاک عەدنان تەنیا گوڵێک بووە کە لەم ولاّتە قاقڕەی نورویژ بۆمن ڕوواوە. چونکە بێجگە لەو کەسی دیکە وەک مۆسیقاری کورد لەم ولاّتە لانیکەم تائێستا دەرنەکەوتووە. بۆیە جێگای خۆیەتی پڕ بە دڵ سپاسی بکەم.

**ۆ دەرەتانی هونەری لە دەرەوەی ولاّت چۆنە؟**

ـ گەرچی لەباری تێکنیک و مۆسیقاوە لە پێشە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد هەتڵەی دوورە ولاّت زۆر ستەمە. بە قەولی شاعیر: «دست ما کوتاه و خرما بر نخیل»، لە زۆر بارانەوە لە تەنگانە داین. نەبوونی مۆسیقار، نەبوونی شوێنێک بۆ ڕاهێنان (تەمرین) و لە هەمووی گرینگتر بێداهاتی و دەستکورتی بۆ تۆمارکردنی بەرهەمە نوێیەکان.




**ۆ چ پێشنیارێکت هەیە؟**

ـ پێشنیارم ئەوەیە پشتی یەک بگرین. بەتایبەت بۆ پێشخستنی هونەری ڕەسەنی کوردی ئەرکی هەموو لایەکە یارمەتی هونەرمەندان بدەن. بە پێکهێنانی شەوئاهەنگ و کڕینی بەرهەمەکانیان، بە عەیب زانین و قەدەغەکردنی کۆپی کردنیان. ئێستا کە کورد خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی نییە، دەکرێ بە هەنگاوی یەکگرتووانە باری سەرشانی هەموو کەسێک بەتایبەت هونەرمەندان سووکتر بکرێ.

**ۆ دوا وتەت چییە؟**

ـ سپاسی گۆڤاری «گزینگ» دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. سپاسی تۆش دەکەم کاک عارف بۆ ئنجامدانی ئەم ئەرکە. هەروەها حەز ئەکەم لە ڕێگای گوڤاری گزینگەوە سپاسی Med tv ش بکەم بۆ زیاتر ناساندنی من بە خەڵکی کورد لە ناودوە و دەرەوەی کوردستان. ■

# چەند سرنجێك لە سەر «چێشتی مجێور»ی هەژار موکریانی

مەلا رەسووڵی پێشنماز

لەم دواییانەدا کتێبی **چێشتی مجێوری** کاک هەژارم دەست کەوت و دوای خوێندنەوە، بە پێویستم زانی لەسەر ئەو بەشانەی کە خۆم لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم و بەشداریم تێدا کردوون، چەند خاڵێک بخەمە روو.

هەر کەسێک کاک هەژار بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە، دەزانێ کە ئەو ئینسانە لە رادەبەدەر خزمەتی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کردووە و لەو بوارانەشدا ئینسانێکی لێزان و ماندوویی نەناس بووە. هەژار، هەر لەر سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردووە و دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، هەتا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارە بووە و پاشان لەگەڵ بارزانی چۆتەوە ژێر سایە و سێبەری «حەمەرەزاشا»ی گۆڕکراو. لەو ماوە دووروودرێژەدا کە لە وڵات تەرە بووە، هەزاران چەرمەسەریی و ساردی و گەرمیی رۆژگاری چێشتووە و تووشی زۆر ئینسانی چاک و خراپ هاتووە و زۆر جاران بۆ ژەمە نانێک رۆیان لێوەرگێراوە و دەرگایان لێ گاڵەداوە. لە تەواوی دەورانی ئاوارەبوونیدا سەری بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان شۆڕنەکردووەتەوە و لە هەر جێگایەک هەلی بۆ هەڵکەوتبێ بە هۆنراوە و بە نووسراوە دەردی دڵی خۆی لە دژی داگیرکەران هەڵڕشتووە.

بەڵام هەژاریش وەک هەموو ئینسانەکان، سەرەڕای ئەو لێزانی و خۆڕاگریی و کۆڵنەدان و لێهاتوویییە، قابیلی هەڵە و ئیشتیبا و ناڕاستییە. کاک هەژار **چێشتی مجێور**ی وەک حیکایەتێک بۆ «خانی»ی کوری گێڕاوەتەوە و گۆیا داوای کردووە هەتا دوای مردنی بڵاوی نەکەنەوە، دیارە بۆخۆی باشی زانیوە چی چاندووە بۆیە تا خۆی ماوە بڵاوی نەکردووەتەوە. ناوی کتێبەکەشی کە ناوە **چێشتی مجێور**، ئیتر زۆر لەگەڵ ناوەرۆکەکەی یەک دەگرێتەوە، چونکە چێشتی مجێور هەم شتی زۆر بە تامی تێدایە و هەم شتی زۆر بێتام کە بەرماوی کاسەسفرەی هەموو ماڵەکانە کە بۆ مجێور دەمێنێتەوە.

بۆ روونبوونەوەی خوێنەرەوانی بەرێز، ئەمن لەگەڵ کاک هەژار نەک هەر قەت چکۆلەترین ناکۆکیم نەبووە، بەڵکە یەکجار زۆریش دۆست بووین و هەوێنی نیشتمانپەروەریم لە نووسراوەکانی ئەو و هێمن را سەرچاوەی گرتووە و بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ئەوانم لە بەر بووە. بۆ نموونە ***(بەرە و موکریان)***ی هەژار کە ئینقلابی لە نێو شاعیرانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا پێکهێنا یەک لەوانەیە. کەوابوو روونکردنەوەی من لە سەر ئەو خاڵانەی باسیان دەکەم تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەیە کە راستییەکان بکەونەروو، ئینسانەکان چۆن ئاوا بناسرێن بەتایبەت ئەو بەشانەی کە روویان دە شەهید «سولەیمانی موعینی»ناسراو بە (فاق ئەمین)ە لە جوولانەوەی ساڵانی ۱۳٤٦-٤٧(٦٨-۱۹٦۷).

خۆزیا کاک هەژار، پێش مردنی خۆی ئەو کتێبەی بڵاو کردبایەوە و ئەو نووسراوەیەی منی بدیبایە بۆ ئەوەی زانرابا وەڵامی دە بەرانبەر راستییەکانی من و ناڕاستییەکانی خۆیدا چۆن دەبوو؟ بۆ ئەوەی نەبووبا بە درۆی پاش مردوو و، زۆر کەسی گوێ لەمست و کوری رۆژیش بۆیان نەبووبا بە مەسەلە. بە داخەوە ئێمەی کورد، لە کۆنەوە هەروامان کردووە، هەرچی رەهبەر و بەرپەرس و نووسەر و شاعیر بوون، هەر بە سەروگوێلاکماندا هەڵاگوتوون و بە چاکە و خراپەیان هەر دڵخۆش بووین و هێندەمان هۆباڵ بۆ کیشاون یەکدانەشیان نە هەڵەکانیان دەبینین و بە بەرلاقی خۆیان. رەنگە ئێ واش هەبن لۆمە لەو نووسراوەیە بگرن و بڵێن هەژاری موکریانی و فلانەکەس کوجا مەرحەبا و چی بە سەرچییەوە و چۆن جورئەتی کردووە دە گژ ئەو کابرا شاعیر و ئەدیب و نووسەرە گەورەیەوە رۆبچێ.

ئەوجار ئەمن روو لە خاوەن ئەزەران و ئینسانە ئاگا و خوێنەرەوانی بەرێز دەکەم و دەڵێم ئەمنێکی کە ساڵەهای ساڵ لە گەڵ هەردووک ئەو برادەرانە ژیاوم و وەک رۆژی روون لێم عەیانە کە ئەوەی هەژار لە سەر شەهید سولەیمانی موعینی و چەند کەسێکی دیکە نووسیویە، وا نییە و تەنیا وتەنیا بۆ خۆشیرن کردن لای بارزانی ئەوەی کردووە؛ دەنا هیچ کوردێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ نییە نەزانێ کە سولەیمانی موعینی بە ناهەق و بە بێ هیچ سوچ وتاوانێک گیراوە و بە ئەسیری کوژراوە و تەرمەکەی دراوەتەوە بە دوژمنی کورد وکوردستان کە رێژیمی «شا»ی تێهەڵدراو بووە. هەر ئەو «شا»یەش پاش ماوەیەکی کەم پاداشی خزمەتەکەی دانەوە و تووشی ئاشبەتاڵ و هەرسەهێنانی کردن.

هەژار لە لاپەڕەی ٤٩١ی **چێشتی مجێوردا** دەنووسێ:

**"لە پاش رۆیشتنی «ئەحمەد تۆفیق» بۆ سنووری تورکیە، «سولەیمانی موعینی» خۆی کردە جێ نشینی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا. رەنگە ئەوانەی زۆری دەگەڵ ژیاون چاکتری بناسن، بەڵام هیچ وەبەر دڵی من نەدەکەوت، دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەواڵانی لەبەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پێویستە ئەمدەناسی. هەر هێندە بو مەرحەبا و چاک و خۆشیمان پێکەوە هەبو، چونکە من کارم بە سەر کاری ئێرانیەکانەوە نەبو، بەڵام وەک دۆست و برادەر خۆشم دەویستن. دەم بیستەوە کە موعینی و هەواڵانی پێشمەرگەی دەچنەوە ئێران و چالاکی دەنوێنن. موعینی برایەکی لە خۆی بچوکتری هەبو بە ناوی «عەبدوڵڵا»، کوری پەسند و رند ئەو بوو، بەراستی زۆر پیاوێکی بە قیمەت بو. کە بەداخەوە لە نێو گەورکان دەگەڵ «مینەشەم» ــ کە ئەویش ماڵم هەقە پاڵەوانێک بوو ـ شەهید کرا."**

ئەو ئەزەرانە لە سەر کاک سولەیمانی شەهید بۆنموونە یەکدانەشیان راست نییە و لە بوغز و کینە و خۆشیرن کردن بەولاوە چی تری تێدا

نییه. چونکه کاک سولەیمان خۆی نەکردووەتە جێنشینی ئەحمەد تۆفیق، بەڵکە هەر لە کۆنگرەی دووهەمەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دە عەمەلدا نەفەری دووهەمی حیزب بووە. باسی داوێن پیسی و پووڵ پەرستی و ترسەنۆکی دەکا، کەسێکی هەژاری لە نیزیکەوە نەناسیبێ ڕەنگە وا بیربکاتەوە لەوبارانەوە بێچووە مەلائیکە بووە. ئەوانەی ماون و لەگەڵ ئێمە بوون دەزانن من و کاک سولەیمان یەگجار زۆرمان یەکتر خۆشدەویست و بەشی هەرە زۆری ئەو چەند ساڵەش هەتا پێش شەهیدبوونی هەر بە یەکەوە بووین و لە تەواوی سەفەرەکانی کە بۆ وڵات کردوومانە، لێک دانەبڕاوین و شەوانەش چ لە ئاوەدانیان و چ لە چۆڵیان لە نیزیک یەک نووستووین، قەتم عەمەلێکی وا پێوە نەدیوە دوور بێ لە ئەخلاقی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە.

بۆ مەسەلەی گیرافان و فەرق و جیاوازی لەگەڵ هەواڵەکانی، ئێمە ئەوکات هیچمان گیرفانێکمان نەبوو تا فەرق و جیاوازی تێدا هەبێ، ماڵم هەقە لەو بارانەشەوە سولەیمانی موعینی پووڵ و کای لە لا وەک یەک بوو، تەنانەت لە سەر ئەو مەسەلانە لەگەڵ بابی خۆشی نێوانی زۆر خۆش نەبوو.

لە سەر ترسەنۆکی، ئەگەر ئەو ئینسانە وەکی هەژار دڵی ئاوابا، چۆن بوو لێکدا لێکدا سەفەری وڵاتی دەکردەوە و دوو مانگ و سێ مانگ دە زەمانی «شا»ی دا بەو هەموو ژاندارم و پاسگا و دەسەڵاتەوە، لە ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و مهاباد و بۆکان دەخولایەوە و پیتاکی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بارزانییەکان کۆ دەکردەوە و تەشکیلات و حەوزە و شانەی بۆ حیزبی دیمۆکرات پێک دێنا. چۆنە ئێمە کە لەگەڵی بووین هەستمان پێ نەکردووە، بەڵام هەژار لە بەغدارا زانیویە کە سولەیمانی موعینی ترسەنۆکە؟

دەڵێ: برایەکی چکۆڵەی هەبوو بە ناوی عەبدوڵڵا کوڕی پەسند و رند ئەوبوو. پێموایە ئەوەشی هەر بۆ عەوامفریوی نووسیوە. دەنا هەموو کەس کە ئەو دوو برایەی ناسیبێ دەزانێ کە عەبدوڵڵا گەنج و تازەپێگەیشتوو بوو، ڕەنگە ئەگەر پازدە بیست ساڵێکی دیکە مابا توانیبای نیو هێندەی کاک سولەیمان کارامە و لێزان و کارکوشتە بێ. چونکە سولەیمانی شەهید هەر لە دوای تەمەنی پازدە شازدە ساڵییەوە دەکاری سیاسی و تەشکیلاتی وەردرابوو و هەتا شەهیدبوونی، لەو ماوەیەشدا زۆرجار تووشی زیندان و لێدان و ئاوارەبوون و خۆ پەنادان لە تاران و تەورێز و ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ببوو. کەوابوو قاڵبووی مەیدانی تاقیکردنەوە بوو کە لەگەڵ عەبدوڵڵایەکی گەنجی بێ ئەزموون فەرقی یەکجار زۆر بوو. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەمن بمهەوێ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کاک عەبدوڵڵا کەم کەمەوە، مەبەستی من بۆچوون و لێکدانەوەی ناڕاستی هەژارە لە سەر ئەو جووتە برا شەهیدە. لەگەڵ ئەوەی کاک عەبدوڵڵا بە دەستی ژاندارمی ئێرانی و جاشە خۆماڵییەکان شەهید کراوە و خانەی موعینی برای بە دەست ڕێژیمی بەعسی عێراق، کەچی داخی سولەیمان موعینی لە هەمووان بە ئێشتر و جەرگبڕترە، چونکە بە دەستی کەسێک شەهید کراوە کە ئەو، ئەوانی لە هەموو کەسوکار و دۆستانی خۆی خۆشتر دەویست. ئەگەر بە زۆری و بە دەسیسەی سیخوڕەکانی سەر بە ساواکی ئێران دەناو شۆڕشدا، دەریان نەپڕاندبا قەت ئەو کارەی نەدەکرد و لە زۆربەی ئەو کەسانەش دڵسۆز تربوو بۆ کورد و کوردستان کە لە سەرحیسابی خەڵک لای بارزانی خۆیان بە شۆڕشگێڕ و دڵسۆز دەزانی.

هەژار، لە لاپەڕەی ٤٩٢ دا سەبارەت بە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ سولەیمانی موعینی کە گۆیا داوای لە هەژار کردووە ببێتە رەئیسیان، ئاوا دەنووسێ:

**"ـ کاک فایق تۆ لەو سەفەرانەی کە بۆ کوردستانی ئێرانت کردوە، تەقەتان لە دێی (شێلم جاران) کردوە ومنداڵێکتان کوشتوە؟ حاجیەکت گرتوە، تا چوار هەزار تمەنت لێ نەستاندوە بەرت نەداوە و دارکاریت کردوە؟ گیشەی وەرزێرانت سوتاندوە چونکە پووڵیان نەداویەی؟ رادیۆت لە پشت بەرد شاردۆتەوە و ئانتێلەکەت بڵند کردوە، وات نیشان داوە کە بە بێسیم قسە دەگەڵ بارزانی دەکەی و گوتوتە: «قوربان! حاجی فلان هەر پێنج هەزار تمەن دەدا، لێی وەرگرین؟ بەڵێ باشە، خوا راوەستاوت کا، دەستت ماچ دەکا ؟!». ئەو کارانەت کردوە یان نا؟ نابێ درۆم دەگەڵ بکەی...**

**گوتی: بەڵێ هەموم کردون، بەڵام لەوە بەولاوە لە قسەی تۆ دەرناچین.**

**ـ کاک فایق با قسەکەت تەرجەمە کەم: تۆ دەفەرموی من بۆ شکەیەکی پڕ لە پیسایی‌یم، بۆنی دەرچوە، هەژار وەرە بتکەمە سەرپۆشێکی بێ کەلێن، ئەو بۆگەنە داپۆشە، برام نە چاوم لە گەورەیی وسەرۆکی یە، نە ئەو کارانەشم بە دڵە. ئێمە لەباتی دڵسۆزی بۆ میللەتەکەمان ببینە چەتە و ڕێگر و باج ئەستێن لە سەریان، پێم کارێکی بە ناموسانە نیە. خۆت چۆنت رابواردوە حیساب بۆ من مەکە، کارم بە کاری**

**رابواردوە حیساب بۆ من مەکە، کارم بە کاری**
**کوردستانی ئێران نەداوە."**

لێرەشدا کە گۆیا سولەیمانی موعینی چووبێت داوای لێ کردبێ بۆ ئەوەی هەژار ببێتە سەرۆکی ئێمە، وا نییە. چونکە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران باوەڕمان بە رابەرایەتی دەستەجەمعی بووە و هەمیشە لە کۆمیتەی ناوەندی سکرتێری حیزب هەڵبژێردراوە. ئەوەندەی دەزانم کە چەندجار داوامان لە کاک هەژار کردووە وەک ئەندامی حیزب کارمان لەگەڵ بکا و ئەگەر کردباشی شکم نییە دەبوو بە ئەندامی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، بەڵام نە کاک سولەیمان مولاقاتی وای لەگەڵ هەژار کردووە و نە ئەو پێشمەرگانە چەتەیەتی و ڕێگرییان کردووە؛ نە گیشەگیا سووتێندراوە و نە لە (شیلم جاران) تەقەکراوە و نە منداڵیش کوژراوە... ئەوانە هەموو بوختان و درۆی پاش مردووانن.

بەتایبەتی ئەوەی کە گۆیا سولەیمانی موعینی ئانتێلی رادیۆی بڵیند کردبێ و وای گەیاندبێ کە گۆیا بە بێسیم قسە لەگەڵ بارزانی دەکا، ئیتر ئەوە هەر بە ئاشکرا دست بادانە. چونکە لەو سەفەرەدا، ئێمە پێنج کەس بووین: کاک سولەیمان، شەهید مینە شەم، عەبدول ئەستانی، کەریم ئەستانی و من، کە لەو پێنج کەسە حاڵی حازر ٣ نەفەرمان ماوین و هەرسێکیشمان لە وڵاتی سوێد دەژین. تەواوی یارمەتییەکی کە لەو سەفەرەمان کۆکردووەتەوە، لە ڕێگای شەهید ئەحمەد تۆفیق(سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی) ەوە بە بارزانییەکان گەیون.

بە بۆچوونی من، هەژار ئەو قسانەی هەموو بۆ ئەوە سازکردووە کەوا بنوێنێ سولەیمانی موعینی کە لەلایەن بارەگای بارزانییەوە شەهید کراوە و داویانەتەوە بە ئێران، ئینسانێکی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە و ئەوان هەقیان بووە کە کوشتوویانە. دە حاڵێکدا بۆخۆیان بۆیان ڕوون بۆتەوە کارێکی خراپ و هەڵەیەکی مێژوویيان کردووە و هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە کە سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی چکۆڵەترین هەڵەیەکی دژی شۆڕش و بارزانیان کردبێ.

ئەوەش بە جێگای خۆی، «مونتەقیمی قازی» چی کردبوو، لە گەلاڵە و لە بن دەستی بارەگای بارزانی درایەوە بە ڕێژیمی شا؛ مەلا «ڕەحیمی وێردی»چی کردبوو، عەبدولوەهابی ئوترووشی خۆفرۆش کوشتی و تەحویلی ئێرانی دایەوە؛ خاڵە «ئەسکەندەری هەورامی» و پێنج هاواڵەکانی چیان کردبوو، تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە. مەگەر «ساڵح لاجانی» و ڕەفیقەکانی خۆیان تەسلیمی شۆڕش نەکردەوە، کەچی بەو

به بۆچوونی من هەژار بە هێنانەگۆڕی ئەو باسانە هەم شەخسییەتی خۆی هێناوەتە ژێرپرسیارەوە و هەم دەردی سەریی زیاتری بۆ پارتی و بارەگای بارزانی دروست کردووە، هەر بۆیەش داوای کردووە پاش خۆی **چێشتی مجێور بڵاوبکرێتەوە.**

کاک هەژار دەڵێ کە "جەماعەتی ساڵح لاجانییان هێنا تەحویلیان بدەنەوە. دایک و بابی «عومەر حەوتەوانە» خۆیان دەکن هاویشتم و پاڕانەوە کە کوڕەکەیان ڕزگار کەم، چووم داوام لە بارزانی کرد و پێش درانەوەیان عومەریان بەرهەڵدا کردبوو و گوتبوویان ڕای کردوە".

بەڕاستی شت ئاوا نەڕەنگێ و هەڵنەبەستێ تامی نابێ. ئەدی بۆچی ناڵێ عومەر جاسووسی خۆیان بوو، ناردبوویانە ناو ئەوان بۆ خەبەرچینی و جاسووسی. باشە ئەگەر ڕاست دەکا و هێندە قسەی لای بارزانی ڕۆیوە بۆ کارێکی وای نەکرد سولەیمان و ساڵح لاجانی و ئەوانی دیکەش لە کوشتن و تەحویل درانەوە بە ئێران ڕزگار بکا.

لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:

**"بیستمەوە کە دوای ئەوەی لە بارزانی ناهومێد بون، ویستویانە بۆ خۆیان لە ئێران کار بکەن. «حەمەدەمینی سیراجی» لە هەموان دڵ گەرمتر بوە کە دەبێ هەر بچین. شەوێک لە دۆڵەڕەقە ڕۆیشتون و حەمەدەمین تا سەر سنور دەگەڵیان بوە، گوتویە برا وا باشە من بچم دەگەڵ دەوڵەتی عێراق قسە بکەم و چەک و ئەسپابتان بۆ وەربگرم. خۆی لێ دزیونەوە و خۆی گەیاندۆتە بەغدایە و ماتەی هەل گرتوە."**

لە قەدیمەوە بیستوومە کە دەیانگوت «درۆی شاخدار» بە ڕاستی بەوە دەڵێن، زۆرم پێ سەیرە و بۆم ناچێتەوە سەریەک کە ئەو ئینسانە مەبەستی چ بووە؟ ئاوا لە دژی جووڵانەوەی ٤٧-١٣٤٦ شتی ناڕەوا و دوور لە ڕاستی کۆکاتەوە، دە حاڵێکدا ئەو جووڵانەوەیە ئەو هەموو شەهیدە بەنرخانەی داوە و، تەواوی تاوانەکانیشی لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی پارتی و سەرکردەکەی بووە.

ڕاستیی ڕووداو چۆن بوو؟

دوای ڕاونانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لایەن بارزانییەوە و دوای کۆنگرەی دووهەمی حیزب، بارزانی ومەکتەبی سیاسی پارتی بەرەبەرە لە حکومەتی ئێران نیزیک بوونەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قافییەیان بە ئێمە تەنگتر دەکردەوە، هەر ڕۆژ بڕوبیانوویەکیان پێ دەگرتین. کاک «ئەحمەد تۆفیق»یان دەرپەڕاند بۆ "کانی ماسی" لای سنووری تورکیە و ئێمەیان لە سنوورەکانی "سونێ" و "زینوێی شێخی" داپەڕاندە خوارێ، کاک سولەیمانی موعینی و هێندێک لە برادەرانیان ناردە "دۆڵە ڕەقە" و "دیرێ". تەنیا چەند کەسێک نەبێ کە خۆیان وە پارتی هەڵاوەسیبوو، یەک تۆزقاڵ باوەڕیان بە فەعالییەت و تەنزیماتی حیزبی دیمۆکرات نەبوو، بە دایم تەبلیغاتیان ئەوەبوو کە ئێمە دەبێ ڕاوەستین و دەست لە سەر دەست دانێین هەتا شۆڕشی کوردستانی گەرمێن سەردەکەوێ.

سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە بە دڵەوە هەموو خزمەتێکی شۆڕشمان دەکرد و هەر سەفەرێکمان بۆ وڵات کردباوە لە یارمەتی ماڵی ڕا هەتا خەنجەر ودووربینی باش و جۆرەها شتی دیکەمان تەحویلی پارتی و بارزانییەکان دەدا. لە کاتی پێویستدا دەچووینە جەبهە و هەرچی لە دەستمان هاتبا دەمانکرد، کەچی وردەوردە ئێران نفوزی دەنێودا کردن و زۆر بەرپرسی وەک فەتاح ئاغا و عەبدولوەهاب ئوتروشی و مام وسوو و مەلۆ و شێخ محەمەدی هەرسینی کاریان بۆ دەکردن. لە هەموو لا ڕا لە ئێمە وەخۆکەوتن و بوو بەڕاوە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ئەوانەی لە چالاکیی حیزبی دیمۆکرات دەوری سەرەکییان هەبوو. دوای کوشتنی «سەدیقی ئەنجیری» بە دەست برازای ئەحمەد تۆفیق بە ناوی «حەسەنی ئیسحاقی» (کە کاک هەژار زۆری تاریف لێدەکا و لە تاران و لە کەرەج یش بەدایم تێکەڵاوی بووە ) و درانەوەی «مونەقیمی قازی» بە ئێران، بوو بە هەرا و شایعە کە بارزانی وەعدی بە «شا» داوە کە کوردەکانی ئێرانی تەحویل بداتەوە بە سازمانی ئەمنییەتی ئێران(ساواک) دە موقابیل یارمەتی مادی و هەموو کەرەسەیەکی شەڕدا. لەو دەمەشدا مەکتەبی سیاسی داوای کاک سولەیمانی کردبوو کە گۆیا کاریان پێیەتی! ئەویش بە خۆی و بە برادەرانیەوە گەڕابۆوە سەر سنوور و، لە پشتی (ئاڵواتان)ڕا نامەیەکی بۆ من نووسی کە ئەودەم ماڵم لە گوندی (هێرۆ)ی پژدەر بوو. لە نامەکەیدا نووسیبووی کە خۆتان لە تەحویل دانەوە بە ئێران بپارێزن و بۆ ماوەیەک خۆتان پەنا بدەن (نامەکە ئێستا لای من هەیە).

ئەوکات کاک «مینەی سیراجی» و شەهید «سمایلی شەریفزادە» و «سالاری حەیدەری» لە پشت ماڵەکانی سونێ لە جێگایەک بە ناوی گەڵوەرەز دەژیان کە شەهید «مەلا ئاوارە»ش بۆ ماوەیەک لایان بوو. بە دوای نامەی کاک سولەیماندا چووم بۆ ئەوێ و شەو نیزیک ١٥ نەفەرێک کۆبووینەوە و بڕیارمان دا نامەیەکی دەستەجەمعی بۆ بارزانی بنووسین و داوای لێ بکەین کە دەست لە ڕاونان و تەحویلدانەوەمان هەڵگرن و ئێمە تا بستێک کوردستانی ڕزگارکراو هەبێ لەگەڵ ئێوە دەبین و هیچ کردەوەیەکی دژی ئێوەمان نەکردوە و نایکەن. کاک سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانیشی ئەوە لە لای ئالیەمەران و ئاڵواتان چاوەڕوانی ئەوەن کە لە لایەن ئێوە وە ئەمریان پێ بکرێ بۆ گەڕانەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیاردرا من و مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری بە نوێنەرایەتی برادەران بچین بۆ لای کاک سولەیمان وبرادەران و داوایان لێبکەین نەچنەوە قووڵایی وڵات و لەو ناوە خۆیان ڕاگرن هەتا وەڵامی بارەگای بارزانی بۆ ئێمە دێتەوە. ئەوانیش عەینی نەزەری ئێمەیان هەبوو، بەتایبەتی کاک سولەیمانی موعینی. ئەوانەی لە هەمووان گەرم و گوڕتر بوو بۆ مانەوە و شەڕکردن لە ئێراندا عەبدوڵڵای موعینی و مینەشەم و هەڵمەت بوون.

بە دوای گەڕانەوەی مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری و مانەوەی من لەگەڵ برادەران، دوای حەوت ڕۆژ شەڕی (سپی سەنگ)مان بە سەردا سەپا کە یەکەم تێکهەڵچوونی ئێمە بوو لەگەڵ ڕێژیم. لەو شەڕەدا عەبدوڵڵای موعینی لە پەنای من بریندار بوو، بە هۆی ئەوەی کە نە پێوەندیمان بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبوو و نە بە مەکتەبی سیاسی ئەودەم (مامۆستا برایم و مام جەلال و باقی برادەران) کە دەناو حکومەتی عێراقدا بوون، من عەبدوڵڵام بە برینداری هێناوە بۆ قەڵادزە و لەوێ لە چنگ «حەسۆ میرخانی ژاژڵەیی»م قوتار کرد و فڕاندم بۆ (داری کەلی) بۆ ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی ڕەحمەتی کە هەتا هەم مرۆڤایەتی و ئینسانییەت و دڵسۆزی ئەو گەورە پیاوەم لە بیر ناچێ و لەگەڵ ئەوەی لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەکمان شک نەدەبرد بۆ ماوەی دوو مانگ لە ماڵە خۆی لە داریکەل و سیتەک خزمەتی کردین و دوکتوری تایبەتی هێنایەسەر، تا عەبدوڵڵا چاک بۆوە. شێخ لەتیف بە دایم دەیگوت هەرچەندە برادەرتان هەن و دە مەترسی ئەو ناپیاوانەدان بیانهێنن بۆ ئێرە من دەیانپارێزم و پیاو نییە خۆیان تێبگەیێنێ.

ئێمە لەو ماوەیەدا کە لە ماڵی شێخ لەتیف بووین، لە ناوچەی قەڵادزە و تەواوی شوێنەکانی دیکە ڕا، دووبارە شاڵاو بۆ سەر برادەرانمان دست پێدەکاتەوە کە هێندێک وەک کاک مینەی سیراجی و شەهید شەریفزادە و ... هەڵدێن و خۆ دەگەیێننەوە هاواڵان و، هێندێکی دیکەش وەک «سەننار مامەدی» و «سالاری حەیدەری» و... خۆیان تەحویل

دەدەنەوە.

دوای حەوت ـ هەشت مانگ مانەوە لە وڵات کاک سولەیمان و کاک مینە گەڕانەوە بۆ ئەوەی هەم پێوەندی بە برادەرانی دەرەوە و ئەوانەی لە گەرمێن ماونەوە، بگرن و، هەم فکرێک بۆ حاڵ و وەزعی خۆیان بکەنەوە. بە دایم و لەهەموو ڕێگایەکەوەش، هەوڵی ئەوە دراوە و لێکدا لێکدا نامە بۆ بارزانی و مەکتەبی سیاسی نووسراوە کە ئەو برادەرانە ڕێگایان بدەن بگەڕێنەوە.... ئەوە کوێی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە؟ بۆ بە سەراحەت ڕاستییەکان ڕووناکەن و ناڵێن کە ئێمە بووین بووینە هۆی گرتن و کوشتن و لەبەین چوونی ئەو برادەرە کوردە بێ تاوانانە. چۆن هەژاری موکریانی ڕووی هاتووە ئەو بوختان و تۆمەتانە هەڵبەستێ؟

لێرەدا پێویستە ئەوەش وەک نموونە باس بکەم کاتێک من و شەهید عەبدوڵلا لە ماڵی شێخ لەتیف بووین لە سیتەک، ڕۆژێک کاک شەفیق لایان و شەهید عەزیز ئوتروشی و شێخ محەممەد ناوێک بە خۆیان و هەشتا پێشمەرگەوە، میوانی شێخ بوون و لە باسەکاندا شێخ باسی کوردە ئێرانییەکانی هێناگۆڕێ و گوتی بۆ شۆڕش و بارزانی زۆر ئیرادە وا لەو کوردە ئێرانییانەی حیزبی دیمۆکرات دەکەن. شەفیق لایان لە وەڵامدا گوتی بۆخۆیان لێمان یاغی بوون و هەرچی دەکەین ناگەڕێنەوە و ئێرانمان لێ هاڵۆز دەکەن. شێخ ئیشارەی لای ئێمەی کرد و گوتی ئەو دوو برادەرە یەکیان مەلا ڕەسووڵی سابڵاغی و ئەندامی حیزب و وەکیلی سولەیمان موعینی یەو، ئەوی تریشیان عەبدوڵلای برایەتی و پەنایان بۆ من هێناوە و دژی ئێوەش نین، هەر ئێستا ئێوە پێوەندی بە بارەگای بارزانییەوە بگرن مەلا ڕەسووڵ دەتوانێ لە ماوەی مانگێک هەمووان بگەڕێنێتەوە بەو شەرتەی جەنابی مەلا مستەفا خۆی وەعد بدا.

دوای وتوویژ لەگەڵ ئێمە کە ماڵم هەقە شەهید ئەتروشی و شێخ محەممەد کە هەردووکیان ئامیر بەتالیۆن بوون زۆریان لایەنگیری کردین و خۆیان بە تاوانبار دەزانی، بڕیاردرا لە سەر دەستی شێخ لەتیف من بچم بە شوێنیاندا و هەموویان بگەڕێنینەوە. ئەوان گوتیان لاسلکی لە (گەڕەدێ) یە و دوای حەوت ڕۆژ خەبەرەکە دەدەینەوە بە جەنابی شێخ لەتیف. خەبەرەکە بوو بە یەک مانگ و وەڵامەکەش ئەوەبوو کە شۆڕش تازە ڕێگا بە وانە نادا بگەڕێنەوە، چونکە لەبەر ئێران پێمان ڕاناگیرێن. ئیتر لە هەموو لاڕا لە سەر سنوورەکان زۆر لە کاربەدەستانی شۆڕش بە هاوکاریی ژاندارم و ساواکییەکان لێمان وەخۆکەوتن و هەر لە سنووری حاجی عومەران ڕا هەتا قەندیل و ناوچەی سەردەشت و لای شلڵێر و ناوخوان و حدوودی بانە دەگەڕان و تاقیبی ئێمەیان دەکرد. وەک بۆخۆیان پاشان دەیان گێڕاوە لە زۆر جێگا و لە ناو خێوەت و ڕەشماڵاڵەکانی سەر سنوورەکان، ژنان قسەی ناشیرین و جنێویان پێدابوون.

جا ئەگەر هەژار دەیهەوێ باسی ڕاپەڕینی ٤٧-١٣٤٦ ئاوا بگێڕێتەوە کە هیچی وا نییە، تەنیا بۆ خۆشیرن کردن لای ئەو کەسانەی مەبەستێتی، کای کۆنی بەباکردووە؛ دەنا زیاتر لە پەنجا جاران وێکڕا ئەو باسانەمان کردووە و هەموو جاریش قەبوڵی بووە کە غەدرمان لێکراوە. زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە نووسراوەی هەژار یەک جێگاشی لە سەر ڕووداوی ٤٧-١٣٤٦ ڕاست نییە و هەمووی پڕیەتی لە بوغز و قین و شتی بەراوەژوو. هەر لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:

**" لەم بەینانەدا کە ئەو برادەرە ئێرانیانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە و پێشمەرگەی شۆڕشی ئێران بە کارتێکدەر دەزانن، ژن وکوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەرە و لە ماڵی حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە. فایق چۆتە سولەیمانی، چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتوە، قەولی چەک و یارمەتی لێ ساندوە. چۆتە بەکرەجۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن ودژی بارزانین. هاتۆتەوە شاری سولەیمانی، میوانی شێخ لەتیف بوە. نامەیەکی بۆ حەسۆ میرخان نوسیوە کە: «ئێوە ژن وکوڕی منتان داگیر کردوە، کارێکی زۆر نامەردانەیە، ئەگەر نەتان گرتون بیان نێرنە سیتەک، ماڵی شێخ لەتیف». ویستویە لە سنوری بانەوە بڕواتەوە دیوی ئێران، لە سەر چوار ڕێ یانی سیتەک ـ چوارتا، جێپەکەیان ڕاگرتوە کە فایقی تێدایە.**

**«سەدیق ئەفەندی» ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سولەیمانی، کە هەمومانی باش دەناسی دایدەبەزێنێ:**

**ـ کاک فایق کارم بە تۆیە.**

**فایق بە لیباسی فەقێ وە، بێ چەک دەڵێ من فایق نیم و ناوم مەلا قادرە.**

**ـ هەر چیەک بێ ڕەگەڵم کەوە.**

**ڕۆژێک کە بۆ کاری چاپخانە، کە ئەودەم لە سورەبان بوین، چومە ماڵی بارزانی. گوتی:**

**ـ ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی، با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قاید فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ پێمان بڵێ، دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەر دایە.**

**چومە (وەسان). فایقم دیت کە لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی «خەلیل شەوباش» لە ماڵێکی چۆڵدا حەبس کرابو، دوو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەریان بون. پێکەوە دانیشتین. کاک فایق نەقڵی خۆی و شەوباشی بۆ گێرامەوە. کە گوتم ئەگەر هاوکاری دەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی. زۆر لە چارەنوست دەترسم، گوتی: «ئەوانە یاریدەمان نادەن، تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن، حازر نیم هیچ هاوکاریەک بکەم...»**

**گوتم: «کاکی خۆم، دەڵێن تەیری گۆشتخۆر دندوکی خوارە. تۆ پیاوی ئەو کارانە نەبوی، بە زۆر بە ملە خۆتدا هێنا و نەشت زانی چدەکەی. ئەگەر من بومایە لە جیاتی تۆ، کە دەمزانی دوژمنایەتی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەودا دێم و دەچم، هەر بە شەو، بە پێ ڕێ، بە ناو دارستان دا سەفەرم دەکرد. هەمیشە چل تفەنگچیەکم دەگەڵ دەبو، لە سەر هەست و دەست لە سەر پەلەپیتکە. توشی هەر ڕێبوارێک دەبوم، نەم دەهێشت بڕواو خەبەرم لێ بدا، دەم بەستەوە تا زۆر دور دەکەوتمەوە. بۆچەند کیلۆمیتر لە پێشەوە ڕێگەیان بۆ تاقی دەکردمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیان پاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگار دەکرد. لێم ڕونە ئەحمەد تۆفیق لە جیاتی تۆ ئەمەی بکردایە، زۆر بە هاسانی پێکی دێنا و دەگیر نەدەکەوت. تۆ دەزانی «حەسۆ» شیری کەریشی خواردبێ، تێدەگا کە تۆ داوا دەکەی ژن وکوڕت بچنە (سیتەک)، مانای وایە خۆت لەو ناوەی و دەتەوێ بیان بینی. جوابت بۆ دەنوسێتەوە کە ژنی تۆ خوشکی منە و کوڕی تۆم لە کوڕی خۆم هە لناواردوە. ئەوا بۆم ناردیە سیتەک. سەدیق ئەفەندیت لە سەر ڕێگە دادەنێ کە باشت دەناسێ و دەت گرێ. تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نیە دیفاع لە خۆت بکەی. چۆن کەسێک بە ئاشکرا دژی بارزانی بجوڵێتەوە و هەمو کەسیش بیناسن، دەچێ سواری جێپی مسافربەری دەبێ و بە نێوەڕاستی جادەدا سەفەر**

**دەکا و دەیەوێ بچێ بە چەک و ئەسپابی دوژمنانی بارزانی لە ئێران کار بکا و بە عەقیدەی بارزانی زیان لە شۆڕشەکەی ئەو بدا؟ زۆر بە داخەوە پیاوی ئەو کارە نەبوی. خۆزیا ئەحمەد تۆفیق با. زۆریش بۆ ئایندەت دڵ تەنگم، بەڵام دەستم ناڕوا، ئەوەندەی بتوانم حەولی خۆم دەدەم کە لە کوشتن رزگار بی».**"

لەو باسەی سەرەوەی هەژار دا، ئەگەر ئینسانی بێلایەن و خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ لێی ورد بنەوە، بۆیان دەردەکەوێ کە هیچی وا نییە، غەیری ئەوە نەبێ کە ئەو برادەرە یەکم شت، بۆ دیتنی برادەرانی دەرەوەی وڵات هاتووەتە ئەوێ و لە ڕێگای ئەوانەوە ویستوویە چارەیەک بۆ مەسەلەکە بدۆزنەوە و پشتیوان و یارمەتیدەرێک غەیری حکومەتی عێراق بە هاوفکری هەموو لایەک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. دەنا ئەگەر کاک هەژار ڕاست دەکا (کە دەزانم ڕاست ناکا و ڕەنگە لە قەبریشدا بۆخۆی ویژدانی نارەحەت بێ، کە ئەو هەموو شتە نارەوایانەی لە سەر ئەو برادەرە شەهیدانە نووسیوە) کە هەر لەو سەفەرەدا کاک سولەیمان دەداو کەوتووە، نە هیچ پوولێکی پێ بووە و نە ئەسلەحەیەک و، نە بەڵگە و مەداریکێک؛ ئەگەر شتێکی لەو بابەتانە دەگۆڕێدا بووە، چۆنە بەڕێوەبەرانی شۆڕش لانیکەم بۆ پاکانەی ئەو کارە چەوتەی خۆشیان بووبێ بڵاویان نەکردوە؟! نووسینەکانی هەژار لەوبارەوە وەک ئینسانی پەککەوتەی قون تەندووران دەچێ، کوا زەمانی ئەوە ماوە فلان کەس وای بۆ گێڕامەوە و فیسارە کەس وای گوت؟!

دووهەم شت، مەبەستی هاتنەوەی کاک سولەیمان بۆ شاری سولەیمانی ئەوەبوو بەڵکە بتوانی ژن و کوڕی ی دەستبەسەرکراو و یەخسیری لە چنگی حەسۆ رزگار کا، ئەویش لە ڕێگای شێخ لەتیفەوە کە لە زۆر بارەوە بۆ کوردایەتی نەک هەر قسووری نەبوو بەڵکە لە زۆر لە گەورە پیاوەکانی ناو شۆڕشی ئەیلوول خزمەتگوزارتر ودڵسۆزتر بوو.

هەموو تاوانی کاک سولەیمان لە نەزەر هەژارەوە ئەوەیە کە گۆیا لەو سەفەرەدا چاوی بە مام جەلال کەوتووە یان فەرماندەی ئەرتەشی پێنجی دیوە و قەولی چەک و یارمەتی لێوەرگرتوون. دیارە ئەوە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە، گریمان ئەوە ڕاست بێ! کوا ئەوە تاوانە؟ مەگەر تاقمی مەکتەبی سیاسی کۆن کە لەلایەن بارزانییەوە جارێک ڕەتێنرابوون بۆ هەمەدان (ئێران)، و دوای ئەوەی «شا» هەرچی بێ حورمەتی و نائینسانییەت بوو لەگەڵی کردبوون، بەناچاری نەهاتنەوە ناو شۆڕش؟ ئەگەرچی زۆریش لە سەرکردەکانیان لە دۆڵەڕەقە و لای هەباس ئاغا دانیشتن و خۆیان بێ ئیلاقە کرد، بەڵام واش وێیان هەڵنەکردن و کەوتنە ئازاردان و تاقیب کردنیان کە بەناچاری پەنایان بۆ دوژمنی خۆیان (حکومەتی عەبدولرەحمان عارف) بردەوە و بە قەولی خۆیان دەستیان کردەوە بە کاری سیاسی. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان بە عالەم ئاشکرا هاوکاری دەوڵەتی عێراق بوون، بەڵام لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیر و ئینسانە سیاسییەکان ئەوانیان پێ باشتر بوو. هەرچەند ئەمن قەت پاڵ وە دوژمن دانم بە لاوە ڕاست نەبووە و نییە، بەڵام وەک ڕاستی و بۆ مێژوو بیڵێم ئەوان کە گۆیا لە بەکرەجۆ بوون و هاوکاری حکومەت، کەچی زیاتر لە سەد کەس لە پێشمەرگە و هەڵاتووەکانی ئێمەیان کە لە چنگی تەسلیم کردنەوە بە ئێران خۆیان گەیاندبوە لای ئەوان، بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە ئاگاداری کرد، کە زۆربەیان ئێستا ماون. لە حاڵێکدا زۆری وەک ساڵح لاجانی، سولەیمان کەرقەشان، عەولای بایزە قنجە و عەزیز ئەحمەد و... خۆیان تەحویلی شۆڕش دایەوە لە سەر وەعدە و بەڵێنی خۆیان، بەڵام زۆر بێشەرمانە درانەوە بە ڕێژیمی ئێران و لە پادگانی "جەڵدیان" ئیعدام کران.

هەژار، هەموو کارەکان و پێوەندییە ئاسالمەکانی بەڕێوەبەرانی شۆڕش و بەتایبەت بارەگای بارزانی (و کەرەج نشینییەکەی دوای ئاشبەتاڵیی خۆشی بێتەسەر)بە لاوە پەسند بووە و بە هەقی زانیوە، بەڵام ئەوە بە ڕوا نابینێ کە ئەندامانی ڕاونراوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی دە بەرانبەر ڕێژیمی «حەمە رەزاشا»ی زاڵم و خوێنڕێژدا، دۆستێکیان هەبێ؟ کە نەشیان بووە.

کاک هەژار دەڵێ گۆیا لە سەر داوای بارزانی لە گوندی (وەسان) چاوی بە کاک سولەیمان کەوتووە و لە سەر چوونی بەکرەجۆ و پێوەندی قاید فیرقەی پێنج قسەی لەگەڵ کردووە. هەر ئەوەی کە بۆخۆی دەڵێ فایق گوتی «ئەوانە یاریدەمان نادەن تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن، حازر نیم هاوکاریتان بکەم»، لێرەدا غیرەت و شەهامەت و بێ تاوانی کاک فایق زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ بەتایبەتی دەو کاتە ناسکەدا کە ئەو دە ژێر تەهدیدی مەرگ دابووە و سوور دەزانێ یان دەکوژرێ یان دەدرێتەوە بە ئێران. بەڵام حازر نەبووە باسی کەس بە درۆ و بە ناڕاستی بکا، چونکە هەم بێ منەت بووە و هەم پاک. دەنا ئەگەر پێوەندی گرتبا بۆچی باسی نەدەکرد، خۆ ئەو و هاواڵەکانی هەرچی کردوویانە لە دژی ڕێژیمی شایان کردووە نەک لە دژی بارزانی و شۆڕشەکەی. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ مەگەر بارزانی وەکیلی ڕێژیمی «شا»ی گۆڕبەگۆڕکراو بووە تا خەڵکی لە سەر مەحکەمە و ئیعدام بکا؟ ئەوەش کە هەژار دەڵێ دوای گەڕانەوە داوام لە بارزانی کردووە تەحویلی ئێرانی نەداتەوە، وا نییە. چونکە دەلیلی بەهێز هەیە هەر بە نووسراوەی خودی هەژار، ئەویش ئەوەیە چۆنە بۆ عومەری حەوتەوانە تکای قەبوڵ کراوە و ئازادیان کردووە وەک لە پێشەوە ئیشارەم پێکردووە، بەڵام بۆ کاک سولەیمان تکای ناگرن کە هەم لە باری ڕابردووی سیاسییەوە، هەم لە باری هاوشاری و ناسیارییەوە دەبێ فەرقی لەگەڵ عومەر حەوتەوانە هەبێ؟! ڕاستی ئەوەیە دوای گەڕانەوەی لە لای سولەیمان موعینی بە بارزانی گوتووە مەیلی خۆتە هەرچی لێی دەکەی بەڵام ئەمن ئەوەی دەزانم کە ئەو ئینسانە یەکجار ترسەنۆکە و ئەگەر بە زیندوویی بدرێتەوە بە ئێران عالەم زۆر بە گرتن دەدا و پاشانیش لە دژی خۆت بەکاری دێننەوە. هەر وەک ئەو ڕاستییە کە ئەوەدەم ئەفەرمان لە بن دەستی خۆیاندا هەبوو و ئەو شتانەی بە ئێمە ڕادەگەیاند، لە چێشتی مجێور دا دوای نیزیک بە بیست ساڵ بۆخۆی ئیشارە بە تەرسەنۆکی کاک سولەیمان دەکا و دەڵێ پێمگوتووە: «ئەتۆ کوڕی ئەو مەیدانە بەنوی و ئەگەر ئەحمەد تۆفیق بایە لە جیاتی تۆ زۆر باشتری بەڕێوەدەبرد».

هەژار، ئەوەی بە قازانجی کاک سولەیمان و بە زەرەری خۆیانە خۆی لێ بواردووە و باسی ناکا. دەنا هەر ئەوکات ئەوەی ئێمە بیستمان کاک سولەیمان زۆر قسەی ناشیرینی بە هەژار گوتووە کە **«بۆ تنۆکە خوێنێک نە لەبەر تۆ، نە لە بەر گەورەکەت ناپاڕێمەوە، چونکە دەزانم ئێوە دۆڕاندووتانە و تەحویلم هەر دەدەنەوە، خوێنی منیش لە خوێنی هاواڵەکانم زیاتر نییە».**

ئەوەی کە هەژاری زۆر دەهری کردووە و هجوومی دەکاتەسەر، دوو شتە: یەکەم هەروەک گوتم خۆشیرین کردن و لامە لامە لای بارزانی کە پیشەی دائیمی بووە و، دووهەم ئەوەیەم کە کاک سولەیمان ئاوا بە شەهامەتەوە و دەکواتە ناسکەدا ئیهانەی کردووە و بە دۆڕاوی لە قەڵەم داوە. هەروەک دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول دەرکەوت کە هەژار بە لارەملی خۆی دە ئێران کوتایەوە و تەنانەت چەند ساڵیش پێشتر بە هەموو شێوەیەک خۆی لە باسی «پێشەوا قازی» و کۆماری مهاباد دەپاراست و مەگەر بۆ وەزنی شێعر با دەنا باسیشی نەدەکرد. دە حاڵێکدا پێشەوا قازی جگە لە زانایی و

ئازایەتی و شەهامەتێکی کە هەیبووە و سوور زانیویە ئیعدامی دەکەن، بەڵام دڵی بڕوای نەداوە (بە قەولی «عیفەت خانم»ی شەهیدی کچی) ئەو کەسک و سوورانەی سابڵاغی بە جێبێڵێ و لەگەڵ خەڵک ماوەتەوە. بێ لەوەش، هەر ئەو پێشەوایەی کە مامۆستای دڵسۆزی فێرکردن و بارهێنانی هێمن و هەژاریش بووە و، هەر ئەویش بۆتە هۆی ئەوە کە لەقەبی (شاعیری میللی)یان بدەنێ.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە هەژار گلەیی لە خەڵکی مهاباد دەکا و دەنووسێ:

**"... من ئەگەرچی ژیانی خۆم دۆڕاندبو، بەڵام دەمگوت خەڵکی سابلاغ لێم ڕونە ئەو هەموو ماندوبون و ژیان بە فێڕوچونەی منیان هەر لەبەر چاوە و ڕەنگە زۆرم حورمەت بگرن. بەڵام تەوا پێچەوانەبوو...**

**شتێکیش کە زۆر لە بەر دڵم گران دەهات: دەمدی هیچ سابلاغیەک خۆ بە کوردزانینی لە بیر نەماوە، سەروبنی هەمو قسان، لە هەمو شوێنان، سفتە و بانک و فەرش و نەغدینە بو".**
(ل٥٥٧و٥٥٨)

کاک هەژار خۆی گێل دەکا و عەوامفریویان لەگەڵ دەکا، دەنا زۆر باش دەزانێ بۆچی خەڵکی مهاباد ڕوویان نەدەواتێ و خۆیان لێ بێ ئیلاقە کردووە، چونکە بە یادگاری کۆماری مەهاباد و قازی محەمەدیان دەزانی، کەچی ئەو، وەک ئەوەی نە بای پێدا هاتبێ و نەباران، هاتۆتەوە نێو باوەشی هەر ئەو ڕێژیمەی کە بۆتە هۆی «دۆڕاندنی ژیان»ی ئەو.

کاک هەژار چاک دەزانێ کە خەڵکی مهاباد و دەوروبەری، لە دوای کۆماری کوردستان بوونەتە چقڵی چاوی ڕێژیمەکانی ئێران و بەدایم لە ژێر فشار و عەزاب و شکەنجە و زیندان و ئاوارەییدا بوون. ئەو قارەمانەتییەی لە کوردستانی ئێران کرا بەتایبەتی لە مهاباد و بۆکان و سەقز و بانە و سنە و مەریوان و سەردەشت و پیرانشار، لە مێژووی جووڵانەوەی کوردستان دا کەم وێنە بووە. بە داخەوە، ئەو هەموو شتانە دەخاتە پشت گوێ و باسیشی ناکا. هەژار، زیاد لە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران، دوو خۆشەویستی هەبووە، «ئەحمەدی بارام میرزا» و «حەسەنی ئیسحاقی» برازای ئەحمەدتۆفیق (عەبدوڵلای ئیسحاقی) کە هەردووکیان بە شاهیدی هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسن، پاشەڵ پیسترین ئینسانن، ئەحمەدە کوێر بە قەولی خۆی جاسووسی پاراستن و ساواک بووە و ڕاپۆرتی لە خۆشی داوە و هەر زاتەن ئینسانێکی بێ ئەرزشی بێ کیفایەتە و حەسەنی ئیسحاقیش نیدی هەر باسی ناکرێ.

هەژار لە لاپەڕەی ٣٩٢ی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

**"... شەو هەمو هەواڵە ئێرانیەکان لە ئەشکەوتێک کۆبوینەوە کە چۆن بڕۆین وچبکەین؟ «سولەیمان موعینی» کە ناوی «فایق» بو، زۆر بە دڵ گەرمی باسی فیداکاری دەکرد و دەیگوت: «دەبێ ئێمە خۆمان لەو شەڕەدا نیشان بدەین».**

**ئەحمەد بە سرتە پێی گوتم: «فایق ئاوێرێ بێ، ئێستا بە فێڵێک خۆی دەدزێتەوە».**

**گوتم: «دیسان بەدبینی، بەسیە...».**

**پاش وتووێژێکی زۆر، فایق گوتی: «کاک ئەحمەد، ئێمە هەمومان بڕۆینە بارزان و هێندە لە ئێران دوو کەوینەوە، ئەدی کێ دەرمانێک، قەند و چایەک، جلکێک، شتێکمان بۆ بنێرێ؟».**

**ئەحمەد چاوی لێ داگرتم:**

**ـ ڕاست دەکەی، جا کێ بچێ ئەو کارە بکا؟**

**ـ من دەگەڵ برادەرێک دەچینەوە قەڵادزە، ئاگامان لێتان دەبێ، کە زۆر لازمە."**

لێرەشدا دەستبادانەکە چەند چەندان دەبێ و ئەو باسەی هەژار دەیکا هیچ وا نەبووە. هاوینی ١٩٦٣ بوو، لە چیای برادۆست لە بنکەی مەلا مسەفا وێکڕا دەژیاین. لەو سەروبەندیدا، کاک ئەحمەد تۆفیق دە کاک سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئیلخانیزادەی هەڵکێلابوو، هەرچەندە هەژار زۆریشی پشتیوانی لێدەکردن، بەڵام لەلای بارزانی بە دەرکردنی دان و گەڕانەوە بۆ ناوچەی پشدەر و و نیزیک قەڵادزە. پێش ئەوانیش کوێخا کەریمێکی بانەیی بە خۆی و چوار پێنج ئەفەرەوە کە زۆریش ئازا و لێهاتوو بوون، چەک کرابوون. لە سەر ئەو شتانە و گوێنەدانی ئەحمەد تۆفیق بە کاری تەشکیلاتی، ئێمە چەند کەسێکی یەکگرتووتر(کە لە لاوەش کاک سولەیمانی موعینیمان لەگەڵ بوو، بەڵام تەنیا لای من دەیدرکاند) کەوتینە دژایەتی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، ئەوەی لە بیرم مابێ ئەو کەسانەبوون: حەسەنی رستگار، حوسێنی مەددەنی، قادری قازی ناسراو بە مامەند (کە نەماوە و خوا لێی خۆش بێ)، جەعفەری کەریمی، فەتاحی قادری(کوڕی کاکە ڕەزا) و سمایلی غەشیری و لە ناو پێشمەرگەکاندا شەهید مینە شەم، کەریم ئەستانی و عەبدول ئەستانی کە کارمان لە سەر کردبوون و دڵ گەرمان کردبوون بۆ چونەوەی وڵات و کاری نهێنی. کێشەی ئێمە چەند جار گەیشتە لای بارزانی و زۆری ئامۆژگاری کردین و گوتی بۆ واز لە ئەحمەد ناهێنن. لە وەڵامدا گوتمان ئێمە نەهاتووین لێرە بنووین و بخۆین، ئێمە بۆ کاری سیاسی و یارمەتی ئێوە هاتووین، نە ڕێگامان دەدەی بچینە جەبهە و نە هەتا ئێستاش هیچ کارێکمان بۆ شۆڕش کردووە... بارزانی گوتی من ئیجازە نادەم ئێوە کە لە ئێران هەڵاتوون و پەناتان بۆ من هێناوە بچنە شەڕ و لەبەین بچن، من مرۆم زۆرە و ئێوە غەریبن. بەڵام ئەگەر یارمەتی ترتان لە دەست دێ بیکەن. دوای ئەوە ئێمە گوتمان کەوابێ دەتوانین سەفەری وڵات بکەینەوە و یارمەتی و پیتاک بۆ ئێوە بهێنین و کاری تەشکیلاتی خۆشمان بکەین بەو شەرتە لە سەر سنووری لای حاجی عومەران و قەڵادزە ڕێگامان بدرێ بنکە بکەینەوە. هەر لەوێ بارزانی موافقەتی کرد و نامەی بۆ بەرپەرسانی ئەوکاتە نووسی کە بنکە بکەینەوە. لە سەر ئەو بڕیارە، ئێمە نیزیکەی ١٥ کەس بە کاک سولەیمانیشەوە هاتینە زینۆێی شێخی کە ئەوکات کاک سەعید کاوە(کوێستانی) وەک ڕابیتی حیزب،ماڵی لەوێ بوو. ئەو مەدرەسەی کە ئەو ماڵی تێدا بوو کرا بە بنکە و بەرپرسی ئەو کاتی پارتی لەوێ کاک عەزیز عەقراوی و عەزیز سورمی (سەر بە بارزانی) بوون. مەلا حەسەنی ڕەستگار بوو بە بەرپرسی ئەو بنکەیە. کاک سولەیمانی موعینی و من و مینە شەم و کەریم ئەستانی و عەبدول ئەستانی و کۆمەڵێکی دیکەش هاتینە ناوچەی قەڵادزە و زۆری کێشا هەتا پارتی ڕازی بوو ئێمە لە سونێ بنکە بکەینەوە. بە دوای کردنەوەی بنکەی سونێ، زۆری ئەخایاند پێشمەرگەمان زیادی کرد و زۆر کۆنە ئەندام و کادری حیزبمان لێ کۆبوونەوە وەک «ڕئوف مەلا حەسەنی بۆکانی» و شەهید «ڕێبوار» و «هەڵمەت» (پاشان بوو بە جاش و کوژرا).

لە کاتی خانوو دروستکردندا ڕۆژێک بڕیارمان دا، چەند کەسێک بۆ سەفەری ناوەوەی وڵات و پیتاک کۆکردنەوە دەستنیشان بکرێن. لەو جەمعەی کە لەوێ بوون تەنیا ئەو پێنج کەسەی خوارەوە ئامادەی ئەو سەفەرە بوون :

١- سولەیمانی موعینی ٢- مینە شەم ٣- کەریم ئەستانی ٤- عەبدول ئەستانی و ٥- ڕەسووڵی پێشنماز( ٣ ئەفەری ئاخر لە ژیاندا ماوین).

ئێمە لەو سەفەرەدا سێ مانگمان پێچوو. تەواوی ناوچەکانی سەردەشت و لاجان و مەنگوڕایەتی و گەورکایەتی و چۆمی مەجیدخان و بۆکان و بانەمان کرد لە هەمووی ئەو ناوچانە کۆمیتەمان دانان و پووڵ و یارمەتییەکی یەکجار زۆرمان بۆ شۆڕش هێنایەوە. لە بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانە زەکات دەدرا بە حیزب و زەکاتی گەنم و


دانەوێڵەیان بۆ دەچاڵ دەکردین و پاشان دەنێردرا بۆ سونێ یان زینوێ و لەوێشرا بە ولاغی کوێستانچیان بۆ بارزانمان ڕەوانە دەکرد و کاک ئەحمەد تۆفیق بە ناو پێشمەرگە و بارزانییەکاندا بڵاو دەکردەوە. هەرچی دووربینی باش و خەنجەری جەهەرداری چاک بوون کە ئاغاکان دەیاندایێ، ئێمە بە دیاری دەماندا بە بارزانی.

بەسەرهاتی لێک بڵاوبوونی ئێمە ئاوا بوو، نە ئەوەی کاک هەژار وەک چیرۆک سازی کردووە.

وەک ئاخر سەرنج، کاک هەژار لە لاپەڕە ٣ دا، زۆر باسی چاو لە دەستی و لارەملی و هەژاری و بەدبەختیی شاعیران و نووسەرانی کورد دەکا و ئەوەی بە خراپ دەزانێ کە بە گەورە پیاوانیان هەڵاگوتووە و دە موقابیلدا پووڵیان وەرگرتووە. بەڵام بابزانین بۆ خۆی چ دەڵێ. لە لاپەڕەی ٣ی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

**"... من بارزانیم بە گەورەی خۆم قەبوڵ کردبو. شانازیم بەوە دەکرد نۆکەری ئەو بم. پێشم شەرم نەبو ئەو یاریدەم بدا. چونکە لام وابو مەرد و ڕەندێکە نمونەی کەم لە دنیادا هاتون."**

ئەوەی کە بارزانی بەشی هەرە زۆری عومری خۆی دە بەربەرەکانی و ململانێ لەگەڵ دوژمنانی کورد بردۆتەسەر حاشای لێناکرێ و تەنانەت ئەوانەی کە ناخۆشیشیان دەوێ ناتوانن خۆ لەو ڕاستییە ببوێرن؛ جا کە تیپی ئێمەش وەک شەهیدان ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق، یان من و مەلا حەسەنی ڕەستگار و زۆری دیکە و گەلێکیش لە پێشمەرگەکان، بارزانیمان خۆش ویستووە، زۆرتر بە نێوی بابی گەورە یان بابی کوردان باسمان کردووە نەک کەلیمەی نۆکەر. بە باوەڕی من ئەگەر کەلیمەی نۆکەر بەکار هێنرا ڕاستەوخۆ ئاغایەک دروست دەبێ کە من لە هەموو ژیانمدا موخالیفی ئاغایەتی بووم و ڕقم لە نۆکەر و نۆکەرسفتان هەستاوە و لە ژیانمدا ئەو کەلیمەم بەرامبەر بە بابیشم بەکارنەهێناوە و هەرکەسیش بەرانبەر بە من بەکاری هێنابێ زۆرم لە دڵ گران هاتووە. دەشزانم و لێشم ڕوونە بارزانی ڕەحمەتیش ئەگەر وەسەرخۆشی نەهێنابێ، بەو کەلیمەیە نارەحەت بووە. هەرچی دەکەم بۆم ناچێتەوە




سەر یەک ئینسانێکی زانا، کوردێکی تێکۆشەر چۆن دەتوانێ خۆی هێندە چووک بکاتەوە کەلیمەی نۆکەر بەکاربهێنێ.

لە کۆتاییدا، شتێکی دیکە کە دەمهەوێ ئیشارەی پێبکەم، ئەوەیە کە زۆر لە شەخسیەتە سیاسییەکانی کورد، چ ئەوانەی پارتی بوون و چ ئەوانەی شیوعی، یان بێلایەن بوون لە کتێبەکەی کاک هەژاردا کەتوونەتە بەر لۆمە و تەشەر و حەملە پێکردن، بەتایبەتی هێندێک لەوان نەماون و تەنانەت لە ڕێگای کوردستاندا شەهید بوون؛ پێموایە کاک هەژار لەوبارەیەشدا وەک مەسەلەی کاک سولەیمانی موعینی و برادەرانی دیکە غەدری لێکردوون و بە غایەی تایبەتی ئەو شتانەی نوسیوە. بۆنموونە شەهید کاک «ساڵح یوسفی» جگە لەوەی بە دەستی بەعسی عێراق شەهید کراوە، ئەوەندەی ئەمن ناسیومە لە ساڵی ١٩٦٣ وە هەمیشە وەک نەفەری دووهەم دوای بارزانی ناوی هاتووە و سەبارەت بە پێوەندی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری «شا»ش هەڵوێستی زۆر قاتعانە و جوامێرانە بووە.

ئەوەش بڵێم کە ئەمن لە سەر ڕوونکردنەوەکانی خۆم کە لە بارەی بۆچوونە پڕ لە هەڵە و ناڕاستییەکانی کاک هەژار ئیشارەم پێکردوون، بەتایبەت مەسەلەی شەهید سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی، باکم لە کەس نییە و وەک ڕۆژ لێم عەیانە هەرچی گوتوومە ڕاستە و لە زۆر بارانیشدا لێم کەم کردۆتەوە کە بۆتە هۆی نارەحەتی دڵ و دەروونی خۆم، تەنیا و تەنیا داوای لێبووردن لە براژنە **«مەعسوومە»**ی خێزانی کاک هەژار دەکەم و هیوام وایە لێم دڵمەند نەبێ، چونکە لەو مەسەلانەدا، نە لە گەڵمان بووە و نە ئەو کەسانەی دەناسی کە من باسم لە سەر کردوون؛ دیارە بۆخۆشی باش دەزانێ کە ئێمە چەندە بە یەکەوە ئاموشۆ و تێکەڵاویمان گەرم و دۆستایەتیمان خۆش بووە. ■

**پاشماوەی لاپەڕەی ٧٨**

گوتی:

ـ وەپەڕین!

ـ چۆن؟

ـ دەستت بدە دەستی من. ئێمە پاکترینی مرۆڤەکانین. بەڵام پێش ئەوەی وەپەڕین یەک پرسیارم هەیە.

ـ فەرموو...

ـ تۆ خەڵکی کام وڵاتی و لێرە چ دەکەی؟

ـ بەڕێز، باش نازانم خەڵکی کام وڵاتم، یان باشترە بڵێم ئەوەی کە دەیبینی تەنیا سێبەری منە. ئەگەر ڕاستتان دەوێ نازانم لێرە چ دەکەم. هەرچەند ڕەنگ بێ باوەڕیش نەکەن!

سەرێکی واق وڕماوی بادا و بە دوو چاوی ئاسمانیی بێگەرد لە چاوەکانی ڕاما. هەر دوو زارۆکەکەی تریش بە چاوانی پڕ نووری ڕەش و قاوەییەکی تۆخ بە سەرسوڕمانەوە تێیڕامان.

ـ با وەپەڕین.

ـ چۆن؟ ئەمن کەمێک مەلە دەزانم...

ـ پێویست ناکا، دەستت بێنە.

دەستی دایە و چوار کەسی بە سەر ڕووبارەکەدا ڕۆیشتن. لە ناو قەدی چۆمەکەدا ڕاوەستان. ئەویش بە گومانەوە ڕاوەستا. یەکیان گوتی:

ـ ئەوانن..

ـ ئەوان کێن؟

ـ ئەوانی کە لە ئێمە دەگەڕێن، ناشتوانین بگەڕێینەوە.

ـ بەڵام تەنیا سێبەر دیارن. ئەو سێبەرانە ڕەنگە ئەوانە نەبن ئێوە مەبەستتانن.

ـ ئەتۆ و ئەوانی وەک تۆ نایانناسن. هەربۆیە لە دەروونی خۆتاندا حەپس کراون.

ـ باشە چی بکەین؟

ـ یان بەرەو پیری ئەوان دەچین، یان خۆمان بە ڕووبارەکەدا دەکەین. بەڵام ئێمە هەرگیز بەرەو ڕووی ئەوان نابین.

ـ باشە بۆچی؟ ئەو ڕووبارە کەس نازانێ بۆ کوێ دەچێ!

ـ ئەتۆ فام ناکەی ئەوانە کێن؟ ئێمە بە چاوی خۆمان دیتمان ئەو گەورە پیاوانە جەهەندەمیان بۆ چەندین شار و گوند سازکرد. لەوێشدا زارۆک هاواری دایکی دەکرد و بە تاوانی ئێوەوە دەسووتان.

ـ ئێمە بەو ڕووبارەدا دەڕۆین، دێی لەگەڵمان؟

دەنگی لە سەرتاسەری دەشتەکەدا زرینگایەوە. ڕاستی دەکرد سێبەرەکان چاوەڕێ بوون وەک هەمیشە.

ڕاپەڕی؛ لە هەوەڵ نیگادا تابلۆیەکی بینی. سێ زارۆکی پانتۆڵ دڕاو بە بەزەییەوە سەیریان دەکرد. ■

- **نێوی کتێب: بڵیند ونەوی**
- **نووسەر: نەسرینی جەعفەری**
- **ڕۆمان (١٣٤ لاپەڕە)**
- **چاپ: مەهاباد، خوجەستە، خاکەلێوەی ١٣٧٧ [١٩٩٨]**

نووسینی: **جەعفەری شێخەلیسلامی**

ئەسکەندەر بەگی تورکمان*، لە ***عالم آرای عباسی*** دا، دەگێڕێتەوە کە دوای ئەوەی قەڵای دمدم لە لایەن لەشکری شاعەباسەوە داگیر دەکرێ و، ئەمیرخانی لەپزێرین دەکوژرێ، سەرۆکایەتی قەڵا دەدرێ بە قبانخان. دوای ماوەیەک بێدەنگی کوردەکانی برادۆست، قبانخان شەوێک لە قەڵا، بە بۆنەی ڕاو، وەدەردەکەوێ. ئەلغبەگی برادۆست کە لە نێو قەڵادا دەسکیسی دەبێ. هەواڵی وەدەرکەوتنی قبانخانی لە قەڵا پێدەگا. ئەلغ بەگ کە چاوەڕوانی وەها درفەتێک بووە، هێرش دەباتە سەر قەڵا و دەیگرێتەوە. بە قسەی ئەسکەندەر بەگ، دەسکیسی سەرەکی کوردەکان بیوەژنێکی ئەمیرخان بوو کە هەر لە قەڵادا، لەگەڵ هێندێک کوردی تر، مابۆوە و خزمەتی قزلباشی دەکرد. هەر ئەو ژنە پێوەندی دەگەڵ ئەلغ بەگ دەبێ و هەواڵی وەدەرکەوتنی قبانخانی پێدەگەیێنێ و لە گرتنەوەی قەڵادا یارمەتی دەدا. مامۆستا هێمن لە پەراوێزی سەرچاوەی پێشوودا دەنووسێ: «ئەوەی بۆ من جێی داخە ئەوەیە کە نووسەر ناوی ئەو ژنە قارەمانە تۆڵە ئەستێنەی نەنووسیوە(٦٩)».

ئەم ژنە، کە یای «نەسرینی جەعفەری» ناوی ناوە «پەریزاد»، قارەمانی کورتە ڕۆمانی ***بڵیند و نەوی*** یە. هەرچەندە کە ڕۆمانەکە ماکەی مێژوویی و فۆلکلۆریی هەیە، بەڵام بەسەرهاتی «پەریزاد» و چۆنیەتی پێوەندیی ئەو لە گەڵ ئەمیرخان و، دەیان ڕووداوی سەرنجڕاکێشی دیکە، خوڵقاوی هزر و خەیاڵی نووسەر، «نەسرینی جەعفەری»ن.

چیرۆکەکە لە ئێوارەیەکی خەمباردا دەست پێدەکا. دوو سواری مات و پەشۆکاو ڕکێفکوت ئەسپان لینگ دەدەن. خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە، لەو دوو سوارە، یەکیان «پەریزاد» ژنە گەنجەکەی ئەمیرخانە و، ئەویتریش پیاوێکی جێ متمانەی ئەمیرخان، خدرە. پەریزاد کچە هەژارێکی گوندی دەبێ و سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی لە کوێرەوەری و دەستکورتیدا تێدەپەڕێ. پەریزاد ئەگەر لە ئەنوا و کۆک و پۆشتەبوون بێبەش بووە، لانیکەم جوانچاکی بە بەژن براوە: «پەریزادی بێوێنە و حۆری و پەری حەکەیەتان بوو... کوڕوکاڵ، شێت و چەواشە، ڕێبازیان لێدەگرت(٢٦).» پەریزاد ئەویندرای گەنجێکی ئاواییی، بە ناوی عەلی، دەبێ. لە کاتێکدا کە پەریزاد تازە خەریک دەبێ لە گەڵ تاوویاو و سۆزی ئەوین ناسیاو بێ و تامی دڵداریی بچێژێ، «میران»ی کوڕە بەگ وەکوو درووی مەم وزینان پەیدا دەبێ و، «پەریزاد» کۆستکەوتە دەکا. دوای کوشتنی عەلی، میران خۆ لە پەریزاد دەخەفتێنێ. ڕۆژێک، ئەمیرخانی لەپزێرین پەریزاد لە چنگی میران، کە تەمای لاقەکردنی پەریزادی دەبێ، ڕزگار دەکا. «پەریزاد»یش لە ترسی تۆڵەی میران و باوکی میران کە بەگی ئەو گوندەن، خۆ لە ئەمیرخان مارەدەکا و وەکوو ژنی ئەمیرخان لەگەڵی دەچێتە نێو قەڵای دمدم. ئەمیرخان لاقەی ناکا و، پێی دەڵێ کە پەریزاد وەکوو کچی خۆی وایە. دوای ماوەیەک، پەریزاد ئەوینی خۆی بۆ خان دەردەبڕێ و، دەبنە ژن ومێرد.

لە جەنگەی گەمارۆدانی قەڵادا، لەلایەن لەشکری شاعەباسەوە، ئەمیرخان، پەریزاد لە قەڵا دەرباز دەکا. قەڵا داگیر دەکرێ و ئەمیرخان دەکوژرێ. پەریزاد بۆ جارێکی تریش کۆستکەوتە دەبێ. کوڕێکی لە خان دەبێ، ناوی دەنێ «تەمر». لەولاشەوە لەگەڵ کوردەکانی برادۆست هاوپەیمان دەبێ کە تۆڵەی ئەمیرخان بستێنێتەوە. پەریزاد خۆ دەگۆڕێ و دەچێتە نێو قەڵا و دەبێتە خزمەتکاری قزلباش و، بەردەوام دەگەڵ دەرەوەش پێوەندی دەبێ. بە یارمەتی ئەو، قەڵا دەکەوێتەوە دەست کوردەکان. دوای ماوەیەک، دیسان لەشکری شاعەباس قەڵا داگیردەکاتەوە. «پەریزاد» دەست هەڵناگرێ و، هیوای تۆڵەسەندنەوە لە بارهێنانی «تەمر»ی کوڕیدا، زیندوو ڕادەگرێ. «تەمر» گەورە دەبێ، ئەویندار دەبێ و ژن دەخوازێ. چیرۆکەکەش بە گرتنەوەی یەکجاریی قەڵای دمدم، لەلایەن «تەمر»و کوردەکانی هاوپەیمانیەوە، کۆتایی پێدێ.

وەکی لە سەرەتادا گوتم، ***بڵیند و نەوی***، بە زۆربەی ڕووداوەکان و شێوەی داڕشتنەوە، خوڵقاوی خەیاڵی نووسەرەکەیەتی. دوو ڕووداوی گرینگ، بەتایبەت، تەواو بە پێچەوانەی ئەو شتەن کە مێژوو و ئەفسانە سەبارەت بە دمدم پێمانیان گوتووە. یەکەم، ئەسکەندەر بەگ دەنووسێ کە ئەو ژنەی ئەمیرخان، پەریزاد، لە قەڵا نەهاتبووە دەرێ. بەڵام نەسرین خانم جارێک دەیهێنێتە دەرێ، دوایە دیسان دەینێرێتەوە نێو قەڵا؛ بەڵام ئەوجار بۆ نێو جەرگەی دوژمن. بەمجۆرە، پەریزاد زۆر بە جەرگتر و چاونەترستر دەنوێندرێ. دووهەم، مێژوو، ئەفسانە و بەیتەکانی دمدم بە داگیرکردنی یەکجاریی قەڵا لەلایەن لەشکری شاعەباسەوە کۆتاییان پێدێ. ***بڵیند و نەوی***، بە پێچەوانە، بە گرتنەوەی قەڵای دمدم لە لایەن کوڕی ئەمیرخان و کوردەکانی وەفادار بە ئەمیرخانەوە، واتە بە سەرکەوتنی خاوەڤاڵ و تێکشکانی داگیرکەرەوە، کۆتایی پێدێ. بەمجۆرە، ***بڵیند و نەوی***، ڕاستبوونەوەیەکە لە مێژووی مەینەتباری کورد: ڕۆماندنی مێژوویەکی تاڵ، بۆ دەربڕینی هیوایەکی گەش بە داهاتوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، جاری وایە نووسەر ئەوتۆ بە ناخی «پەریزاد» دا شۆڕدەبێتەوە کە ئەنتەهوو "دمدم" بیانوویەکە بۆ ئەوە کە نووسەر بتوانێ وێنەگەلێک لە کوردەواریی، لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو کۆمەڵە و، لەمانەش زەقتر، ژیانی ژنە کوردێک بکێشێتەوە.

کەسایەتی پەریزاد، وەکوو کەسی سەرەکی ***بڵیند و نەوی***، باش پەروەردە کراوە، یان ناسێندراوە. ئاوا نییە کە لە پڕێکەوە ببێتە ژنێک. هەژاری و کوێرەوەریی چێژتووە و بە تەنگانە ڕاهاتووە: «هەر لاقی عەرزی گرت منداڵێکیان لە کۆڵ بەست. زۆر چووک بوو کە سەوەیەکیان لە کۆڵ دەبەست و دەیاننارده شیوێ... هێندێک گەورە ببوو کە دەیانناردە بەر بەرغەڵ. قاچ و قول باریک و ڕووت. تەنانەت گەزە جاوێک نەبوو لاق و لەتەری داپۆشێ... نەختە پێخۆرڕێکیان دەگەڵ دوو

کولێرەی جۆ بۆ دەپرێسکەیەک دەبەست و وەبەندەنێیان دەخست... (٢٤)». یەکەم بەستەی ئەوینی پەریزاد لە بەر زارکی ئەوکی چریکاندندا کپ کراوە. هەر لە گەنجییەوە تۆوی تۆڵەسەندنەوەی لە زەیندا چێندراوە. ئەوەندەی دڵڕەقی لە باوکیدا، دەرحەق بە خۆی ودایکی، بینیوە کە پێی وایە : «پیاو هەموو قەڵس و تووڕە و تۆسن و بێبەزە و دڵڕەقن ٢٦». پەریزاد دڵاوایی وخۆشەویستی، بۆ یەکەمجار، لە ئەمیرخانەوە ناسیوە: «تەنیا ئەو سات و کاتانەی هاوژینی دەگەڵ خان بۆ وی ژیان بوو(١٨٠)». ئەو هەستەی پەریزاد سەبارەت بە خان کارێکی ئەوتۆی لێکردووە کە، دوای مەرگی خان، قسەکانی لە گوێی دا دەزرینگێنەوە و، بڕوایان پێدێنێ: «ئینسان دەبێ بژی، بەڵام دەبێ بزانێ بۆ دەژی. مەرگ نابێ لە خۆڕایی بێ... دەبێ لە ڕێی ئامانجێک بێ، دەبێ بزانێ لە ڕێی چیدا دەمرێ... ئەگەر بژی و نەزانی بۆ دەژی، مردووی، گۆڕیان پێش گیاندان بۆ هەڵکەندووی (٨٦)».

نووسەر لەگەڵ دوو کۆڵەکەی تری چێرۆکیشدا، واتە کات و شوێن، بە باشی مامەڵە دەکا. بۆ وێنە، کاتێ پەریزاد و خدری هاوڕێی لە قەڵا و خان دوور و دوورتر دەکەونەوە، نووسەر بەمجۆرە کاتی ڕووداوەکەمان پێدەڵێ: «ئێوارە بوو، ئێوارەیەکی درەنگ... خۆری بەرەوئاوابوون لە تۆڕی هەوری بۆر و چڵکندا کز دەسووتا. زەمان تۆز و تۆوی پەژارەی دەپژاند (١)». نووسەر لە دیاریکردن و وێنەکێشانی شوێنی قەومانی ڕووداوەکانیشدا، زۆر جاران، سەرکەوتوویە: «دمدم وەکوو شێر... گەورە وگران، بەرز و بڵیند، بە فیزەوە، لە سەر لووتکەی کێوا[چەقیوە]. کێو و شاخەکان... هەزاران، گەورە و گران دەستیان تێک گرتووە. وەکوو زنجیر بە دوای یەکدا کشاون. نە با و بۆران، نە بوومەلەرزە و ئاگرپژێن و بورکان، هیچیان زەفەریان پێنابەن... کە باران و وەیشوومەش هەڵیکرد، بە یەکەوە تەڕدەبن و سپی دەچن. لە دوندی یەکێک کە ڕۆژ هەڵدێ لەویتریان ئاوادەبێ... (٨٣)».

کاتێک نووسەر ڕووداوێک لە مێژووی تۆمارکراو، یان بەیتەکان، سەبارەت بە دمدم وەردەگرێ، هەروا بە ساکاریی ڕووداوەکە دووپاتە ناکاتەوە، بەڵکوو بە خەیاڵ و فانتێزی شاعیرانە خەمەکان خەمبارتر دەکا: «پۆلە کوترێک بە ئاسماندا دەخولانەوە، سپی، ڕەش، ئەبڵەق... سووڕیان ئەدا، دوور دەکەوتنەوە... تەقڵەیان لێدەدا و باڵڕەنگین ودندووک سوور لە پڕ دەهاتنەوە. خەڵک دەیانگوت ئەوانە رووحی ئەو خاتوونانەی قەڵان کە لە لووتکەی بەردی شمشێرخانەوە خۆیان هەڵداشتووە. بوونە کۆتر، دڵیان نایە قەڵا بە جێبێڵن (٩٨)».

**بڵیند و نەوی**، زۆر دابونەریتی کۆنی کوردەواریمان بۆ زیندوو دەکاتەوە، وەکوو زەماوەند، چوونە سەر قەبرانی چوارشەممان بۆ داوەت و، ڕۆژانی هەینی بۆ شینگێڕیی، ئاوهێنانی کچان لە کانی، چاوبڕکێنی کوڕەلاوان لە سەر گوێسوانە و ڕێی کانی، خوازبێنی کردن و هتد. لێرەدا نووسەر «تەقڵە و جلیت» دەژێنێتەوە: «تەقڵە و جلیت سواری ئازا و لێهاتووی دەویست. جاری وابوو دەگەڵ داریان دەوەشاند سوارەکەی دیکە ڕاست نەدەبۆوە... سوار گەیشتنە نێو دێ. «تەمر» وەپێش کەوت. لە بەر پەنجەرەی باڵەخانەی ماڵە پاشاخانی سەرێک دیار بوو، زانی ئەوە ئەسمەرە. ئازای لەشی تووشی سستییەک هات. ئەسمەر هاتبوە سەیری بووکنیان. تەمر بە فیزەوە بەرەو جلیتەکە بوو. دەبوو خۆ بنوێنێ. سەری ئەسپی وەرسووڕاند. ئەسپ دەستی بە هەڵتۆز هەڵتۆزێ کرد و ملی نەدەدا. ڕکێفی لێ توند کرد و دەستی بە سەروملی داهێنا. یەکێک هاتە پێش. تەمر لە بەری هەڵات و سوارە داری داهێنایە. دارەکە لە پشت کلکی ئەسپەکەی کەوت. تەمر دارەکەی دەست دایە. چاوێکی لە پەنجەرەی باڵاخانە کرد. سوارە لە پێشی هەڵات. تەمر وەدوای کەوت. دوور و نیزیک سێرەی لێگرت و داری وەشاند. ڕاست لە نێوەڕاستی پشتی دا و گەڕاوە دواوە. سوارەکان وەدوای کەوتن. بەڵام کەس نەیگەیشتێ (١٢٦)». نەسرین خانم هەر لە ئەوین و خۆشی و زەماوەند نادوێ، بەڵکوو لەم ناوەدا خۆ لە دابونەریتی چەوتیش نابوێرێ، وەکوو ژن بە ژنە، شەڕ و گیشە سووتاندن لە دێهات، جووڵانەوە لەگەڵ منداڵ وەکوو دەعبایەکی بێدەسەڵات و بێ هەست، هەڵسوکەوتی نالەباری پیاو لە گەل ژن و هتد.

کاک «فەتاحی ئەمیری»، چیرۆکنووس، پێشەکی بۆ **بڵیند و نەوی** نووسیوە. ئەوەی گەرەکمە بینووسم لە بەشێکی پێشەکی ئەوی وەردەگرم: «ماوەیەک بوو چاوەڕێ بووم کەلەپیاوێکی قەڵەم بەدەست مزگێنی ڕۆمانێکی تازەمان بداتێ، بەڵکە چەند ڕۆژێکی پێوە بژین، بە شانازییەوە شێرەژنێکی خاوەن هەستی کورد نەسرینی جەعفەری» ئەو ئەرکەی بە جێ هێنا و چاوی چاوەڕێمی ڕوون کردەوە... دەژنانی کورددا کەمتر چیرۆکنووسمان بووە، یا هەر نەبووە، شاعیری




کچمان زۆرن، نەسرین خانمیش بە شیعر دەستی بە خزمەتی ئەدەبی کردووە و، ئێستا گەیشتۆتە نەسر و چیرۆکنووسی... نەسرین خانم پێشتریش پێنج جڵدی چیرۆک بۆ منالان نووسیوە کە لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە چاپکراون... هیوادارم «ئەوە بێ وهەزاری تر»، زۆر چیرۆک و نووسراوەی دیکەشی بە شوێندا بێ، زۆر ئەسەری دیکەش بخولقێن و زۆر نەسرینی تریش هەڵکەون...» کاک فەتاح جەخت لە سەر ئەم خاڵە دەکا کە « دە ژنانی کورددا کەمتر چیرۆکنووسمان بووە، یا هەر نەبووە». لە ڕانان و ناساندنی **بڵیند و نەوی** دا، منیش ئەم خاڵە گرینگەم بە زەقی لەبەر چاو بووە. لە کاتێکدا، بە داخەوە، زۆربەی ژنە کوردەکان، بە هەر هۆیەکەوە بێ، یان بەندی خولیای زێڕ و تازەترین قوماشی بە بازاڕ هاتوون، یان مل بۆ تۆبزیی و چارەڕەشی کەچ دەکەن، ژنی وەکوو نەسرین خانمیش هەیە کە هەناسە وەبەر هاواری خنکاوی «ژن» دەنێ. ئەو هەناسە گەرمە شیاوی ڕێز لێکرتن و بەهێز کردنە! بەو هیوایەی کە ژنە کوردیش ببێتە خاوەنی دەنگی خۆی، دەنگێک کە هەم ژنان خۆیان، هەم «ئەوان» و، هەم ئێمەش بیبیسین.

* تحفە المظفریە بە زمانی کوردی موکری: گرداری ئۆسکارمان، بەرلین ١٩٠٥، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، بەغدا: کوڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥(ل ٦٩-٢٥). ■

# پێناسەیەکی کورت لەمەڕ کەشکۆڵێکی کۆنی کوردی

س. گ ماکوان

برای بەڕێزم کاک حامیدی درۆیی لە سەر ئەو دەستنووسە کۆنەی کە بە لای منەوەیە، لە ژێر سەردێڕی «هەواڵێکی مێژوویی» لە ڕۆژنامەی "پەیام"دا کە لە ئینگلیز دەردەچێ، نووسراوەیەکی بڵاوکردۆتەوە. لە نووسراوەکەدا بە کورتی باسی قەوارە و ناوناخنی کەشکۆڵەکە کراوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە نووسراوەیەکی من کە بۆ پێشەکی «گوڵ وبولبول (یەکێک لە چیرۆکە شێعرییەکانی ئەم کەشکۆڵە)» نووسرابوو، کەڵک وەرگیراوە.

بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسراوەیەدا، چەند برایەکی هۆگر و غەمخۆری ئەدەبییاتی کوردی پێوەندییان پێوە کردم و داوای زانیاریی زیاتریان لە سەر کەشکۆڵەکە لێکردم. هەر بۆیە منیش بە پێویستم زانی لەم بارەوە پێناسەیەکی کورتلە سەر کەشکۆڵەکە لە «گزینگ»دا بڵاوبکەمەوە. بەڵکوو هەم تیشکی زیاتر خرابێتە سەر زانیاریی خوێنەرەوان و هەمیش ئەگەر خێرەومەندێک هەڵکەوت کە یارمەتی بە چاپکردنی بەشێک یان چەند بەشێکی دەستنووسەکە بکا، ئەوە چ لەوە خاستر و ماڵی ئاوابێ.

ئەم کەشکۆڵە لای خوالێخۆشبوو محەمەدبەگی درۆیی و دوایەش لای کوڕەکانی پارێزراوە و ساڵی ٩٧ گەیشتووەتە دەستی من لە سوێد. کەشکۆڵەکە لەسەریەک ٥٠٠ لاپەڕەی قەوارە بچووکە کە سەرجەم لە ٧٠٠٠ بەیتە شێعر پێکهاتووە. کەشکۆڵەکە پێشتر چەند کتێبێکی جیاجیا بووە کە ٢٠ ساڵێک لەمەوبەر لەسەریەک خراوەتەوە و لە قاقەزێکی قایمدا لە بەرگ گیراوە. کتێبەکانی نێو ئەم کەشکۆڵە بریتین لە: "شانامەی کوردی" کە لە دوو چیرۆک بە ناوەکانی «ڕۆستەم و سوهراب» و «حەفت خوانی ڕۆستەم» پێکهاتووە؛ «دەوڵەتنامە»ی مەلا خدری ڕوواری؛ چیرۆکی «گوڵ و بولبول» لە دانانی «حەقیقەت» ؛ سەدان بەیتە شێعر لە باس و خواسی خواناسیی و پەسنی پێغەمبەر وەک «مێعراجنامە»، «وەفاتنامە» و گەلێک موناجاتی جۆراوجۆر لە شاعیرانی جۆربەجۆر. هەروەها داستانی «گل وبلبل» بە زمانی فارسی لە نووسینی میرزا کازمی هەمەدانی و کتێبێکی ٢٤ لاپەڕەیی لە سەر چێشلێنان بە زمانی فارسی.

ڕێکەوتی نووسین یان نووسینەوەی کتێبەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر. لە کۆتایی هێندێک لە کتێبەکاندا ڕێکەوتی وەک ساڵی ١٢٩٩، ١٣٠١، ١٣٠٢ و ١٣٠٣ی کۆچی نووسراوە.

## شانامەی کوردی

چیرۆکی «ڕۆستەم وسوهراب» لە ١٥ بەش کە سەرجەم ٩٥٩ بەیتە شێعر دەبێ، پێکهاتووە: ١) سەرەتا ٢) موناجات کردنی ڕۆستەم ٣) چوونی «تەهمینە» کچی پادشا بۆ لای ڕۆستەم و وەخەبەرهێنانی ئەو ٤) چیرۆکی لە دایکبوونی سوهراب ٥) لەشکرکێشانی سوهراب بۆ سەر خاکی ئێران ٦) شەڕی نێوان هەژیر و سوهراب و بەدیلگیرانی هەژیر بە دەستی سوهراب ٧) نامەنووسینی باوکی هەژیر بۆ کەیکاوس شا ٨) نامە نووسینی کەیکاوس بۆ ڕۆستەم ٩) لەشکرکێشانی کەیکاوس شا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕۆستەم ١٠) هەواڵ پرسینی سوهراب لە هەژیر ١١) چوونی ڕۆستەم بۆ خێمەی سوهراب و کوژرانی «ڕەزم ئارا» ١٢) شەڕی نێوان ڕۆستەمی زاڵ و سوهراب بۆ جاری یەکەم ١٣) لالانەوە و پاڕانەوەی ڕۆستەم لە دەست سوهراب ١٤) شەڕی نێوان ڕۆستەم و سوهراب بۆ جاری دووهەم و کوژرانی سوهراب بە دەستی ڕۆستەم ١٥) گەیشتنی هەواڵی کوژرانی سوهراب بە دایکی و هاتنی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم.[١]

سەرەتای چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

به نام دانای حورِ ذولجلال[٢]
جەهان ئافەرین ڕۆژ و ماه وساڵ
ئەر بدۆ تەوفیق خوداوەند جە سەر
بواچۆن دەستان[٣] نەوەی زاڵ زەر
تەمامی دۆستان خاتر شاد کەریم
جەنگنامەی ڕۆستەم سوهراب یاد کەریم
ڕۆیێ نشتە بی ڕۆستەن بە غەمناک
هۆرێزا وە پا بەور سینە چاک
کەمەند و کەمان تێغ هیندی کار
ساختەی ئوستادان دەور ڕۆزگار
دەرع پولادین چەنی پۆست بەور[٤]
پۆشا بە ئەندام پەهلەوان دەور

چیرۆکی «حەوت خانی ڕۆستەم» زیاتر لە ١٠٠٠ بەیتە شێعر دەبێ. خەتێک کە شێعرەکانی پێ نووسراوە چەند جاران ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، وێدەچێ خەتەکان هی چەند کەسی جیاواز بن. لە هێندێک شوێندا زۆر بە پەلە نووسیویانە و لەگەڵ ئەو جوانکاری وخۆشنووسییەی کە لە چیرۆکی «ڕۆستەم و سوهراب»دا بەکارهاتووە، زۆر لە یەک جیاوازن. هەر بۆ یە ئەم بەپەلە نووسینە لە چەند شوێنێکدا خوێندنەوە و ساغکردنەوەی شێعرەکانی بڕێک قورس وگران کردووە.

لە کۆتایی حەوت خانی ڕۆستەم دا هاتووە: «کتێبی حەفت خانی ڕۆستەم لە شەوی هەینی مانگی هەشتەمی (ربیع الثانی) ساڵی ١٢٩٩ تەواو بوو».

چیرۆکی حەوت خانی ڕۆستەم ئاوا دەست پێدەکرێ:

شەکەر نویسان عاجز نیەن جە نام
قەڵەم هیچ نەمەند کاغەز بی تەمام
سپا وریشا سپای بێ کەران
ڕوو نیا بە شەهر ڕای مازندەران
هەرکام شەهرستان مەغانا جە دوور
سواران بە تێغ مەکەردن خاپوور

ئەوەیکە کێ شانامەی کوردی داناوە، یان باشترە بڵێین شانامەی فیردەوسی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی بەداخەوە خودی کەشکۆڵەکە زانیارییەکی ئەوتۆمان وەدەس نادا. بەڵام هەر ئەوە بەسە بڵێین کە دەبێ شاعیرێکی گەورەی کورد بێ کە بە پێی ئەرکێکی ئاوا گەورەدوە چووە و شانامەی فیردەوسی ـ لە ڕاستیدا ناسنامەی ئێرانییەکان و گەورەترین و کۆنترین شوێنەواری فارسی ـ کردبێتە کوردی و بەم شاکارە ویستوویەتی زمانی کوردی زێدەتر دەوڵەمەند بکا. ئەمەش دو بەیتی کۆتایی چیرۆکەکە:

بە شەق ئەو خاسان جە دەرگای جەبار
ببەخشۆ گونای «عاسی» خەتاکار[٥]
ئومێدم ئێدەن جەمع حازرین
بیاوان بە کام ئەبان دڵ غەمین

**دەوڵەتنامە**

کتێبی دەوڵەتنامە لە دوو سەرەتا و ١٢ بەش پێکهاتووە و سەرجەم ٩٦٠ بەیتە شێعری لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. نێوەرۆکی دەوڵەتنامە سەبارەت بە زانستی ئیسلامی یە و لەلایەن زانای گەورەی کوردەوە مەلا «خدری رووواری»یەوە نووسراوە. لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسەرەوەی دەستنووسەکە بە فارسی نووسیویەتی: «ئەمەش کتێبی دەوڵەتنامە لە نووسینی خوالێخۆشبوو مەلا خدری رووواری». لە کۆتایی کتێبەکەشدا نووسراوە: «کتێبی دەوڵەتنامە لە ڕۆژی دووشەمۆ ١٨ی مانگی رەجەب، ساڵی ١٣٠٢ لە کاتێکدا نەخۆش و بێ هێز بووم تەواو بوو، ئەگەر خراوە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم».

ئەوەش چەند نموونەیەک لە شێعرەکانی دەوڵەتنامە:

حەمد و سەنا و شوکر پەرێ خوداوەند
هۆش وگۆشش دان پەی شنەفتەی پەند[6]
تا کە بزانمێ نەفعمان جە زەڕ
هەم جیا کەرمێ خەیرمان جە شەڕ
بیسمیلا وا چوون بێت موقەددەمە
مەقسوود کیتاب هەر تا خاتیمە
ئەگەر کودەکی ڕۆڵە بزانە
ئەر کامڵە نی برا بوانە
ئەر ناخاندە نی بشنەوە بە گۆش
ئەر شنەفتە نی باوەڕەش بە هۆش
ئەر عالمە نی بووزە وە ویرت
چە ڕەنگش فەرمان ئوستاد پیرت

**چیرۆکی گوڵ و بولبول[7]**

چیرۆکی "گوڵ وبولبول" ٢٠ لاپەڕەی لە کەشکۆڵەکە داگرتووە و سەرجەم ٣٢٨ بەیتەشێعرە. لەم چیرۆکەدا شاعیر باسێکی فەلسەفی لە سەر ژیان و ئازادی لە قالبی حەقایەت و بەسەرهاتی بولبولێکی شێت و شەیدای گوڵدا هێناوەتەگۆڕێ.

بە وتەی بەڕێز دوکتور خەلیقی لەم چیرۆکەدا شاعیر ویستوویەتی مەسەلەی دۆنادۆنی کە بنەمای باوەڕی ئایینی «ئەهلی حەق» و «ئێزیدی»یەکانە پیشان بدا.

پاش هەوڵێکی زۆر و سەیری سەرچاوەی کۆن ونوێ بەداخەوە ناوی تەواوی دانەری "گوڵ وبولبول"م دەست نەکەوت. تەنیا ئەوە نەبێ کە شاعیر ناسناوی «حەقیقەت»ە. شاعیر لە دەستپێکەری داستانەکەدا دەڵێ:

«حەقیقەت» عەجەب سوخەن پەردازەن
عەجەب سەرگوزەشت شەکەرین رازەن

لە پێش دوو بەیتی کۆتایی دەستنووسەکەدا ئاوا هاتووە:

منیچ پەی تەور ئاوەرد گەردوونای گەردوون
بەو تەور «حەقیقەت» گیان فیدای تۆ بوون

نووسەرەوە لە کۆتایی «گوڵ و بولبول»دا نووسیویەتی: «کتێبی گوڵ و بولبول بە دەم نەخۆشی و حاڵەتی پەرێشانییەوە لە ڕێکەوتی یەکشەمۆی ١٢ی (جمادی الثانی) ساڵی ١٣٠٢ کۆتایی هات...».

چیرۆکی گوڵ و بولبول بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکا:

خامەی بولبول تەبع خوەش نەوای دوڕسەنج
ئینشا کەرد حەرفی شیرینتەر جە گەنج

نە گەنج دەروون موشکافی کەرد
تیمسالی پەری عاشقان ئاوەرد
یاران عاشقان گۆش دەن نە خامە
کەلام شیرین ئینشا کەرد نامە
چەند ساڵێ بولبوڵ بەبێ خان ومان
نە گوڵزار دا کەردە بی مەکان
ئاخر کە زاناش گوڵشەن بێ وەفان
بێ مێهر و بێ ڕەحم مایل بە جەفان
بێ وەفایی گوڵ وەنەش بی ڕەوشەن
تەرح جیایی وەست چەنی گوڵشەن

**موناجات[8]**

کەشکۆڵەکە بێجگە لەو کتێبانەی کە ناویان برا بە دەیان موناجات لە شاعیرانی وەک «مەهجووری»، «مەلا ئەبوبەکری موسەننیف»، «مەلا شەفیع»، «خوداوێردی» ناسراو بە «وڵە»، «شێخ شەهاب» و «سەعدوڵا» و هیدیکە ڕازاوەتەوە. ئەم شێعرانە تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم بێجگە لەوەی تا ئێستا چاپ نەکراون، بەڵکوو ناو و ژیان و بەسەرهاتی ژمارەیەک لە شاعیرەکانیش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار نەکراون. ئەمەش چەند نموونەیەک لە موناجاتەکان:

**مەهجووری**

باقی خواجەکان شور عەشق نە سەر
هەم مەشایەخان تەمامی یەکسەر
شادبان بە ئەنوار لوتف ڕەببانی
فایز بان بە فەیز غەدیر (الانسانی)
چەنی ئەی یاران گرد سەرئەفکەندە
«مەهجووری» جە حەشر نەبۆ شەرمەندە

**کەلامی خوداوێردی ،وڵە،**

یا شا سپەردم یا شا سپەردم
یا شا ئیمانم بە تۆ سپەردم
مام بە ئاستانەت بە ڕەنگ زەردم
تۆبەی (فصوحی) نە دەرگات کەردم

**کەلامی شەفێع**

بەخشای فەرەح بەخش جە دەرگای کان
ڕەهنمای ڕەهبەر ڕاگەی سالکان
فەرد بێ زەوال دارای دەهەندە
عەیب و عوسیان پۆش عاسی شەرمەندە
پادشای شاهان ساحێب تاج و تەخت
حاکم دیوان ڕۆز و وادە و وەخت[9]

**کەلامی شێخ ئەحمەد**

بینای باڵای سەر بینای باڵای سەر
بینای بێ هەمتای بەرز باڵای سەر
حەی (لایموت) دەهەندەی داوەر
شکۆفەی ڕەواق گوڵان ئەحمەر
ڕەوانەندەی دەرج ڕۆح نەفەسان
غەم خوار غەم کێش تەمام بێ کەسان

**موناجاتی شێخ شەهاب**

جەو دەمدا مەشی وە قابی ڕەحمەت
پەرێ ئومەتان مازی شەفاعەت
یا ڕەسوڵ ئەڵا ڕەهنمای ڕەهبەر
بە سیدق ئیخلاس تەمام پێغەمبەر
عومر ئومەتان گشت وە فدێت بۆ
جەو دەم فکرو بیر شێخ شەهاب پێت بۆ



**موناجاتی سەعدولا**

بویری نە جورم کەردەی ویەردم
رای شەرع شەریف بە جا ناوەردم
سەعدولا عاسی شووم شەرمسار
ئومێدش ئێدن پادشای غەفار

**پەراوێزەکان**

١) سەردێڕی ئەم بەشانە لە دەستنووسەکەدا بە فارسی نووسراون.

٢) پاش ماوەیەک خۆ ماندوو کردن توانیم تەواوی چیرۆکەکە بێنمە سەر ڕێنووسی ئێستای کوردی و لەو شوێنانەی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبووە پەراوێزم بۆ کردوونەتەوە و ئێستا ئامادەی چاپە. دیارە هەتا دەرفەتی چاپی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بۆ هەڵکەوێ، ئەنستیتووی کورد لە ستۆکهۆڵم بڕیاری داوە لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری «ئاڤێ شین»دا بە ئەلف و بێی لاتین بەش بەش بڵاوی بکاتەوە.

٣) دەستان: داستان، چیرۆک

٤) بەور: بەبر، پڵینگ

٥) لە هەر شوێنێکی شێعرەکاندا کەوانە یان جووت کەوانە (گیومە) کرابێتەوە، هی منە.

٦) لە زاراوەی هەورامیدا دەنگێک هەیە لە نێوان دەنگەکانی (د) و (ێ)دا کە لە زاراوەکانی دیکەی کوردیدا نییە. لە هێندێک سەرچاوەی تازەدا بۆ ئەوەی ئەم دەنگە لە دەنگەکانی (د) و(ێ) جوێ بکەنەوە (٧)ێکیان لە سەر پیتی (د) داناوە، ئەو حەوتەچکۆلانەش کە من دامناون، پێڕەوی کردنێکە لەو چوارچێوەیە.

٧) ئەم چیرۆکەش هەموو کارێکی سەرەتایی چاپکردنی تەواو بووە و بۆ چاپکردن نێردراوەتە ئەنستیتووی کورد لە ئاڵمان.

٨) بێجگە لە موناجاتەکان "مێعراجنامەی رەسول" و "وەفاتنامەی پێغەمبەر"یش لە کەشکۆڵەکەدا هەن کە یەکەمیان ٢٥٢ بەیتە و دووهەمیشیان ١٣٠ بەیتە شێعرە.

٩) دوو شەفێع ناو لە کەشکۆڵەکەدا موناجاتیان هەیە، ئیتر نازاندرێ هەر یەکن یان دوو کەسی جیاوازن. ■


**ساتیر**



**دەفتەری بەرباخەڵی**

**بیرەوەرییەکانم**

**حەمەسەعید حەسەن**


کورتە چیرۆک:

# سیبەکانم

**ڕەسووڵ محەمەدی**

باوکم لە سەر مۆبڵەکە دانیشتووە. ڕۆژنامە دەخێنێتەوە. یان باشتر وایە بڵێم چاوی تێبڕیوە. هەڵمێکی بۆر لە ڕۆژنامەکە هەڵدەستێ. لام وایە بۆنێکی ناخۆشی لێدێ. چونکە باوکن جار جار بەبێزەوە ناوچاوە مێهرەبانەکەی گرژ دەکات. ئەی بۆ لاینابا شتێکی تر بخوێنێتەوە؟ نازانم. تەرێق دەبمەوە! لەبەرچی؟ نازانم. ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە خۆم بە تاوانبار دەزانم کە ئەو هەڵمە بۆرە بۆگەنە لەو ڕۆژنامەیە هەڵدەستێ. تاوانبار؟! بۆ تاوانبارم؟ نازانم.

سەرەڕای ئەوە لە دوورەوە دانیشتووم دڵنیام ڕۆژنامەکە هی سی و چەند ساڵێک لەمەوپێشە. چۆن ئاوا دڵنیام؟ نازانم. هەرکاتێک دەکۆکم سەری هەڵدەبڕێ و بە جۆرە نیگایەک لێم دەڕوانێ کە لێی تێناگەم. خۆشەویستی یە؟ لۆمەیە؟ بەزەیی یە؟ نازانم.

بە خوا ئەم ئارەقەش ناخۆشە! ئەوە ئیتر با داخی ئەو کۆکەیەش بوەستێ.

خانمی ژنی دیسان بۆ زەماوەند چووە. دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە دێتەگوێ. هەردووکمان لەو دەنگە بێزارین. حەزدەکەم گوێم بخنم. ئەوە نییە ئەو دەنگە باوکمیشی پەست کردووە، ڕۆژنامەکە هەڵدەگلۆفێ. کۆکە دوابڕاوەکەی منیش زیاتر دەبێ. با پێکێکی تریش هەڵدەم. بەڵکوو تۆزێ لە ئازاری سیبەکانم کەم کاتەوە. ئەگەرچی دەزانم بێ کەڵکە.

بریا هەروەک باڵا و دست و پێ و چاو و برۆ و ئەندامەکانی تری لەشم، سیبەکانیشم لە باوکمەوە پێ بگەیشتایە. خۆزگە ئەو ڕۆژنامەیە فڕێبات و بێت پێکێکم لەگەڵ بخواتەوە. دڵم نایە بچمە دەرەوە و پاکەتێ جگەرەی تر بکڕم. دەترسم تا بێمەوە لێرە نەمابێ. نەء قەی ناکا دەست بە جگەرەوە دەگرم. با کەمتریش بکۆکم. هەرچی دەکۆکم باوکم زیاتر تێکدەچێ. دەزانم کۆکەی من و دەهۆڵ و زوڕناکە شێتگیریان کردووە.

ئەی بۆ هەناسێ بچێ ژنەکەی بە قژ بێنێتەوە؟ حای! سەلا لە ئەقڵی منیش. چۆن شتی وا دەبێ؟ باوکم بیست ساڵ لەوە پێش مردووە! چۆن بچێت؟ نازانم. کوڕە مردنی چی؟ ئەوە نییە بەرانبەرم دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە! سەیرە! مردوو چۆن ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە؟! نەخێر سەیر نییە. نەمردووە و نا. ژنەکەی وادەزانێ مردووە. کوڕە چاوی دەرهات با هەر وا بزانێ. ئیشەڵلا کاتێکت زانی هەناسەی چەقییە قوڕگی. خۆزگە لە شاییەکەدا تەنگە نەفەسییەکە بە خزمەتی دەگەیشت و لە زەماوەند دەکەوت. جا کوا؟! هم م م م... قسەی قۆڕ! ئەوە چۆن دەمرێ؟ هەتا دێ بە گوڕتر دەبێ.

ئەڵێی باوکم بێ تاقەت بوو؟ دیسان بە شێوەیەکی سەیر لێم دەڕوانێ. ئاخ چەند حەزدەکەم هەستم خۆم باوێمە باوەشی. دیسان ببمەوە بە منداڵەکەی جاران. سەر بکەمە سەر ڕانی. ئای خوایە چەندە تامەزرۆی ئەو دەستانەم. چەندە حەزدەکەم دەست بێنێ بە سەرم دا و گۆرانیم بۆ بڵێ و منیش ئەوەندە بگریم تا خەو دەمباتەوە. جا با خوشک و براکانم لەگەڵ دایکیان هەر بچن بۆ زەماوەند. من باوکم بە جێ ناهێڵم. بەڵام ناوێرم بچم ب ەلایدا. دەترسم دیسان بمرێتەوە. نەء ناچم. خۆزگە ئەو ڕۆژنامەیە فڕێ بات و بێت لەگەڵما دانیشێ و پێکێک بخواتەوە.

ئا ئا! ئەوە بۆ هەستا= ئەو ڕۆژنامەیە بۆ وا بە ڕقەوە ئەمبار وبار دەکات؟ کوڕە خۆ خەریکم دەخنکێم. ئاااای... قرخەم دەرنایە. ئا ئا! ئەوە خۆ ڕۆژنامەکەی پارچەپارچە کرد! دڕاندی! ئای ئێستا تێگەیشتم. ڕۆژنامەی چی وشتی چی؟ ئەوە سیبەکانمە بە دەستی یەوە! قەی ناکا، مەیکە با بە دەستییەوە بتوێنەوە، بەڵام! ئەوە چی یە؟! دەڵێی خۆی بووەتە هەڵمێکی شین! نەء، شین نییە. نازانم! پتر لە ڕەنگی تریفەی مانگەشەو دەچێ. ئای؟! ئەوە خۆ تیشکە شینە مانگە شەوییەکەیە وردەوردە بزر بوو. توایەوە! ئاخ، بریا وا زوو ون نەدەبوو. خەتای سیبەکانم بوو. تۆ بڵێی؟ نەء. خەتای ژنەکەیەتی. ئاخر دیسان چووە بۆ زەماوەند. خوایە ئەو ژنە چەندە بێ شەرمە! جلی بووکی لە بەر کردووە و دەستی کردۆتە ملی زاواکە. سەیرکە! سەیر کە، خوشک و براکانیشم هەڵدەپەڕن. تف ف ف، تف لە ئێوەش. تف لە دایکیشتان. پێتان ناخۆشە؟ چش... لە دەستم بێ دەشیکوژم. نەء، ئەوە چی دەڵێم؟ نا... نایکوژم. بەڵام دەچمە نێو شاییەکە. ئەرێ، دەچم لە پێش چاوی زاوا زێڕینە و هەموو میوانەکاندا سیبەکانم دەردەهێنم. پارچە پارچەی دەکەم و بۆی فڕێ دەدەمەوە. ئەو کاتە دەبمە هەڵمێکی شین و بە جێیان دێڵم. ■

کورتەچیرۆک:

# کۆمێدیی بێزاری

**جیم. توانا**

بەتەواوی بێ وەڵام مامەوە. نەمدەزانی چ بکەم. لە کاتی ئاوهادا هەرچی بیکەی هەر هەڵە دەردەچێ! ترس شیرازەی جووڵانەوەمی تێکدابوو. لوولەی تفەنگەکەی لە سەر ناوچاوانم ڕاگرتبوو و هاوڕێکەشی بە ناشیرینی دەیپشکنیم. کلیلی ئۆتۆمبیلەکەیان لێ ستاندم. وەک هیچ ڕووینەدابێ! «دەتوانی بڕۆی... ئێ.. بڕۆ!». درەنگی ئێوارە بوو. زۆر دوورنەکەوتبوومەوە. بە پێیان بەرەو شار ڕێکەوتم و زۆریش مەمنوون بووم کە نەیان کوشتم. هەستم بە غرورشکانێکی ئاشنا و قورس دەکرد. خامۆشی جەستەمی داگرتبوو. شار بەرەبەرە بە پیرمەوە دەهات و نەگبەتی لە عەرز و عاسمانی دەباری. بە بێزێکی نەدرکاو لێی نزیک بوومەوە.

هەر ئەو شەوە بڕیارم دا!

لە سەر سنوور وەستام، ئاوڕێکم داوە؛ ماڵئاوا نیشتمان!

هەر زوو ئەو پرسیارەم لە لا دروست بوو کە «مام بارام» بۆ ئەو ناوە سەیرەی لەوێ ناوە. پێی دەگووت: «حدیقە الثقافە».* مام بارام ریش سپیمان بوو. ئێمەش لەبەر ئەو، هەر ئەو ناوەمان بەکاردێناوە.

هەموو ڕۆژێکی حەوتوو لەوێ بووین. بە گەرما وسەرما. لەو شارە زلەدا«حدیقە الثقافە» تاکە شوێن بوو کە لە خۆیدا کۆی دەکردینەوە. «حدیقە الثقافە» شتێکی تایبەت و جادوویی بوو. گەر ئێوارەیەک لەوێ نەبای.، ڕۆژی دواتر چاوت لە بەر ئەوانی دی هەڵنەدەهات و هەستت بە ملشۆڕی و شەرمەزاری دەکرد. وەک بڵێی دزیت کردبێ. هیچ بیانوویەکیش لەم ناوەدا قەبوڵ نەدەکرا.

زۆر گرینگ بوو مام بارام لەوێ بتبینێ. وەک پەیکەر لە بەر دەرگا دادەنیشت و هیچ مەجالی تێدا نەبوو لەوێ بی ونەتبینێ. خۆ گەر بۆشت نەکرابا هەموو ئێوارەکەی لەوێ بی، دەتتوانی بە پەلە بێی و خۆت نیشان بدەی و پاشان بە دزی بۆی دەربچی! منیش بۆ پاراستنی ئەوەندە کەرامەتەی کە مابووم، پاش نیوەڕۆیان ملی ڕێگەم دەگرت و خۆمم دەگەیاندە ئەوێ. بێ ئەوەیکە بزانم بۆ؟ ئێوارە باشێکم لە مام بارام دەکرد و لە پەنایەک دادەنیشتم. جاری واش هەبوو قەڵەم و دەفتەرەکەمم دەردێنا و دەستم بە نامە نووسین دەکرد. وام دەزانی «پوشکین»م و نامە بۆ «ئاناستاسیا» دەنووسم؛ هەموو کچە قژزەردەکانیش بە حەسرەتەوە سەیرم دەکەن! زۆرجاریش هەر لەو خەیاڵانەدا بووم کە یەکێک نامەکەی دەفڕاند و پێی ڕادەبواردم. خوا دەزانێ چەندجار گوێم لەو ڕستەیە بووە، «هەتیمی گێلەپیاو... ئەتۆ لۆ وەژنانی هەرکەتی!». کاتی واش هەبوو کە زللەیەکیان لێدەدام و وەک بە منداڵ بڵێن: «پیاو بە لۆ خۆت، سەر ژنانی!... کەنگێ دەبی بە پیاو...» منیش سەرم شۆڕ دەکرد و خواخوام بوو لێمگەڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەگەڕامەوە. ئاخر «حدیقە الثقافە» شوێنێکی تایبەت بوو!

نامەکانی ئەوێ هەرگیز پۆست نەکران.

کچێکی خرپنەی قژڕەشیشی لەگەڵدا بوو. وا بزانم یەکەم جاربوو کچێکی واجوانم لە ماڵەکەی خۆمدا دەدیت. لە خۆشیان شاگەشکە ببووم. گوتم: «واحید ئەمە کێیە؟!». گوتی: «ئەنجێلیکا... تازە هاتیە... خەرکی ئێرە نییە». سەرتاپێم بەخیلی دایگرت. «ئاخر واحید، تۆ ژن ومناڵت هەیە...» — « دەبڕۆۆۆ توخوا... تاقەتی تۆم نییە».

سەرەتا تەلەفۆنیان دەکرد و دەهاتن.زۆری پێنەچووهەر کامە و کلیلێکیان دروست کرد و وەختوناوەخت سەریان لێدەدام. دواتریش وای لێهات کەمن دەبا روخسەتی هاتنەوەم وەرگرتبا. زۆرجاریش دەیانویست تەنیا بن و منیش شەو لەملا و لەولا دەمامەوە. ژوورەکەم بچووکتر بوو لەوەیکە جێی هەرسێکمانی تێدا ببێتەوە.

لە هەموو شتێک بێزاریان کردبووم. لە زۆربەی دەرسەکانم کەوتم. ڕەوتی ژیانم تێکچووبوو. هیچ بە ڕووی خۆشم نەدێنا. گەڕانەوە بۆ ناو ماڵەکەی خۆم، بۆم ببوو بە ئاواتێکی دور لە دەست! ڕقم بوو لە بست بە بستی بوونیان. «سەربەست»یش بە پەرۆشییەوە دەیگووت: «بێ دەماغی خۆتە!» و وەک بڵێی پەندێکی زۆر بە نرخم بداتێ، بەردەوام دەبوو: «بە دەردی پلکم گۆتی، پیاو کە کەر بوو لەوەشی خراپتر لێ بەسەردێ». جێگەی سەرسوڕمان بوو. هەرچی دەمکرد گێلانە دەردەچوو.

بەهار و هاوینێکم ئاوها بردەسەر. نە حاڵم حاڵ بوو، نە ماڵم ماڵ. پاییز ڕەشتر بوونی شەوی بە دیاری بۆهێنام. بەرەبەرە لەو وەزعە ڕاهاتبووم. سەیر بوو؛ ئێستا نەک بە لامەوە گرینگ نەبوو کە «واحید و ئەنێلیکا» ماڵەکەمیان داگیر کردبوو، بەڵکوو چێژێکی زۆرم لەوە دەدیت کە بڕۆم لە دەرگای ماڵەکەی خۆم بدەم و واحید نەیکاتەوە؛ یان بیکاتەوە و بڵێ: «ئەمشەویش مەیەوە»؛ یان «وەزعمان تێکمەدە»؛ یان هاوار بکا بە سەرمدا و بڵێ: «سەرت بە گۆڕی بابت بڕۆ و وازمان لێ بێنە». ئەمجارە خۆم حەزم دەکرد لەملا و لەولابنووم. چێژم لەوە دەدیت لە دەرسەکانم سەرکەوتوو نەبم. سەربەستیش نەیدەگووت دەریان کە... ئەمجارەیان من گێل نەبووم.

من مەحکووم کرابووم، مەحکووم بە خووگرتن. خووگرتن بە دوا قۆناغی دوورکەوتنەوە لە خۆم.

لە ناوەڕاستی پاییزدا ئێوارەیەک بە هەڵکەوت هاتمەوە. واحید و ئەنجێلیکا لەوێ نەمابوون. لاپەڕەیەکیان جێهێشتبوو، «ئەمشەو ناگەڕێینەوە، سڵاو!». دڵم داخورپا. وەک بڵێی ئەم چەند وشە سەرەتای دەستپێکردنی کارەساتێکی ترسناکیان بۆ من دابین کردبێ. بە خێرایی بە سەر کردەوەی چەند ڕۆژی ڕابردوومدا چوومەوە؛ بریندارم کردبوون؟! کێ؟! من؟! بە هیچ شێوەیەک! کوا من ئەو پیاوە بووم بوێرم ئەوان ئازاردەم! بۆ لەوێ نەبوون؟ «ئەدی ئەگەر هەر نەگەڕانەوە». ئەژنۆکانم سست ببوون. «نامەعقوول نییە نەگەڕێنەوە، دەبێ بگەڕێنەوە». وام هەست دەکرد بوونم وەک ملوانکەیەک لە ملیانە و ئەوان بەرەو شوێنێک من شارەزای نەبووم، ون ببوون.

ئەو شەوە بە چاوەڕوانییەوە ساتەکانم تێپەڕاند؛ چاوەڕوانییەکی سامناک. چاوەڕێ بووم دەرگا بکرێتەوە و ئەوان ببینم. چاوەڕێ بووم تەلەفۆن بکرێت و دەنگی ئەوان ببیستم... ئەوان... ئەوان. جگەرەم لە سەر جگەرە پێدەکرد. ڕۆژێک و دوو، حەوتوویەکی بەسەرداچوو. واحید و ئەنێلیکا نە ڕەنگیان هەبوو نە دەنگ. سەر لێشێواوی بە هەموو لەشمەوە دیاربوو. ڕەنگم زەرد هەڵگەڕابوو. جگەرە تێری نەدەکردم. دوکتورەکان هۆشدارییان داپێم. گوێ ڕایەڵ نەبووم. وازم لە مەکتەب هێنا. وام هەست دەکرد خەڵک ئاماژەم بۆ دەکەن و بە نموونەیەکی شاز ناوم دێنن. سەربەستیش لە دوورەوە پەنجە ڕادەوەشێنێ ودەڵێ: «ئەوە

ئەنجامی کوڕە گێلەکەی «حدیقه الثقافه»یە».
هیچ هەستم بە ژیان نەدەکرد؛ لەوکاتانە بترازێ کە لەخەودا بووم.
کارەسات دەستی پێکرد.

ژنەکەی دەرگای کردەوە. بەپاڕانەوە گوتم: «واحیدم دەوێ، لە ماڵەوەیە؟»
ـ «واحید بە سەفەر ڕۆیشتووە، دە دوانزە ڕۆژی تر دەگەڕێتەوە». دنیا بە سەر سەرمدا ڕوخا. دە دوانزە ڕۆژی تر!نامێنم!... خۆمم پێچایەوە. زۆری پێنەچوو خۆم لە کوردستان دیتەوە. دایکم خەنی ببوو. وایدەزانی لە بەر ئەو گەڕاومەوە. بە حەپەساویی گوتم: «واحیدا!... ئەدی کوا ئەنجێلیکا؟!»
ـ چی... ئەنجێلیکای چی؟!... هەتیم بە هەموو عەقری خۆت ئەنجێلیکای دێنمەوە ئێرە؟!
ـ ها؟
ـ پەکوو... مەرحەبا لە مێشکت... هەر لەبەر ئەوەش نا... نایبینمەوە... لەگەر ئەنجێلیکای تێکمدایە...
گەرووم وشک هەڵگەڕابوو. جگەرەیەکم پێکرد و ماوەیەک تێیڕامام. لەو بڕوایەدا نەبووم تا ئەوسا هەواڵی لەوە جەرگبڕترم بیستبێ.
ـ ها؟! مەبەستت چییە؟!... یەعنی چیتر نایەنە لام؟!
ـ کو؟... نازانم... نا... دەزانی هەتیم ئەوە لۆ من دەست نادا... ژن ومندارم هەیە... کوا... دەزانی... تۆزێکی مابوو بگریم، «ژن ومنداڵی چی؟! جا تۆ کەی پەکت بە شتی و اکەوتووە». ئەوجار کەوتمە کۆخەکۆخ. بە هەموو هێزەوە دەکۆخام. واحید تۆزێک شێوا، بەڵام هیچی نەکرد. هەر بە دەم کۆخینەوە مژێکی ترم لە جگەرەکە دا وبەردەوام بووم: «ژنەکەت تەلاق دە و منداڵەکانت حکومەت بە خێویان دەکا».
واحید سەری لەو قسانەی من سووڕمابوو. من کە پێشتر هەوڵم دەدا بیگەڕێنمەوە لای خێزانی، ئێستا لێکیانم دەکرد. چارەم نەبوو. دەبا بە هەر شێوەیەک با واحید و ئەنجێلیکا بەیەکەوە مابانەوە. هەموو ژیانم بەسراوەبوو بەوە.
تا گەڕاینەوە هەر هانم دا و قسەم بۆی کرد. «ئەنجێلیکا کچێکی باشە، با لە دەستت نەچێ، خەمی شوێنیشتان نەبێ، ئەوە لای من هەیە. سەر بەیەکەوە دەنێین... خۆشەویستی یەکجار دەدرێ!».
واحید گوێ ڕاگر نەبوو. کە زانیم سەرناکەوم بە گریانەوە دەستم کرد بە جوێن پێدانی. واحید لەم مامەڵەیە نەدەگەیشت؛ بگرە خۆشم واقم لە خۆم ورمابوو.

بە شەکەتی بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. ژوورەکەم چۆڵ و سارد بوو. لە بەر دەرگا وەستام و زۆر بە سەیری لێی وردبوومەوە؛ بێزاری لە هەر چوار پەیکەری هەڵدەستا. وەک بڵێی شتێکم کەشف کردبێ، لە شوێنی خۆم نەدەجووڵام. ژوورەکەم هەستێکی نامۆی لە ناخمدا زیندوو کردبوو و من لەوپەڕی سەرلێشێواوییەدا لە هەوڵدابووم سەر لە سەرلێشێواویم دەرێنم. کۆمەڵە نامەیەکم بۆ هاتبوو. بە وریاییەوە نامەکانم لە مەمەڕەکە هەڵگرتەوە. هەڵوێستەیەکم کرد. جەستەم گەرم داهات. نامەیەکیان هی مام بارام بوو... مام بارام... بروسکەیەک بە لەشمدا هات... مام بارام!
لە مام بارامەوە شارە زلەکەم بیرهاتەوە، لەویشەوە «حدیقه الثقافه». «حدیقه الثقافه» بە ئەندامانییەوە، بۆ من، وێنەیەکی تری نیشتمانەکەم بوو. وێنەیەکی خاوی ئەو نیشتمانەی کە لە دایکم بۆمن خراپتر بوو. ڕۆیشتن بۆ «حدیقه الثقافه» وەک ئەوسا کە لە نیشتمان دانەبڕابووم، قورسایی دەدا پێم. هەروەک چۆن باوەشی دایکێکی ئەگەرچی خراپ، ئەمینترە لە تەنیایی؛ لە تەنیایی و ئەشکەنجەی تەنیا مانەوە.
هاتنی واحید و کچە قژزەردەکەش بە هەمان شێوە. تا پێش ئەوان بوونی من بۆشاییەکی پڕ نەدەکردەوە. بە هاتنیان، بوونم پێوسیتییەکی زلی لەناو دەبرد؛ پێویستی ئەوان بە ژوورە بچووکەکەی من! لە ئەنجامدا ژیانم لە چوارچێوەی ئامانجێک تاوابۆوە. هەر ئەو هەستکردن بە بەکەڵک هاتنیش بو کە شادی دەدا بە ساتە بێزارکەرەکانم. بە لێک دابڕانیان، بوونم ئیعتیباری لێ ستاندرابۆوە. هیچ شتێکی جادوویی و تایبەتیی تر لە گۆڕێدا نەبوو.
هەستم بە دڵ مردوویی و نابەختەوەری خۆم کرد. ویستم پڕ بە دڵ بقیژێنم: «ماڵتان ئاوا ئەی ناخۆشەویستەکانم: جگەرە، ژیان و ژوورەکەم! بڕواتان بێ تا سەر هێسکان بێزارم لێتان. من بێزارم لە «حدیقه الثقافه»کان، «مام بارام»ەکان و «واحید»ەکان. نیشتمانی من، بێ وێنە بوو لە لەسێدارەدانی کوڕەکانی.
ئاخ! حەز دەکەم بتان کەم بە دار. ببن بە ڕەژوو. بە سووتەک. هەی ڕووتان لە خەونەکانی من ڕەشتر... هەی ... هەی ڕووتان لە خەونەکانی من ڕەشتر... هەی...
لە گریانی خۆم بە خۆهاتمەوە. نامەکان لە ناو دەستمدا پارچە پارچە ببوون.

٩٨/٣/٨

* حدیقە الثقافە (پارکی کولتوور) ناوی یەکێک لە پارکە زلەکانی شاری «مۆسکۆ»یە. ■

# نوشتە

**ئەحمەد حوسێنی**

ناوم جانۆیە و
خاڵم ناوی نییە... ناوی نازانم
ئەم ئێوارەیە لە سەر دەروازەکانی باکووردا چرکەیەکی ئەبەدی دەهۆنێتەوە و، بە قووڵی لە هزران ڕۆدەچێ.
ئەز و خشەخشی پڕدێنەکەی دایکم، خشەخشی دڕکەزیبیەکانی بەهار و تۆریسیش هۆگر دەنوێنن.

خاڵم پشتی لە ــ با ــ ی قەدەرێ دەکا و ڕووخساریشی بەرەو فەرهەنگە نیگەرانەکەی کەوشەن وەردەسووڕێنێ. لە من و لە پەرچەمە جوانکیلە و بە نازەکەی سەر هەنیەم دەڕوانێ.
وەک هەڵۆیەکی کێوی، بە سەرنجە تیژەکانی نێوان هەڵەت و مینەکانی سەر سنوور تەیدەکا. دوکەڵی جگەرەکانی بەرەو هێڵی مینەکان بەر با دەدا و هانکەهانکی کاروانەکەی بە سەر ترسی مندا دەڕژا.
ئەو ئێوارەیە بەرەو باکووری مینڕێژکراو دەڕۆین و، لە نەکاوێ "غەزالێ"کەی من دەستم دەگرێ و بۆ جۆخینی گوندیم دەڕفێنێ.
تۆ نازانی ئێمە بەرەو باکوور، سەر سنوور دەچین؟
ـ دەزانم.
ـ چۆن؟
هەرچەند دوکەڵی جگەرەکان بەرەو مینەکان دەکشان. ئەز زانیم تۆ بە سەهو چووی.
خۆتان لە چاوی قەدەرێ وەشێرنەوە و لە هەنگاوەکانتان هۆشیار بن. ئاگاتان لە ساواکان بێ دەنا سنوور لە دەستتان دەڕفێنێ.
دوا جگەرەکانتان بکێشن و ژنەکانتان ئاگادار بکەنەوە تا تفەنگەکان ئامادە بکەن.

خالّم دەپەیڤی و ددانە زێڕەکەی لە بەر گلۆپە کزەکانی حەوشەکەماندا دەبریسکایەوە.
ئەم ئێوارەیە بۆ تۆ وکوڕەکەت سنوور دەکەمە قوربانی.
ـ نا براکەم، ئەز ناترسێم.
بە قەیتانی پێلاوەکانم خۆم مژول دەکەم و نەبیستێ دەنوێنم.
لێ بۆ غەزالێ لەگەلّمان نایێ؟
چاوە تژی لە ترس و ڕاڕاکانم دەبڕمە گولی دەشتەکە. بە غەلبەغەلبی پیاوەکان و زرینگانەوەی خڕخالّی ژنەکان و، بە گازکردنی غەزالێ ڕادەبم و لە دایکم نزیک دەبمەوە.
ـ لەبەرچی غەزالێ لەگەلّمان نایێ؟

لە سکەی شەمەدفەرەوە، لە مینە بەهێز و بکوژەکان تێدەپەڕن. هێسترە سێبوورەکان بە نیگا تیژەکانیانەوە بەرەو بالآی تۆرۆسی بەرودار بە بەلّگەکان، تارمایی پیاوەکان و ، ئەو ئارەزووانەی کە دەستهەلّدێن لە بەر دەم شکۆفەکردنی خونچەکانی ترس، ئەوخونچانەی کە بە سەر خوێنی مندا زالبوون، ڕێگا دەبڕن.
بڕوام بە خۆم و بە پێلاوەکانم نەدەکرد، ئێمە فێری لەرزین بووین لەبەردەم مینەکان، موچوڕکی شەفا و تای جەستەیەکی شلک، شکانی پووشی هاوین و، گولی خڕنووکی دەشت، چلّە زوهاکان، زمانی وشک، گۆرەوییە تەنگەکان، تۆز و بای گەرم و بەژنی ڕەشی ئەو چەکدارە بەلّەدانەی مینەکان، کە لاولاوئاسا بە سەر ئاسۆی وێرانکراودا هەلّدەشاخان.
ـ کێ ئاوی دروستکرد؟
بۆ ڕەنگ و ڕووخساری ئەڤینی چیاییم دەگەڕێمەوە، بۆ تاریکی کەواکەی دایکم دەزفڕمەوە و، غەزالێی خۆشم وەک بادامێکی تەڕ لە یادەوریم و، لە سەختیی گوتنی ناوی ئێستگەکانی تاراوگە حەشار دەدەم.
ـ کێ ئاوی دروستکرد؟
خالّم "زەمزەمی" ئاوەکەی لە پژدێنی دەکاتەوە و ئاوڕ لە من دەداتەوە:
ـ هۆ کوڕا من، لە ڕۆندکا ئێمە، لە ڕۆندکا ئێمە.
ئەو هەوەلّ ئەسرینەی کە گەیشتە خۆلّی زەوی، ئەسرینی دایکی تۆ بوو. لەگەلّ ئەو ڕۆندکە جۆگە و ڕووبارەکان لە ناخی زامداری شاخەکانی نیشتمان تەقینەوە.
ـ کەواتە خالۆ ئەز لە فرمێسکی دایکا خۆ سۆراغ دەکەم.

ڕۆژی دوایی غەزالێ من گەیشتە سەر شوون پێیەکانی جانۆ، لە دەرەی ڕۆنیشت و هەموو خۆلّەپۆکی جەم شوون پێیەکانی گلدایەوە و، لە دەورەی شوون پێی بچووکی پێلاوەکان شوورەیەکی دروست کرد. فرمێسکەکان هۆن هۆن چۆڕانەوە، لە جێگەیان گولّ و گولەبەڕۆژە سەوز بوون و بالآیان کرد، ڕووخساریان بەرەو هەتاوە چەقیوەکەی سەر مینەکان وەرچەرخاند.
غەزالێ راڤەیەکی بۆ کات نەدۆزیەوە، دامێنی کراسە فستانەکەی گرت و بەرەو مالّەوە ڕای کرد، بە مەسینەیەکی پڕئاو هاتەوە و بە دوای شوون پێیەکاندا گەڕا، لە کۆتادا نە شوون پێیەکانی دۆزیەوە و، نە شوورەی خۆلّ و، نە گولەبەڕۆژەکان.
زۆر گەڕا، بەدەم گەڕانەوە ئاو لە مەسینەکە دڕژا. بیست و پێنج سالّ ئاو لە مەسینەکە تکایەوە، جا لافاوێک هەستا و لەگەلّ لافاوەکە فەخفووری و دوا ماوەی سنوور و مینەکان و جووتە پێلاوەکەی جانۆش، لێ بە بێ قەیتان، هەلّزەلین، لە نزیکیانەوە نوشتە سەوسەنییەکەی جانۆ بوو.
ـ کوانێ جانۆ؟
غەزالێ لە نوشتەکەی پرسی:
بوو بە نێرەکەو، لە قەراخ دەریاچەی "وان"دا بالّندەکان فێری "قاسپەقاسپ" دەکا.
ـ چۆن قولینگ فێردەکا؟
ـ بە ڕێگەی ئاوەوە، دەلّێن جانۆ دەردی قاسپە قاسپی بۆ دەریاچەکە گواستەوە و، بالّندەیەک ئاوەکەی بخواتەوە دوچاری دەردی قاسپە قاسپی دەبێت.
ـ ئەی تۆ نوشتە؟
ـ ئەز نوشتە نیم، پەڕەسێلکەم.
ناوم جانۆیە، هەمیشە لە شەقام و کۆلآنەکانی تاراوگە سەرگەردانم و، چاوەڕێی نامەکانی غەزالێ دەکەم.
ئەز ڕێناسم، ترسناکی مینەکان و مەشقکردنەکانی خالّم بە ئەسپە خۆلّەمێشییەکەی لە یادمدا خەزێنە دەکەم هەتا لەگەلّ شوێن، لە گەلّ کەلاوە و لێکترازان ئاشنا بم. هەتا وێنەی نێرگز و شەو لە دەفتەری تەنیاییدا بکێشم.
هەموو دیوارەکان ڕووخاون، پیاوەکان لە گلّی مەزارەکان بێ بەردن، چاودێری خالّم دەکەم کە راسپاردە و ئامۆژگارییە یەکلاکانی ئاراستەی مرۆکانی دەکا، وێجا لە من دەپرسێ:
ـ تۆ کونجیت خۆشدەوێ؟
دەژاکێم و بە ورتە ورت:
ـ نا خالۆ، ئەز غەزالێم خۆشدەوێ.
زەردەخەنەیەک دەگرێ، ئەمجارە "ئۆمەر" لە نیوەڕۆدا ددانە زێڕەکەی دەبریقایەوە و، خەتی سمێلّە باریکەکەشی دەڕسکا. تفەنگەکەی لە شانی دەکا و بەرەو سنوور و مینەکان دەستم دەگرێ.
ـ ئایا غەزالێ دەبینی؟
دەستم بۆ نوشتەکە درێژ دەکەم، لە جەستەمدا پۆلێک پەڕەسێلکە بەرەو بەرزایی هەلّفڕین، کاتێ سەیری خالّم دەکەم، لە سینگی سنووردا گریان پەنگ دەداتەوە.
یەکەم دلّۆپە ڕۆندک هی دایکا من بوو، پەنجەرەی رووحم بە یاد دێتەوە، کە لەبەر دەم بیرەوەرییەکان دەستی بە ئاوەلآبوون کرد. بە سەر گولّی نوشتەدا دەچەمێمەوە و لە خالّم دەپرسم:
ـ کەی لە سەرەتاوە لە دایک دەبمەوە؟
خالّم حەزی دەکرد بگری، لێ نەشدەگریا.

گولّە کێوییەکان، گولّە چکۆلّە و ڕەنگاوڕەنگەکان بوژانەوە لە بەردەم تەقینەوەی مینەکان، کە لەبەر چاوی ئارەزوی جگەرەکێشانی ڕێناسەکەدا کەڕ ببوون، گولّە کێوییەکان بە سەر تەرمە بچووکە هەلّمساوەکەدا دەنوشتێتەوە و، وەک پەیامبەرێک لە قژە هۆنراوەکەی غەزالێ بە نازەوە نهێنی سروە دەگرن.
گولّەکان ڕازی ـ با ـ یەکەیان لە زەویدا شاردەوە و تەرمەکەیان لە چاوانی غەزالێدا نواندەوە، جا لە چییەتی و هۆیەکانی بوونی ئاو و خۆلّ گەڕان.
بیست و پێنج سالّی غەمین بە هاواری دەمبەستکراو بەسەرچوون، وێجا جانۆ لە سەرەتاوە بە دەنووک هێلکەی ژیانی تروکاند.
کاتێ بۆ یەکەم جار هاواری کرد، گولّە بەڕۆژەکان بە سەر مینەکاندا داباڕین، خەلّکی چیا لە شوون پێی جانۆ گەڕان، بیست و پێنج سالّیان تەرخان کرد بۆ گەڕان بە دوای جانۆدا... لە مین و گولّە کێوییەکان پرسیاریان کرد، لێ کەسێک بە یادی نەهات لە غەزالێ سوراغ بکا.

لە کرمانجییەوە بۆ سۆرانی: هەندرێن

* **ئەحمەد حوسێنی:** شاعیر و نووسەر، خەلّکی شاری "عامودە"ی کوردستانی سورِیایە. شێعر و پەخشانەکانی ئەحمەد دەلّێی سەرابی دەشتی گەرمیانی جزیرە و بۆتانە و لە ناو چاوی قاوەیی وەرزەکاندا، پەرێشانی دەچێنێتەوە. یان گردە لوولێکە بە سەر پەراسووەکانی تۆرۆسدا هەلّدەزنێ. ئەو سەرگوزەشتە پڕژاوەکانی شوێن، لە ناو زەمانێکی زولآلی نەوادار، وەک جۆلآنەی هارمۆنی دەست لە ملانێی شەپۆلەکانی خاپور، جەستەبەر دەکاتەوە. ■

# کاتژمێر چەندە؟

نووسینی: ع. راد

گـەڕان.. چەرمـەسـەری دێنێ، هەڵچـوون و بەرەنگاربوونەوە، پاشان لە دنیایەکی کۆیلەڕا بەرەو نامۆ کۆچکردن. یەکەم هەنگاو و خورپی گــەڕانەوە لە دڵدا. ئەودەم گــەڵای زەرد و ئەرخـەوانی هێـدی هێـدی ڕەنگیـان ڕەش هەڵدەگەڕا و زستان بە هەموو توانایەوە پاییزی ڕێکدەگوشی وەک چۆن زەمان قەڵافەتی ئەوی ڕێکهێنابوو.

یەکەم سەرما نیشانی سەغڵەتی و ناتەبایی شـەو و ڕۆژە. پاش ڕۆژێکی بە حـەسـرەت و شـەوێکی کـورت، بەیانی زوو، پێش ئەوەی سپـێـدە لە درزی پەنجـەرەوە خۆی بخزێنێتـە ژوورەکەی، بە شڵەژاوی لە خەو هەستا و بە سێ پەنجـە پەردەی لادا. پێش هەمـوو شت ڕەنگی خۆڵەمێشی شووشەی پەنجـەرە، دوایی دیمەنێکی پەمبـەیی کـە لە چاویدا بریسکەی دەهات وەدەرکەوت.

دانیشت و خۆی لە لێفەکەی هاڵاند. ساردی و سڕی هۆدەکەی ڕەنگی تابلۆیەکانی گۆڕیبوو. وێنەی منداڵانی چوارگـۆشـەی بەرامبـەری هەڵبزرکاوبوو و کەساسییەک لە ڕووخسارایاندا بەدیدەکرا. تاوێک بە بیرکردنەوە خەریک بوو، نیگای لە سەر ڕووپەڕی تابلۆیەکە لانەدەچوو. وەک لە قەڵافەتیدا شتێکی تایبەتی هەبێ نە وەک زارۆک بەڵکوو چەشنی دنیـایەک کـە جیاوازیی زۆری دەگەڵ ئەم جیهانە هەبێ.

لەو ماڵەدا شتێکی تایبەتی بەدینەدەکرا. چەند وێنەیەکی بێ قەراری سەدەی هەژدە نەبێت. لە نێو ئەوانیشدا تەنیا تابلۆیەکی سرنجڕاکێشی هەبوو. هەرکـاتێک چاوی تێـهـەڵدەنگوت منداڵانی بۆیاغچی و جگەرەفرۆشی سەر شەقام و لاکۆڵانەکانی دەهاتەوە بیر. توانای هەستانی نەبوو بۆیە لێفەکەی لە خۆی قایم کرد.

ــ ئەمـڕۆ لە مـاڵ وەدەرناکـەوم. یەکشـەممەیە! یەکشەممەش ناخۆشترین ڕۆژی هەفتەیە، وانییە منداڵەکان؟

تەمـاشـای تابلۆیەکـەی کـرد و زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ. پاش چەند چرکـەیەک وەئاگـا هاتەوە.

ــ لەوێ مەزهەب دەستی لە قـورگـمـان نابوو و هەوا هەڵمژینیش بە ئازادی قەدەغە بوو، لێرەش زەنگی کلێسە نیشانێکە، بەڵێ: ئێستاش هەر زیندووم، ئاگادار بوو!

کتێبێک لەسەر عەرزەکە کەوتبوو، دەستی دایە و چاوێکی پێدا خشاند و فڕێی دایەوە جێگای خـۆی. ویسـتی زەبتـەکـە هەڵکا و گـۆداری کـاسێـتـێکی کـلاسیک بکات کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر کڕیبووی.

ــ ڕاوەل گیـانی وەبەر سمفۆنییـەکی حەماسی هێناوە. ئەوانی تر زۆربەیان بێ رووحن، وەکـوو ئەو مـرۆڤـە ئاسـاییـانەی دێن ودەچن بە درێژایی ڕۆژ بێ بیـــرکـــردنەوە، بێ داهاتوو تـەنیـــا خـزمـەتکەرن. زەبتـەکـەی هەڵکرد، بێ ئەوەی جـووڵە بکات، سـەراپا بوو بە گـوێ. دوایی گـۆداری کـردنی سـمـفـۆنیـیـەکـە، ڕووی لە تابلـۆیەکـە کـرد و گـوتی: زارۆکـەکـان بە ڕای ئێوەش وانییە؟

ــ هەر شتێک رووحی تێدا نەبێ مردووە بەڵام ئێـوە رووحـێکی گـەورەن، زیندوون، سـەراپا خـۆشـەویسـتین بە جلکی جێ جێ دڕاوەوە. چاوەڕوانـی وەڵام نـەبوو هـەربـۆیـە بـە تـونـدی لێفـەکـەی هەڵدا و بەرەو کـاتژمـێـرەکـەی چوو. خستیە پێشی چاوی و داینایەوە.

ــ چ جیاوازییەکی هەیە نۆ بێ یان یەک!

سـەعـات یەکی پاش نیـوەڕۆیە. شـەوی ڕابردوو لەبەر بێ ئۆقرەیی خەوی لێزڕابوو، بۆیە لە ناو ژووره تەنگەبەرەکـــەیدا دەهات و دەچوو بێ ئەوەی مـەودایەکی ڕاسـتی هەبێت. جـارجـار تەماشایەکی دەرەوەی دەکرد. کزەبایەک سەمای بە بەفـری سـەر دارەکـان دەکـرد و لە نەکـاو بە ڕووی زەویدا دەدان.

ــ دەکارم بچمە دەرەوە؟

چاوەکـــانی لە ســـەوزییـــەکی کـــەم ڕەنگرا بەرەوکـالـیـیـەکی زەردڕەنگ کـە سـووری و پەشێوییان تێخزابوون، دەچوون. قژ و ڕیشێکی تێکئالاو سیمـای تێکچڕژاوی ئاڵۆزتر نیشان دەدا.

ــ چما بچمە دەرەوە کاتێک ئێوەم لەگەڵدان؟ بەڵام ئێوە دنیایەکی جیاوازتان هەیە. بیری من هیـچکات ناگـاتە جـیـهـانی ئێـوە. بزەتان و گـرژبوونتـان دوو حاڵەتن کـە تەنیـا لە ئێـوەدا ڕەنگی هەیە.

ــ نازانم، بە تەواوی نازانم شێواوی ئێوە و من یان تەنیـــا «من» لە چیـــدایە؟ ڕەنگ بێ سـەرچاوەکـەی قـانوونی نامرۆڤـانی خـواپێداو بـێـت. وەک ئـەو بـازە دەچـم لـە ڕۆژێـکـی تەمگرتووی زستاندا ڕێ ون دەکا و لە نەکاو بە سەر شـارێکدا دەکـەوێ. پاش نیـشـتنەوە چاو دەگێڕێ، تەنیا قەل دەبینێ. لە دڵدا هاوار دەکا «ئەو ڕۆژەی لێی دەترسام ئەمڕۆیە».

لە پڕا سەر بەرەو لای چەپ وەردەگێڕێ و بەرەو مـتبـەق دەچێ. چایەک تێـدەکـا و دەست دەداتە سیگار و شەمچەکەی.

ــ منداڵەکـان با چیـرۆکـێکی کـۆنتـان بۆ بگێـڕمـەوە، حەزتان لێـیـە وا نییـە؟ چاوی بە تابلۆیەکەوە دەلکێ.

ــ دەگـێـڕنەوە سـێـسـەد سـاڵ پێش زایین لە یۆنانسـتـان شـێـوە حـوکـمـڕانیـێک هەبووە بە پۆلیـسـی بەناوبانـگ. دیارە بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵـەتە لە ڕێگای خـەڵکەوە هەڵدەبژێردران، بەڵام «ڕۆڵەکـانم» خـەڵک لای ئەوان مـانـایەکی تایبـەتی هەبوو. هەرچی ژن و کۆیلە هەبوون یا ئەوانەی لە چوارچێـوەی خـاکی ئاییـنیـدا نەهاتبوونە دنیا، حەقی هەڵبژاردنیان نەبوو، بە کـورتی وەک مـرۆڤـێکی تەواو و کـەمـال حیـسـابیـان بۆ نەدەکردن. بەڵکوو پێیـان وابوو ئەو بەشـە لە کـۆمـەڵ تەنیـا بۆ خـزمـەتکردنی پیاوماقـووڵان هاتوونەتە دنیا و کـارێکی تریان نییە. ئەندامانی دەوڵەتیش لە چینێکی تایبەت پێکهاتبوون. ئەگەر بیر وبۆچوونی ئەفلاتونیش لەبیـر بکەین کـە پێـیـوابوو دەوڵەت دەبێ لە دەسـتـەیەک فـیلسـوف و کـارزان پێکبێت. با ئەوەشـم لە بیــر نەچێ پێش ئەفـــلاتون فیلسوفێکی تر هەبووە بە سوقرات بەناوبانگ.

لەو سـەردەمی کـۆمـەڵگای یۆناندا ئەوی بیـری دژی دینی هەبایە بێ سێودوو سێدارە چاوڕوانی دەکرد، هەربۆیە سوقراتیان دەرمانداو کرد. بەڵام زارۆکە خۆشەویستەکان، لەو سەردەمەشدا ژن و کـۆیلە نوێیـەکـان هەر بێ مـافی و گـەلێک کەسیش بە تاوانی دژی ئایین لە سەری دەدرێ.

ــ منداڵەکـان، هۆشتـان بە لای منەوەیە؟ من باش دەزانم ئێـوە تێگەیشـتوون و رووحێکی بە



## ڕاپۆرتی سەفەرێک لە سوێدەوە بۆ کوردستان:

ئاشنا جاف

لە سـالی ١٩٩٠ بەم لاوە، واتە دوای لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانەوە، بۆ ئێـمـە کـورد، هەلومـەرجێک لە کـوردسـتـانی باشـوور ڕەخـسـاوە کـە ولاتمان کـەوتەوە دەست خـۆمـان و هەر خـۆمـانیش بەڕیوەی دەبەین. بە بۆنەی ئەو ڕووداوە، ئێـمـەی کـوردی ئاوارەی هەندەران توانیمان بگەڕێینەوە ولات و سەر لە کـەسـوکـارمـان بدەین. بەلام وەک بینیـمـان ولاتێکی داوەشاو و وێرانیان بۆ بەجێهێشتبین کـە دەبوو ئاوەدانی بکەینەوە. ئەلبـەت وەک هەمـوومـان دەزانین ئێـمـە بۆ خـۆمـان ڕۆلێکی گـەورەمـان بینی لە داڕزاندنی ئەو ولاتە، بەلام لەگەل ئەوەشدا کـەسـانێکی زۆر بەشـەرەف و مـەرد هەولێکی زۆریان دا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولات و حەسانەوەی خەلک.

هەر وەک ئاگـادارین سـەبارەت بە هاریکاری و ئەو یارمـەتییـانەی بە کـوردسـتـان کـراوە، لێرەولەوێ قسە و باسێکی زۆر کراوە و دەکرێ. بەتایبەت بەرامبەر بە کاربەدەستانی ولات، زۆر یان کـەم، تۆمـەت و خـەتایان دەخـرێتـە پال، ئەگـەرچی من بۆ خـۆم هەرگـیـزاوهەرگـیـز نە پارێزگاری لەکەس دەکەم، نە باسی چۆن و بۆچی و وەهـابـوو یا وەهـانـەبوو.... بـەلـکوو باسی یارمـەتی ناردنەوەیەک دەکـەم کە من خـۆم کـۆم کـردووەتەوە و خـۆشم سـەرپەرشـتـیم کـردووە و لەگـەلـیـدا هەنگاو بە هەنگاو ڕۆیشـتـووم و ئاگـاداری بووم. بۆیە بلـێـنم دا کـە گـەڕامـەوە باسی بکەم کە چۆن و چی بووە؟

سـالی ١٩٩٤ لەگەل دوو برادەری بەرێز: کـاک ئەندام حـەوێزی و ئارام حەوێزی بە دوو پیکاپ ڕۆیشـتـینەوە کـوردسـتـان و هەندێ دەرمـان و ئامرازی نەخۆشخانەمان بردەوە کە بەرێز دوکتور

جۆشتان هەیە و خاوەن مێشکێکی پاکن. نە وەک باوکتان دەچن، نە وەک باپیرتان. ئەوان تارادەیەکی زۆر بێ مانا بوون. مەبەستم ئەوەیە بێ ناوەڕۆک ژیان و دەژین. تەنیـا فـیـکر و زیکریان لە دەوری کەسایەتی ئاخنراو و پارە و شۆرەت و بە گشتی ئەو شتە بچووکانە دەور دەخـــوات. ئەوان بـە لانی زۆرەوە لـە ژیانی هاوسەریشدا بێ سەرەوبەرە بوون و هەن.

کـاتژمـێـر سـێی ئێـوارەیە. نم نمی تاریکی بە هێـواشی دەخـزێتـە ناو دلی شـارەوە. بێدەنگییـەکی سامناک سێ دەوری هۆدەکـەی تەنیوە و ئەویش بێ ئاگا لە سـەر قـەنەفـەیەکی کۆنی تۆزاوی پالیداوەتەوە. سەگوەڕی ساحێب مالەکە ڕایدەچلەکێنێ.

ـ خـوا بتـبـاتەوە بۆ خـۆت و سـەگـەکـانت. هەرچەندە سـەگ حـەیوانێکی خـانەدان و بە ئەمەگە، بەتایبەتی ئەوانی دوو ڕەگە...

هەسـتـایە سـەرپێ و بەرەو لای کلیلی کـارەبا چوو، ئـەمما دوودل گـــەڕایـەوە. تۆزقـــالـە ڕووناکـــیـــەک هەر مـابوو. دەورێکی بێ سـەرەوبەرەی بە ناو ژوورەکـەدا لێـدا و بەرەو کـتێبەکـان چوو کە پرژوبلاو لە سەر فـەرش و پێش پەنجـەرەکاندا لە سەر یەک بە شێـوەیەکی نارێک داترابوون. دەسـتـی دایە دانەیەکـیـان، "هایکۆی ژاپۆنی"، چەند بەستەییەکی خوێندەوە وەک :"ئەو ڕۆژەی باوکـم مـــــرد، باران نم نم دەڕژایە ناو باغچەی سێـوان، یان "پێش ئەوەی لە دایکبم، هەرچی بە نرخە دزرابوو لە ولاتم".

تـاریـکـایی مـــاوەی ئەوەی پێنەدا چەند کـوپلـەیەکی تریشی لێ وەخـوێنێ. بەناچاری دیسان بەرەو کارەبایەکە چوو! تەواو سێ مانگ و نیو لەوە پێش بوو کە خاوەنمال بۆ یەکەمجار بە قاوە دەعوەتی کرد. ئەو دەم ئەو زۆر شارەزای دابونەریتی ئەوان نەبوو. بە پەلە تەمـاشـایەکی ئاوێنەی سێ لەتی متبەقی کرد و چووە لایەکی تری ویلایەکە. لە قـالدرمەکان چووە خوارەوە. ساحێب مال بە دەست بەرەو هۆدەیەک ڕێنمایی کرد.

ـ کەرەم کە.. بە دەنگێکی وشک!

لە سـەر قـەنەفـەیەک کـە بە تووکی سـەگ داپۆشرابوو، دانیشت. چاوی گێڕا. سێ دەوری تابلـۆی سـەیر و بێ قـەوارە بوون. زۆربەشـیـان وێنەی سەگ کە زیاتر وەک گورگ یا دڕندەییەی تر دەچوون. لەو ژوورەدا کـە تارادەیەک تاریک بوو وێنەی مرۆڤێک بدینەدەکرا.

پاش مـاوەیەک ساحـێب مـال بە دوو قـرۆشکە قاوەوە وەژوورکەوت.

ـ ئەمن گـەلێک حـەز لە سـەگ دەکـەم، ئەتۆ چۆن؟

ـ سەگ زۆر سیفەتی باشی هەیە.

هەتا ئەو دەم بـە باشی لـە قـــالافــــەت و ڕووخساری خاوەن مالەکە ورد نەبووبۆوە. دوو چاوی قـوولی بێڕەنگ کە دەتگوت بە زۆری بە ڕوومـــەتێکی قـــوپاوەوە لکاون و دیمەنە نیشـانێکی مـەزنیـان لە غـەم و نازاری سالان تێدا بەدیدەکرا. بالایەکی درێژ و لەڕ کە زۆرتر وەک بەژنی ئەو ژنانە دەچوو کە پاش شـەڕە بێ مایەکان بۆ لەتێ نان دەکەوتنە کۆلانان.

چەند پرسیارێکی کرد بێ ئەوەی وەلامدانەوەیان بەلایەوە بایەخی هەبێت. دوای خـــواردنەوەی قـاوەکـە خـەریک بوو هەسـتێ بەلام هێـزێکی زاروێنە لە جێی خۆی وشکی کـردبوو. بەزۆری دوو پرسیاری دەربارەی کار و هەواوە لێکرد.

ـ ئەز مەعامەلەی سەگان دەکەم. واتە سەگان دەکـرم و دەفـرۆشم. جـسنتـرین و نزمـتـرین ڕەگەزیان دەناسم.

ـ بەلێ زۆر باشە.

ـ وەرە با ئەو بێچووە سەگانەت پێشان بدەم. هەریەکە لە ڕەگەزێکی تایبەتێن. .

ـ ئەوەیان دەبینی؟ باشـتـرین سـەگـە. سـەگی پۆلیسیی پێدەلێن، گرانترین و خۆشەویستترین سەگە.

ـ (لەپڕا بە پێشیـدا تێپـەڕی) کـە «ئەوە ئەو سەگـانەن کە پۆلیسـەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤەکان بکاریان دێنن!

بە دەنگی سەگەل مەودای خەیالی پچڕا. یەکەم شت کە سرنجی ڕاکێشا تابلـۆی چوارگۆشـەی بەرامـبـــــەری بوو. وا وێدەچوو ئەوانیش لە خولیایی مندالانی خۆیاندا نقوم بن. هەستایە سەرپێ. بە شلەژاوییەک دوو سێ هەنگاوی نا.

ـ کاتژمێر چەندە؟!

بێ ئەوەی تەماشای سەعاتەکەی بکات، سیگار و شغـارتەکەی دەست دایە و چاوی بریە ئەو دیو پەنجـەرەوە. هیچ شـتـێک بەدینەدەکـرا. تەنیـا تەمومژ بوو کە بالی بە سەر ناوەوەی مالەکاندا کێشابوو. لە ترسی ئەوەی تووشی بیرکـردنەوە بێت خێرا ڕووی وەرگێڕا و کەوتە ڕێپێوان.

پاش هاتوچوویەکی زۆر بەرەو زەبتـەکـە چوو. هەمـان کـاسێت و هەمـان ئاهەنـگ.. بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشی گۆداری بکات لە سەر عەرزەکە ڕاکشا.

ـ وەرە با بڕۆین!

ـ باشە ئەوە هاتم.

سێ کـەس بوون. بەبێـدەنگی دەڕۆیشتن. بەرەو کـوێ نازانێ. بێ کـۆتایی دەشـتـێک لە ژێر پێیـانداوە. نە ئەو پرسیـارێک و نە ئەوانیش وەلامێک. گەیشتنە قەراغ ڕووبارێک. یەکیان

پاشماوە لە لاپەڕەی ٦٨

فوئاد مەعرووف لە خەستە خانەی شاری (هودیکسڤاڵ) کە خۆی لەوێ کاردەکا، کۆی کردبۆوە. ئێمە ئەو شتانەمان گەیاندە شاری هەولێر و لەلای وەزیری تەندروستی تەسلیممان کرد و گەڕاینەوە. دیارە ئەوکات لەبەر ئەوەی شتەکان کەم بوون و باری ڕامیاری کوردستانیش زۆر خراپ نەبووبوو، زۆرمان بایەخ پێنەدا؛ بەڵام سەفەری ئەمجارە (مانگی مای ٩٨) و ئەو کەلوپەل و ئامرازەی بردمەوە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و هەبوونی دوو پەرلمان و دوو حکوومەت لەوێدا شێوەیەکی تری بە خۆیەوە گرت. بۆیە جێی خۆیەتی بە کورتی باسی بکەم:

زۆر دەمێکە کابرایەکی سوێدی دەناسم بە ناوی «ئالان ئاندرشۆن» ئەم پیاوە جگە لە کار و گوزەرانی خێزانی و گیروگرفتی ژیانی خۆی، بایەخێکی زۆریشی داوە بە کێشەی یارمەتیدانی وڵاتانی تر کە پێویستییان بەیارمەتی هەیە. ئەو بۆ خۆی، ڕێکخراوێکی دروست کردووە بە ناوی (Hjälp till Liv) کە هەر خۆی و خێزانەکەی و خوشکێکی تێیدا ئەندامن. ئالان، بە پارەی خۆی لۆرییەکی کڕیوە و بەم لۆرییە شتومەک و کەلوپەل لەملاولەولا کۆ دەکاتەوە و دەیباتە ڕووسیاو ڕۆمانیا و ... بە بۆنەی ناسیاریمان، منیش توانیم ببمە ئەندامی ڕێکخراوەکەی کە ئابوونەی ساڵانەی ١٥٠ کرۆنی سوێدی یە. بە پێی توانام کۆمەگێکی زۆرم کرد بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەل و پێداویستی ژیان و ناردنەنیان بۆ ڕووسیا و ڕۆمانیا. بەڵام وەک کورد دەبێژێ: «خێر بۆ خۆیش نەک بۆ دەروێش»، کەوتمە کەڵکەڵەی ئەوە کە یارمەتی کۆ بکەمەوە بۆ کوردستان کە لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر پێویستە.

بەڵێنیم لە ئالان وەرگرت کە بۆ ئەم کارە هەوڵێکی زۆر بدات و نەیخاتە پشت گوێ. لەوساوە من و ئالان، لەملاو لەولا و لە ڕێگەی پرسیار و داواکردن، توانیمان شتومەک و کەلوپەلێکی زۆر کۆبکەینەوە و لە ئەنبار دایبنێین. ئەڵبەت دوکتور فوئاد وەک هەمیشە دیسان دەستی یارمەتی ڕاکێشا و دوو ئامرازی چاکی بۆ پەیدا کردین بەناوی( E. K. G) کە بۆ کۆنترۆڵ و فەحسی دڵ بەکار دێن. لە ئەنجامدا بووین بە خاوەنی ٢٥-٤٠ تۆن بار وەک کەرەستەی خەستەخانە و نزیکەی ٧٥ سیستەمی نەخۆش بە دۆشەگ و تەواوی کەرەستەوە و ٤٠-٥٠ کورسی بۆ نەقوستان و گەلێک ئامرازی تەنگە نەفەس و دەرمان و پێداویستی نەخۆشخانە و هەروەها گەلێک کەلوپەلی قوتابخانە وەک نزیکەی ٢٠٠ دانە کورسی قوتابی لەگەڵ تەختەی ڕەش و کتێب و قەڵەم و کاغەز و دەفتەر، جگە لەوانەش دوو ئامرازی وێنەکێشی ئەندازیاری (ڕەسمی هەندەسی)، ژمارەیەکی زۆر گۆچان و دارەشەق بۆ پیر و پەککەوتان، کۆمەڵێک یەخچاڵ و فریزێر (سەلاجە)، دەیان کارتۆن جلوبەرگی زستانی و هاوینی منداڵانە و ژنانە و پیاوانە، ژمارەیەکی زۆر کتێبی زانستی پزیشکی (کە بە سوپاسەوە دوکتور حەمید دەربەندی لە شاری Gävle بۆی پەیدا کردبووین) کە بە لۆری خۆمان چووین لە شاری ستۆکهۆڵم ڕا هێنامانەوە. لە هەمان کاتدا، دوکتور فوئاد مەعرووف لە ڕێگای (Rädda Barn)ەوە هەندێ دەرمان و کتێبی دیکە و ٨ کۆمپیۆتەر و هەروەها چەردەیەک پارەی سەفەری بۆ پەیدا کردین. دیارە کۆکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو هەموو کەلوپەلە هەر بە زار خۆشە وزەحمەتە بە دوو کەس بکرێ بەڵام کردمان و ماوەی ٨ مانگێک من و ئالان خەریکی بووین و ماوەسەر ئەوە کە چۆن بڕۆین و بە چ لۆرییەک ٤٠ تۆن بار هەڵگرین. بەتایبەتی سەفەرێکی وەها کە ١٦٠٠٠ کیلۆمەتر دەبێ بەم سەر و ئەو سەرەوە، شوفیر و خەرجی گاز و ڕێگاش بێتە سەری. دوای لێکۆڵینەوە و پرسیار کردن بۆمان دەرکەوت وەها سەفەرێک بە لانی کەمەوە ١٠٠,٠٠٠کرۆنی سوێدی تێدەچێت. لە ڕێگای ڕێکخراوی خۆمان(Hjälp till Liv) ٦٠,٠٠٠ کرۆنمان وەدەست کەوت. لە ڕێگای ڕێکخراوی (CIDA) کە ڕێکخراوێکی دەوڵەتییە لە سوێددا. بۆ باقی پارەکە لە گەڵ شارەوانی هودیکسڤاڵ قسەمان کرد و ڕای ئەوان وابوو کە ئێمەی کوردی ئەم شارە و کوردی شارەکانی دیکە، هەندێ پارە کۆبکەینەوە و ئەگەر دیسانەوە کورتی هێنا لەوانەیە ئەوان بتوانن بۆمان پڕبکەنەوە. وەک لە پێشدا باسم کرد دوکتور فوئاد مەعرووف توانی لەلایەن (Rädda Barn)ی مالمۆ ١٦,٠٠٠ کرۆن پەیدا بکات کە دیسانەوە پارەکە کورتی هێنا و ماوەیەک کارەکە وەها مایەوە، تاکوو ئالان ئاندرشۆن لۆری کابرایەکی نۆرویجی وەدەست کەوت کە بە بەتاڵی دەڕۆیشت بۆ یۆنان تا میوە بهێنێ. خاوەن لۆرییەکە بەوە قایل بوو ئەو پارەیەی هەمانە بیدەینێ و بارەکەمان بۆ بباتە کوردستان. لەبەر ئەوەی کابرا زۆر بە پەلە بوو و بارکردنی ٤٠ تۆن باریش بۆ من و ئالان زۆر زەحمەت بوو، لە سەر ئەو حاڵە ڕا قۆڵمان لێ هەڵماڵی و دەستمان کرد بە بارکردن. لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی ئەو کەسانەش بکەین کە لە کاتی



بارکردندا یارمەتییان داین کە بریتی بوون لەو کەسانەی خوارەوە:


کابرایەکی سوێدی بە ناوی Lenart کە ٦ ڕۆژ یارمەتی داین، کاک محەمەدئەمین ئیسماعیل ٣ ڕۆژ (لەبەر ئەوەی زیرەک و کارجوان بوو لە بەستن و چاککردنەوەی شتەکان، یارمەتییەکەی زۆر بەکەڵک بوو)، کاک هیواحاجی حەسەن ڕۆژێکی تەواو، کاک سەلاح یامولکی ٢ ڕۆژی تەواو، کاک شاکر جاف ٤ سەعات و برادەرانی عەرەبی عێراقی (حوسێن، محەمەد، محەمەدرەزا) ٦ ڕۆژی تەواو و تەنانەت هەر ئەوانەش لەگەڵ لۆری ڕۆیشتنە ستۆکهۆڵم و ئەو کتێبانەی دوکتور «حەمید دەربەندی» داینابوو، هێنایان.

بەهەرحاڵ، لەبەر زۆریی بار و کەمی نەفەر، لۆرییەکە، یەک حەوتوو بۆ بارکردن مایەوە و تەواو کەوتبووینە ژێر بۆڵەبۆڵی خاوەن لۆری. لە کاتی بارکردندا دەبوو خەریکی ئەوەش بین کە ئایا تورکیا ڕێگا دەدات کە ئەو لۆرییە بەرەو کوردستان بڕوات؟ تەلەفون و پێوەندی کردن دەست پێکرا. دوای هەوڵێکی زۆر، سەفارەتی سوێد لە ئەنقەرە هاتە جواب و بە خورتی خۆی تێوەردا و قایل بوونی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای وەرگرت، بەڵام بە دوو مەرج: یەکەمیان بە هیچ جۆرێک نابێ کەمپیوتەرمان پێبێ (بە ناچاری کەمپیوتەرەکانمان هێنا خوارەوە)؛ دووهەمیان نابێ کەس لەگەڵ لۆرییەکەدا بێت جگە لە شۆفیرەکان (ئەوەش ئەمەی دەگەیاند کە من نابێ لەگەڵدابم). لە بەر ئەوەی باری ئابووری من لەوەدا نەبوو لەوکاتەدا سەفەر بکەم خەریک بوو کارەکە هەمووی هەڵوەشێتەوە. بەڵام ئالان بەوە قایل بوو کە

بلیتی سەفەرەکەم بۆ بکرێ بە مەرجێک خۆم خەرجی خۆم بکێشم. من بە پەلە بلیتم بری و پێش لۆری سەفەرم کرد. دیارە لەو ماوەیەدا بە فاکس هەندێ پێوەندیمان کرد لەگەڵ کوردستان و کەسانێک هەبوون کە لە ڕێگای خۆم و کاک فەرهاد ئازاد لە ستۆکهۆلمەوە ئاگادارکران کە لۆرییەکی وەها بە بارێکی ئەوهاوە بەرەو کوردستان دەکەوێتەڕێ.

لە ڕۆژی ۹۸/۵/۱۳ لە ستۆکهۆلم دەرچووم بەرەو کوردستان. کاتێ گەیشتمە گومرگی (ئیبراهیم خەلیل) توانیم چاوم بە هەندێ کاربەدەست بکەوێ کە لەو بارەوە ئاگادار بوون و پێشوازییەکی گەرم و دڵسۆزانەیان کردم و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ یارمەتیدان و ئاسانکردنی کارەکەمان. دوایی بۆم دەرکەوت کە نامەیان بۆ هاتووە سەبارەت بەم مەسەلەیە لەلایەن کاک شیروان حاجی مەلۆ کە جێگری دوکتور شەوکەت بامەڕنی بوو. هەر لەوێ بە تەلەفون لەگەڵ سوێد و لەگەڵ شۆفیرەکان کە تەلەفون دەستییان پێبوو، پێوەندیم کرد کە چ ڕۆژێک دەگەنەجێ. ڕۆژی دیاریکراو لە زاخۆ ـ ئیبراهیم خەلیل ـ چاوڕێ بووم. کاتی گەیشتنی لۆرییەکە یەکسەر کاربەدەستانی ئیبراهیم خەلیل کەوتنەخۆ و کاروباری پاسپۆرت و نووسین و هاتنە ناوەوەی لۆری و بارەکەیان زۆر بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد و کارمەندێکیشیان لەگەڵدا ناردین بۆ دهۆک. شایانی باسە کە کارمەندانی ئیبراهیم خەلیل، هەم من و هەم شۆفیرەکانیان بەخشی لە دانی ٥٠ دۆلار هەقی ڤیزای ئەمسەروئەوسەری چوونە ژوورەوەی کوردستان. دەبێ ئەوەش بڵێم کە شۆفیرەکان زۆر زوێر بوون کەوا لە دیوی تورکیا پۆلیسەکان، وەک پیشەی هەمیشەییان هەرچی پارەی پێیان بووە لێیان سەندوون!

بە هەرحاڵ، کاتێک گەیشتینە دهۆک کاتژمێر ۲۲ی شەو بوو. دەرگای پارێزگای دهۆکیان کردەوە و لۆرییەکەمان لەوێ ڕاگرت و بۆ خۆمان ڕۆیشتین بۆ هوتێل. هەر ئەو شەوە دوای خۆشۆردن و پشوودان، پارێزگای دهۆک دەعوەتیان کردین لە باغچەی هوتێل (لومانا) و شەوێکی خۆشیان سازکرد بۆ میوانەکان. بەیانی چووینە پارێزگای دهۆک ولەوێ کاک «موئەیید تەییب» م بینی کە خۆی دانیشتووی سوێد بووە. بە گەرمی پێشوازی لێکردین و دەستمان کرد بە ڕا و تەکبیر بۆ دابەشکردنی بارەکە. شایانی باسە کە زۆر بە ئاسانی توانیم کاک «عەبدولعەزیز تەییب» موحافیزی دهۆک ببینم کە زۆر بە سوپاسەوە ئامادەیی خۆی نیشان دا کە جۆرە ئاسانکردنێکمان بۆ تەرخان بکات و فەرمانی دا کە کەس تێکەڵی ئەمکارە نەبێ و من بۆ خۆم سەرپەرشتی دابەشکردنی شتەکان بکەم و جگە لە یارمەتی دان هیچی ترم لەگەڵ نەکەن. کە هەرووەهاش بوو. لەبەر ئەوەی هەم شۆفیرەکان پەلەیان بوو بگەڕێنەوە یۆنان و هەم جادەی مەسیف و شەقلاوە سەخت و بۆ ئەو لۆرییە بارە تەسک بوو، هەر لەوێ بارەکەمان داگرت و لە ئەنبارمان دانا. دوایی خۆم بڕیارم دا کە چی بەر دهۆک بکەوێ، خەستەخانەی دهۆک بە لۆری خۆیەوە هات و کەرەستەی خەستەخانە و کۆمەڵێک کتێبی پزیشکی وەرگرت و هەروەها دایرەی تەربیە (قوتابخانە) و هەندێ شوێنی تر نوێنەری خۆیان نارد و کەلوپەل و شتومەکی خۆیان وەرگرت. بۆ ڕۆژی دوایی ئۆتۆمبیلێکیان نارد بە شوێنم دا و ڕاست بردمیانە ئەو شوێنانەی شتەکانیان لێ دابەش کردبوو. بە چاوی خۆم بینیم کە قوتابییەکانی کۆلیژی پزیشکی کتێبەکانیان جودا دەکردەوە و دانیان بەوە نا کە کتێبەکان زۆر بە سوود و بەنرخن. لەوێ ڕا ڕۆیشتم بۆ خەستەخانەی دهۆک و بینیم کە خەریکی وەڕێخستنی ئامرازی E. K. G بوون و سیستەمەکان و کورسییەکانیان بە سەر نەخۆش و پەککەوتەی خەستەخانەدا دابەش دەکرد. دوای تەواوبوون و دابەشکردنی کەلوپەلەکان لە دهۆک، بە ٤ لۆری سکانیا بەرەو هەولێر وەڕێکەوتین و بۆ شەو گەیشتنینە ئەوێ. شایانی باسە کە خەرجی لۆری و بارکردنیان لە سەر حیسابی پارێزگای دهۆک بوو. لە هەولێر، کاک «عەلی حەسەن جاف» و دوکتور عەلی سوندی لە هاتنی ئێمە ئاگادار بوون، بۆیە ئەنباری تەربیەیان بۆ تەرخان کردین کە بۆ ڕۆژی دووهەم بارەکەمان بەتاڵ کرد کە بە هەمان شێوە و بە بێ ئەوە کەس خۆی تێهەڵخات، بە سەرپەرشتی خۆم بەشی هەولێرم جیا کردەوە و هەر شوێنێک وەک دهۆک بە لۆری و نوێنەری خۆیانەوە هاتن و شتومەکی خۆیان بارکرد. تەواوی ئەو کارانە چ لە دهۆک و چ لە هەولێر بە وێنە و ڤیدیۆ لەلایەن نوێنەرانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە هەڵگیرانەوە و ڕۆژی دووهەم بلاوکرانەوە و کۆپییەکیشیان لە هەر کام دایەوە بە خۆم. دوای ئەوەیکە بۆخۆم سەری ئەو شوێنەم دا کە شتومەکەکەیان وەرگرتبوو، بەرەو سلێمانی کەوتمەڕێ و لەوێ چاوم بە موحافیز کاک حاکم قادر کەوت کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و لەوێش بە چاوەدێری کاک حاکم و سەرپەرشتی خۆم شتەکان بە سەر خەستەخانە و قوتابخانە دابەش کران و دیسانەوە وەک جاری پێشوو نوێبەری ڕۆژنامە و




ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن هاتن و هەواڵەکەیان بە خەڵک ڕاگەیاند.

لە سلێمانی وەها ڕێککەوت کە ئەو ڕۆژە، دابەشکردنی کارتی ساڵانە بوو لە نێو منداڵە ئاوارەکان کەوا ماڵئاواییان دەکرد بە بۆنەی تەواوبوونی خوێندنی ساڵی ۹۸. بەم بۆنەوە بە ڕەسمی دەعوەت کرام و هەر ئەوڕۆژە بۆخۆم، ئەو جلوبەرگ و شمەکانەی هێنابووم بە سەر منداڵەکاندا دابەشم کرد.

ئەوەش بزانین ئەوڕۆ لە کوردستان دوو جۆرە منداڵ هەیە کە پێویستییان بە یارمەتی و کۆمەگ هەیە، جۆرێکیان ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان و منداڵە بێ دایکوبابەکانی (ئەنفال)ن. جۆرەکەی دیکەیان، منداڵە نەخۆش و سەقەت و ئەقوستانەکانن کە بە گوێرەی قسەی دوکتور عوسمان ساڵح(هەولێر) لە خەستەخانەی هەولێر و دهۆک و سلێمانی ۲٦۰ منداڵ هەن کە نەخۆشی (تەلاسیما)یان هەیە، واتە خوێنیان لە لەشیاندا کەم دەبێتەوە و دوای ماوەیەک لە بەر نەبوونی دەرمان دەمرن. ناوبراو لەوبارەوە نامەیەکی داوە بە خۆم کە تیایا داوای دەرمانی تایبەت بەو نەخۆشییەی کردووە.

بە قسەی لێپرسراوان، هەر منداڵێک لە کوردستان مانگانە بە ۲۷ دۆلار دەتوانێ بە خێو بکرێ و شوێنی حاوانەوە و خۆراک و پۆشاکی بۆ دابین بکرێ کە ئەو پارەیە بۆ ئێمەی کوردی ئوڕووپا دەکاتە جووتێک پێڵاو!

جا کوردینە، ئەی ئەوانەی لە هەندەران دەژین، وەرن گوێ نەدەینە قسەی پروپووچ، وڵاتەکەمان پێویستی بە کۆمەگ و یارمەتی هەیە، وەرن با قۆڵی لێهەڵماڵین و هەر کاممان بە گوێرەی توانای خۆمان هەوڵ بدەین کوردستانەکەمان ئاوەدان کەینەوە. دەوەدا شک نییە کە هەمیشە مرۆڤی چاک و خێرخوازمان هەبووە و هەشمانە حەز بە پێشکەوتنی وڵات بکەن، وەرن با هەمووومان دەستی هاوکاری و یارمەتی بە تایبەت بۆ ئەو منداڵانە درێژ کەین کە چاویان لە ئێمەیە. ■

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*



**Editor:**
Solaiman Chireh

**Editorial Board:**
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Nazand Bagikhani (France)
Hassan Ghazi (Sweden)
Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**
Ali Karimi (U.K.)



**Address:**
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax:** +46-018-404522
**Mobil:** +46-070-6223663
**Postgiro:** 443 5022-1

**E-mail:** chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com
**Web Address:** http://w1.650.telia.com/~u65002195



No. 21 Autumn 1998 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture*

**No 21, October 1998**



**تایپ و مونتاژ و چاپی کتێب و بڵاوکراوەی کوردی**
**بە جوانترین شێوە و گونجاوترین نرخ،**
**لە ڕێگەی گۆڤاری «گزینگ»ەوە**

**Fax:** +46-018-404522
**Mobil:** +46-070-6223663





